

لە "ڕۆژنامەی کوردستان" و "کوردستان میدیا"وە

خەزەڵوەری ٢٧٢٦

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی؛ ڕحمان نەقشی

پێڕست:

١- د. کامران ئەمین ئاوە: ڕۆژنامەی کوردستان لە باکۆ مەشخەڵی بەردەوامیی کۆمار بوو (بەشی یەکەم)..... وتووێژ: شەهرام سوبحانی ٤

٢- لە نەبوونی ئازادیدا، دەرکەوتنی ئازایەتی..... سمایل شەرەفی ٩

٣- ڕاوێژکاری نەتانیاهوو دەڵێ ئیسرائیل لە دروستکردنی هەلومەرجی گۆڕینی ڕێژیم «گەلێک نزیک» بووەتەوە..... وەرگێڕانی کەماڵ حەسەنپوور ١٢

٤- لە شۆڕشی ١٣٥٧ەوە بۆ ڕابوونی نوێ؛ ڕێژیمێک لە بەردەم چارەنووسی پەهلەویدا..... مستەفا مەولوودی ٢٠

٥- چەمکناسیی جوداخوازی: بۆچی ئەم وشەیە بانگەشەیەکی سیاسییە نەک سووکایەتی و جنێو؟.... ئیبراهیم لاجانی ٢٦

٦- گرێی کوێری ناوەندگەرایی و پێویستیی مافی چارەی خۆنووسینی نێوخۆیی..... زانیار حوسێنی ٣١

٧- بچووککردنەوەی کابینە و بەرەودان بە دیپلۆماسی!..... دارسمە ٣٦

٨- پەیامی هاوبەشی ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی بەندکراوانی سیاسی..... ٣٩

٩- تەنیایی ستراتیژیکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست..... مەجید حەقی ٤٢

١٠- حیزبی دێموکرات و سیاسەتی واقیعبینی..... عومەر باڵەکی ٥٢

١١- خالید عەزیزی: هەر وڵاتێک پشتیوانی لە مافەکانی کورد بکات بە شتێکی باشی دەزانین..... دەنگی ئەمریکا ٥٦

١٢- بەر لە ماڵئاوایی؛ «لە بانگەشەی سەقامگیرییەوە بۆ پەلەقاژە لە پێناو مانەوەی زیاتردا»..... عەلی بداغی ٦٠

١٣- مستەفا مەولوودی: هەلومەرج بۆ ڕووخانی ڕێژیمی تاران لە هەموو کاتێک لەبارترە..... وتووێژ: ئیرەم نیووز ٦٤

١٤- ئێمە چۆن خۆمان پێناسە دەکەین؟ (سەروتار)..... حەسەن شێخانی ٦٩

١٥- د. کامران ئەمینئاوە: ڕۆژنامەی کوردستان لە باکۆ مەشخەڵی بەردەوامیی کۆمار بوو(بەشی دووەەم)..... وتووێژ: شەهرام سوبحانی ٧٥

١٦- شەڕ، قەیرانی ئابووری و بەرەنگاربوونەوەی نێوخۆیی، ڕێژیمی ئێران بەرەو کوێ دەبەن؟..... هیوا بەهرامی ٨٢

١٧- بۆچی مۆدێلی باشوور بۆ داهاتووی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بژاردەیەکی گونجاوترە؟..... مستەفا مەولوودی ٨٩

١٨- خەبات لە پێناو چیدا؟..... ناسر سااڵحی‌ئەسڵ ٩٣

١٩- ڕۆژهەاڵتی کوردستان و ڕۆڵی لە گەشەی هۆشیاریی نەتەوەیی و بیرکردنەوەی سیاسیی کورددا.....

..... شەهێن زادئەحمەد ٩٩

٢٠- کۆمەڵگەی مەدەنی وەک قەڵغانێک بەرانبەر قەنگەاڵشکێک لە بیرۆکەی هاوردە..... سمایل شەرەفی ١٠٤

٢١- لە هاواری بەندکراوێکەوە بۆ مارشی نەتەوەیەک؛ دڵدار و مێژووی «ئەی ڕەقیب»..... بەهار حوسەینی ١٠٧

٢٢- گرنگیی نووسینەوەی مێژووی ڕۆژنامەی «کوردستان»..... قادر وریا ١١٣

٢٣- یادی عەلی‌ئەشرەف دەرویشیان؛ نووسەرێک لە تەنیشت هەژاران..... ئیبراهیم الجانی ١١٨

٢٤- سزای لەسێدارەدان لە ڕوانگەی یاساییەوە..... کەنیزە میڤەر ١٢٢

٢٥- جیپسوارانی جانفیدای ڕەهبەر..... دارسمە ١٢٨

٢٦- ڕۆڵی «سەرمایەداری» لە ئایندەی ڕۆژهەاڵتی کوردستان..... حەسەن قارەمانی ١٣١

٢٧- پرسی شوناسی نەتەوەیی لە کرماشان و ئیالم؛..... سارۆ خوسرەوی ١٣٧

٢٨- ڕاگەیەندراوی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران بۆ پشتیوانی لە خۆپێشاندانەکانی ئاودانان..... ١٤٤

٢٩- **خالید عەزیزی:** بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسالمی، پێکهێنانی ئاڵترناتیڤ ئەرکی لەپێشینەی ئۆپۆزیسیۆنە.....

..... وتوویژ: فاتمە عوسمانی ١٤٦

٣٠- پاراستنی ژینگە بە سۆز یان بە زانست؟..... شاڕۆخ حەسەنزادە ١٥٢

٣١- **تەیموور مستەفایی:** بە پشتبەستن بە هێزی گەل دەکرێت لە بەرامبەر هێزێکی پڕچەکدا بەربەرەکانێ بکەیت.....

..... وتوویژ: شەهرام سوبحانی ١٥٦

٣٢- سەروتار؛ ژیانویستیی مرۆڤ و مەرگی ڕێژیم..... حەسەن شێخانی ١٦٠



د. کامران ئەمین ئاوە: ڕۆژنامەی کوردستان لە باکۆ مەشخەڵی بەردەوامیی کۆمار بوو.

بەشی یەکەم



وتوویژ: شەهرام سوبحانی

ئاماژە:

بە بۆنەی چاپ و بڵاوبوونەوەی کتێبی نوێی لێکۆڵەر د. کامران ئەمین ئاوە لەژێر ناونیشانی «ڕۆژنامەی کوردستان چاپی باکۆ (١٩٤٧ - ١٩٦١)»، کە هاوکاتە لەگەڵ ٨٠ ساڵەی تەمەنی ڕۆژنامەی «کوردستان» (ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران)، ئەم وتوویژە لەگەڵ بەڕێزیان ئەنجام دراوە. لەم گفتوگۆیەدا تیشک دەخرێتە سەر مێژووی ١٤ ساڵ تێکۆشانی ڕۆژنامەوانی و سیاسیی ئەو قۆناغە کەمتر ناسراوەی ڕووناکبیرانی کورد لە تاراوگە، ڕەهەندە فیکری و تەشکیلاتییەکانی ڕۆژنامەکە لە باکۆ و، کاریگەری و پێوەندییەکانی لەگەڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

شەهرام سوبحانی: دوکتور کامران ئەمین ئاوە، وەک پرسیارێکی دەستپێک؛ لە کاتێکدا کە کۆماری کوردستان لە مەهاباد لە ساڵی ١٣٢٥دا ڕووخا و فەزایەکی هێندە تاریک و سەرکوتکەر لەسەر جوولانەوەی ڕزگاریخوازی کورد دروست بوو، بۆچی باکۆ (پایتەختی ئازەربایجانی سۆڤیەتی) هەڵبژێردرا بۆ دەرکردنەوەی ڕۆژنامەی "کوردستان" و ئەم پێوەندییە سیاسی و فەرهەنگییە چۆن لەنێوان

کوردانی تاراوگە و کوردستانی ستەملێکراودا دروست بوو؟

د. کامران ئەمین ئاوە: لەسەرەتادا سپاس بۆ خولقاندنی ئەم دەرفەتە کە بتوانین باسی ١٤ ساڵ کار و تێکۆشانی ڕۆژنامەی «کوردستان»ی چاپی باکۆ وەک ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و شوێن و پێگەی ئەم ڕۆژنامەیە لە مێژووی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ڕۆژنامەگەریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەین. پێموایە بۆ وڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، پێویستە ئاوڕێک لە بارودۆخی پاش ڕووخاندنی کۆماری ساوای کوردستان و پەرتەوازەبوونی کادر و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نێو ئێران و وڵاتانی دیکەدا بدەینەوە.

دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان و حکوومەتی میللیی ئازەربایجان لە سەرماوەزی ١٩٤٦ (تشرینی دووەمی ١٩٤٦) و سەرکوتکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد و ئازەر، گیران، لەسێدارەدان و دوورخستنەوەی هەزاران کەس لە ڕێبەرایەتی، کادر، ئەندام و لایەنگرانی ئەو دوو بزووتنەوەیە دەستی پێ کرد و ئەوان تووشی چارەنووسێکی هاوبەش هاتن.

لەم بارودۆخە ناخۆشەدا، سەرەڕای حاکمبوونی فەزایەکی پۆلیسی، گیران و کوژرانی ئازادیخوازانی کورد، نەبوونی بزووتنەوەیەکی بەهێز لە کوردستان، هەروەها سەرهەڵدانی بێهیوایی و دڵساردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، شۆڕشگێڕانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ بووژاندنەوەی خەباتی نەتەوەیی، چ لە نێوخۆی وڵات و چ لەوبەری سنوورەکانەوە، ملیان بەو بارودۆخە نەدا و بەپێی دەرفەت و تواناییەکانیان دەستیان بە چالاکییەکی بێوێنە کرد و نەیانهێشت مەشخەڵی شۆڕشی کورد بکوژێتەوە.

بەشێک لە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، وەک نەمران: حەسەن قزلجی، محەممەد شاپەسەندی، عەبدوڵڕەحمانی زەبیحی، غەنی بلووریان، ڕەحیم سوڵتانیان، ڕەحیم خەرازی و... هتد، لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەوڵیان بۆ بووژاندنەوەی کار و چالاکیی حیزب دەدا. نزیک بە ساڵێک پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان، خوێندکارانی کورد وەک ڕەحیم قازی، عەلی گەلاوێژ، سەید کەریم ئەیووبی، مستەفا شەڵماشی، سەید عەزیز شەمزینی، ڕەحمان گەرمیانی، حەسەن حیسامی، هەروەها موراد و عەبدوڵڵا ڕەزمئاوەر (دوو برای کرماشانیش کە ئەندامی حیزبی تووده بوون)، لە باکۆ و لە دیسامبری ١٩٤٧وە دەستیان کرد بە چاپ و بڵاوکردنەوەی خولی دووەمی ڕۆژنامەی «کوردستان» وەک ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لاپەڕەی دووی ڕۆژنامەی «آذربایجان» (ئۆرگانی فیرقە) بە زمانی کوردی.

ژمارەی یەکی ڕۆژنامەی کوردستان لە لاپەڕەی دووی ژمارەی دووی «آذربایجان» لە ڕێکەوتی ١٤ی سەرماوەزی ١٣٢٦) ٦ی

دیسامبری ١٩٤٧) وەک «ماوەی ڕۆژنامەی کوردستان» بڵاو بووەوە. ئەم خەبات و چالاکییە بەهۆی بوونی مەلا مستەفا بارزانی و کادر و پێشمەرگەکانی باشووری کوردستان لە باکۆ، بەڕێوەبردنی کۆنفرانسی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ١٩ی ژانویەی (بەفرانباری) ١٩٤٨ و پێکهێنانی کۆمیتەی کورد لە باکۆ، ڕەنگ و ڕووبەکی جیددیتریشی گرت.

واتە کوردەکانی ڕۆژهەڵات و باشوور لە هاوکارییەکی نزیکدا لەگەڵ فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان و بە پشتیوانیی حکوومەتی ئازەربایجانی سۆڤیەت، دەستیان بە کاری هاوبەش، بەڕێوەبردنی کاری ڕۆژنامەکە و بەشی نیو سەعاتەی کوردیی رادیۆی فیرقە کرد.

لە سەرەتادا لەوە دەچێت ڕۆژنامەکە لە ڕێگای ئەو پۆستە و پێیکانەی (کاغەز/نامە) بۆ ئێران دەچوون، ڕەوانەی ئازەربایجان و کوردستان کرابێت، بەڵام کاریگەریی سەرەکیی ئەم ڕۆژنامەیە لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی بابەتەکانی لە ڕێگەی ڕادیۆوە بوو کە بەپێی ڕاپۆرتی «ویلیام س. بادیت»، کۆنسوڵی ئەمریکی لە تەورێز لە ساڵی ١٩٥١دا، لە گوند و کوێرەدەستەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش گوێیان بۆ دەگرت و تا سەرەتاکانی سەدەی پەنجای زایینی کاریگەرییەکی بەهێزیان لە کوردستاندا هەبوو.

شەهرام سوبحانی: لە روانگەی بەڵگەنامە میژوویەکانەوە، لە سەرەتای دەرچوونی ڕۆژنامەکە لە باکۆ لە کۆتاییەکانی ١٩٤٧دا تاوەکو جێگیربوونی وەک "ئورگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان"، ئایا پرۆسەی دەستنیشانکردنی سەرنووسەر، دەستەی نووسەران و شێوازی بڕیاردان لەنێو ئەم بلاوکراوەیەدا بە چ شێوازێک بەڕێوە دەچوو و ئایا دەسەڵاتدارانی سۆڤیەتی و فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان تا چەند چاودێریی ئەم پرۆسەیەیان دەکرد؟

د. کامران نەمین ئاوە: بەداخەوە هیچ بەڵگە و زانیارییەک لەم پێوەندییەدا کە ئێوە باسی دەکەن، لەلایەن بەرپرسانی ڕۆژنامەی «کوردستان»ەوە تا کاتێک لە ژیاندابوون، نەنووسراوە و نەبیندراوە؛ بەڵام بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی تەواو نهێنیی ئیمام داشدەمیر مستەفاییێف، سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان لە نێوان ساڵانی ١٩٥٤ تا ١٩٥٩، بۆ ولادیمیر نیکیفۆرۆویچ مالین، سەرۆکی لقی گشتیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتیی سۆڤیەت، ڕەحیم قازی سەرنووسەری ڕۆژنامەی «کوردستان» بووە.

لە کتێبی جەمیل حەسەنلی، میژوونووسی کۆماری ئازەربایجان، بە ناوی «ئازەربایجانی سۆڤیەتی لە سەردەمی کرانەوە تا وەستانی (١٩٥٩-١٩٦٩)»، کە بەپێی کەڵک وەرگرتن لە بەڵگەنامەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت نووسراوە، بەرپرسیارەتیی عەلی گەڵاوێژ لە ئاستی جێگری سەرنووسەری ڕۆژنامەی «آذربایجان» بووە. لە دوو بەڵگەنامەی ساڵانی پەنجای زایینیدا،

ناوی ئەم کەسانە: ڕەحمان گەرمیانی، ڕەحیم قازی، عەبدوڵڵا ڕەزمئاوەر، عەلی گەڵاوێژ، قادر مەحموودزادە و سوڵتان وەتەمیشی وەکوو دەستەی نووسەران هاتووە.

ئەوەی گرینگانە دەکرێت، ئەوەیە کە تا کاتێک نووسەرانی ڕۆژنامەی «کوردستان»، بەتایبەتی تا سەرەتاکانی ١٩٥٠، لە باکۆ کۆ ببوونەوە، پێکەوە ئەم ڕۆژنامەیان بەڕێوە بردووە؛ بەڵام پاش ئەوەی بۆ درێژەپێدان بە خوێندن و کارکردن بەشێکیان باکۆیان بەجێ هێشت و تەنانەت تووشی ناکۆکییش بوون، کاری سەرەکیی بەڕێوەبردنی ئەم ڕۆژنامەیە کەوتە سەر ئەستۆی ڕەحیم قازی و عەلی گەڵاوێژ و تا کۆتاییهاتن بە بڵاوبوونەوەی ئەم ڕۆژنامەیە، هەفتەی دوو ژمارە و بەسەرجەم ١٣٣٧ ژمارەیان ئامادە و بڵاو کردووەتەوە.

شەهرام سوبحانی: لە ڕووی ئابووری و لوجستییەوە، ڕۆژنامەیەکی کوردی کە لە ناو فەزایەکی داخراوی وەک یەکیەتیی سۆڤیەتی و لەسەر لاپەڕەی دووەمی ڕۆژنامەی "آذربایجان" چاپ دەبوو، سەرچاوەی دابینکردنی بودجەکەی چۆن بوو و چۆن توانرا ماوەی ١٤ ساڵ (١٩٤٧ تا ١٩٦١) بە بێچوونی بەردەوامبێت، لە حاڵێکدا کە تەمەنی زۆربەی بڵاوکراوە کوردییەکانی دیکە زۆر کورتتر بوون؟

د. کامران ئەمین ئاوە: ڕۆژنامەی «ئازەربایجان» هەر لە سەرەتاوە تا کۆتاییهاتنی سیستەمی سۆسیالیستی لە یەکیەتیی سۆڤیەتدا، بە پشتیوانیی ماددی و مەعنەویی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتیی سۆڤیەت بڵاو دەکرایەوە. هەروەها، فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان، وەک حیزبێکی برا و پەنابەر لە ئازەربایجانی سۆڤیەتدا، لە ڕووی داراییەوە پشتی بە حکوومەتی ئەو وڵاتە دەبەست و بودجەی پێویستی لەو سەرچاوەیەوە دابین دەکرا. بێگومان، کوردەکانیش لەم دەرفەتە کەڵکیان وەرگرتووە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی «کوردستان». لەبەر ئەوەی دۆخی ژیانی سیاسی و تەشکیلاتیی ئەوان لە ئازەربایجانی سۆڤیەتدا، بە بەراورد لەگەڵ دۆخی دێموکراتەکانی کوردستان لە باشووری کوردستان یان هەر شوێنێکی دیکە، سەقامگیرتر بووە، توانیویانە بەردەوام بن لە چالاکییە ڕۆژنامەوانی و سیاسییەکانیان و درێژە بە کاری خۆیان بدەن.

شەهرام سوبحانی: سەبارەت بە دابەشبوونی سیاسیی نێو ڕێبەرایەتیی کورد و کێشە نێوخۆییەکان؛ لە پەڕتووکەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە هەندێک جار ناکۆکی لەنێوان کۆچبەرانی کورد و ڕەوتی حیزبی تودەی ئێران یان دەسەڵاتی باکۆ هەبووە. ئایا بەستنەوەی چارەنووسی بڵاوکراوەکە بە لاپەڕەیەکی ڕۆژنامەیەکی ئازەربایجانییەوە، تا چە ڕادەیەک سەربەخویی سیاسی و فەرهەنگیی بزووتنەوەی کوردی لەو تاراوگەیەدا خستە ژێر کاریگەریی خۆیەوە؟

د. کامران ئەمین ئاوە: لە ڕاستیدا، کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەرەتای بوونیان لە باکۆ، لە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ و زۆر نزیکدا لەگەڵ فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان کاریان کردووە. ڕەحیم قازی و عەلی گەڵاوێژ ئەندامی

ڕێبەریی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان بوون و کاک ڕەحیم قازی تەنانەت بۆ ماوەی نزیک بە شەش ساڵ جێگری سەرۆکی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان بووە. بەڵام، سەرەڕای ئەم پێوەندییە تەشکیلاتییە نزیکە و هاوبەشییە فیکرییەکان، نێوەڕۆکی ڕۆژنامەی «کوردستان» نیشان دەدات کە ڕەوتی سەرەکیی ئەو ڕۆژنامەیە لە بواری سیاسەت، مێژوو، فەرهەنگ و بابەتەکانی تری تایبەت بە کوردستان بووە. واتە، هەرچەندە لە ڕووی فکرییەوە نزیکییەکی بەرچاو لە نێوان ئەم دوو ڕەوتەدا هەبووە، ئەمە نەبووەتە هۆی ئەوەی ڕۆژنامەی «کوردستان» لە ئەرکی سەرەکیی خۆی، کە بریتی بووە لە خزمەتکردن بە بەرژەوەندییە نەتەوەیی و سیاسییەکانی گەلی کورد، دوور بکەوێتەوە.

بەڵگەیەکی تری ئەم جیاوازییە لە ڕاپۆرتێکدا دەبینرێت کە غولام یەحیا دانیشیان و عەبدولسەمەد کامبەخش لە ڕێکەوتی ٣٠ی ژوئەنی ١٩٥٣دا ئامادەیان کردووە. بەپێی ئەو ڕاپۆرتە، نێوەڕۆکی سێ بەشی تورکی، فارسی و کوردیی ڕادیۆی فیرقە، جگە لە وتارێکی کوردی کە بەپێی تایبەتمەندییەکانی کوردستان ئامادە دەکرا، تا ڕادەیەک یەکسان بووە. ئەم ئاماژەیە گرنگە، چونکە جیاوازیی نێوان نێوەڕۆکی گشتیی دامەزراوە ڕاگەیاندنییەکانی فیرقە و ئەو بابەتانەی کە بەتایبەتی بۆ کوردستان ئامادە دەکران، دەخاتە ڕوو.

نێوەڕۆکی ڕۆژنامەی «کوردستان» نیشان دەدات کە نووسەرانی ئەو ڕۆژنامەیە لە ڕوانگەیەکی چەپ و لە هەمان کاتدا لە چوارچێوەی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی گەلی کوردەوە هەڵسوکەوتیان کردووە. وتارەکانی عەلی گەلاوێژ لە سەردەمی بەڕێوەچوونی ڕەوتی «وحدت» بۆ دامەزراندنی تاکە حیزبی کرێکاری لە ئێران لە کۆتایی دەیەی پەنجای زایینیدا، بەڵگەیەکن بۆ ئەوەی بۆچوونە سیاسییەکانی ئەو لەگەڵ سیاسەت و ئاراستەکانی حیزبی تووەی ئێران لە هەندێک بواردا جیاوازیی بەرچاویان هەبووە و لەگەڵ یەکتر نەگونجاون. عەلی گەلاوێژ و بەشێک لە ڕێبەرانی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان لەگەڵ ئەو ئاراستەیە نەبوون کە ببێتە هۆی هەڵوەشانەوەی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان و حیزبی دێموکراتی کوردستان و تێکەڵبوونەوەیان لە نێو حیزبی تووەی ئێران یان هەر حیزبێکی تری سەرانسەریی ئێرانیدا. لە ڕاستیدا، پاراستنی ناسنامەی سیاسی و نەتەوەیی و سەربەخۆیی تەشکیلاتی، یەکێک لە خاڵە گرنگەکانی ئەم ناکۆکییە فیکری و سیاسییانە بووە.

ئەم بابەتە بە پشتبەستن بە بەڵگە مێژووییەکان و بە شێوەیەکی وردتر لە کتێبی «ڕۆژنامەی کوردستان، چاپی باکۆ»دا شیکراوەتەوە. ئەو بەڵگانە یارمەتیمان دەدەن کە پێوەندییەکانی نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستان، فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان و حیزبی تووەی ئێران، نەک تەنیا لە ڕووی هاوبەشییە فیکرییەکانەوە، بەڵکوو لە ڕووی سنووری ئەو هاوبەشییە و جیاوازییە سیاسی و نەتەوەییەکانیشەوە هەڵبسەنگێنین.

١ی خەزەڵوەری ٢٧٢٦

لە نەبوونی ئازادیدا، دەرکەوتنی ئازایەتی (لە پەراوێزی خوێندنی زمانی کوردی لە زانکۆی ئیلام)





سمایل شەرەفی

هەواڵی دامەزراندنی بەشی زمانی کوردی لە زانکۆی ئیلام، سەلمێنەری لەسەرپێبوونی خەبات و تێکۆشانی کۆمەڵگەی مەدەنی و چالاکانی فەرهەنگی و زانستیی کۆمەڵگەیەکە کە لە پێناو بەرەوپێشبردنی بزووتنەوەی شوناسخوازانەی نەتەوەیەک کە لە ماف و ئازادییەکانی بێبەش کراوە، لێبڕاو و شێلگیرە. ملدان بە بەرەوپێشچوونی ئەم هەنگاوە قورس و

قایمانە، نە بە مانای کرانەوەی دەسەڵات بەڕووی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستاندایە و نە دەکرێ بە مانای پێکهاتنی فەزای ئازادی لە ئێران و کوردستان لێک بدرێتەوە؛ بەڵکوو بەرهەمی ئازایەتی و بەردەوامبوونی کۆمەڵگە و دڵسۆزانی بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستانە. بۆیە ئاشکرایە زمانی کوردی بە پشتیوانیی خەڵک، نووسەران، چالاکانی کولتووری و مەدەنی و بە هەوڵی چەند نەوە و بەرەی جیاواز، گەشەی کردووە و پارێزراوە و، پێگەی ئەو زمانە، بەدەر لە چوارچێوەی بڕیار و سیاسەتی دامەزراوە فەرمییەکانە.

دامەزراندنی بەشی زمان و ئەدەبیاتی کوردی لە زانکۆی ئیلام، ڕووداوێکی گرنگە بە ئاراستەی بەهێزکردنی پێگەی زمانی کوردی و پەرەپێدانی دەرفەتەکانی پەروەردە بۆ بەرەی لاوی کوردستان. خوێندنی زمانی کوردی لە ناوەندێکی زانستیی وەک زانکۆی ئیلام و لە ئاستی کارناسیدا، جیا لە دەرخستنی پێگەی بەرزی ئەم زمانە، دەرفەتێکی هەرچەند بەرتەسک، بەڵام باشە بۆ «بەزانکۆییبوون»ی زمانی کوردی وەک بەشێکی بنەڕەتی لە ناسنامەی نەتەوەیی کورد کە سەدان ساڵە زاربەزار بە شاخ و دۆڵەکاندا پارێزراوە. بۆیە ئێستا مافی خۆیەتی لەسەر دەستی کۆمەڵێک لە چالاکانی فەرهەنگی و زانستیی کوردستان، لە پێگەی زانکۆ و زانستییانە پارێزگاری لە زمانی کوردی بکرێت.

هەرچەند بەخۆشحاڵییەوە بە دەیان ساڵە زمانی کوردی لە زانکۆکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە باشوور و لە ئاستی جۆراوجۆردا گەشەی پێ دراوە و قەوارەیەکی زانستی بەخۆیەوە گرتووە و کاری پێ دەکرێت، بەڵام جێکردنەوەی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەویش لە زانکۆی ئیلامدا، مانا و مەفهوومێکی دیکە و تایبەتی هەیە.

هەروەک یەکێک لە دڵسۆزانی چالاک لە بەئاکامگەیشتنی ئەم هەوڵەدا لە وتارێکدا بە دروستی ئاماژەی پێ داوە؛ زمانی کوردی پێگە و کەسایەتییەکی وەها قورس و قایمی هەیە کە ئێستا ئیتر زانکۆ وەک ناوەندێکی بەرزی زانستی خاوەندارێتیی لێ دەکات. زمانی کوردی ئەو پۆتانسیێلە زانستییەی تێدایە کە بتوانێت بە زمانی زانستی بنووسرێتەوە و تۆمار بکرێت و، هیچ شک لەوەدا نییە کە زمان بە نووسین و تۆمارکردنەوە دەتوانێت پارێزراو بێت و زیاتر گەشە بکات. ئێستا کە زانکۆی ئیلام شانازیی بەشێک لەم خاوەندارێتییەی پێ بڕاوە، مانای تایبەت بە خۆی هەیە.

هەروەک دوکتور هومایوون مورادنەژادی، سەرۆکی زانکۆی ئیلام لە وتارێکیدا لەم بارەیەوە دەڵێت: «کردنەوەی بەشی زمانی کوردی لە ئاستی کارناسیدا لە زانکۆی ئیلام دەتوانێت ببێتە بەستێنێکی زانستی بۆ کۆکردنەوە، شیکاری، نووسینەوە و تۆمارکردنی ئەم میرات و کەلەپوورە ڕەسەنە کە ئەگەر ئەوە نەکرێت، بە تێداچوونی نەوەکان، بەردەبەرە لەنێو دەچن و نامێنن. لەم پێوەندییەدا زانکۆ تەنیا شوێنی وتنەوە و وانەی نووسین و خوێندنەوەی زمان و مێژووی ئەدەبیات نییە؛

خەزەڵوەری ٢٧٢٦

دەتوانێت ماڵێک بێت بۆ لێکۆڵینەوە لە یادەوەریی کولتووریی میللەتێک. ئەم دەرفەتە دەتوانێت ببێتە پردێک لە نێوان ئەوەی کە سەدان ساڵە خەڵک زارەکی وتوویانەتەوە و ئەمڕۆ زانکۆ دەتوانێت بینووسێتەوە و تۆماری بکات. بۆیە دامەزراندنی بەشی زمانی کوردی لە زانکۆی ئیلام نە بە مەبەستی دابڕان لە ڕابردووە، بەڵکوو خوێندنەوەی زانستییانەی ڕابردووی میللەتێک و کردنەوەی پەنجەرەیەکە بۆ ناساندنی کولتوور و مێژووی خەڵکێک بەرەو ئێران و جیهان«.

ئێمە کە پاراستنی زمان و شوناسی کوردی بە بەشێکی دانەبڕاو لە ئەرک و بەرپرسیارێتیی سیاسی و کۆمەڵایەتیی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان دەزانین و ئەم ڕووداوە بە دەرفەتێکی ئەرێنی و شیاوی ئاوڕلێدانەوە دەبینین، چاوەڕوان دەکرێت دامەزرێنەرانی بەشی زمانی کوردی لە زانکۆی ئیلام و مامۆستایانی ئەم بەشە، بە ڕوانینێکی زانستی، شیکاری و کراوەتر لە ڕشتەیەکی خوێندن لێی بڕوانن و لە ئاستی پڕۆژەیەکی گەورەتر و لە چوارچێوەی هەوڵێک لە پێناو گەشەی زمانی کوردی، ناساندن و تۆمارکردنی میرات و کەلەپووری گەلی کورددا سەیری بکەن. لە هەمان کاتدا پاراستنی ئەم دەستکەوتانە، هەوڵدانی زیاتر بۆ دامەزراندنی ئەنستیتۆ و کۆڕ و ناوەندی هزری، ئەدەبی، زمانەوانی، وەرزشی، ئابووری... بۆ پەرەپێدانی شارستانییەت و گەشەی هەمەلایەنە لە کوردستان ئەرکی چالاکان و دڵسۆزانی ئەم بوارانەیە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە ڕوانگەیەکی فرەڕەهەند و فرەچەشنی بۆ بزووتنەوەی نەتەوایەتی و شوناسخوازانەی کوردستان هەیە و بە چاوی ڕێزەوە لە هەوڵ و تێکۆشانی چالاکانی بوارە جۆراوجۆرەکان لە نێوخۆ دەڕوانێت، دامەزراندنی بەشی زمانی کوردی لە زانکۆی ئیلام بە بەشێک لە دەستکەوتەکانی ئەم بزووتنەوەیە دەزانێت.

بۆیە هەروەک ئاماژەمان پێ دا؛ لە ڕوانگەی ئێمەوە، پرسی زمان لە شوناسی نەتەوەیی، ژیانی کۆمەڵایەتی و داهاتووی سیاسیی کوردستان جیا ناکرێتەوە. بەم بۆنەوە، پیرۆزبایی لە سەرجەم خوێندکاران، مامۆستایان و ئەو کەسانە دەکەین کە لە پێناو پرسی ناسنامە و کردنەوەی بەشی زمان و ئەدەبیاتی کوردی لەم زانکۆیە، لە هەوڵ و تێکۆشاندا بوون.

هیوادارین ئەم هەنگاوە، بوار بۆ پەرەپێدانی بەردەوامی پێگەی زمانی کوردی لە پەروەردە، زانست و ژیانی خەڵکی ئێمە، بەتایبەت لە ئیلام، خۆش بکات.

٢ی خەزەڵوەری ٢٧٢٦

ڕاوێژکاری نەتانیاهو دەڵێ ئیسرائیل لە دروستکردنی هەلومەرجی گۆڕینی ڕێژیم «گەلێک نزیک» بووەتەوە





نورشەلیم پۆست – زڤیکا کلاین، ئامیچای شتاین

وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور

ئۆفیر فالک گوتی زەختی ئابووری و سەربازی دەرفەتێکی بۆ ئێرانییەکان ئافراندووە کە فەرمانڕەواکانیان بگۆڕن، هاوکات جەختی کردەوە کە گۆڕینی ڕێژیم لە دەستی خەڵکی ئێرانە.

ئۆفیر فالک، ڕاوێژکاری سیاسەتی دەرەوەی سەرۆک وەزیران، بنیامین نەتانیاهو، لە وتووێژێکی نێو ستودیۆدا، لە کاتێکدا کە پێداگر بوو کە خەڵکی ئێران بڕیاردەری داهاتووی وڵاتەکەیانن، بە ئورشەلیم پۆستی گوت کە ئیسرائیل گەلێک لە پێکهێنانی پێشمەرجەکانی گۆڕینی ڕێژیم لە ئێران نزیک بووەتەوە.

کاتێک لە فالک پرسیار کرا زەختەکانی سەر تاران چەندە بواریان بۆ گۆڕینی ڕێژیم خۆش کردووە، ناوبراو گوتی: «من پێموایە ئێمە گەلێک لە ڕەخساندنی ئەم هەلە نزیک بووینەتەوە. هەر ئێستا کە ئێمە بە یەکەوە قسە دەکەین، ئەم پێشمەرجانە لە دروستبووندان (خەریکن دەخوڵقێنرێن«.(

لە کاتێکدا کە فالک گفتوگۆی لەگەڵ سەرنووسەری ئورشەلیم پۆست زڤیکا کلاین و هەواڵنێری دیپلۆماتیک ئامیچای شتاین دەکرد گوتی کردەوەکانی ئیسرائیل ئەو پێشمەرجانەی دروست کردوون کە ڕێگە بە ئێرانییەکان دەدەن ئالنگاری بۆ فەرمانڕەواکانیان دروست بکەن.

ئەو گوتی، گۆڕینی ڕێژیم لە دەست خەڵکی ئێرانە.

فالک گوتی گەمارۆی ئابووریی ویلایەتە یەکگرتووەکان سەرکەوتوو بووە، هاوکات ئاماژەی کرد کە زەختە ئابووریەکان پێویستیان بە کاتە بۆ ئەوەی بە ئاکام بگەن. ئەو گوتی ئێران و بەکرێگیراوە ناوچەییەکانی بە هۆی جەنگەوە تووشی زیانی جیددی بوون و باسی پێکرانی کەسایەتییە پلەبەرزەکانیان، زانایانی ئەتۆمی، هاژەکەکان، سەکۆکانی هاوێشتنی هاژەک و تواناکانی بەرهەمهێنانی کرد.

شتاین پرسیاری کرد ئاخۆ ئیسرائیل و ویلایەتە یەکگرتووەکان ئامرازی پێویستیان داوە بە خەڵکی ئێران بۆ ئەوەی بتوانن فەرمانڕەواکانیان تووشی ئالنگاری بکەن. فالک باسی ئۆپەراسیۆنی «شێری ڕابوو» و «شێری نەڕێنەر»ی وەک «دوو ئۆپەراسیۆنی سەرکەوتووی سەربازی لە مێژووی ئەم دواییانەدا» کرد و، گوتی دەستکەوتەکانیان «سەرسوڕهێنەر» بوون، هاوکات دانی بەوەدا نا کە هیچ ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی بێخەوش نییە.

ئەو هەروەها دانی بەو مەترسییانەدا نا کە ئەوانەی چوونەتە سەر شەقامەکان تووشی بوونەتەوە و ئاماژەی بە سەرکوتی درندانەی خۆپیشاندەران لە لایەن ڕێژیمەوە کرد. کاتێک باسی مەترسییەکان بۆ سەر خۆپیشاندەران کرا، ئەو گوتی: «من ڕێزم هەیە بۆ نیگەرانییەکان لەمەڕ مەترسییەکانی سەر خەڵک.»

فالک باسی خشتەیەکی کاتی بۆ ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان لە تاران و هەروەها وردەکارییەکانی پشتگیریی داهاتوو بۆ ئەو ئێرانییانەی داوای دەکەن، نەکرد.

چەکداماڵینی غەززە و پێشنیاری پشوویەکی دوو حەوتوویی

لە پەیوەندی لەگەڵ غەززە، فالک گوتی حەماس دەتوانێ «لە پاشنیوەڕۆیەکدا» چەک دابنێت، بێتوو بیهەوێت و، ئیسرائیل هێزەکانی تا ئەو کاتەی ئەم تاقمە بە تەواوی چەک نەکراوە، پاشەکشەیان پێ ناکات. ناوبراو گوتی، نۆژەنکردنەوە دەبێ ڕابگیرێت تا دوای چەکداماڵین.

ئەو گوتی: «بێتوو حەماس بیهەوێ چەک دابنێت، دەتوانێت لە پاشنیوەڕۆیەکدا ئەم کارە بکات و، ئێمە چاوەڕوانی ڕووداوێکی ئەوتۆین.»

فالک سێ داخوازی لە بارەی غەززە خستە ڕوو: چەکداماڵینی حەماس، داماڵینی هێزی چەکدار لەو کەرتە و میانڕەوکردنی دانیشتووان. ئەو گوتی ئەم داخوازییانە لەگەڵ نەخشە ٢٠ خاڵییەکەی ترامپ یەک دەگرنەوە.

دەستەی ئاشتی بە سەرۆکایەتیی ترامپ بۆ جێبەجێکردنی پلانەکە دامەزرا، لە نێویاندا نۆژەنکردنەوەی غەززە و گواستنەوە بۆ چوارچێوەیەکی بەڕێوەبەریی نوێ.

شتاین زەختی خستە سەر فالک لەمەڕ هۆی قبوونڵ نەکردنی وچانێکی دوو حەوتوویی لە بە ئامانجگرتنی کەسانی داواکراو و چالاکییە سەربازییەکانی دیکە لە لایەن دەوڵەتی ئیسرائیلەوە بۆ ئەوەی ڕێگا بە حەماس بدرێت چەک دابنێت. پرسیارەکە پاش باسی ناڕەزایەتیی بەشێک لە بەڕێوەبەرایەتی ترامپ لە هەڵوێستی ئیسرائیل بەرانبەر بە کاری دەستەی ئاشتی، هاتە ئاراوە.

فالک گوتی ناوبراو ئاگاداری پێشنیاری ١٤ ڕۆژە نییە. ئەو دووپاتی کردەوە کە حەماس و سەرجەم ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی غەززە دەبێ چەک دابنێن و، هەتا حەماس لە سەرانسەری خاکی غەززەدا چەک دانەنێت، ئیسرائیل پاشەکشە ناکات. ئەو گوتی: «ئێمە هیچ شتێکی دیکە قبوونڵ ناکەین.»

لە شەڕی زانیاریدا «ئێمە هێندە سەرکەوتوو نەبووین»

هەڵسەنگاندنی فالک لە بارەی پێگەی سیاسی ئیسرائیل بەردەوام گەشبینانە بوو. ئەو ئاماژەی بە پەیوەندیی ئیسرائیل لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان، هیندستان، وڵاتانی باشووری ئەمریکا و هاوبەشە ئەوروپییەکان، وەک بەڵگەیەک بۆ سەلماندنی چەسپاوبوونی پێگەی نێودەوڵەتیی ئیسرائیل بە هۆی توانای سەربازیی ئەو وڵاتەوە هێنایەوە.

کلاین ئەو هەڵوێستەی هێنایە ژێر پرسیار و لەبارەی دژایەتییەکان لەنێو دێموکراتەکان و نیشانەکانی خراپتربوونی پەیوەندییەکان لەگەڵ کۆمارییەکان پرسیاری کرد. شتاین باسی لێدوانەکان لەبارەی ساڵوەگەڕی ڕووداوی ٧ی ئۆکتۆبری کرد کە تێیدا کەسایەتییە سیاسییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بەشێکی بەرچاو لە باسەکانیان بۆ ئاماژە بە ئازارچەشتنی فەلەستینییەکان و ڕەخنە لە ئیسرائیل تەرخان کردبوو. فالک دانی بە بوونی کێشە لە نێو ڕای گشتیدا نا.

ئەو گوتی: «ئێمە تووشی جەنگێکی حەوت بەرەیی بووین و، لە بەرەی هەشتەم، واتە جەنگی زانیاری، وەک لە بەرەکانی دیکەدا بە شێوەی پێویست سەرکەوتوو نەبووین و، ئێمە دەبێ ئەمەش چارەسەر بکەین.»

لەگەڵ ئەوەشدا، ناوبراو پێداگر بوو کە پەیوەندیی ستراتیژی لەگەڵ واشینگتۆن بەردەوام بە شێوەیەکی بێوێنە نزیکە و ئاماژەی بە چالاکییە سەربازییە هاوبەشەکان، پلاندانان و گفتوگۆی بەردەوام لە نێوان نەتانیاهو و ترامپ کرد.

کاتێک پرسیاری لێ کرا لە یەک یان دوو حەوتووی ڕابردوودا چەند جار ئەم دوو ڕێبەرە پێکەوە قسەیان کردووە، فالک گوتی ئەوان زۆر جار پێکەوە قسە دەکەن بەڵام بە وردی نازانێ کەی.

کاتێک لەبارەی بۆچوونە جیاوازەکان لەمەڕ ئێران پرسیاری لێکرا، ئەو گوتی: «من هێشتا نەمدیوە سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیران لەسەر پرسە گەورەکە ناکۆک بن (هاوڕا نەبن).»

کاتێک گوشار خرایە سەری کە ئاخۆ داواکاریی ویلایەتە یەکگرتووەکان بووەتە هۆی دانبەخۆداگرتنی ئیسرائیل لە بڕیارە سەربازییەکاندا، فالک گوتی هەڵوێستی نەتانیاهو ئەوەیە کە کاتێک مومکین بێت ئەم داوایە جێبەجێ بکات بەڵام کاتێک

ئاسایشی ئیسرائیل بخوازێت، داواکە ڕەت بکاتەوە. ناوبراو ئەوەشی زیاد کرد کە نەتانیاهو چەند جار ئەم داواکارییەی ڕەت کردووەتەوە.

کاتێک سەبارەت بە دانوستانەکانی ئازادکردنی بارمتەکان پرسیاری لێکرا، فالک گوتی: «ئێمە هەموویان دەگەڕێنینەوە.» فالک گوتی نەتانیاهو گریمانە سەرەتاییەکانی هەندێک کەسی ڕەت کردەوە کە دەیانگوت حەماس سەرجەم بارمتەکان دەکوژێت و پێداگر بوو کە ئامانجێکی فەرمیی جەنگ دەبێ گەڕاندنەوەی سەرجەم بارمتەگیراوان بۆ ماڵەوە بێت.

فالک گوتی: «سەرۆک وەزیران ئەوەی قبووڵ نەکرد. ئەو گوتی ئێمە هەمووان دەستێنینەوە و، ئێمە ئەمە دەکەینە ئامانجێکی شەڕ کە هەموان بگەڕێنینەوە.»

فالک پێداگر بوو کە زەختی سەربازی، زەختی سیاسی و هەڵوێستی ئەمریکی-ئیسرائیلی پێکەوە بوونە هۆی ئازادکردنی بارمتەکان. ئەو گوتی ئەو جیاوازییەی لە نێوان ئورشەلیم و واشینگتۆن دەبینرا بووە هۆی کشانەوەی حەماس لە دانوستانەکان.

فالک هەروەها گوتی ئەوە نەتانیاهو بوو کە زەختی خستە سەر سەرۆک کۆماری ئەوکات، جۆ بایدن، بۆ گوشار خستنە سەر قەتەر بۆ دڵنیابوون لە ئازادکرانی بەشێکی دیکە لە بارمتەکان لە چوارچێوەی یەکەم ڕێککەوتن لە نۆڤامبری ٢٠٢٣.

یەکێک لە باسە سەرەکییەکان ئەوە بوو ئاخۆ ئیسرائیل دەیتوانی ڕێککەوتنی زیاتر بۆ ئازادکردنی بارمتەکان لە نێوان ڕێککەوتنەکانی نۆڤامبری ٢٠٢٣ و ژانویەی ٢٠٢٥ جێبەجێ بکات.

شتاین پرسیاری کرد ئاخۆ هیچ ڕێککەوتنێک لەو کاتەدا مومکین بوو، جیاوازیی دانا لە نێوان ئاخۆ ڕێککەوتنێک مومکین بوو و ئاخۆ ڕێککەوتنەکە بە قازانجی ئیسرائیل دەبوو یان نا. فالک لە سەرەتادا وەڵامی دایەوە: «نا، هیچ ڕێککەوتنێک لەسەر میز نەبوو.»

کاتێک گوشاری خرایە سەر، ناوبراو وەڵامەکەی بە ئامانجەکانی شەڕ لە لایەن دەوڵەتەوە دایەوە: نەهێشتنی توانای سەربازی و دەوڵەتداریی حەماس، ئازادکردنی سەرجەم بارمتەکان و دڵنیابوون لەوەی کە چیدیکە غەززە نەبێتە هەڕەشە بۆ سەر ئیسرائیل.

ئەو گوتی: «هیچ ڕێککەوتنێک لە ئارادا نەبوو کە بتوانێت ئامانجەکانی شەڕی ئیسرائیل مسۆگەر بکات.»

فالک گوتی ڕێککەوتنێک کە داوای ئازادکردنی ژمارەیەکی بەرچاو لە بەندییە فەلەستینییەکانی دەکرد، کشانەوە و جێهێشتنی هەڕەشەی پێش شەڕ وەک خۆی، بە پێچەوانەی ئامانجە پەسەندکراوەکانی کابینەوە بوو. ئەو باسی پێشنیاری ئیسرائیلی کرد کە وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەوکات، ئەنتۆنی بلینکن لە ئاوریلی ٢٠٢٤ وەک «لە ڕادەبەدەر بەخشندانە» وەسفی کردبوو، بەڵام حەماس ڕەتی کردەوە.

گێڕانەوەکە باسی کێشەیەکی دەکرد کە لەگەڵ ڕێکخەری پێشووی کۆشکی سپی، بریت مەکگۆرک، لەسەر کتێبی نـاوبراو بە ناوی «لێوار: لەنێو کێبڕکێی ئازادکردنی بارمتەکانی ٧ی ئۆکتۆبر»، و وتـووێژی ئەم دواییـانەی مەکگـۆرک لەگەڵ ئورشەلیم پۆست هاتبووە ئاراوە.

لە وتووێژێکی جیاوازدا لە پۆدکاستی دان سینۆر بە ناوی «زەنگم بـۆ لێبـدەوە»، فالـک ئیـدیعای مەکگـۆرک لەمەڕ ئەوەی کە حەمـاس چەنـد ڕۆژ دوای ٧ی ئۆکتـۆبر ئامـادەیی دەربڕیبـوو سـەرجەم بارمتەکـان ئـازاد بکـات، بە «قسـەیەکی بە تەواوی بێمانا» نـاو بردبـوو. ئەو گـوتی حەمـاس داوای ئـازادکردنی سـەرجەم بەنـدییە فەلەستینییەکان، بەردەوامبـوونی حـوکمڕانیی حەماس و گەڕانەوە بۆ دۆخی پێش شەڕی کردبوو.

فیل گۆردۆن، کە ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی جێگری سەرۆک کۆمار بایدن، کەمالا هـاریس بـوو، ئیـدیعاکەی مەکگـۆرکی کە تێیـدا نەتـانیـاهوی تـاوانبـار دەکـرد، وەدرۆ خسـتەوە. گـۆردۆن گـوتی، نەتـانیـاهو لە ژوئـیەی ٢٠٢٤، دوای ئەوەی حەمـاس چوارچێوە بنەڕەتییەکەی قبووڵ کردبوو، مەرجی نوێی هێنانە گۆڕێ کە بووە هۆی دواکەوتنـی ڕێککەوتـنەکە بـۆ مـاوەی شـەش مانگ.

٧ی ئۆکتۆبر: «دەبێتە شەڕێکی دریژخایەن»

فالک هەروەها باسی بەیانی ٧ی ئۆکتۆبری کرد و گوتی نـاوبراو خەوتبوو کاتێک هێرشەکە دەستی پێکـرد و مـاوەیەکی کـورت دواتـر پێوەندیی پێوە کراوە کە بچێتە «کیریا»، نـاوەندی فەرماندەیی هێزە سەربـازییەکـانی ئیسرائیل لە تێل ئەڤیڤ. بەر لەوەی بڕوات، منداڵەکانی، کە لە نێو سوپادا خزمەتیان دەکرد، لە خەو هەستاند و پێیانی گوت خۆیـان بە یەکەکـانی خۆیان بناسێنن.

ئەو گوتی نەتانیاهو لە کاتی وەرگرتنی زانیاری لەبارەی هێرشەکەدا خاوەن سەرنج و هێمن بوو. فالک لەبیری مابوو کە نەتانیاهو پێی گوتبوو «شەڕێکی دوورودرێژ دەقەومێت»، و ئەم قسەیەی لە ڕێگای چوون بۆ یەکەم کۆبوونەوەی ئاگادارکردنەوەی بەرپرسانی ئاسایش کردبوو.

بە گوتەی فالک، ڕێنوێنییە دەستبەجێکانی نەتانیاهو بەهێزکردنی بەرەی باکوور بۆ چاوترسێنکردنی حیزبوڵڵا لە تێوەگلان لە شەڕدا، ڕێگەدان بە سوپا بۆ جەختکردن لەسەر باشوور، پێشگرتن بە گەڕانەوەی ئەو تیرۆریستانەی هاتبوونە نێو ئیسرائیل بۆ نێو غەززە و بانگکردنی هێزی یەدەگ لە کاتی پێویستدا بوو.

فالک گوتی، تا ئەو جێیەی لەبیری ماوە، سەرۆک کۆماری فەڕانسە، ئیمانوێل ماکرۆن یەکەم ڕێبەری بیانی بوو کە لەو ڕۆژەدا پێوەندیی بە نەتانیاهووە کرد. ئەو لەبیری مابوو کە ماکرۆن پێشنیاری نێوبژیوانی لە ڕۆژی کارەساتەکەدا کردبوو بەڵام نەتانیاهو ڕەتی کردبووەوە.

بە گوتەی فالک، نەتانیاهو حەماسی لەگەڵ داعش بەراورد کرد و هۆشداریی دا بە ماکرۆن کە بێتوو ئیسرائیل لە غەززە پێش بە حەماس نەگرێت، ماکرۆن دەبێ لە پاریس ڕووبەڕوویان بێتەوە. فالک گوتی نەتانیاهو بە ماکرۆنی گوت بە نوێنەرایەتیی ناوبراو پەیام نەگوازێتەوە و ئەوەشی زیاد کرد کە حەماس بەمزووانە پەیامی ئیسرائیلی پێدەگات.

ئەو هەروەها ئەو هەواڵانەی کلاینی وەدرۆ خستنەوە کە گوایە سەرۆکی ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی، شێخ محەممەد بن زاید ئال نەهیان پێش ٧ی ئۆکتۆبر بە مەبەستی پێشگرتن بە هێرشەکە پێوەندیی بە نەتانیاهووە کردبێت.

فالک گوتی: «پێوەندییەکی ئەوتۆ ڕووی نەداوە.»

کلاین جیاوازیی لە نێوان ئەو ئیدیعایانە دانا کە باسی ئەگەری پەیوەندیی نێوان هەواڵگرییەکانی ئەم دوو وڵاتە دەکەن. فالک گوتی ئەو ئاگاداری هیچ جۆرە هۆشداری و ئاگادارکردنەوەیەک نییە، هاوکات ڕەتی کردەوە کە پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لە نێوان ڕێبەرەکان هاتبێتە ئاراوە.

ڕێککەوتنی ئیبراهیم و عەرەبستانی سعوودی

لەبارەی دیپلۆماسیی ناوچەییەوە، فالک ستایشی ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی کرد و گوتی پەیوەندییە ئابووورییەکان لە

چوارچێوەی ڕێککەوتنی ئیبراهیم، کە بە نێوبژیوانیی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لە ٢٠٢٠ واژۆ کرا، لە ماوەی شەڕیشدا گەشەیان کردووە.

کاتێک پرسیار کرا بۆچی ئیمارات بە فەرمی سەردانی نەتانیاهوی پشتڕاست کردەوە، فالک گوتی بەم کارە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی هەردوو وڵات کرا. ئەو لە وەسفی سەردانەکەدا گوتی «ناوازە بوو.»

ئەو پشتگیریی لە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ عەرەبستانی سعوودی کرد بەڵام باسی هیچ وردەکارییەکی دانوستانەکان یان مەرجەکانی ڕێککەوتنەکەی نەکرد.

لە وتووێژەکەدا هەروەها باسی ڕووداوی دابەزینی سەرنشینەکانی فلای دوبەی لە عەرەبستانی سعوودی کرا. پرسیار کرا بۆچی پێش بە فڕینی فڕۆکەیەکی مەدەنیی ئیسرائیلی بۆ گەڕاندنەوەی سەرنشینەکان گیرا، فالک پێداگری لەسەر ڕەفتاری شیاو لەگەڵ خەڵکەکە و گەڕاندنەوەی بە سەلامەتیی ئەوان بۆ ئیسرائیل کرد. ئەو گوتی لێکۆڵینەوەیەکی هاوبەش لەبارەی ڕووداوەکە بەڕێوەیە.

لەبارەی حوسییەکان، جووڵانەوەی پشتگیریکراو لە لایەن ئێرانەوە لە یەمەن، فالک هێرشەکانی ئەوانی بۆ سەر خەڵکی مەدەنی سەرکۆنەکرد و گوتی ئیسرائیل بەرگری لە ئاسایش و بەرژەوەندیی نەتەوەیی خۆی دەکات. ئەو باسی نەکرد ئاخۆ ئیسرائیل لە دژی ئەم گرووپە، یارمەتی بە عەرەبستانی سعوودی دەکات یان نا.

کاتێک پرسیاری لێکرا، چ شتێک پێویستە بۆ ئەوەی وڵاتانی دیکەش پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل ئاسایی بکەنەوە، فالک لە سەرەتادا گوتی ئیسرائیل پێویستە براوەی جەنگ بێت و پاشان ئاشتی بپارێزێت. کاتێک گوشاری بۆ هێنرا کە ئاخۆ ئاساییکردنەوە پێویستە دوا بکەوێت، ئەو گوتی ڕێککەوتن کاتێک ڕوو دەدات کە هاوبەشەکان ئامادە بن.

ئەو گوتی: «من پێموایە ئەمە ڕوو دەدات و ئەمە گەلێک خێراتر لەوەی بیری لێ دەکەنەوە ڕوو دەدات.»

٣ی خەزەڵوەری ٢٧٢٦

لە شۆڕشی ١٣٥٧ەوە بۆ ڕابوونی نوێ؛ ڕێژیمێک لە بەردەم چارەنووسی پەهلەویدا





مستەفا مەولوودی

«چارلز کورزمەن» لە کتێبی «انقلاب تصورناپذیر در ایران»دا باسی ئەو هۆکارانەی کردووە کە بوونە هۆی هەڵگیرسانی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا.

ساڵی ١٣٥٦ی هەتاوی کە خۆپێشاندان و مانگرتنی ناڕازییان دژی ڕێژیمی پەهلەوی دەستی پێ کرد، دۆخی ڕێژیم لە

ڕواڵەتدا سەقامگیر لێک دەدرایەوە. ڕێژیمی پەهلەوی ئەزموونێکی زۆری لە بەڕێوەبەریدا هەبوو و بەتایبەت تا پێش ساڵی ١٣٥٥ بەهۆی فرۆشتنی نەوتەوە داهاتێکی زۆری دەستکەوتبوو (ئەگەرچی هەر لەو ساڵەوە ئابووری ڕووی لە قەیران و هەڵئاوسان کردبوو)؛ هاوکات دەزگایەکی ئەمنییەتیی تۆند وەک ساواک، ئەرتەشێکی پۆشتە و، پشتیوانییەکی بەرفراوانی نێودەوڵەتیی لەپشت بوو. لە بەرانبەریشدا تا ساڵی ١٣٥٦ی هەتاوی، بەهۆی سەرکوتی بێبەزەییانەی پۆلیسی و بەرتەسککردنەوەی تەواوەتیی فەزای سیاسی لەلایەن دەسەڵاتەوە، مەجالی چالاکیی لە حیزب و هێزە دژبەرەکانی ڕێژیم زەوت کرابوو و لاواز کرابوون. بۆیە بۆ زۆرێک لە چاودێران ئەو پرسیارە دروست دەبێت: چۆن بوو خەڵکی ئێران دژی وەها دەسەڵاتێک شۆڕشیان کرد و شۆڕشەکەش لە ماوەیەکی کەمدا سەرکەوت؟!

چارلز کورزمەن لە کتێبەکەیدا بەمجۆرە وەڵامی ئەو پرسیارەی داوەتەوە:

– **یەکەم؛** شۆڕشەکە ڕەگ و ڕیشەی سیاسیی هەبوو. لە ساڵی ١٣٥٦ەوە فەزایەکی تا ڕادەیەک کراوەی سیاسی وای کرد خەڵک بتوانن ناڕەزایەتی دەربڕن. خومەینیش لە ڕێگەی گەیاندنی پەیامەکانی بە نەواری کاسێت، کەسانی سیاسی، نوخبەی کۆمەڵگە و جەماوەری بۆ ناڕەزایەتی و خۆپێشاندانەکان هان دەدا. جگە لە خومەینی، زۆر زانای ئایینی و کەسایەتیی سیاسیی وەک داریوش فرووهەر، کەریم سەنجابی و شاپوور بەختیار نامەیان بۆ دەربار و بەتایبەت بۆ محەممەدڕەزاشا نووسیبوو.

– **دووهەم؛** هۆکاری سەرهەڵدانی شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاوی، دامەزراوە ئایینی و ئایدیۆلۆژییەکانی ئایینزای شیعە بوون؛ کە کورزمەن ئەمە بە یەکێک لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شۆڕش دەزانێت. کورزمەن دەڵێت ساڵی ١٣٥٦ی هەتاوی زیاتر لە ٩ هەزار مزگەوت و حوسێنییە لە سەرتاسەری ئێراندا هەبوون. مزگەوتەکان شوێنێکی گونجاو بوون بۆ کۆبوونەوە، ڕێکخستن، ئاراستەکردن و پەرەپێدانی ناڕەزایەتیی خەڵک، بەتایبەتی بۆ خوێندکارانی ئایینی (فەقێکان) و قوتابییانی لاو کە لە سەنگەری مزگەوتەکانەوە لە هاندانی خەڵکی ناڕازی دژی ڕێژیمی پەهلەوی بەردەوام بوون.

– **سێیەم؛** هەڵگیرسان و سەرکەوتنی شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاوی ڕەگ و ڕیشەی لە ئابووریی وڵاتدا هەبوو. ئەگەرچی لەو سەردەمدا نرخی نەوت چووبووە سەرەوە و ڕێژیم نەوتی زۆری بە نرخێکی گران فرۆشتبوو، بەڵام سیاسەتەکانی ڕێژیمی پەهلەوی لە بواری گەشەسەندنی ناهاوسەنگی ئابووری و مرۆییدا، کەلێنی چینایەتیی زۆری لە نێوان خەڵکی هەژار و دەوڵەمەنددا دروست کردبوو و هەر ئەوەش سەری ڕێژیمی خوارد.

– چوارەم؛ لاوازی و بێتوانایی هێزی نیزامیی ڕێژیمی پەهلەوی بوو لەوەدا کە نەیانتوانی خەڵکی ناڕازی لەسەر شەقام سەرکوت بکەن و پێش بە مانگرتنی بازاڕییان، کارمەندان و کرێکارانی پیشەسازی - بەتایبەت لە پیشەسازیی نەوتدا - بگرن.

– پێنجەم؛ ئەو هۆکارەی کورزمەن باسی دەکات، هەڵبژاردنی جیمی کارتێر بوو بە سەرکۆماری ئەمریکا. جیمی کارتێر لە کێبەرکێی هەڵبژاردنەکاندا بۆ سەرکۆماریی ئەمریکا ڕایگەیاندبوو کە: «ئەرکی پیرۆزی من، پارێزگاری لە مافی مرۆڤە لە سەرتاسەری دونیادا». ئەو دروشمەی کارتێر محەممەدڕەزاشای پەهلەوی زۆر تووڕە کردبوو و، تەنانەت کاتێک کارتێر لە ساڵی ١٣٥٦ی هەتاویدا بوو بە سەرکۆماری ئەمریکا، محەممەدڕەزاشا ڕایگەیاند کە جووەکان ئەمریکا بەڕێوە دەبەن و حوکمی ئەو وڵاتە دەکەن؛ بەڵام هاوکات دژبەرانی ڕێژیمی پەهلەوی بە قسە و ڕوانگەکانی کارتێر زۆر دڵخۆش بوون.

چارلز کورزمەن لە کتێبەکەیدا زۆر هۆکاری لاوەکی و جۆراوجۆری دیکەشی بۆ وەڕێکەوتنی شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاوی لە ئێراندا باس کردووە، بەڵام بە بڕوای من ئەو پێنج هۆکارە دەتوانن هۆکاری ڕیشەیی بن بۆ سەرهەڵدانی ناڕەزایەتیی خەڵکی ئێران و سەرئەنجام ڕووخانی ڕێژیمی پەهلەوی و سەرکەوتنی شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاوی.

ڕوون و ئاشکرایە شۆڕشی گەلانی ئێران بە ڕۆژێک دەستی پێ نەکرد و زووش بە ئاکام نەگەیشت. جیا لە پاشخانێکی دوورودرێژ دژی سیستەم، لە ساڵی ١٣٥٦ی هەتاویدا بڵاوکراوەیەک لە زانکۆی پیشەیی ئیسفەهان (صنعت اصفهان) بڵاو بووەوە؛ پرسیار کرا کێ ئەوەی بڵاو کردووەتەوە؟ گوتیان مونتەزیری؛ پاشان پرسییان بە بڕیاری کێ؟ وەڵام وەرگیرایەوە: «خومەینی». دوای ئەو ڕووداوە، ڕۆژی ١٧ی بەفرانباری ١٣٥٦ لە ڕۆژنامەی «اطلاعات»دا بابەتێک بڵاو کرایەوە بە ناوی «ئێران و داگیرکاریی ڕەش و سوور» (ایران و استعمار سرخ و سیاه)، کە تێیدا باس لە هاوکاریی کۆمۆنیستەکان و مەزهەبییەکان بۆ دژایەتیکردنی شا و شۆڕشی سپیی شا کرابوو و دواجاریش بە تۆندی هێرش کرابووە سەر خومەینی.

کاردانەوە بەرانبەر بە نووسینی ئەو بابەتە لە شاری قوم، بەتایبەت لەلایەن مەلا گەنجەکانەوە دەستی پێ کرد و لەگەڵ وەڕێکەوتنی خۆپێشاندانەکان دروشم دژی شا و ڕێژیمی پەهلەوی بەرز کرایەوە. خۆپێشاندانەکان هەر لە جێدا سەرکوت کران و چەند کەس لە خۆپێشاندەران کوژران؛ بەڵام خۆپێشاندانەکان لە چلەی ئەو کوژراوانەدا سەری هەڵدایەوە و ئەمجارەشیان کۆمەڵێک کەسی دی کەوتنە بەر دەستڕێژی هێزە چەکدارەکانی دەوڵەت و، ئەم زنجیرەیە لە خۆپێشاندان و سەرکوتی تۆندوتیژ هەتا ١٦ی خەرمانانی ١٣٥٧ی هەتاوی درێژەی کێشا.

لەو ماوەیەدا خەڵک زۆر و بەربڵاو بەشداریی خۆپێشاندان و مانگرتنەکانی دژی ڕێژیمی پەهلەوییان نەدەکرد؛ بەڵام پاش کرانەوەیەکی ڕێژەیی لە ڕۆژی ١٦ی خەرمانانی ١٣٥٧ی هەتاوید، خەڵک بە لێشاو و بە هەراوی بەشداریان لە خۆپێشاندانەکان دژی ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەوی کرد و لەو ڕۆژەدا سەرکوتی خوێناوی و کوشتنی خۆپێشاندەران ڕووی نەدا. بۆ سبەینێی ئەو ڕۆژە (١٧ی خەرمانان) خەڵکێکی زۆرتر لە مەیدانی ژاڵەی تاران کۆ بوونەوە؛ پۆلیس و هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم تەقەیان لە خۆپێشاندەران کرد و خەڵکێکی زۆر کوژران. ئیدی لەو ڕۆژەوە دروشمی خەڵکی ناڕازی گۆڕانی بەسەردا هات؛ ئەگەر هەتا ئەوکات دروشمەکان زۆرتر داخوازیی سەندیکایی، پیشەیی و بۆ باشترکردنی دۆخی ژیان بوون، بۆ دروشمی ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی گۆڕدران و، دواتریش ڕۆژ بە ڕۆژ خەڵکی زۆرتر بەشداریان لە خۆپێشاندانەکاندا دەکرد.

خۆپێشاندانەکان بوونە چەند سەد هەزار کەسی و مانگرتنەکان بڕستیان لە حکوومەت بڕی. بازاڕ لە شارەکاندا دادەخرا و کار و جوولەی ئابووری و تەنانەت کارگێڕیش - بەتایبەتی لە پیشەسازیی نەوتدا - پەک خران. بەو جۆرە بە کەمتر لە ساڵێک خەبات و خۆڕاگری، شۆڕشی ١٣٥٧ی گەلانی ئێران دژی ڕێژیمی پاشایەتی سەرکەوت. بەپێی ئامارەکان زیاتر لە لە سەدا دە (١٠%)ی خەڵکی ئێران بەشداریان لەو شۆڕشەدا کردبوو؛ لە حاڵێکدا لە شۆڕشی بەناوبانگی فەڕانسەدا کەمتر لە سەدا دوو (٢%)ی خەڵک و لە شۆڕشی یەکێتیی سۆڤیەتدا کەمتر لە سەدا یەک (١%)ی خەڵک بەشداریان کردبوو.

پرسی جەوهەری ئێستا ئەوەیە کە ئەگەر نزیک بە پەنجا ساڵ پێش ئێستا، خەڵکی ئێران بەو هۆکارانەی باس کران شۆڕشێکی بێوێنەیان لە دژی ڕێژیمی پەهلەوی وەڕێ خست و بە کەمتر لە ساڵێک سەرکەوتوو بوون؛ ئەی بۆ دەبێت ئێستا خەڵکی ئەو وڵاتە کاولکراوە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە، ئەو شانازییە بۆ دەستەبەرکردنی ژیانێکی شایەن بە خۆیان دووپات نەکەنەوە؟! خۆ ڕێژیمی ئێستا زۆر لە ڕێژیمی پەهلەوی خوێنمژتر و پاوانخوازترە.

- ئەگەر ئەو کات بەهۆی پارەی زۆر و بەڕێوەبەرایەتیی خراپ، ئابووریی ئێران تووشی ئاوسانی ئابووری ببوو و کەلێنی چینایەتی لە پەرەسەندندا بوو، لە ئێستادا ئەو دۆخە سەد قات زیادی کردووە؛ زیاتر لە نیوەی خەڵکی ئێران لە هەژاریی موتڵەقدا دەژین، دژی و گەندەڵی لە هەموو جومگەکانی حوکمڕانیدا ڕەگی داکوتاوە، تەمەن ئەوەی بەها و بایەخە نەیماوە و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتریش دادەبەزێت؛ قەیرانەکان یەک و دوو نین و نەک هەر گەرووی ڕێژیم، بەڵکوو داهاتووی وڵاتیشیان بەرەو کارەسات بردووە؛ بارودۆخ بۆ ڕاپەڕین و شۆڕش لەوە لەبارتر نابێت!

- ئەگەر ئەو کات باوەڕمەندان بە تێکەڵاوی و ئاوێتەیی ئایین و دەسەڵات (ئاخوند) نەناسرابوون، لە ئێستادا خەڵک بە

تەواوی ئاخوندیان ناسیون و نموونەی دەسەڵاتداریی ئیسلامییان ئەزموون کردووە.

- ئەگەر ئەو کات دەرفەتی چالاکیی هێزە سیاسییەکان لەژێر زەبری ساواکدا تەواو بەرتەسک کرابووەوە، لە ئێستادا پۆتانسێلی گەورەی سیاسی لە وڵاتدا هەیە؛ بەتایبەت لە کوردستاندا کە بە بوونی حیزبی بەئەزموون و شوێندانەر، بزووتنەوەیەکی سیاسیی بەهێز لە ئارادایە کە بۆ خەڵکی هەموو بەشەکانی دیکەی ئێران بۆ ئیلهاموەرگرتن لە جۆر و شێوازەکانی خەبات و تێکۆشان دەبێتە سەرمەشق.

- ئەگەر لە کاتی ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەویدا وا دەهاتە بەرچاو کە ئەرتەشی ئێران بەهێز و لەشکاننەهاتووە و تەنانەت ناوی «ژاندارمی ناوچە»ی لەسەر داندرابوو؛ خۆ هەر ئەو کات بینیمان ئەو سوپا زەبەلاحە لە بەرانبەر هێز و ویستی گەلانی ئێراندا داماو و دەستەوەستان مایەوە و خۆی ڕادەستی شۆڕش کرد. بێگومان ڕەنگە سەرکوت بتوانێت ڕەوتی شۆڕشەکان کەمێک دوا بخات، بەڵام ئەوەی سەردەکەوێت هەر ئیرادەی خەڵک و شۆڕشگێڕانە.

- ئەگەر ئەو کات کەرەسەی پڕوپاگەندە و تەبلیغاتی دژی ڕێژیمی پەهلەوی تەنیا لە چوارچێوەی قسە و باسی خوێندکاران لە زانکۆ، قوتابییان و فەقێیەکان لە حوسێنییە و مزگەوتەکان، کۆڕ و کۆبوونەوەی سیاسیی بچووک و، ئاڵوگۆڕکردنی نامە و بڵاوکردنەوەی نەواری کاسێتدا سنووردار بوو؛ لە ئێستادا دەزگای ڕاگەیاندن زۆر و بەربڵاوە و، بوونی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە بە ئاسانیش لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی ڕێژیمەوە کۆنترۆڵ ناکرێن، دۆخەکەی گەلێک لەبارتر کردووە.

- ئەگەر لەو سەردەمدا تەنیا پەیامی جیمی کارتێر لە ئەمریکا و لە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردندا، کۆشکی کریستاڵیی محەممەدڕەزاشای پەهلەوی خستبووە لەرزین؛ لە ئێستادا چەمکی پاریزگاری لە مافی مرۆڤ گشتگیرتر بووە و بووەتە ڕۆژەڤی هەر کۆڕ و کۆمەڵێکی سیاسی و مرۆڤدۆست لە جیهاندا.

- ئەگەر ئەو کات شەرعییەتی سیاسیی ڕێژیمی پەهلەوی لە دنیای دەرەوەدا کەمتر قسەی لەسەر بوو، خۆ ئێستا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هیچ شەرعییەتێکی سیاسیی نییە و تەنانەت بە هۆکاری سەرەکیی هەموو ناسەقامگیرییەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهاندا دادەنرێت.

- لەوەش گرنگتر؛ ئەگەر لە ساڵەکانی ١٣٥٦ و ١٣٥٧ی هەتاویدا خەڵکی ئێران بە بەرزکردنەوەی دروشمی ڕووخانی ڕێژیمی

خەزەڵوەری ٢٧٢٦

پەهلەوی دەیانزانی چییان ناوێت بەڵام لە ڕاستیدا نەیاندەزانی چییان دەوێت (یان لانیکەم هاواریان نەدەکرد چییان دەوێت)؛ بەڵام لە ئێستادا هەم دەزانین چیمان ناوێت (کۆماری ئیسلامی)، و هەم دەزانین چیمان دەوێت کە دێموکراسی، ئازادی و یەکسانیی ماف و داواکانە.

ئەگەر دوو ڕێژیمی دیکتاتۆر و جینایەتکاری پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی لە دوو کات و زەمانی جیاوازدا لە تەنیشت یەکتر دابنرێن – کە یەکیان نزیک بە پەنجا ساڵ پێش ئێستا بە ئیرادە و ڕابوونی گەلانی ئێران و لە شۆڕشێکی بێوێنەدا تۆماری تەمەنی پێچرایەوە – بێگومان هیچ بەربەستێک نابێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئەو شۆڕشە بەلاڕێداچووەی ساڵی ١٣٥٧ جارێکی دیکە قەقنەسئاسا نەبووژێتەوە؛ و، بە ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی و وەدیهێنانی ماف و داوا ڕەواکانی هەموو پێکهاتەکانی ئێران، بگاتە دواپین وێستگەی خۆی.

٣ی خەزەڵوەری ٢٧٢٦

چەمکناسیی جوداخوازی: بۆچی ئەم وشەیە بانگەشەیەکی سیاسییە نەک سووکایەتی و جنێو؟





ئیبراهیم لاجانی

لە ئەدەبیاتی سیاسی و میدیایی زۆرێک لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوو و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، وشەی «جوداخوازی» (Separatism) بارێکی مانایی بە تەواوی نەرێنی، ترسێنەر و تاوانکارانەی بەخۆوە گرتووە. حکوومەتە ناوەندییەکان، ڕای گشتی و شۆڤێنیزمی زاڵ، زۆرجار ئەم وشەیە نەک وەک چەمکێکی دیاریکراو و شیاوی لێکۆڵینەوە لە زانستە سیاسییەکاندا، بەڵکوو وەک «جنێو»، «مۆرکێکی ئەمنی» و ئامرازێک بۆ پەراوێزخستن، سەرکوتکردن و تیرۆری کەسایەتی

بەکار دەهێنن. لەگەڵ ئەوەشدا، دوور لە دەمارگرژی (تەعەسوب) و لایەنگرییە ئایدیۆلۆژییەکان، جوداخوازی لە بنەڕەتدا بانگەشە، خواست یان پرۆژەیەکی سیاسییە. بەکارهێنانی ئەم چەمکە وەک جوێن و بۆ سووکایەتی، نەک تەنیا یارمەتیدەر نییە بۆ تێگەیشتن لە دیاردە ئاڵۆزە کۆمەڵایەتییەکان، بەڵکوو ڕێگە لە هەر جۆرە گفتوگۆ، خەسارناسی و چارەسەرێکی ئاشتییانەی ململانێکان دەگرێت. ئەم وتارە بە دیدێکی شیکارییەوە هەوڵ دەدات لە ڕێگەی شیکردنەوەی ئەم چەمکەوە، پێگەی ئەم زاراوەیە لە وشەیەکی بارگاوی بە جوێن بەرز بکاتەوە بۆ بانگەشەیەکی سیاسی کە پێویستی بە بەڵگەهێنانەوە هەیە.

١- چوارچێوەی چەمکی و یاسایی: یەکتربڕینی دوو بنەمای دژبەیەک

بۆ دەرهێنانی وشەیەک لە بازنەی جنێوەکان، سەرەتا دەبێت لە کۆنتێکستێکی ئەکادیمی و یاساییدا پێناسە بکرێت. لە یاسای نێودەوڵەتی و زانستە سیاسییەکاندا، جوداخوازی بەو بزووتنەوە یان ڕەوتانە دەوترێت کە خوازیاری جیابوونەوەی کۆمەڵە خەڵکێک، کولتوورێک، نەتەوەیەک یان ئایینێکن لە قەوارەیەکی سیاسیی گەورەتر (زۆرجار دەوڵەت-نەتەوەیەک) بۆ پێکهێنانی قەوارەیەکی سیاسیی سەربەخۆ یان لکاندنیان بە وڵاتێکی دیکەوە.

ئەم بانگەشەیە لە ڕووی یاساییەوە دەکەوێتە ناوچەیەکی خۆڵەمێشی و پڕ لە ململانێوە. لە لایەکەوە، بانگەشەی سەربەخۆییخوازان لەسەر بنەمای «مافی دیاریکردنی چارەنووس (Right to Self-Determination)» «دامەزراوە. ئەم مافە لە مادەی یەکەمی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ (١٩٦٦)دا بە فەرمی ناسێنراوە و جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەموو گەلان مافی ئەوەیان هەیە بە ئازادی دۆخی سیاسیی خۆیان دیاری بکەن. لە لایەکی دیکەوە، دەوڵەتە ناوەندییەکان بۆ پاراستنی سنوورەکانیان پشت بە بنەمای «یەکپارچەیی خاکی» (Territorial Integrity) و سەروەریی نیشتمانی دەبەستن.

خاڵی گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە یاسای نێودەوڵەتی لە چۆنیەتیی چارەسەرکردنی ململانێی نێوان ئەم دوو پرەنسیپەدا، بە مەبەست جۆرێک لە ناڕوونیی تێدا هێشتووەتەوە (Constructive Ambiguity) و فۆرمووڵێکی حاشاهەڵنەگر و جیهانگیری بۆ ناخاتە ڕوو. بۆیە، کاتێک گرووپێک داوای جیابوونەوە دەکات، لە ڕاستیدا بانگەشەیەکی سیاسی دەخاتە ڕوو کە پشتی بە خوێندنەوەی تایبەتی خۆی بۆ یاسای نێودەوڵەتی و مێژوو بەستووە. ڕازیبوون یان دژایەتیکردنی ئەم بانگەشە یاسایی-سیاسییە، پێویستی بە بەڵگەهێنانەوەی بەرامبەر هەیە، نەک بەکارهێنانی زمانی پڕ لە سووکایەتی و جوێنی چاڵەمەیدانی.

٢- میکانیزمی گۆڕینی بانگەشەیەکی سیاسی بۆ جنێو

بۆچی بانگەشەیەک کە لە جەوهەری خۆیدا سیاسییە، لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا دەبێتە جنێو؟ دەبێت بەدوای وەڵامەکەدا لە پرۆسەی «بەئەمنیکردن» (Securitization) و پڕۆژەی سەپێنراوی نەتەوەسازیدا بگەڕێین.

لە زۆرێک لە وڵاتاندا، پرۆسەی نەتەوەسازی لە سەدەی بیستەمدا نەک بە شێوەیەکی سروشتی، ئۆرگانیک و دێموکراتیک، بەڵکوو لە ڕێگەی یەکخستنی زۆرەملێ، سەرکوتکردنی زمان و کولتووری ناوچەییەکان و، سانترالیزمێکی تۆندی ئابووری و سیاسییەوە بەڕێوە چووە. لە پێکهاتەیەکی وەهادا، حکوومەتە ناوەندییەکان بۆ پاساوهێنانەوە بۆ بێتوانایی خۆیان لە پێکهێنانی یەکگرتنێکی سروشتی لە کۆمەڵگەدا، پێویستیان بە دروستکردنی «ئەویترێکی مەترسیدار» هەیە.

بە گۆڕینی وشەی جوداخوازی بۆ جنێو و هێڵێکی سووری حەرامکراو بۆ گفتوگۆ، دەسەڵاتداران سەرکەوتوو دەبن لە سەرکوتکردنی هەر جۆرە داواکارییەکی شوناسخوازی، کولتووری، ئابووری، یان تەنانەت داواکاریی دابەشکردنی دەسەڵات (وەک فیدرالیزم) لەنێوان ناوەند و ناوچە پەراوێزخراوەکاندا. لەم کەشوهەوایەدا، وشەکە ئەرکە شیکاری و وەسفییەکەی خۆی لەدەست دەدات و دەبێتە چەکێکی سایکۆلۆژی. کاتێک لە گوتاری زاڵدا مۆرکی جوداخواز دەدرێت لە کەسێک، ئامانجەکە ئەوە نییە کە ڕەخنە لە بیرۆکە و تێڕوانینە سیاسییەکەی بگیرێت؛ بەڵکوو ئامانجی سەرەکی، دامالێنی چەکی ئەخلاقییە لێی، لەکەدارکردنی ڕەوایی داواکارییەکانی بنکە جەماوەرییەکەی و، پاساوهێنانەوەیە بۆ سەرکوتکردنی تۆندوتیژانەی پێش دەستپێکردنی هەر جۆرە دادگاییکردنێک (چ لە ڕووی یاساییەوە یان لە ڕای گشتیدا).

٣- سەنگی مەحەکی ئەزموونی جیهانی: لە تابۆی ئەمنییەوە بۆ ڕەوتی دێموکراسی

بۆ سەلماندنی ئەم وتەیەی کە «جوداخوازی بانگەشەیەکی سیاسییە»، ئەزموونی وڵاتە دێموکراتیکەکان زۆر ڕێگەنیشاندەرە. لەم کۆمەڵگەیانەدا، داواکردنی سەربەخۆیی تابۆیەک یان جنێوێکی ئەمنی نییە، بەڵکوو یەکێکە لە بژاردەکانی سەر مێز لە سیاسەتی ڕۆژانەدا:

– **بریتانیا و سکۆتلەند:** پارتی نەتەوەیی سکۆتلەند (SNP) بە شێوەیەکی زۆر ئاشکرا و یاسایی بانگەشەی سەربەخۆیی و جیابوونەوەی سکۆتلەند لە شانشینی یەکگرتوو دەکات. ئەندامانی ئەم پارتە لە پەرلەمانی بریتانیادا کورسییان هەیە، حکوومەتی نێوخۆیی دەگرنە دەست، لە میدیا سەرتاسەرییەکاندا پڕۆژەکانیان ڕوون دەکەنەوە، و لە ساڵی ٢٠١٤شدا

ڕیفراندۆمێکی یاساییان بۆ سەربەخۆیی ئەنجام دا (کە بە ڕێژەی ٥٥٪ دەنگدان بە مانەوە لە بریتانیا کۆتایی هات). لە بریتانیا، هیچ کەسێک وەک «خائینی شایەنی جنێو» سەیری ئەندامانی ئەم پارتە ناکات، یان بە چاوی سووکایەتیپێکردنەوە لە داخوازییەکانیان بڕوانێت.

– کانادا و کێبێک: هەرێمی کێبێکی فەڕەنسیزمان لە کانادا تا ئێستا دوو جار (١٩٨٠ و ١٩٩٥) ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی ئەنجام داوە. لە ڕیفراندۆمی دووەمدا، سەربەخۆییخوازان تەنیا بە جیاوازییەکی کەمتر لە یەک لە سەد شکستیان هێنا. سەرەڕای ئەوەش، چالاکوانانی ئەم ڕەوتە نە زیندانی کران، نە مۆرکی خیانەتیان لێ درا و نە میدیاکانی ناوەند بە وشەی نەشیاو وەسفیان کردن.

ئەم جیاوازییە گەورەیە ئەوە دەردەخات کە باری نەرێنی، تاوانکاری و بارگاوی بە جوێنی ئەم وشەیە، تایبەتمەندییەکی زگماکیی وشەکە نییە؛ بەڵکوو بەرهەمی ڕاستەوخۆی پێکهاتەی سیاسیی پاوانخواز و لاوازیی کولتووری سیاسییە لەو کۆمەڵگەیانەدا کە توانای قبووڵکردنی جیاوازییەکان، بە فەرمی ناسینی گەلان و مافی کەمینەکان و بەڕێوەبردنی ئاشتییانەی قەیرانەکانیان نییە.

٤- لێکەوتە وێرانکەرەکانی کورتکردنەوەی سیاسەت بۆ جنێو و سووکایەتی

کاتێک سیستەمێکی سیاسی و ڕای گشتیی هاوتەریب لەگەڵیدا، بانگەشەیەکی وەکوو جیابوونەوەخوازی لە بازنەی وشە شیکارییەکان دەردەکەن و دایدەبەزێنن بۆ ئاستی سووکایەتی، کۆمەڵگە ڕووبەڕووی چەندین لێکەوتەی وێرانکەر دەبێتەوە:

– داخستنی تەواوەتیی دەرگای گفتوگۆ: یەکەمین قوربانیی گۆڕینی بیرۆکەیەکی سیاسی بۆ جنێو، «دیالۆگ»ە. هیچ گفتوگۆیەکی بنیاتنەر لەگەڵ کەسێکدا دروست نابێت کە پێشوەختە بە «خائین» و «شایەنی سزا» ناوزەد کرابێت.

– ڕادیکاڵیزەبوونی داواکارییەکان و پەنابردن بۆ توندوتیژی: کاتێک ڕێگاکانی خستنەڕووی ئاشتییانەی بانگەشەیەکی سیاسی دادەخرێن و چالاکوانانی مەدەنی تەنیا لەبەر خستنەڕووی بیرۆکەیەک ڕووبەڕووی سەرکوتکردن، زیندانی و سووکایەتی دەبنەوە، بزووتنەوەکان ناچار بەرەو خەباتی ژێرزەمینی، ڕادیکاڵیزم، خەباتی چەکداری و پڕ لە توندوتیژی پاڵیان پێوە دەنرێت.

– سڕینەوەی کێشەکە لەبری چارەسەرکردنی: گۆڕینی ئەم وشەیە بۆ جنێو، وا دەکات چاوەکان لە ئاست ڕاستییەکان دابخرێن. لەبری ئەوەی کۆمەڵگە و نوخبەکان بپرسن: «بۆچی بەشێک لە هاووڵاتییان ئارەزووی جیابوونەوە دەکەن؟»، «کام سیاسەتی جیاکاری، سووکایەتپێکردنی شوناسی، یان تاڵانیی ئابووریی ناوەند بووەتە هۆی ئەم دوورکەوتنەوەیە؟»، تەنیا پەنا دەبرێتە بەر لەکەدارکردنی کەسایەتیی بانگەشەکارەکە. ئەم ڕێبازە نەک دەردەکە دەرمان ناکات، بەڵکوو تەنیا شاردنەوەی نیشانەکانی نەخۆشییەکەیە!

– قۆستنەوەی بارودۆخەکە بۆ سەرکوتکردنی دێموکراسیخوازی: حکوومەتەکان بە گەرمکردنی بازاڕی ڕق و کینە دژی جوداخوازان، زۆرجار داواکارییە گەورەترەکانی پەیوەست بە دێموکراسیش پەراوێز دەخەن. ئەوان بە دروستکردنی ترسێکی گشتی لە «پارچەپارچەبوونی وڵات»، پێویستیی هێشتنەوەی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری بەسەر خەڵکدا دەسەپێنن.

دەرئەنجام

«جوداخوازی» (یان سەربەخۆییخوازی)، بەبێ گوێدانە ئەوەی ئێمە وەک خۆمان لەگەڵی کۆکین یان نا، لە ڕوانگەی شیکارییەوە هیچ شتێک نییە جگە لە «بانگەشەیەکی سیاسی» بۆ پێداچوونەوە بە سنوورەکان، دابەشکردنی دەسەڵات و سەروەریی سیاسی. مامەڵەکردن لەگەڵ بانگەشەیەکی سیاسی پێویستی بە لۆژیک، بەڵگەهێنانەوە، خوێندنەوەی ڕەخنەگرانەی مێژوو و گرنگتر لە هەموو، تێگەیشتن و چارەسەرکردنی ئەو ڕەگ و ڕیشە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییانە هەیە کە بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی.

دەرهێنانی ئەم وشەیە لە عەمباری جنێوە سیاسییەکان و گەڕاندنەوەی بۆ پێگە ڕاستەقینەکەی خۆی لە ئەدەبیاتی زانستە سیاسییەکاندا، یەکەمین هەنگاوە بۆ پێگەیشتن و باڵقبوونی کۆمەڵگەیەک. تا ئەو کاتەی چەمکە سیاسییەکان تێکەڵی جنێودان، بەخائینزانین و مۆرک لێدانی ئەمنی دەکەین، توانای ناسینەوەی دروستی قەیرانەکانمان و دۆزینەوەی چارەسەری بەردەواممان نابێت. بە فەرمی ناسینی ئەوەی کە «کەسێک یان گرووپێک خاوەنی بیرۆکەی جوداخوازییە»، بە هیچ شێوەیەک بە واتای قبووڵکردنی بیرۆکەکەی یان خۆبەدەستەوەدان نییە بۆی؛ بەڵکوو تەنیا بە واتای قبووڵکردنیەتی وەک بکەر یا «پارامەترێکی سیاسی» کە دەبێت بە زمانێکی یاسایی، دیپلۆماسیی ناوخۆیی و بەڵگەهێنانەوە قسەی لەگەڵدا بکرێت، نەک بە زمانی هەڕەشە، سووکایەتی، سەرکوت و تۆقاندن.

٥ی خەزەڵوەری ٢٧٢٦

گرێکوێرەی ناوەندگەرایی و پێویستیی مافی چارەی خۆنووسینی نێوخۆیی





زانیار حوسێنی

ئەو وێنە هاوبەش و کلاسیکەی کە میدیا و پێکهاتەکانی دەسەڵات لە ئێران نەمایشی دەکەن، وڵاتێکی خاوەن شوناسێکی تاکڕەهەند، ناوەندگەرا و یەکگرتووە. بەڵام ڕاستییە مەیدانی و مێژوویییەکان بە ڕوونی جیاوازن لەم وێناکردنەی ئەم جوغرافیایە؛ ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیی و مۆزایکییە کە پێکهاتووە لە نەتەوەکانی کورد، تورک، عەرەب، بەلووچ و نەتەوەکانی دیکە کە دەیان ساڵە لەژێر سایەی پێکهاتەیەکی تۆندی ناوەندگەرادا دەژین. یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران، وەک باڵاترین بەڵگەنامەی یاسایی سیستەمی حوکمڕان، نەک هەر دان بەو فرەییەدا نانێت، بەڵکوو بە

نکۆڵیکردنی سیستماتیکی «مافی چارەی خۆنووسینی نێوخۆیی»، مۆدێلێکی سەروەریی ئایدیۆلۆژی و قۆرخکارانەی دامەزراندووە. ڕەخنەگرتن لەم پێکهاتە ناوەندگەرایە و لێکۆڵینەوە لە دەرئەنجامە وێرانکەرەکانی لەسەر گەلانی غەیری فارس، کلیلی تێگەیشتن لە قەیرانە ژێئۆپۆلیتیکییەکان و ئاسۆی بەردەم دێموکراسییە لەم جوغرافیایەدا.

چەمکناسیی یاسایی: مافی چارەی خۆنووسینی نێوخۆیی

لە وێژەی یاسای نێودەوڵەتی و زانستی سیاسیدا، جیاوازیی دوو خوێندنەوەی «مافی چارەی خۆنووسین» بۆ تێگەیشتن لە داخوازییەکانی گەلانی غەیری فارس لە ئێراندا زۆر گرنگە؛ مافی چارەی خۆنووسینی دەرەکی بە واتای دابڕانی یاسایی تەواو و کێشانی سنووری نوێ و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە سیستەمی نێودەوڵەتیدایە. بەڵام مافی چارەی خۆنووسینی نێوخۆیی بە مانای مافی نەتەوە، قەوم و گرووپە جیاوازەکانی وڵاتێکە بۆ بەشداریی مانادار، واقعی و دێموکراتیک لە چارەنووسی سیاسی، ئابووری، یاسایی و کولتووریی خۆیان لە چوارچێوەی سنووری هەبووەکاندا. ئەم چەمکە لە شێوەی سیستەمی فیدراڵی، ناناوەندگەرایی، خۆبەڕێوەبەریی ناوچەیی و پارڵەمانی نێوخۆییدا خۆی دەردەخات. لە ڕاستیدا مافی چارەی خۆنووسینی نێوخۆیی، ئامرازێکی یاساییە بۆ دەستەبەرکردنی پێکەوەژیانی ئازادانە، دادپەروەرانە و ئاشتییانە. قەوارەی ناوەندگەرای حوکمڕانیی ئێران، هەمیشە بە مەبەستی سڕینەوەی پرسی دابەشکردنی دادپەروەرانەی دەسەڵات لە نێوان گەلانی فرەنەتەوەی ئێراندا، هەر داخوازییەک بۆ ئەم مافە ڕەوایە بە ناوی «جیاخوازی» و «هەڕەشەی ئاسایشی نەتەوەیی» سەرکوت کردووە.

تەرمپشکنیی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران

یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە تەواوی نوێنەرایەتیی قۆرخکاریی دەسەڵات لە ناوەند و نکۆڵیکردن لە ناسنامەی نەتەوە نافارسەکان دەکا. شیکارییەک بۆ بڕگە و بنەماکانی ئەم یاسایە دەری دەخا کە پێکهاتەی ئێستا لە بنەڕەتدا ئەو بەستێنە ئەرێنییەی نییە کە بۆ قبووڵکردنی فرەیی سیاسی و پێکهاتە جیاوازەکان پێویستە. بۆ نموونە چڕبوونەوەی ڕەهای دەسەڵات لە دامەزراوە دەستنیشانکراوەکاندا، ڕەنگدانەوەی ئەم ئیدیعایەیە؛ بە پشتبەستن بە پێکهاتەی یاسای بنەڕەتی، دەسەڵاتی ڕەها لە دەستی دامەزراوەی ویلایەتی فەقیهـ و دامەزراوەکانی ژێردەستەی (وەک شووڕای نیگابان)دایە. ئەم دامەزراوانە کە ڕاستەوخۆ لە ناوەندەوە ڕێنمایی دەکرێن، هەر یاسا و ڕوانگەیەک کە ناناوەندگەرایی ئیداری، سیاسی یان ئابووری بەدوای خۆیدا بهێنێ، بە بیانووی ناکۆکی لەگەڵ شەریعەت یان یاسای بنەڕەتی ڕەت دەکەنەوە. پارێزگار و فەرماندار و تەنانەت بەڕێوەبەرانی گشتیی ئیدارەکان لە ناوچەکانی کوردستان، ئازەربایجان،

بەلووچستان و خوزستان نەک لەلایەن خەڵکی ڕەسەنەوە، بەڵکوو لەلایەن وەزارەتی نێوخۆ لە تارانەوە دەستنیشان دەکرێن. بابەتێکی دیکە کە جێی ئاماژەیە، ڕوانگەتبوونی شووراکانە (لە بەشی حەوتەمی یاسای بنەڕەتیدا باس کراوە). هەرچەندە لە ماددەی ١٠٠ تا ١٠٦ی یاساکەدا ئاماژە بە شووڕای شار و گوندەکان دەکا وەک هێمای بەشداریکردنی نێوخۆیی، بەڵام لە پراکتیکدا دەسەڵاتەکانیان بە شێوەیەکی زۆر سنووردار کورت کراوەتەوە بۆ بابەتی خزمەتگوزاری و خۆشگوزەرانی. شووراکان دەسەڵاتی یاسادانانی نێوخۆیی و بەڕێوەبردنی سەرچاوە داراییەکانی ناوچەکەیان نییە، یان کۆنترۆڵی دامەزراوە ئەمنییەکان و پۆلیسییان نییە و بڕیارەکانیان هەمیشە لەژێر چاوێڕی چاودێریی بەرپرسانی ناوەندەدان. نموونەیەکی دیکە نکۆڵیکردنە لە ناسنامەی زمانەوانی و کولتووری؛ لە ماددەی ١٥ی یاسای بنەڕەتیدا، بە شێوەیەکی ناڕوون ئاماژە بە فێرکردنی زمانی نەتەوەیی لە قوتابخانەکاندا دەکا لە پەنا زمانی فارسیدا. بەڵام تەنانەت ئەم نیوە بڕگەیەش دوای نزیکەی پێنج دەیە هەرگیز بە شێوەیەکی سیستماتیک و لەسەر ئاستی ئێران جێبەجێ نەکراوە. ئێستاش سیستەمی پەروەردەی ئێران بە تەواوی تاکزمان و قۆرخکراوە و لە درێژایی پەرەپێدان بە شوناسێکە کە فرەچەشنیی زمانیی نەتەوەکانی کورد، تورک، بەلووچ و هتد پشتگوێ دەخا.

ڕەهەندە کۆنکرێتەکانی ناوەندگەرایی

ناوەندگەرایی لە ئێراندا تەنیا پرسێکی تیۆری یان یاسایی لەسەر کاغەز نییە، بەڵکوو لێکەوتەی بەرجەستە، وێرانکەر و ڕۆژانەی لەسەر ژیانی ملیۆنان کەس لە ناوچە پەراوێزخراوەکاندا هەیە. کۆمەڵناسانی سیاسی ئەم دیاردەیە بە «داگیرکاریی نێوخۆیی» پێناسە دەکەن؛ دۆخێک کە ناوەند بێبەزەییانە سەرچاوەکانی ناوچە دەوروبەرییەکان دەخوا، بەڵام لە گەشەکردن و خۆشگوزەرانی بێبەشیان دەکا. وەک نموونە دەکرێ ناوچەکانی کوردستان و بەلووچستان لەبەرچاو بگیرێن. ئەم ناوچانە بەهۆی تێڕوانینی توندی ئەمنیی ناوەندەوە بەئەنقەست لە چەرخی گەشەپێدان و پیشەسازی دوور خراونەتەوە. نەبوونی ژێرخانی ئابووری و کارگەی پیشەسازی لە کوردستان، هەزاران گەنجی خوێندەواری کوردی بەرەو کارە مەترسیدار و کوشندەکەی «کۆڵبەری» و مەترسییەکانی قاچاخچێتی هان داوە؛ کارێک کە ڕۆژانە بەهۆی تەقەی ڕاستەوخۆی پاسەوانە سنوورییەکانی ناوەندەوە یان کارەساتی سروشتییەوە قوربانییەکی زۆر دەدا. لە بەلووچستان، تەنانەت ڕێژیمی ناوەندی ڕەتی کردووەتەوە بڕوانامەی لەدایکبوون و بەڵگەنامەی ناسنامە بدا بە بەشێک لە دانیشتووانی ڕەسەن، ئەمەش خەڵکی ئەم ناوچانەی ناچار کردووە کە کارە مەترسیدارەکانی وەک «قاچاخی سووتەمەنی» بکەن. نموونەیەکی دیکە خوزستانە کە دڵی لێدەری ئابووریی ئێرانە و سەرچاوەی سەرەکیی داهاتی نەوت و گازی وڵاتەکەیە. بەڵام خەڵکی ڕەسەنی ئەم ناوچەیە لەگەڵ قەیرانی سەختی ژینگەیی، کەمی ئاو، هەژاریی ڕەها، بەرزیی ڕێژەی بێکاری و بێبەشبوون لە تەنانەت سەرەتاییترین خزمەتگوزارییەکانیشدا لە ململانێدان. ئەو سەروەت و سامانەی لە نەوتەوە دێ بۆ ناوەند دەنێردرێ تا لە

پڕۆژە گەورەکانی شارەکانی ناوەڕاست یان بەشی سەربازیی ڕێژیم لە دەرەوەی وڵات خەرج بکرێ.

پێویستیی بنەڕەتی بە جیاکاریی ئەرێنی و دادپەروەریی بنیاتنەرەوە

بۆ تێگەیشتن لە قووڵایی ئەو کارەساتە، گرنگە بزانین کە چەوساندنەوەی بەسیستەمکراوی گەلانی غەیری فارس مێژوویەکی سەد ساڵەی هەیە و لە سەرەتای دەستپێکردنی دەوڵەت - نەتەوەی مۆدێرنی پەهلەوی لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە دەستی پێکردووە و لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا گەیشتووەتە لووتکە. لە ماوەی ئەو سەد ساڵەدا، سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆن (چاوپۆشیکردن و نکۆڵیکردن لە ناسنامە و یەکگرتنی زۆرەملێی کولتووری) و سەرکوتی ڕاشکاوانە بەکارهێنران بۆ کەمڕەنگکردنەوە و سڕینەوەی زمان، مێژوو، کولتوور و هۆشیاریی سیاسیی گەلانی کورد، بەلووچ، تورک و ئەوانی تر.

لە چوارچێوەیەکی وەهادا، کاتێک بیر لە ئێرانی دوای کۆماری ئیسلامی و ئاسۆی داهاتوو دەکەینەوە، تەنیا وتنەوەی دروشمی «مافی یەکسانیی هاووڵاتیبوون» یان «دادپەروەری بۆ هەموان» بەس نییە. بۆ نموونە ئەگەر لە پێشبڕکێی ڕاکردندا سەد ساڵ کێشێکی قورس بە پێی یەکێک لە ڕاکەرەکانەوە ببەستریتەوە، لابردنی ئەم قورساییە لە کۆتا خولدا، نابێتە هۆی ئەوەی پێشبڕکێکە دادپەروەرانە بێت، چونکە ڕاکەری بریندار ناتوانێ بە یەکسانی ڕکابەری بکا. بۆیە جێبەجێکردنی «جیاکاریی ئەرێنی» و «دادپەروەریی بنیاتنەرەوە» لە چەند ڕەهەندێکدا، پێویستییەکی ژیانی و یاساییە. ئەم دادپەروەرییە بنیاتنەرەوەیە سەرەتا دەبێ لە پێکهاتە پەروەردەییەکاندا ڕەنگ بداتەوە، بەجۆرێک کە بودجەی تایبەت و ناوازە، جگە لە بودجەی ساڵانەی پەسەندکراوی حکوومەت، بۆ بووژانەوە، گەشەکردن و پێشکەوتنی زمانەکانی کوردی، تورکی، بەلووچی و زمانەکانی دیکە تەرخان بکرێ. ئەمەش بریتییە لە دامەزراندنی زانکۆ و ناوەندە زانستییە گەورەکان بە زمانی دایکی لە ناوچە پەیوەندیدارەکان، هەروەها دووبارە نووسینەوەی تەواوەتیی کتێبەکانی خوێندنی نیشتمانی بۆ ڕەنگدانەوەی مێژووی ڕاستەقینەی گەلانی غەیری فارس و کۆتاییهاتنی قۆرخکاریی زمانی فەرمی. حکوومەتی ناوەندیی داهاتوو دەبێ پابەند بێ بە دابینکردنی میدیای جۆراوجۆری بەهێز لە پارەی گشتی بۆ ئەم گەلانە، لەمەڕ قەرەبووکردنەوەی دواکەوتوویی سەپێنراوی سەدەی ڕابردوو. جیا لەوانە لە درێژایی ئەو سیاسەتەدا، پێویستە دابەشکاریی سەروەت و سامان داڕێژێتەوە و قەرەبووی ئەو زیانە ئابووریيانە بکاتەوە کە لە سەد ساڵی ڕابردوودا بەسەر ئەم ناوچانەدا هاتووە.

سیستەمی بودجەی ئێران لە ئایندەدا، پێویستە لەسەر بنەمای پرەنسیپی پێچەوانە و بەگوێرەی ڕاستییە بەرجەستە و مەیدانییەکان ڕێک بخرێ و دابڕێژرێ. ئەو ناوچانەی سەدەیەکە، سامانیان (نەوت، گاز، ئاو، کان و بەروبووم) دەرهێنراوە

و خۆیان لە هەژاریدا ماونەتەوە، پێویستە زۆرترین پشکی تایبەت لە داهاتی نیشتمانی وەربگرن بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی ژێرخانی ئابووری، نەهێشتنی بێکاری، دامەزراندنی نەخۆشخانە و ناوەندە خۆشگوزەرانی و ژینگەییەکان؛ گرنگ و پێویستە لەوە تێبگەین کە ئەمە پشکێکی تایبەت نییە، بەڵکوو «مافی یاسایی گەڕاندنەوە و بنیاتنەرەوە»یە بۆ قەرەبووکردنەوەی چەوسانەوەی ئابووریی ڕابردوو و هەوڵدان بۆ دامەزراندنی دادپەروەریی ڕاستەقینەیە. هەنگاوی سێیەم و کۆتایی کە دەبێ بۆ تەواوکردنی پرۆسەی جێبەجێکردنی جیاکاریی ئەرێنی و دادپەروەریی بنیاتنەرەوە لەبەرچاو بگیرێ و لە ڕاستیدا گرنگترین بەشە لە وەها سیستەمێکدا، بڕیتییە لە ڕەچاوکردنی پشکە سیاسییەکان و دەستەبەرکردنی نوێنەرایەتیی دەسەڵات؛ لە قۆناغی گواستنەوە (گوزار) و لە پێکهاتەی گەورەی حوکمڕانیی داهاتوودا، دەبێ میکانیزمی یاسایی و گەرەنتیکراو بنیات بنرێ بۆ دڵنیابوون لەوەی کە نوێنەری ڕاستەقینەی گەلانی غەیری فارس لە بەرزترین ئاستەکانی بڕیاردانی سیاسی، دادوەری و یاساداناندا ئامادە بن و بڕیارە گەورەکان بەبێ ڕەزامەندیی ڕاستەقینە و ڤیتۆی ئەوان نەدرێن.

ئەنجام و ئاسۆی داهاتوو

ئێرانی فرەنەتەوەیی دێموکراتیک تەنیا بە مانای گۆڕینی کاراکتەرەکان یان ناوی سیستەمی سیاسی لە داهاتوودا نییە؛ ئەگەر جێگرەوەکانی داهاتوو، هەمان بیرکردنەوەی ناوەندگەرایی، تاکزمانی و تاکناسنامەیی ڕابردوو بەرهەم بهێننەوە، وەک ئەوەی لە سەد ساڵی ڕابردوودا بووە، لە هیچ کەسێک شاراوە نییە کە ئێران هەرگیز سەقامگیریی ڕاستەقینە و دێموکراسیی کاریگەر نابینێ. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە پێکهاتەی ناوەندگەرای دەسەڵات لە بنەڕەتدا پاوانخوازانەیە؛ چونکە بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی ناوەندێکی کەمینە بەسەر پەراوێزی زۆرینە و فرەنەتەوەییدا بپارێزێ، ناچارە مشتی ئاسنین و دامەزراوە ئەمنییەکان و سەرکوتی ئاشکرا و بێپەردە بەکار بهێنێ.

لە ڕاستیدا دێموکراسییەکی ڕاستەقینە، بەردەوام و ئاشتییانە لەم جوغرافیایەدا مەرجدارە بە قبوووڵکردنی بێمەرجی ئەو ڕاستییەی کە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەییە و تاکە ڕێگای بەرەوپێشچوون ئەوەیە کە لە سیستەمێکی تەواو ناناوەندگەرا، فیدراڵی یان کۆنفیدراڵیدا بە تەواوی مافی چارەی خۆنووسین بدرێتە نەتەوەکانی کورد، تورک، بەلووچ و ئەوانی تر. داننان بەم مافەدا، لەگەڵ جێبەجێکردنی وردی سیاسەتەکانی جیاکاریی ئەرێنی بۆ قەرەبووکردنەوەی سەدەیەک لە چەوساندنەوە و ئاسمیلەکردن، تاکە گەرەنتیی گەیشتن بە دادپەروەریی بەردەوام و کۆتاییهێنان بە گرێی کوێری ناوەندگەرایی لە ئێرانە.

٦ی خەزەڵوەری ٢٧٢٦

بچووککردنەوەی کابینە و بڕەودان بە دیپلۆماسی!



دارسمە

مەرجی بەردەوامبوونی هەر دەسەڵاتێک، لێزانی و تێگەیشتنە لە هونەری هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ خودی دەسەڵاتدا؛ لانیکەم ئەوە قسەیەکە کە سیاسەتمەدار و شتی وا دەیڵێن. دیارە دەسەڵاتیش «تاریف و ماریف» و «پێناسە و مێناسە»ی تایبەت بە خۆی هەیە. لێرەدا من هیچ خۆم بە ناچار نازانم بچمە نێو ئەو وردەکارییانەوە، چونکە لە بنەڕەتدا تاریف و ماریف و پێناسە و مێناسە بوونیان نییە و تەنیا یاریکردنە بە وشەکان. باشیش دەزانم دوو وشەی وەک «تاریف و ماریف» وشەی دوانەن، ئەوەی دواتریان بێ ئەوەی پێش خۆی، هیچ مانایەکی نییە و تەنیا بۆ پڕکردنەوەی ڕستە بەکار دێت. بەڵام «پێناسە» و «مێناسە» بۆ ئەوە دەبن کەمێک لێیان ورد ببیتەوە و بە شێوازێکی فەلسەفی شرۆڤەیان بکەیت، ئەویش تەنیا لە حاڵەتێکدا کە دەعبای خۆسانسۆری ئیزنت بدات و لەمە زیاتر مەودای قسەکردنت لێ بەرتەسک نەکاتەوە.

ئەوەی لێرەدا پێویستە وەک گرێکوێرەیەک زەق بکرێتەوە، پرسی «سیاسەت»ـە. لەم وڵاتەدا هەموو کەس؛ بە زانا و نەزان، کەمزان و زۆرزان، پسپۆڕ و ناپسپۆڕەوە، یەک قسەی نەگۆڕیان هەیە و دەڵێن: «سیاسەت قووڵە!» وەباڵ بە ئەستۆی بەندەی موخلیستان بێت، ئەوە ئاسانترین، سەربڕترین و لە هەمان کاتدا قووڵترین شرۆڤەیە کە بۆ چەمکی سیاسەت کرابێت.

لەم گێژاوەدا، «کابینە» و «دیپلۆماسی»ش دوو وشەی قووڵ و قورس و قایمن و بە تۆندی بە سیاسەتەوە گرێ دراون.

دیارە ئەوانەی لە بەندەی موخلیستان زۆر باشتر لەم سیاسەت و میاسەتە تێدەگەن، دەڵێن گوایە دیپلۆماسی بەشێکە و سەر بە کابینەیە. ئەوان دەیانهەوێت بەو قسانە پێمان بسەلمێنن سەرەتا کابینەیەک پێک دێت، کۆمەڵێک خەڵک بە ناوی «وەزیر و مەزیر» و «جێگر و مێگر» و بەڕێوەبەری گشتی و شتی وا دادەنرێن، پاشان قۆناغی دیپلۆماسی دەست پێ دەکات. لەو نێوەندەشدا «کەلا و کەیخودا» و «دەمڕاست و دەملەپێش»ی دیپلۆماتان، خودی وەزیری دەرەوەیە و، ئەوانی دیکەش بەپێی توانا و پۆستەکانیان، دەمەلاسکێی وەزیری دەرەوە دەکەن و گوایە خەریکی دیپلۆماسی دەبن.

بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە؛ بە ئێمە چی لەم کابینەیەدا کێ دەمڕاستە و کێ خەریکی دەمەلاسکێیە؟ ئەوەی بۆ ئێمە وەک هاووڵاتی گرینگە، پرۆژەی «بچووککردنەوەی کابینە»یە؛ ئەویش ڕێک لە کاتێکدا گەمارۆکانی ئەمریکا ڕۆژ بە ڕۆژ وەک پەتێکی خنکێنەر دێن و بەرتەسکتر دەبنەوە. ئەمریکاش بێ ئەوەی یەک زەڕە دە خەمی گرانبوونی دۆلارەکەی خۆی دابێت، هەر خەریکە قڕان دە قڕانی ئێمە دەخات و ئابووریەکەی کردووین بە وێرانە.

لە وەها هەلومەرجێکی سەختدا، کەمکردنەوەی خەرجییەکانی وڵات لە پێناو دابینکردنی «ئاوی تڕێ و سێو» و شتی وا بۆ جەماعەتی «جان فیدا»، لە هەموو شتێک پێویستترە!

لێرەدا بەو زانیارییانەوە، زۆر زیاتر لە جاران هەست بە پێویستیی بچووککردنەوەی کابینە دەکەین، بێگومان ئەوانەی ئابووریزانیشن، لە قووڵایی کارەساتەکە تێدەگەن و زیاتر هەستی پێ دەکەن.

هەر لەبەر ئەم ڕاستییە تاڵانەش بوو ئاغای موحسین پاکنەژاد، وەزیری نەوتی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لەم هەلومەرجە هەستیارەدا کتوپڕ دەستی لە کار کێشایەوە. ئاوا دەبێت ئابووریزان و سیاسەتوان و دیپلۆماتکارێکی ڕاستەقینە! کاک موحسین لە ژووری تاریکەکانەوە هەموو لایەکی ئابووریی بابەتەکەی لێکداوەتەوە و باش دەزانێت نەوتی ئێران بە فەرمی نافرۆشرێت. ئەگەر بە قاچاغیش بشفرۆشێت، ئەوە ئەو وەک وەزیر بوونەوەرێکی زیادەیە و پێویست بە مانەوەی ناکات؛ چونکە ئەوە جەماعەتی چەکداری پاریزەری دەسەڵاتن و خۆیان نەوتەکە دەفرۆشن و زۆر لە وەزیریش باشتر دەزانن داهاتەکەی چ لێ بکەن.

ئەگەر سەیری پشتەوەی ئەم هەموو ڕووداوانە بکەین، دەبینین تەنانەت بەر لە دەستلەکارکێشانەوەی وەزیری نەوتیش،

خەزەڵوەری ٢٧٢٦

خودی سەرۆکی دەوڵەت، یانی سەرۆکی کابینە، چەندین جار هەوڵی داوە دەست لە کار بکێشێتەوە. مەسعوود پزشکیان وەک سەرۆککۆمار کە گوایە سەر بە باڵی ڕیفۆرمخوازانی نێو دەسەڵاتە، بەتایبەت لە ماوەی ئەم چەند مانگەی دەستبەکاربوونی وەک سەرۆککۆمار، بە گۆشت و ئێسقان هەستی بەوە کردووە لەم وڵاتەدا کابینە شتێکی زیادەیە. ئەو گەیشتووەتە ئەو بڕوایەی هەر پێویست ناکات ئەم هەموو خەڵکە بە ناوی «وەزیر و گزیر» و «کوێخا و دەمڕاست» لە دەوری یەک کۆببنەوە و بێهوودە دەم بخەنە تووربێنی بەتاڵەوە.

لە کاتێکدا سەرۆککۆمار لەسەر دەستەکارکێشانەوە پێداگرە و نائومێد بووە، وەزیری دەرەوە وەک دەمڕاست و کەیخودای دیپلۆماسیی وڵات، پێی وایە دەبێ کابینە جێبهێڵێت و لەگەڵ برادەرانی سەروەتردا، سیاسەتی شەڕە مشک و پشیلەی خۆیان لەگەڵ وڵاتانی جیهاندا درێژە پێ بدەن. هەر لەم گێژاوی دیپلۆماسییەشدا، نابێت لەبیرمان بچێت لەم دواییانەدا چەند کەسێکی دژەدیپلۆماسی و «از خدا بیخبر»، دەستێکیان بە ماڵی باڵیۆزی فیلیپین لە تاراندا هێناوە و هێندێک زێڕ و زەمبەریان دزیوە؛ بەم کارەشیان دەیانهەوێت ئەو تۆزە ئابڕووەی بۆ بەشی ئابووری و دیپلۆماسیی وڵات ماوەتەوە، بەیەکجاری بیبەن و بیسڕنەوە.

بەڵام با ڕاستگۆ بین، ئەمانە هیچیان کار لە وڕە و موقاومەتی «امت همیشه در صحنه» ناکەن! ئەگەر حکوومەت بڕووخێت، کابینە و مابینەش نەمێنێت، بەشێکی بەرچاوی ئەو جەماعەتە کە پێیان دەڵێن «مردم جانفدا»، ڕێک وەک ڕۆنی سووتاوی ئۆتۆمبێل دەڕژێنە سەر بەشێک لە شەقامان، پێوەی دەنووسێن و بە هیچ جۆرێک لێی نابنەوە و خاوێن ناکرێنەوە. ئەمەیە ڕاستەقینەکەی دەسەڵات لە وڵاتی ئێمە.

٧ی خەزەڵوەری ٢٧٢٦

پەیامی هاوبەشی ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی بەندکراوانی سیاسی



٣٠ی ئۆکتۆبر، ڕۆژی جیهانیی بەندکراوانی سیاسی، دەرفەتێکە بۆ تاوتوێکردنی ئازار و خۆڕاگریی بەندکراوانی سیاسی، ئەو کەسانەی کە بە تاوانی بیرکردنەوە، مافخوازی و بەرگریکردن لە کەرامەتی مرۆیی، دیوارە بەرزەکانی زیندانیان کردووەتە سەنگەری بەرگری. لەم نێوانەدا، ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بەهۆی سیاسەتە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران پشکی شێریان لە ژمارەی بەندکراوانی سیاسی و ئێعدام و بەندکردنی دڕێژماوە بەردەکەوێت، یەکێک لە دژوارترین سەردەمەکانی خۆی لە بەردەوروبوونەوە لەگەڵ پێشێلکارییە سیستماتیکەکانی مافی مرۆڤ لە جوغرافیای ئێرانی ژێردەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەزموون دەکات.

لە مێژووی پڕ لە هەوراز و نشێوی مرۆڤایەتیدا، تێکۆشان بۆ بەدەستهێنانی مافە سەرەتاییەکان و پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ، هەمیشە لە پێشەنگی بیری ئازادیخوازان و ڕووناکبیراندا بووە. لەم نێوانەدا، دوو پرسی ئازادی و دادپەروەری، جێگەی بایەخن: ئازادکردنی بێمەرجی بەندکراوانی سیاسی و هەڵوەشاندنەوەی یەکجاریی سزای سێدارە.

ئەو کەسانەی لە پێناوی باوەڕ و بیروڕای سیاسیی خۆیاندا، ئازادییان لێ زەوت دەکرێت و ڕووبەڕووی دیوارە بڵیندەکانی زیندان دەبنەوە، لە ڕاستیدا قوربانیی پەرچەکردارە نادیموکراتییەکانن. بەندکردنی مرۆڤ بەهۆی بیرکردنەوەی جیاوازەوە، نیشانەی لاوازیی ئەو سیستمەیە کە ناتوانێت لە ڕێگەی دیالۆگ و ئاڵوگۆڕی فیکرییەوە وەڵامی ڕەخنەکان بداتەوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران ناوێە لەگەڵ ئەو بنەما و پرەنسیپانە.

ئەوەی جێگای سەرنجە سزای سێدارە، بە هەر پاساوێک بێت، لە بنەڕەتدا شکاندنی شکۆی مرۆڤە. هیچ دەسەڵاتێک مافی ئەوەی نییە ژیانێک بستێنێتەوە کە نەیتوانیوە بەرهەمی بهێنێت. سێدارە نەک هەر کێشە کۆمەڵایەتییەکان چارەسەر ناکات، بەڵکوو توندوتیژی لە کۆمەڵگەدا بەرهەم دەهێنێت.

ئاماری ترسناکی لەسێدارەدانی زیاتر لە ٥٠ کەس لە بەندکراوانی سیاسی لە سەرەتای ساڵی ١٤٠٥ی هەتاوی، نیشانەی ڕەوتێکە کە چالاکانی مافی مرۆڤ بە "ماشێنی کوشتاری کۆماری ئیسلامیی ئێران" ناوی دەبەن. لە کاتێکدا کە کۆمەڵگە نێونەتەوەییەکان جەخت لەسەر مافی ژیان وەک بنەڕەتیترین مافی مرۆیی دەکەنەوە، لە ئێران، سزای سێدارە بووەتە ئامرازێک بۆ ترساندن و مانەوەی دەسەڵات. دۆسیە دروستکراوەکان بۆ ناڕازییانی ساڵانی ڕابردوو و بەندکراوانی سیاسی، نیشاندەری ئەوەیە کە دەیان کەس لە ڕۆڵەکانی ئەم خاکە، چاوەڕێی سزای نامرۆڤانەی ئێعدام دەکەن.

ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ڕۆژی جیهانیی زیندانیانی سیاسی، وێڕای ئەوەی داوای ئازادیی بێمەرجی بەندکراوانی سیاسی و ڕاگرتن و هەڵوەشانەوەی سزای نامرۆڤانەی سێدارە دەکەین، داواکارین لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، ناوەندەکانی بڕیار لە جیهان، ناوەندەکانی مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی، لە بەرامبەر پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و بێمافیی بەندکراوانی سیاسی لە ئێران بێدەنگ نەبن و پێداچوونەوە بە پێوەندییەکانیاندا لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا بکەن و تێچووی ئەو پێشێلکارییانە بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ببەنە سەرەوە.

بێدەنگی بەرانبەر بڕیاردەران و ئەنجامدەرانی تاوان دژی مرۆڤایەتی لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان قبووڵکراو نییە و پێویستە میکانیزمە دادوەرییە نێونەتەوەییەکان بۆ دادگاییکردنی بەرپرسانی ئەو تاوانانە چالاک بکرێن.

لە کۆتاییدا، دەنگی بەندکراوانی سیاسی، دەنگی ئەو وێژدانە زیندووانەیە کە لە زیندانە تاریکەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بەدوای تیشکی ئازادیدا دەگەڕێن. بەدیهاتنی دادپەروەری، نەک بە بێدەنگی، بەڵکوو بە بەردەوامیی

خەزەڵوەری ٢٧٢٦

گوشاری ڕای گشتی و هەنگاوی یاسایی و جیددی دێتە دی. دڵنیاین لەوە کە تا بەندکراوی سیاسی لە زیندانـدا بێت، خەبات بۆ مافی ژیان و ئازادی بەردەوام دەبێت.

بژی ئازادی و دادپەروەری

نا بۆ سێدارە، بەڵێ بۆ ئازادیی بەندکراوانی سیاسی

ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

٣٠ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٦ی زایینی

٨ی خەزەڵوەری ١٤٠٥ی هەتاوی

٨ی خەزەڵوەری ٢٧٢٦

تەنیایی ستراتیژیکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست





مەجید حەقی

پێشەکی: میژووی پەراوێزخستن و سڕینەوەی سیستماتیک

کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا تەنیا نەتەوەیەکی بێدەوڵەت نییە کە لە دابەشکارییە سیاسییەکانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانیدا مافی چارەی خۆنووسینی پێشێل کرابێت، بەڵکوو نەتەوەیەکە کە بەدرێژایی سەدەی ڕابردوو بەردەوام لەژێر گوشاری پلانبۆدارێژراوی سڕینەوەی سیاسی، زمانەوانی، کولتووری و جوغرافیاییدا ژیاوە. لە شوێنێک زمانەکەی قەدەغە

کراوە و قسەکردن پێی بە تاوان دانراوە، لە شوێنێکی تر تەواوی ناسنامە و بوونی مێژوویی حاشای لێ کراوە. ناوی شار، گوند، دۆڵ و چیا دێرینەکانی بەزۆری دەسەڵات گۆڕدراون، سیاسەتی کۆچی زۆرەملێ و گۆڕینی پێکهاتەی دیمۆگرافی بەسەر خاکەکەیدا سەپێنراوە تا پیادەکردنی سیاسەتی داگیرکاری ئاسانتر بێت. تەنانەت وشەی «کوردستان» لە زۆربەی نەخشە فەرمییەکان و گوتارە دەوڵەتییەکاندا بووەتە زاراوەیەکی قەدەغەکراو؛ لە جێگەیدا وشەی ناڕوونی وەک «ناوچە کوردنشینەکان» بەکار هاتووە، وەک ئەوەی ئەم گەلە کەمینەیەکی تازەهاتوو بێت بۆ ناوچەکە، نەک نەتەوەیەک کە شارستانییەت، زمان و ژیانی سیاسی بە هەزاران ساڵ لەگەڵ ئەم خاکە تێکەڵ بووە.

هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا، هەرکاتێک کورد داوای مافە سەرەتاییەکانی خۆی لە چوارچێوەی زمانی دایک، پاراستنی کولتوور، یان مافی بەڕێوەبردنی کاروباری خۆی کردبێت، دەسەڵاتە باڵادەستەکان دەستبەجێ بە «جیاییخواز» و «مەترسی بۆ سەر یەکپارچەیی خاکی وڵات» ناوزەدیان کردووە. ئەم شێوازە لە مامەڵەکردن تەنیا کێشەی دادپەروەری، یاسا و مافی مرۆڤ نییە. کاتێک لە گۆشەنیگای زانستی سیاسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە لە دۆخەکە دەڕوانین، دەبینین کێشەکە زۆر لەوە گەورەترە؛ ڕاستییە تاڵەکە ئەوەیە کە کورد لە دۆخێکی قووڵی «تەنیایی ستراتیژیک»دا دەژی.

چەمک و پێناسەی تەنیایی ستراتیژیک لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا

چەمکی تەنیایی ستراتیژیک بەو واتایە نییە کە نەتەوەیەک لە جیهان دابڕاوە یان هیچکات پەیوەندیی نێودەوڵەتی نەبووە. مێژووی هاوچەرخی گەلی کورد پڕە لە دیپلۆماسی و هاوکاریی کاتی لەگەڵ زلهێزە کاریگەرەکان. کورد لە سەردەمێکدا پەیوەندیی نزیکی لەگەڵ بریتانیا هەبووە، لە قۆناغێکدا هاوکاریی یەکێتیی سۆڤیەتی مسۆگەر کردووە و لە چەندین قۆناغی جیاوازیشدا پشتیوانیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و دەوڵەتانی ڕۆژئاوای بەدەست هێناوە. لە جەنگی دژی تیرۆریستانی داعشدا، هێزی پێشمەرگە و شەڕڤانانی کورد لە باشوور و ڕۆژاوای کوردستاندا بوونە کاریگەرترین و متمانەپێکراوترین هاوبەشی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لەسەر زەمین.

بەڵام ئەم هاوبەشییانە نەیانتوانی پێناسەی تەنیایی ستراتیژیک بگۆڕن، چونکە تەنیایی ستراتیژیک کاتێک دروست دەبێت کە نەتەوە یان قەوارەیەک:

- هیچ هاوپەیمانێکی فەرمی، یاسایی و هەمیشەیی لە سیستمی جیهانیدا نەبێت کە بە پێی پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی پابەند بێت لە کاتی مەترسیدا بەرگری لێ بکات.

- لەنێو هیچ هاوپەیمانێتییەکی ئەمنی، سەربازی یان ڕێککەوتننامەیەکی بەرگریی هاوبەشدا جێگەی بۆ تەرخان نەکرابێت و سەروەرییەکەی بە یاسا نەپارێزرێت.

- پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی تەنیا لەسەر بنەمای تاکتیکی، کاتی و بەکارهێنانی سنووردار لە قۆناغێکی کورتخایەندا دامەزرابن.

- هێزە نێودەوڵەتییەکان بە چاوی ئامرازێکی سیاسی یان ئەمنی بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی خۆیان تەماشای بکەن، نەک وەک هاوبەشێکی خاوەن ماف و ستراتیژیک.

کاتێک پێداویستییە ئەمنییە کاتییەکان کۆتاییان دێت، یان بەرژەوەندییە گەورەکان پێویستی بە سازش لەگەڵ پایتەختەکانی ناوچەکە دەکەن، کورد هەمیشە بە تەنیا لە بەرامبەر تۆپباران و سوپای ڕێکخراوی دەوڵەتانی باڵادەستدا بەجێ دەهێڵدرێت. ئەمە ئەو دۆخەیە کە پێی دەگوترێت تەنیایی ستراتیژیک؛ دۆخێک کە تێیدا دۆستایەتییەکان کاتین، بەڵام مەترسییەکان هەمیشەیی و چارەنووسسازن.

ڕەگی ژێئۆپۆلیتیکی و میژوویی: سیستمی دەوڵەت – نەتەوە و گەمارۆی جوغرافیا

دۆخی تەنیایی ستراتیژیکی کورد بەرهەمی ڕێکەوت یان بەدبەختییەکی کاتی نییە، بەڵکوو دەرهاویشتەی دابەشکارییە میژوویییەکان و سروشتی جوغرافیای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە کە لە دوو هۆکاری بنەڕەتیدا چڕ دەبێتەوە:

یەکەم؛ سیستمی دەوڵەت – نەتەوە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی:

لەگەڵ هەڵوەشانی ئیمپراتۆریی عوسمانی و دابەشکردنی ناوچەکە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، سیستمی نوێی سیاسی لەسەر چەمکی «دەوڵەت - نەتەوە» دارێژرا. دەسەڵاتە تازەپێگەیشتووەکان لە تورکیا، ئێران و عێراق دەوڵەتی مۆدێرنی خۆیان لەسەر بنەمای سڕینەوەی فرەچەشنی و یەکدەستکردنی شوناس بنیات نا (تورکچێتی، پانعەرەبیزم یان ناسیۆنالیزمی فارسی). لەنێو وەها سیستمێکی ناوەندگەرا و سەپێنەردا، هەر جۆرە دانپێدانانێک بە ماف، زمان و شوناسی نەتەوەیەکی تر وەک هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ سەر یەکپارچەیی خاکی دەوڵەت دەبینرا. دەسەڵاتداران باوەڕیان وابوو کە هەر نەرمینواندنێک بەرامبەر بە کورد، دەبێتە سەرەتای داڕمانی تەواوی دەوڵەتەکەیان، بۆیە ستراتیژیی خۆیان لەسەر سڕینەوە و ئاساییکردنەوەی سەرکوت دامەزراند.

دووەم؛ جوغرافیای داخراو و دەورەدراو:

کوردستان لە ڕووی جوغرافیاییەوە لە نێو دڵی چوار دەوڵەتدا گیرساوەتەوە. هیچ سنووڕێکی دەریایی کراوەی نییە و بە تەواوی لەلایەن دەوڵەتانی دراوسێوە گەمارۆ دراوە. ئەم دەورەدرانە سروشتییە وای کردووە کە جووڵەی سیاسی، بازرگانی، سەربازی و گەیاندنی دەنگی کورد بە دونیا، بکەوێتە ژێر چاودێری و کۆنترۆڵی ئەو دەوڵەتانەی کە خۆیان دژی شوناسی کوردن. لە ڕوانگەی ستراتیژیکەوە، ئەم پێگە جوغرافیاییە مانۆڕی سیاسی زۆر سنووردار کردووە و کارتێکی بەهێزی خستووەتە دەستی نەیارانی. پەیمانی سیڤەر لە ساڵی ١٩٢٠ کاتێک بۆ یەکەمجار ئاماژەی بە مافی چارەی خۆنووسینی کورد کرد، لە ماوەیەکی کەمدا لە ڕێگەی پەیمانی لۆزان لە ساڵی ١٩٢٣ بە تەواوی هەڵوەشێندرایەوە، چونکە زلهێزەکان لەپێناو بەرژەوەندییە ئابووری و سەربازییەکانیاندا لەگەڵ تورکیای کەمالی سازشیان کرد و پرسی کوردیان بۆ دەیان ساڵ پەراوێز خست.

پەیماننامەی ناوچەیی دژی کورد: کاتێک ڕکابەرەکان یەک دەگرن

دەوڵەتانی دەسەڵاتدار بەسەر کوردستاندا لە زۆربەی پرسە سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکاندا کێبڕکێی سەخت و دوژمنایەتیی مێژوویی لەنێوانیاندا هەبووە. بەڵام کاتێک پرسەکە پەیوەندیی بە ڕێگریکردن لە مافەکانی کوردەوە هەبووبێت، هەموو ناکۆکییەکانیان بەلاوە ناوە و بەرەیەکی یەکگرتوویان پێکهێناوە.

ئەم دژایەتییە هاوبەشە لە مێژوودا شێوازی فەرمیی بە خۆوە گرتووە:

– **پەیمانی سەعدئاباد** (١٩٣٧): لەنێوان ئێران، تورکیا، عێراق و ئەفغانستان بەسترا، کە ئامانجی سەرەکیی هاوئاهەنگیی ئەمنی بوو بۆ سەرکوتکردنی بزووتنەوەکانی کورد و کۆنترۆڵکردنی سنوورەکان.

– **پەیمانی بەغدا** (١٩٥٥): سەرەڕای دروشمی ڕووبەڕووبوونەوەی کۆمۆنیزم، ئامرازێک بوو بۆ ڕێگریکردن لە هەر دەرفەتێکی سیاسی بۆ نەتەوە پەراوێزخراوەکان.

– **ڕێککەوتننامەی جەزائیر** (١٩٧٥): کاتێک شای ئێران و سەددام حوسێن لەپێناو دابەشکردنی شەتولعەرەب ناکۆکییەکانیان وەلا نا، یەکەم قوربانیی ئەو مامەڵەیە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستان بوو.

تەنانەت لە سەردەمی ئێستاشدا، کاتێک تاران و ئەنقەرە لەسەر پرسەکانی باکووری ئەفریقا، کێشەی قەوقاز، دەسەڵات لە سووریا و قەیرانی یەمەن لە دژبەریی تەواودان، لەسەر چاودێریکردنی جووڵەی کوردی، بۆردومانکردنی چیاکان و گەمارۆدانی قەواڕە کوردییەکان لە هاوئاهەنگیی بەردەوام و ئاڵوگۆڕی زانیاریی هەوائگریدان. ئەم ڕاستییە دەیسەلمێنێت کە کورد لە ناو هاوپەیمانێتییەکی نەنووسراوی چوارقۆڵیدا گەمارۆ دراوە.

مێژووی پەیوەندییە تاکتیکییەکان: مۆتەکەی کاتیووون و پاشەکشەی زلهێزەکان

پەیوەندیی نێوان کورد و دەوڵەتە زلهێزەکان هەمیشە بەگوێرەی هاوکێشەی «هاوبەشیی تاکتیکی و پاشەکشەی ستراتیژیک» بەڕێوە چووە. زلهێزەکان هەمیشە لە کاتی شەڕ و قەیرانەکاندا پێویستییان بە ئازایەتی و هێزی سەربازیی کورد هەبووە،

بەڵام لە کاتی دابەشکردنی دەستکەوتەکان و دارشتنی نەخشەی ئاشتی، پشتیان تێکردووە:

– **ڕووخانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد** (١٩٤٦): کاتێک یەکێتیی سۆڤیەت لەگەڵ حکوومەتی تاران لەسەر پشکی نەوت ڕێککەوت، دەستبەجێ هێزەکانی لە باکووری ئێران کێشایەوە و کۆمارە ساواکەی پێشەوا قازی محەممەدی لە بەرامبەر سوپای شا بە تەنیا بەجێهێشت.

– **نسکۆی ساڵی** ١٩٧٥: هێنری کیسینجەر و ئیدارەی ئەمریکا شۆڕشی ئەیلوولیان تەنیا وەک ئامرازێک بۆ گوشار خستنە سەر بەغدا بەکارهێنا؛ هەربۆیە پاش ڕێککەوتنی جەزائیر، هاوکارییەکان بە تەواوی بڕدران و سەدان هەزار کەس ئاوارە بوون. وتەی بەناوبانگی کیسینجەر کە گوتی «ئۆپەراسیۆنی نهێنی نابێت لەگەڵ کاری خێرخوازیدا تێکەڵ بکرێت»، کڕۆکی ئەم ڕوانگە نامرۆڤانەیەیە.

– **ڕاپەڕینی ١٩٩١ و کۆڕەوی ملیۆنی:** دوای جەنگی کەنداو، هێزەکانی هاوپەیمانان خەڵکیان هان دا دژی بەعس ڕاپەڕن، بەڵام کاتێک ڕژێم بە هەلیکۆپتەر و تۆپخانە کەوتە کۆمەڵکوژکردن، تا ماوەیەکی زۆر دەستەوەستان مانەوە و ملیۆنان مرۆڤ پەنایان بۆ شاخە سەختەکان برد.

– **ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی** (٢٠١٧): سەرەڕای بەخشینی هەزاران شەهید لە شەڕی دژ بە داعشدا، کاتێک خەڵکی باشووری

کوردستان دەنگیان بە سەربەخۆیی دا، دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بێدەنگییان هەڵبژارد و گلۆپی سەوزیان بۆ هێرشی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی هەڵکرد و کەرکووکیان داگیر کردەوە.

- ئەزموونی ڕۆژاوای کوردستان: شەڕڤانانی کورد قارەمانانە پایتەختی خەلافەتی داعشیان ڕزگار کرد، بەڵام بە بڕیارێکی کتوپڕی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، ڕێگە بۆ لەشکرکێشییەکانی سوپای تورکیا و میلیشیاکانی بۆ سەر عەفرین، سەرێکانی و گرێ سپی خۆش کرا.

لەم هەموو ڕووداوانەدا، ڕەخنەگرتن لە زلهێزەکان بە بیانووی خیانەت لە ڕووی سیاسییەوە نادروستە؛ ئەوان خیانەتیان نەکردووە، بەڵکوو بەپێی بەرژەوەندیی نەتەوەیی خۆیان مامەڵەیان کردووە. کێشەی سەرەکی ئەوە بووە کە کورد نەیتوانیوە پەیوەندییەکان لە ئاستی کاتییەوە بەرز بکاتەوە بۆ هاوبەشیی ستراتیژیک.

ئاسایشی دەوڵەت، شەرعییەتدان بە سەرکوت و چەکی چەمکی «جیاییخوازی»

لە گوتاری فەرمیی پایتەختە دەسەڵاتدارەکاندا، دۆزی کورد هەرگیز وەک پرسێکی مرۆیی و شارستانی نەبینراوە، بەڵکوو بەردەوام وەک مەترسییەکی ئەمنی لێکدراوەتەوە.

ئەم دەسەڵاتانە چەندین میکانیزمیان بەکارهێناوە بۆ شەرعییەتدان بە سەرکوتکردن:

- بەکارهێنانی ئایین وەک ئامرازی بێدەنگکردن: لە زۆر قۆناغدا بنەما ئایینییەکان بۆ سەپاندنی ملکەچی بەکار هاتوون. بە کورد گوتراوە کە جیاییخوازی دژی برایەتیی ئیسلامییە، لە کاتێکدا مافی نەتەوە باڵادەستەکان پیرۆز کراوە و ستەمی نەتەوەیی پەردەپۆش کراوە.

- گوتاری دژە ئیمپریالیزم و پیلانی بیانی: هەر جموجۆڵێکی ئازادیخوازیی کورد وەک «دەستی دەرەکی»، «پیلانی سیخوڕیی ئیسرائیل» و پیلانی دابەشکردنی وڵات لەقەڵەم دراوە تا بە ئاسانی شەرعییەت بە کوشتار و زیندانیکردنی چالاکوانان بدەن.

- مۆری جیاییخوازی بۆ داخستنی دەرگای دیالۆگ: بەکارهێنانی ئەم تۆمەتە بووەتە چەکێکی گوتاری تا هەر دەنگێکی دادپەروەری لە سەرچاوەوە دابخەن. کاتێک بابەتێک دەبێتە پرسی ئاسایشی دەوڵەت، هەموو ڕێکارێکی سەربازی و ئەمنی لە ڕوانگەی ئەوانەوە ڕەوا دەبێت.

ئەم ڕێکارانە وای کردووە کە تەنانەت کۆمەڵگەی دەوڵەتانی دەسەڵاتداریش بەرامبەر بە مافەکانی کورد بێهەست بن و بە چاوی نەیار سەیری هاووڵاتیی کورد بکەن، ئەمەش تەنیایی کورد لە ئاستی ناوچەکەدا قووڵتر کردووەتەوە.

هۆکار و کەموکوڕییە نێوخۆییەکان: بریندەکانی نێومااڵی کورد

هەڵەیە ئەگەر تەنیایی ستراتیژیک تەنیا وەک بەرهەمی پیلانی دەوروبەر و زلهێزەکان پێناسە بکرێت. بەشێکی هەرە گەورەی ئەم تەنیاییە بەهۆی کێشە، لاوازی و کەموکوڕییەکانی نێو بزووتنەوەی سیاسیی کورد خۆیەوە دروست بووە:

١- پەرتەوازەیی و حیزبگەرایی تەسک: بزووتنەوەی کوردی بەردەوام بەسەر دەیان حیزب، باڵ، بنەماڵە و دەڤەری جیاوازدا دابەش بووە. نەبوونی ناوەندێکی یەکگرتووی نیشتمانی بۆ بڕیاردان وای کردووە کە هەر لایەنێک بە تەنیا و لە پێناو پاراستنی دەسەڵاتی حیزبیی خۆیدا، پەنا بۆ هاوکاریی دەوڵەتانی داگیرکەر بەرێت.

٢- دیاردەی شەڕی نێوخۆ و پشتبەستن بە دوژمن: تاریکترین الپەڕەکانی مێژووی کورد ئەو قۆناغانەن کە حیزبەکان بۆ شکاندنی یەکتر، هێزی سەربازیی دەوڵەتانی داگیرکەریان هێناوەتە سەر خاکی خۆیان. ئەم ڕەفتارە نەک هەر متمانەی نەتەوەیی تێکداوە، بەڵکوو لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا کوردی وەک هێزێکی ناپێگەیشتوو نیشان داوە کە توانای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی نییە.

٣- کاردانەوەییبوون لە جیاتی دارشتنی ستراتیژی: سیاسەتی کوردی بە گشتی سیاسەتی کاردانەوە بووە نەک دەستپێشخەری. کاتێک دەرفەتێک هاتووەتە پێشەوە بە شێوەی جوواڵوە، و کاتێک قەیرانێک ڕووی داوە تووشی شۆک بووە. هیچ پلانێکی بیست ساڵە یان پەنجا ساڵە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گۆڕانکارییەکان نەبووە.

٤- پشتگوێخستنی هێزی نەرم، ئابووری و تێکنۆلۆژی: ئەگەرچی چەک و پێشمەرگە پێویستن، بەاڵم لەم سەردەمەدا کە جیهان لە ڕێگەی داتاسەنتەر، داهێنانی زانستی، دیپلۆماسیی مۆدێرن، تێکنۆلۆژی و لۆبیگەریی بەهێزەوە بەڕێوە دەچێت، توانای کورد لەم بوارانەدا زۆر سەرەتایی و پەراوێزخراو ماوەتەوە.

دەرس و وانەکانی تەنیایی ستراتیژیک لە ئەزموونی ولاتانی تردا

کورد تەنیا نەتەوە نییە کە تووشی گەمارۆ و تەنیایی ستراتیژیک بووبێتەوە. چەندین میللەت لە مێژوودا هەمان

بارودۆخی سەختیان تێپەڕاندووە، بەڵام بە هۆشیاریی سیاسی توانیویانە چارەنووسی خۆیان بگۆڕن:

- ئەزموونی فینلاند: لە جەنگی زستانەی ساڵی ١٩٣٩دا، کاتێک یەکێتیی سۆڤیەت بە سوپایەکی گەورەوە هێرشی کردە سەری، فینلاند بە تەنیا مایەوە و هیچ کەس هاوکاریی نەکرد. بەڵام فینلاندییەکان دوای جەنگ وازیان لە دروشمی بێسوود هێنا؛ دەستیان کرد بە بەهێزکردنی پەروەردە، پیشەسازی و تێکنۆلۆژی و، هاوسەنگییەکی دیپلۆماسیی وەهایان دروست کرد کە وڵاتەکەیان کردە یەکێک لە پێشکەوتووترین و پارێزراوترین وڵاتانی جیهان و لە کۆتاییشدا چوونە نێو ناتۆ.

- ئەزموونی تایوان: لە ڕووی یاسایی نێودەوڵەتییەوە تەنیا چەند وڵاتێکی کەم دان بە سەروەرییەکەیدا دەنێن و ڕۆژانە لەژێر هەڕەشەی سوپای چین دایە؛ بەڵام تایوان چی کرد؟ بووە دڵی پیشەسازیی نیمچەگەیەنەرەکان (مایکرۆچیپ) لە هەموو جیهاندا. ئەمڕۆ ئەگەر چین هێرش بکاتە سەر تایوان، ئابووریی جیهان پەکی دەکەوێت؛ بەم پێیە تەنیایی ستراتیژیکی خۆی لە ڕێگەی تێکنۆلۆژیی پێشکەوتووەوە گۆڕی بۆ پێداویستییەکی جیهانی.

- ئەزموونی ئیسرائیل: لە ساڵی ١٩٤٨ لە نێو دەریایەک لە دەوڵەتانی دژبەردا لەدایک بوو. لە جیاتی پاڵدانەوە بە سۆزی نێودەوڵەتی، هێزێکی سەربازیی پیشەیی، دەزگای هەواڵگریی بێوێنە، چەکی ئەتۆمی، ئابووریی زانستتەوەر و لۆبییەکی دیپلۆماسیی پتەوی لە ئەمریکا دامەزراند، تا وای لێهات تەنانەت نەیارەکانیشی ناچار بوون پەیمانی ئاشتیی لەگەڵدا ببەستن.

- ئەزموونی سەنگاپوور: دوورگەیەکی بچووکی بێئاوی شیرین و بێسەرچاوەی سروشتی بوو کاتێک لە مالیزیا جیا کرایەوە. بەڵام لە ڕێگەی نەهێشتنی گەندەڵی، ڕاکێشانی وەبەرهێنانی جیهانی و پەروەردەی سەردەمیانەوە، بووە ناوەندی دارایی ئاسیا و توانای بەرگریی خۆی لە دەوروبەر مسۆگەر کرد.

ئەم نموونانە پێمان دەڵێن کە تەنیایی لە ڕێگەی گریان و گازندەکردن لە بێوەفایی جیهان چارەسەر ناکرێت، بەڵکوو لە ڕێگەی بەهێزکردنی ژێرخانی نێوخۆیی و گۆڕینی هاوکێشەکانەوە کۆتایی پێ دێت.

نەخشەڕێگای داهاتوو: چۆن دەرباز بین لە تەنیایی ستراتیژیک؟

کورد ناتوانێت شوێنی جوغرافیای خۆی لەسەر نەخشەی گۆی زەوی بگۆڕێت، بەڵکوو دەتوانێت تێگەیشتنی خۆی بۆ هاوکێشەی هێز و ململانێ بگۆڕێت. بۆ دەربازبوون لەم قەیرانە قوواڵە، پێویستە نەخشەڕێگایەکی نیشتمانی لەسەر ئەم

بنەمایانە دابڕێژرێت:

١- بنیاتنانی ئەنجومەنی باڵای ستراتیژیکی نیشتمانی:

کاتی ئەوە هاتووە کە حیزبە کوردییەکان لە هەموو بەشەکاندا چوارچێوەیەکی باڵای نیشتمانی پێکبهێنن کە ستراتیژیی گشتی و هێڵە سوورەکانی نەتەوەیی دیاری بکات. تا کاتێک بڕیاری سیاسی پەرتەوازە بێت، هیچ زلهێزێک بە چاوی هاوبەشێکی جدی لە کورد ناڕوانێت.

٢- گەشەپێدانی سەربەخۆیی ستراتیژیک لە جیاتی دابڕان:

دڕووشمی «کورد جگە لە چیاکان هیچ دۆستێکی نییە» دەبێت لە ئەدەبیاتی سیاسی کەمڕەنگ بکرێتەوە. کورد دەبێت لە نێوخۆدا پشت بە خۆی ببەستێت لە ڕووی ئابووری، ئاسایشی خۆراک و تۆکمەیی کۆمەڵایەتی، بەڵام لە دەرەوەدا تۆڕێکی فرەلایەن لە پەیوەندییەکان لەگەڵ دەوڵەتان و ناوەندە نێودەوڵەتییەکان دروست بکات. پشتپێبەستنی نێوخۆیی بە مانای دابڕان لە جیهان نییە.

٣- دیپلۆماسیی بەرژەوەندیی هاوبەش نەک سوالکردنی سۆز:

جیهانی سیاسەت بە بەزەیی و فرمێسک بەڕێوە ناچێت. کورد دەبێت فێر بێت چۆن بەرژەوەندیی ئەمنی، ئابووری و وزەی خۆی لەگەڵ دەوڵەتانی کاریگەر گرێ بدات، بە شێوەیەک کە مانەوە و بەهێزبوونی قەوارەی کوردی ببێتە زامنی ئاسایش و سەقامگیریی ناوچەکە و بەرژەوەندیی هاوبەش مسۆگەر بکات.

٤- بەهێزکردنی هێزی نەرم و داهێنانی تێکنۆلۆژی:

هێزی سەربازی پێویستە، بەڵام لە جیهانی ئەمڕۆدا بەس نییە. پێویستە وەبەرهێنان لە میدیای نێودەوڵەتی، پێگەیاندنی دیپلۆماتکاری کارامە، زمانزان، سەنتەری تۆژینەوەی ستراتیژیک و کەرتی تێکنۆلۆژی بکرێت تا بتوانرێت ڕای گشتیی جیهانی بە لای مافەکانی کورددا ڕابکێشرێت.

٥- ڕێکخستنی توانای دیاسپۆرا وەک سەرمایەیەکی گەورە:

سەدان هەزار هاوواڵاتیی کورد لە ئەورووپا، ئەمریکا و وڵاتانی پێشکەوتوودا دەژین. لە نێویاندا زانا، ئەندازیار، دادوەر، بازرگان و سیاسەتمەداری سەرکەوتوو هەن. پێویستە ئەم وزە مرۆییە ڕێک بخرێت و ببێتە لۆبییەکی بەهێز بۆ گوشار خستنە سەر ناوەندەکانی بڕیاردان لە پایتەختە ڕۆژئاواییەکاندا.

کۆتایی و دەرەنجام: گۆڕینی هاوکێشەکان لە بەرخۆدانەوە بەرەو ستراتیژی

مێژووی سەدەی ڕابردووی کورد لە بازنەیەکی داخراودا خولاوەتەوە: چەوساندنەوە، بەرگری و شۆڕش لە چیاکان، هاوکاریی کاتیی زلهێزەکان لە قۆناغی شەڕدا، پاشەکشەی زلهێزەکان لە کاتی ڕێککەوتندا، و دووبارەبوونەوەی کۆڕەو و قڕکردن. بۆ ئەوەی ئەم مێژووە خوێناوییە دووبارە نەبێتەوە، پێویستە لە قۆناغی کاردانەوە دەرباز بین بەرەو قۆناغی دەستپێشخەری. تەنیایی ستراتیژیک بەڵایەکی ئاسمانی یان چارەنووسێکی ئەزەلی نییە کە نەتوانرێت بگۆڕدرێت؛ بەڵکوو دۆخێکی دروستکراوی ژێئۆپۆلیتیکییە کە بە دروستکردنی هێزی فرەڕەهەند، داڕشتنی سیاسەتی عەقڵانی، دامەزراندنی ناوەندی توێژینەوە، کەڵکوەرگرتن لە تێکنۆلۆژی و گۆڕینی دەرفەتە ژێئۆپۆلیتیکییەکان تێکدەشکێت.

کوردستان بۆ ئەوەی لە مێژوودا نەسڕێتەوە، پێویستی بە بەرخۆدان هەبوو؛ بەڵام بۆ ئەوەی بگاتە کەناری ئارامی، سەروەری و سەربەخۆیی شایستە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، پێویستیی ڕەها و حاشاهەڵنەگری بە ستراتیژی هەیە.

٩ی خەزەڵوەری ٢٧٢٦

حیزبی دێموکرات و سیاسەتی واقیعبینی (ئایا پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە «ئەنتێگراسیۆن» چارەسەر دەبێ؟)





عومەر باڵەکی

ماوەیەکە لە دنیای مەجازیدا باسێک لەسەر چەمکی «ئەنتێگراسیۆنی دێموکراتیک» وەک چارەسەری پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاتووەتە بەر باس و لەنێوان موافیق و موخالیفدا باسێکی زۆری دروست کردووە. لێرەدا شیکردنەوەی ئەو چەمکە لەبەر دوو هۆکار بە پێویست نازانم: یەکەم، پرسی نەتەوایەتی لەگەڵ چەمکی «ئەنتێگراسیۆن» بە تەواوی

لێک جیاوازە؛ دووهەم، کەسانی شارەزای ئەو بابەتانە بە ڕادەی پێویست لەسەر نێوەرۆکی ئەو چەمکە دواون. لە هەمان کاتدا هەموو کەس و لایەنێک ئازادە بیروڕای خۆی لەسەر تەواوی پرسەکانی تایبەت بە کۆمەڵگە دەربببڕێ و دیفاع لە ڕوانگەی خۆی بکات. بەڵام کاتێک هێنانە ئارای بابەتێک و هەوڵدان بۆ چەسپاندنی، زیان بە کۆمەڵگە بگەیەنێت، ئەوکات دەربڕینی ئەو ڕوانگەیە ناچێتە خانەی ئازادیی دەربڕینەوە.

لە بارودۆخی ئێستادا کە دنیا و بەتایبەتی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست وەک مەنجەڵی سەر ئاگر هاتووەتە جۆش و ئاڵوگۆڕی گەورە لە ناوچەکە و نێوخۆی ئێراندا بەڕێوەیە، خستنەبەرباسی بابەتێکی وەک «ئەنتێگراسیۆن» بە پاشگری دێموکراتیکەوە بە مەبەستی چارەسەری پرسی کورد، نەک یارمەتیدەر نابێ بۆ بەرەوپێشچوونی ئەو پرسە و چارەسەرەکەی، بەڵکوو بە دەیان هەنگاو بەرەو دواوەی دەگەڕێنێتەوە.

بێجگە لەوانە، ئەوەی لێرەدا پێویستە ڕوونکردنەوەی لەسەر بدرێ ئەوەیە کە لایەنگرانی «ئەنتێگراسیۆن» بۆ دیفاع لە بۆچوون و ڕوانگەی خۆیان، هەوڵ دەدەن بە هێنانەوەی فاکت و بەڵگەی جۆراوجۆر لە قسەی ڕێبەرانی شەهید، ڕابردوو و سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بخەنە ژێر پرسیار و «ئەنتێگراسیۆن» دەرخواردی خوێنەر و بیسەری کوردی بدەن و بڵێن: ئەوەتا لە ڕابردوودا مەبەستی حیزبی دێموکراتیش بۆ چارەسەری پرسی کورد هەمان «ئەنتێگراسیۆنی دێموکراتیک» لە نێوخۆی ئێراندا بووە! دیارە ئەو کەس و لایەنانەی کە ئەو باسانە دەکەن، یا مێژوو، بەرنامە و هەڵوێستە سیاسییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان نەخوێندووەتەوە، یا لە ڕاستیدا ئەو هەوڵەیان بۆ داپۆشینی شکستی خۆیانە لە مەیدانی خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی نەتەوەی کورد.

بە واتایەکی دیکە، دەتوانین بڵێین نموونەهێنانەوە بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن لایەنگرانی «ئەنتێگراسیۆنی دێموکراتیک»ەوە لەوە سەرچاوە دەگرێ کە ئەوان پێگەی ڕاستەقینەی جەماوەریی حیزبی دێموکرات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەزانن، هاوکات ئاگادارن کە حیزبی دێموکرات وەک بەتەمەنترین حیزبی کوردی کە هەتا ئێستا لە ڕێچکە و ڕێبازی نەتەوایەتیی خۆی لای نەداوە و لە هەر چوار پارچەی کوردستان جێگای ڕێز و هێمای خەبات و بەرخۆدانە، بۆیە هەوڵ دەدەن بە کەڵکوەرگرتن لە پێگەی ڕێبەرانی حیزب، شەرعییەت بدەن بە پڕۆژەیەک کە ناتوانێ پرسی نەتەوایەتی نەک لە ئێران، بەڵکوو لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش چارەسەر بکات.

ئەوە بابەتێکی سەلمێنراوە کە پرسی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان پرسێکی نەتەوایەتییە و بە تەواوی جیایە لە پرسی تێکەڵبوون بە کۆمەڵگەیەکی دیکە یا هەمان «ئەنتێگراسیۆن». چونکە نەتەوەی کورد بە درێژایی مێژوو لەسەر ئەو

خاکە ژیاوە کە کوردستانە. بەپێی پێناسە باوە نێودەوڵەتییەکان، کورد نەتەوەیە چونکە لەسەر خاکی خۆی دەژی و خاوەنی زمان، مێژوو و کولتووری سەربەخۆی خۆیەتی. بۆیە دەبێ وەبیر خۆمان بێنینەوە کە خەباتی نەتەوەی کورد لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا بۆ ئەوە نەبووە لە نێو نەتەوە و کۆمەڵگەیەکی دیکەدا «ئەنتیگرە» بکرێ، بەڵکوو بۆ ئەوە بووە کە ببێتە خاوەنی سەروەریی خۆی و بتوانێ بڕیار لە چارەنووسی سیاسیی خۆی بدات و وەک نەتەوەیەکی جیاواز پێناسەی بۆ بکرێ.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەسەر دەستی پێشەوا قازی محەممەد دامەزرا و بە ڕێبەریی د. قاسملوو بوو بە خاوەنی پێکهاتەی حیزبێکی مۆدێرن و سەردەمیانە کە هەشتا و یەک ساڵە ئاڵاهەڵگری خەباتێکی خوێناوییە بۆ بەدەستهێنانەوەی مافە نەتەوایەتییەکانی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بەڵام هەر لە سەرەتای دامەزراندنی حیزبی دێموکراتەوە، ڕێبەرانی ئەو حیزبە لەو ئەسڵە پەیڕەوییان کردووە کە لە سیاسەتکردندا واقیعبین بن و ئەوە میراتێکە لە پێشەوا قازی محەممەدەوە ماوەتەوە.

واقیعبینی بەو مانایەیە کە ڕێبەرانی سیاسیی حیزبێک ئاشنا بن بە توانای سەربازی، ماڵی و پشتیوانیی جەماوەریی دۆست و دوژمنیان، لە هەمان کاتدا تواناکانی حیزب و نەتەوەکەی خۆشیان لە هەموو بوارەکاندا بزانن؛ ئەوکات ئەو ڕێبەرایەتییە دەتوانێ ببێتە خاوەنی سیاسەتێکی سەرکەوتوو. کاتێک حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزرا، کوردستان ماوەیەک بوو لە نێوان چوار دەوڵەتی «عێراق، تورکیە، سووریە و ئێران»دا دابەش ببوو و کورد لەسەر خاکی خۆی لە مافە نەتەوایەتییەکانی بێبەش کرابوو، تەنانەت بە دروستبوونی دەوڵەت-نەتەوەکان لەو وڵاتانە، هەوڵی دەسەڵاتداران ئەوە بوو کە زمان، مێژوو و کولتووری نەتەوەی کورد لە نێو نەتەوەی باڵادەستدا بتوێننەوە. بەڵام بە دامەزراندنی حیزبی دێموکرات، ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان و دروستبوونی هێما نەتەوایەتییەکان، پێش بە ڕەوتی تواندنەوەی نەتەوەی کورد لە نەتەوەی باڵادەستدا گیرا.

دەتوانین بڵێین دامەزراندنی حیزبی دێموکرات پشتیوانییەکی گەورە بوو بۆ گەشەکردنی زیاتری هەستی نەتەوایەتی لە نێو کۆمەڵگەی کوردەواریدا و ئاشنابوونی زیاتری تاکی کورد بە مافەکانی خۆی. بۆیە ئەگەر چاو لە مێژووی حیزبی دێموکرات بکەین، ڕووبەڕووی ئەو ڕاستییە دەبینەوە کە ڕێبەرانی ئەو حیزبە لە سەرەتاوە هەوڵیان داوە ڕاستییەکانی دنیای سیاسەتی نێودەوڵەتی و ناوچەیی لەبەرچاو بگرن و بەگوێرەی ئەوە داواکانیان فۆرموولە بکەن.

لەگەڵ ئەو جۆرە سیاسەتکردنەشدا، حیزبی دێموکرات قەت لە ئاستی بەرپرسایەتیی ئەو ئەسڵە پاشەکشەی نەکردووە کە پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پرسی یەک نەتەوەیە. بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییەش دەتوانین ئاماژە بە بەرنامەی حیزب بکەین کە لە فەسڵی شەشەم، ماددەی بیستەم، خاڵی یەکدا دەڵێ: «گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان و

کورد لە هەر شوێنێک بێ، بە ئەندامی یەک نەتەوە دەناسێ.» لەگەڵ ئەوەشدا، هەروەک باس کرا، حیزبی دێموکرات لە دنیای واقیعی سیاسەتدا ئەو واقیعەی قبووڵ کردووە کە لە سەردەمی ئێستادا، لە هەر پارچەیەکی کوردستان بەپێی هەلومەرجی نێوخۆیی و ئامادەیی نەتەوەی کورد لە بواری سیاسی، ئابووری و گەشەی نەتەوایەتیدا، پێویستە لەلایەن حیزبە سیاسییەکانی ئەو بەشەوە شێوازی خەبات و ڕێگەچارەی گونجاو دیاری و ڕەچاو بکرێ.

فەلسەفەی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر بنەماکانی کۆمەڵەی ژ.کاف، تێکۆشان و خەباتە بۆ وەدەستهێنانەوەی مافە نەتەوایەتییەکانی نەتەوەی کورد. هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە ئەسڵی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ حیزبی دێموکرات یەکێک لەو پرەنسیپانە بووە کە هەمیشە وەک بنەمایەکی نەگۆڕ لە بەرنامەی خۆیدا داکۆکیی لێ کردووە. بەڵام مافی دیاریکردنی چارەنووس چەمکێکی فراوانە و شێوازی جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێ وەک: «خودموختاری، فیدراڵیزم، کۆنفیدراڵیزم و سەربەخۆیی». حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک حیزبێکی بەرپرس لە بەرانبەر بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان و وەک حیزبێکی واقیعبین، بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی سیاسی و جوغرافیایی ئێران و ناوچەکە لە قۆناغی جیاوازدا هەوڵی داوە ڕێکاری نوێ بگرێتە بەر.

سەردەمانێک کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی لە نێو نەتەوەکانی ئێراندا هێشتا پەرەی نەسەندبوو، حیزبی دێموکرات شێوازی خودموختاریی پێشنیاز کردبوو؛ بەڵام کاتێک بلۆکی سۆسیالیستی لەبەریەک هەڵوەشا و هەستی نەتەوایەتیی نەتەوەکانی پێکهێنەری ئەو بلۆکە سەرلەنوێ سەری هەڵدایەوە و دەیان دەوڵەت لەسەر بنەمای نەتەوەیی پێناسە کرانەوە، هاوکات لە نێوخۆی ئێرانیشدا هێدی هێدی دەنگی ناڕەزایەتیی نەتەوەکان دژی کۆماری ئیسلامی بەرز بووەوە و ڕێکخراو و لایەنەکانی نەتەوەکانی ئێران بە نهێنی و ئاشکرا دەستیان بە خەبات کرد، حیزبی دێموکرات گەیشتە ئەو باوەڕەی کە فیدراڵیزم گونجاوترین سیستمی حوکمڕانییە بۆ ئێرانی داهاتوو و کردی بە دروشمی ستراتیژیی خۆی.
بەو پێیە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دوای ئەو هەموو خوێن و قوربانیدانە نەک لە ئامانجە نەتەوایەتییەکان پاشەکشەی نەکردووە، بەڵکوو بەپێی گۆڕانکارییەکانی نێوخۆی ئێران هەنگاوێکیش چووەتە پێش. ئەوەش بەو مانایەیە کە بارودۆخ و قۆناغی خەبات لە هەر سەردەمێکدا هەڵێست و سیاسەتی گونجاوی خۆی دەخوازێ، بێ ئەوەی دەستبەرداری ئامانجە سەرەکییەکە ببێت.

لە کۆتاییدا پێویستە وەبیر بهێنینەوە کە لە ئێراندا بەبێ جێگیربوونی سیستمێکی دێموکراتیک و فیدراڵ، مافی نەتەوەی کورد و نەتەوە پێکهێنەرەکانی دیکە دابین نابێت؛ بە هەمان شێوەش، بەبێ دەستەبەرکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی کورد و نەتەوەکانی تر، هیچ سیستمێکی دێموکراتیک لە ئێراندا سەر ناگرێت و پێک نایەت.

٩ی خەزەڵوەری ٢٧٢٦

خالید عەزیزی: هەر وڵاتێک پشتیوانی لە مافەکانی کورد بکات بە شتێکی باشی دەزانین



بەشی کوردیی دەنگی ئەمریکا

پێشەکی:

لەم چاوپێکەوتنەدا لەگەڵ بەشی کوردیی دەنگی ئەمریکا، کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، تیشک دەخاتە سەر هەڵوێست و لێدوانەکانی بنیامین نەتانیاهو لەمەڕ پرسی کورد لە چوارچێوەی گرژییەکانی نێوان ئیسرائیل و کۆماری ئیسلامیدا. عەزیزی ڕوونی دەکاتەوە کە حیزبی دێموکرات پێشوازی لە پشتیوانیی هەر دەوڵەتێک دەکات کە داکۆکی لە مافە ڕەواکانی گەلی کورد و خەباتی دێموکراتیکی خەڵکی ئێران بکات؛ بەڵام هاوکات جەخت لەسەر پاراستنی سەربەخۆیی سیاسی دەکاتەوە و دووپاتی دەکاتەوە کە نابێ خەبات و ئامانجە نەتەوەییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکرێنە بەشێک لە شەڕ و هاوکێشە سەربازییە دەرەکییەکان.

دەنگی ئەمریکا: کاک خالید، بنیامین نەتانیاهو چەندین جار ڕاشکاوانە پشتیوانی لە کورد کردووە، دەمەوێ بزانم بە لەبەرچاوگرتنی نزیکەی ١٩ ساڵ دەسەڵاتداریی ناوبراو، لە ڕوانگەی جەنابەتەوە ئەم پاڵپشتییانە چۆن بۆ کورد لێک دەدرێنەوە و چیی بۆ کورد دەستەبەر کردووە؟

خالید عەزیزی: پێش هەموو شتێک، دەبێت ئەوە بزانین کە دۆخی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و چۆنیەتیی چارەسەریی کێشەکەی لە هەر پارچەیەکدا جیاوازە. ئیسرائیل لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا، بە شێوازی جۆراوجۆر و بەپێی کێشە و پێگەی کورد لە هەر کام لەو پارچانەدا، هەڵوێست و ڕوانگەی خۆی دەربڕیوە.

ئەوەندەی پەیوەندی بە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەیە، لووتکەی ئەم هەڵوێستانەی نەتانیاهو لە چەند ساڵی ڕابردوودا گەیشتە قۆناغێک کە ئەوان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی تووشی کێشەی گەورە بوونەوە و هێرشیان کردە سەر کۆماری ئیسلامی. لێرەدا پێم خۆشە ئەوە بڵێم کە ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، خەبات و تێکۆشانی خۆمان لە دژی کۆماری ئیسلامی، پێش پەیدابوونی ئەم ئاڵۆزییانەی نێوان ئیسرائیل و ئێران دەست پێ کردبوو.

بەڵام لە چەند مانگی ڕابردوودا، کاتێک گرژییەکانی نێوان ئیسرائیل و ئێران هاتنە گۆڕێ، ئێمە سیاسەت و بۆچوونی خۆمان هەبووە؛ نە پەیوەندیمان لەگەڵ ئیسرائیل هەبووە و نە سنووری هاوبەشمان لەگەڵیدا هەیە. بۆیە، هەر ولاتێک کە پشتیوانی لە خەبات و تێکۆشانی دێموکراتیکی خەڵکی ئێران و مافەکانی گەلی کورد بکات بە شتێکی باشی دەزانین. ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست زۆر ئاڵۆزە و ئیسرائیلیش لەگەڵ زۆرێک لە ولاتانی دراوسێی ناوچەکە کێشەی هەیە. ئێمە هەوڵ دەدەین بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆمان و پێویستیی هەڵوێستەکانمان، ڕەفتار بکەین بە شێوازێک کە کاریگەریی ئەرێنی لەسەر دۆستایەتییەکانمان لە ناوچەکە و هاوکات لەسەر پرسی کوردی ڕۆژهەڵات هەبێت.

دەنگی ئەمریکا: کاک خالید، بەپێی ئەو هەواڵانەی لە سەرەتای سەرهەڵدانی گرژییەکانی نێوان ئەمریکا، ئیسرائیل و ئێرانەوە بڵاو کراونەتەوە سەبارەت بە ڕۆڵی کوردی ڕۆژهەڵات لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئێراندا، ئایا دەکرێت بگوترێت پرسی کورد لە سەردەمی نەتانیاهودا چووەتە قۆناغێکی جیددیترەوە لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا؟

خالید عەزیزی: پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ڕاستیدا لەو ماوەیەدا کە گرژییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ ئێران هەبوو، بەهۆی ئامادەبوونی میدیای جیهانییەوە، تا ڕادەیەکی زۆر ڕەنگدانەوەی هەبوو و هەواڵەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاو کرانەوە؛ ئەمەش بووە هۆی ئەوەی پرسی کورد لە ئاستی نێودەوڵەتیدا زیاتر بێتە پێشەوە.

بەڵام گرفتەکە لێرەدایە کە شەڕی ئیسرائیل و ئەمریکا لەگەڵ ئێران، لە چوارچێوەی ستراتیژ و بەرنامەی تایبەتی خۆیاندا بووە؛ واتە سنووردارکردنی بەرنامەی ناوکیی ئێران و سنووردارکردنی ڕۆڵی ئێران لە ناوچەکەدا کە لە بەرژەوەندیی ئەوان و ئیسرائیلدایە. کەواتە، خەبات و بەرنامەی ئێمە دژی کۆماری ئیسلامی سروشتی خۆی هەیە و ئێمە بەپێی تێگەیشتن و بەرژەوەندییەکانی خۆمان، پرسەکەمان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دەبینینەوە.

دەنگی نەمریکا: کاک خالید، سەرەڕای ئەوەی ڕەنگە سروشتی ڕووبەڕووبوونەوەکان و کێشەکان بۆ ئێوە جیاواز بێت لەوەی بۆ ئیسرائیل هەیە، بەڵام وەک دەزانن خاڵێکی گرنگی هاوبەش لەنێوانتاندا هەیە، ئەویش ڕووبەڕووبوونەوەی کۆماری ئیسلامییە لەلایەن ئیسرائیل و لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕۆژهەڵاتەوە کە چەندین ساڵە خەباتی سیاسی و سەربازی دەکەن. بۆچی ئەم بەرژەوەندییە هاوبەشە نەبووە هۆی هەنگاوێکی کرداری دژی کۆماری ئیسلامی؟

خالید عەزیزی: زۆر ئاسان نییە ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یان نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بچینە ناو ئەو هاوکێشە ناوچەییە ئاڵۆزانەوە کە هەموویان بەپێی بەرنامە و ستراتیژی تایبەتی خۆیان دادەڕێژرێن. بەرژەوەندیی ئێمە لەوەدایە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، وڵاتانی ناوچەکە و لایەنە دابینکەرانی مافی مرۆڤ، پشتیوانیی داخوازییە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکانی ئێمە بکەن.

کێشەی ئیسرائیل و ئەمریکا لەگەڵ ئێران کێشەیەکی نیزامییە، شەڕێکە لە گۆڕێدایە و ئێستاش تەواو نەبووە و ئێمە لە سەرەتای دەستپێکردنیشییەوە ڕامانگەیاند کە ئێمە بەشێک لەو شەڕە نین کە ئێستا لەنێوان ئەمریکا و ئیسرائیلدایە. بەڵام ئێمە هەمیشە گوتوومانە کە هەر گۆڕانکارییەک لە داهاتوودا بێتە ئاراوە، ئێمە لێی بێئاگا نابین و بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆمان و گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەڵوێست دەگرین.

دەنگی نەمریکا: کاک خالید، ئێوە و بەرپرسانی دیکەی حیزبەکەتان زۆر جار جەخت لەوە دەکەنەوە کە خاوەنی سەربەخۆیی سیاسیی خۆتانن و بە هیچ شێوەیەک بەشدار نەبوون لەو شەڕەی ئەمریکا و ئیسرائیل دژی کۆماری ئیسلامی. ئایا ئەم سەربەخۆییە سیاسییە بەو مانایەیە کە هیچ هاوکارییەکی ستراتیژیتان لەگەڵ هیچ هێزێکی دەرەکیدا نییە؟

خالید عەزیزی: هاوکاریی ستراتیژی لەگەڵ هێزێکی دەرەکی کە لە شەڕدایە لەگەڵ ئێران، بۆ ئێمە موعادەلەیەکی زۆر ئاسان نەبوو. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ئەو شەڕە، وەک ئاماژەم پێ دا، لەسەر بنەمای بەرنامە و ستراتیژیی خۆیان لە دژی ئێران دەستی پێ کردووە.

لە سەرەتای شەڕەکەدا، بەتایبەت کاتێک ئەمریکا هاتە نێو شەڕەکەوە و هاوکێشەکە گۆڕا، هەوڵی ئێمە ئەوە بوو کە لەو هاوکێشەیەدا دژبەرانی کۆماری ئیسلامی، خەڵکی نێوخۆی وڵات، بزووتنەوەی مەدەنی و جووڵەی کۆمەڵایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببنە بەشێک لە هاوکێشەکە. بەڵام بەداخەوە لەو شەڕە نزیکەی یەک ساڵەیەدا، پرسەکانی نێوخۆی ئێران و داواکارییەکانی خەڵک زۆر بە کەمی لەو هاوکێشە و مامەڵە نێودەوڵەتییانەدا ڕەچاو کران.

خەزەڵوەری ٢٧٢٦

ئێستاش هەم تاران و هەم واشنگتۆن لە بنبەستێکی تەواودان سەبارەت بە چۆنیەتیی دریژدان بەو شەڕە، یان گەیشتن بە ئاشتی و دانوستان؛ هەر لایەنێک بەپێی بەرژەوەندیی خۆی هەوڵ دەدات لەو شەڕەدا براوە بێت. خەبات و تێکۆشانی ئێمە لە نێوخۆی وڵاتدا دژی کۆماری ئیسلامی، بە هاوکاری و هەماهەنگیی هێزەکانمان و خەڵک لە مەیدانی خەباتدایە، نەک لەو هاوکێشە دەرەکییانەی کە ئەمریکا و ئێران بەپێی بەرژەوەندیی خۆیان دایدەڕێژن.

٩ی خەزەڵوەری ٢٧٢٦

ئێران لەبەردەم گۆڕانکاریی قووڵدا؛ ئاسۆی کورد و مافەکانی





عەلی بداغی

کۆمەڵگەی ئێران بە قۆناغێکی هەستیاردا تێدەپەڕێت؛ قۆناغێک کە کەڵەکەبوونی داڕمانی شەرعییەتی سیاسیی کۆماری ئیسلامی لەسەر قەیرانی ئابووری، ناڕەزایەتیی گشتی و گوشارە دەرەکییەکان، داهاتووی ڕێژیمی خستووەتە ژێر پرسیارەوە. دوای چەند مانگ لە شەڕ و گەمارۆی ئابووری، لە کاتێکدا ئەگەری هەڵگیرسانەوەی شەڕێکی دیکە لەنێوان ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ ئێراندا لە هەموو کاتێک زیاترە، پرسیاری سەرەکی هەر ئەوە نییە کە ئاخۆ ڕێژیم دەتوانێت خۆی لەم قەیرانانە دەرباز بکات؛ بەڵکوو ئەوەشە کە ئەگەر ڕێژیم بڕووخێت، چ جۆرە نیزامێکی سیاسی جێگەی دەگرێتەوە و

نەتەوەکانی ئێران، بەتایبەتی کورد، چاوەڕوانی چ داهاتوویەکن؟

قەیرانەکانی ئێستای ئێران تەنیا بەرهەمی گوشارە دەرەکییەکان یان شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ رژێم نییە؛ بەڵکوو ڕەگی لە سیاسەت و پێکهاتەی دەسەڵاتێکدایە کە نزیکەی پەنجا ساڵە مافە سیاسی، کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەکانی خەڵک، بەتایبەت نەتەوە نافارسەکان بە شێوەی سیستماتیک پێشێل دەکات. نەبوونی دێموکراسی، سەرکوتی ئازادییەکان، نادادپەروەری و پێشێلکردنی مافی نەتەوەکانی ئێران، بەتایبەتی لە کوردستان، بەشێکی بنەڕەتیی ئەو قەیرانە پێکدێنن. بەڵام لە دوای ڕووداوەکەی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣ەوە رژێمی سیاسیی ئێران بەرەو لاوازی و داڕمان چووە. لاوازیی کۆماری ئیسلامییش هەر لە چوارچێوەی ئابووری و نیزامیدا کورت نابێتەوە. یەکەم و گرنگترین هۆکار، لەدەستدانی شەرعییەتی سیاسیی دەسەڵاتە. رژێم جگە لە کەمە لایەنگرێک کە هەموو جۆرە ئیمتیاز و ئیمکاناتێک خراوەتە بەردەستیان، لەلای زۆرینەی ڕەهای کۆمەڵگەوە شەرعییەتی نییە و کەلێنی نێوان دەسەڵات و خەڵک چیدی و بە هیچ پرِ نابێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، قەیرانی ئابووری، دابەزینی ئاستی ژیان، بێهیوایی کۆمەڵایەتی و نەبوونی ئاسۆیەکی ڕوون بۆ داهاتوو، بنەماکانی مانەوەی رژێمیان ئەوەندەی دیکەش لاوازتر کردووە.

لە ئاستی ناوچەییشدا، سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی و دەستێوەردانەکانی لە کاروباری وڵاتانی دراوسێدا، هۆکاری سەرەکیی نائارامی و سەرچاوەی مەترسی نەک هەر بۆ سەر ئەم وڵاتانە، بەڵکوو بۆ سەر بەرژەوەندییە ئەمنییەتی و ئابووریییەکانی هەموو وڵاتانی ناوچە و جیهانیش بوون. لە ئاستی نێودەوڵەتییشدا، ناکۆکییەکان لەگەڵ زلهێزەکان و گوشارە ئابووری و سیاسییەکان، توانای رژێمیان بۆ کۆنترۆڵ و چارەسەرکردنی قەیرانەکان سنووردار و بەرتەسکتر کردووە. کەڵەکەبوونی ئەو قەیرانگەلە و لاوازبوونی رژێم لە ئێستادا دەرفەت بۆ گۆڕانکارییە سیاسییەکانی زیاتر کردووە؛ لەگەڵ ئەوەشدا چارەنووسی رژێم پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەووە هەیە کە خەڵک و هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی رژێم هەتا چەند بتوانن ناڕەزایەتی و دەرفەتەکان بکەنە هێزێکی سیاسیی ڕێکخراو و کاریگەر. گوشارە دەرەکییەکان دەتوانن توانای رژێم بۆ سەرکوت و بەڕێوەبردنی قەیران کەم بکەنەوە، بەڵام گۆڕانکارییەکی بەردەوام و دێموکراتیک پێویستی بە ڕۆڵی بەرچاو و تێکۆشانی ئامانجداری خەڵک و هێزە سیاسییەکان هەیە.

پێوەندیدار بە کوردستان، یەکێک لە نیگەرانییە سەرەکییەکانی کورد لە هەر گۆڕانکارییەکی سیاسی لە ئێراندا، ئەوەیە کە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی لەجێدا دێموکراسی و مافە نەتەوەییەکان مسۆگەر ناکات. ئەزموونی میژوویی ئێران، بەتایبەتی لە گۆڕانی دەسەڵات لە پاشایەتییەوە بۆ کۆماری ئیسلامی پێمان دەڵێ کە گۆڕینی دەسەڵات و نیزامی سیاسی بەبێ گۆڕینی بنەماکانی حوکمڕانی، دەتوانێت هەمدیسان ستەم و پێشێلکاریی ماف و هەڵاواردنەکان بە شێوەیەکی دیکە بەرهەم بێنێتەوە.

بۆیە پرسیاری سەرەکی بۆ داهاتووی ئێران تەنها ئەوە نییە کە کێ دەسەڵات دەگرێتە دەست، بەڵکوو ئەوەیە کە ئاخۆ نیزامی داهاتوو مافی هەموو نەتەوەکان و پێکهاتەکانی ئێران بە فەرمی دەناسێت و دەسەڵات بە شێوەیەکی دێموکراتیک و دادپەروەرانە دابەش دەکات یان نا؟

شک لەوەدا نییە کورد واز لە مافە نەتەوەیی، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆی ناهێنێت. شک لەوەشدا نییە کە دێموکراسی لە ئێراندا کاتێک مانایەکی ڕاستەقینەی دەبێت کە مافی کورد و نەتەوەکانی دیکە، نەک هەر لە ئاستی بەڵێن و گونجاندنی لە یاساکانی وڵاتدا، بەڵکوو لە ڕێگەی دامەزراوە و میکانیزمە سیاسییەکانەوە دابین کرابێت. بەبێ دەستبەربوونی ئەو مافانە، نە سەقامگیریی سیاسی لە ئێراندا بەدی دێت، نە ئەمنییەت و سەقامگیری جێگیر دەبێت و نە بوار بۆ گەشەسەندنی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییش دێتە ئاراوە. لەم ڕووەوە بۆ ڕێگریکردن لە دووبارەبوونەوەی ئەزموونی ڕابردوو، هێزە سیاسییەکانی ئێران دەبێ لە ئێستاوە لەسەر بنەمای دێموکراسی، قبووڵکردنی فرەیی نەتەوەیی و سیاسی لە ئێراندا، داننان بە مافی چارەنووس و شێوەی حوکمڕانیی داهاتوو بکەونە دانوستانەوە.

هەڵگیرسانەوەی شەڕ کە ئەو ئەگەرە لە ئێستادا لە هەموو کاتێک زیاترە، پێویستە ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بۆ تێپەڕین لەو قۆناغە چالاکتر بکات. ئەوەی ئۆپۆزیسیۆنی غەیرەکورد دەبێ لەسەر پرسی کورد بیزانن ئەوەیە کە خەباتی کورد بۆ مافەکانی هەر خەباتێکی نیزامی و پێشمەرگانە نییە؛ بەڵکوو خەباتێکی نەتەوەیی، سیاسی، مەدەنی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و ڕێکخراوەییە کە لەپێناو بەدیهێنان و دەستەبەری ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستاندا یەک سەدەیە بەردەوامە. لە هەلومەرجی ئێستاشدا، ئامادەبوون بۆ ئەگەرە جۆراوجۆرەکان و قۆستنەوەی دەرفەتە سیاسییەکان، بە مانای بەستنەوەی چارەنووسی خەباتی کورد بە شەڕی وڵاتانی دی دژی کۆماری ئیسلامی نییە. گرنگ ئەوەیە هێزە سیاسییە کوردییەکان بە سەربەخۆیی سیاسی و بە هەڵسەنگاندنی وردی بارودۆخ، لەپێناو بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستاندا بڕیار بدەن. بڕیارەکەش ئەوەیە کە ئێرانی داهاتوو دەبێ فیدراڵ و دێموکراتیک بێ و کورد لەو ئێرانە دێموکراتیکەدا خاوەنی دەسەڵات و سەروەریی سیاسی و ئیداریی خۆی بێت.

پوختەی مەبەست:

کۆمەڵگەی سیاسیی ئێران لە بەردەم گۆڕانکارییەکی گرینگدایە، بەڵام ئاراستە و ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییە هێشتا دیار نییە. لاوازیی کۆماری ئیسلامی دەرفەتێکی سیاسیی باش و لەباری دروست کردووە، بەڵام سەرکەوتن بەسەر کۆماری ئیسلامیدا ئیرادەی سیاسیی هاوبەشی ئۆپۆزیسیۆن و دروستبوونی ئالتەرناتیڤی ڕێژیمی پێویستە. واتە ئەوەی چارەنووسی

خەزەڵوەری ٢٧٢٦

داهاتوو دیاری دەکات، توانای خەڵک و هێزە سیاسییەکانە بۆ گۆڕینی ئەو دەرفەتە بۆ پڕۆژەیەکی سیاسیی ڕوون و دێموکراتیک. لەو پڕۆژەیەدا،

ئازادیی ئێران و مافی نەتەوەکانی ئەم وڵاتە نابێ دوو ئامانجی لێکجیاواز بن؛ بەڵکوو دەبێ بەشێکی لێکدانەبڕاوی چارەسەری قەیرانی مێژوویی ئەو وڵاتە بن. هەر لەو ڕێگەیەوە دەتوانرێت پێش بە بەرهەمهێنانەوەی ستەم و هەڵاوردن و قەیرانەکان بگیرێت و بناغەی ئێرانێکی دێموکراتیک، فیدراڵ و سەقامگیر دابندرێت.

١٢ی خەزەڵوەری ٢٧٢٦

مستەفا مەولوودی: هەلومەرج بۆ ڕووخانی ڕێژیمی تاران لە هەموو کاتێک لەبارترە



وتوویژ: شێروان ئیبراهیم

ئاماژە:

کاک مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وتوویژێکی لەگەڵ شێروان ئیبراهیم، پەیامنێری تۆڕی میدیایی «ئیرەم نیووز» (إرم نیوز) ئەنجام داوە و تەوەرە سەرەکییەکانی بریتین لەمانەی خوارەوە:

تەوەرەی یەکەم: هەڵوێستی حیزبی دێموکرات بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی

خەبات و هەڵوێستی حیزبی ئێمە، لە بنەڕەتدا بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامییە کە بەردەوام مافی مرۆڤ پێشێل دەکات و خەڵکی ئێران و بەتایبەت خەڵکی کوردستانی لە ئازادی، دێموکراسی و سەرەتاییترین مافە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیان بێبەش کردووە. لە بەرامبەردا، ئێمە تێدەکۆشین مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکی کوردستان لە چوارچێوەی فیدرالیزمدا مسۆگەر بکەین.

ئەزموونمان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی سەلماندوویەتی کە بە مانەوەی ئەم دەسەڵاتە، گەیشتن بەو مافانە مەحاڵە؛ هەر بۆیە کارکردن بۆ ڕووخاندنی ئەم ڕێژیمە و هێنانەکایەی دەسەڵاتێکی دێموکراتیکی فیدراڵ، بنەمای سەرەکیی ستراتیژی ئێمەیە. سیاسەتی ئێمە پێش شەڕی دوازدە ڕۆژە و چل ڕۆژە و لە کاتی شەڕەکەشدا هەر ئەمە بووە و هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتووە؛ ئێستاش کە نە شەڕە و نە ئاشتی، هەر لەسەر هەمان هەڵوێست سوورین.

دەمەوێ ئەوە ڕوون بکەمەوە کە نە شەڕ، نە گەمارۆ و نە دۆخی «نە شەڕ و نە ئاشتی»، سیاسەتی ئێمەیان نەگۆڕیوە. لەسەر ئەو باوەڕەین تا ئەم ڕێژیمە نەڕووخێت، نە نەتەوەکانی ئێران بە ئازادی و مافە ڕەواکانیان دەگەن و نە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش ئارامی و سەقامگیریی ڕاستەقینە بەخۆیەوە دەبینێت؛ تەنیا ڕووخانی ئەم ڕێژیمەیە کە دەرفەتی دامەزراندنی نیزامێکی دێموکراتیک دەڕەخسێنێت. لە لایەکی دیکەشەوە، پێمان وایە گوشارە دەرەکییەکان لە هەموو ڕوویەکەوە کۆماری ئیسلامی لاواز دەکەن؛ بەمەش دەرفەتی زیاتر بۆ چالاکیی سیاسی و مەدەنیی هێزەکان و بەهێزتربوونی خەباتی جەماوەریی خەڵک، بەتایبەت لە کوردستان، دێتە ئاراوە.

تەوەرەی دووهەم: ئەو هۆکارانەی زەمینەی ڕووخانی ڕێژیمیان تەواو ئامادە کردووە

پێمان وایە زەمینە و هەلومەرج بۆ ڕووخانی کۆماری ئیسلامی تەواو لەبار و ئامادەیە، ئەمەش بەهۆی ئەم پێنج هۆکارە سەرەکییەوە:

١- **لەدەستدانی شەرعییەت:** ڕێژیم لە لای جەماوەر بەتەواوی شەرعییەتی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆی لەدەست داوە.

٢- **قەیرانی قوواڵ و چارەسەرنەکراو:** کۆماری ئیسلامی لە سەرجەم بوارە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا تووشی قەیرانێکی ئەوەندە گەورە بووە کە دەربازبوون لێی، ئەگەر مەحاڵ نەبێت، لەوپەڕی دژواریدایە.

٣- **کەلێنی قووڵی نێوان خەڵک و دەسەڵات:** درزێکی گەورە کەوتووەتە نێوان خەڵک و دەزگاکانی دەسەڵاتەوە؛ متمانەی گشتی بەتەواوی نەماوە و خەڵک چاوەڕوانی دەرفەتێکن تا لە دژی ڕێژیم ڕاپەڕن.

٤- **هاوڕایی ولاتانی ناوچەکە:** وڵاتانی ناوچەکە بۆیان دەرکەوتووە کە کۆماری ئیسلامی سەرچاوەی سەرەکیی نائارامییە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا و ئاسایش، ماف و بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی ئەوانی خستووەتە مەترسییەوە؛ بۆیە ئاساییە هەوڵی نەهێشتنی ئەم دەسەڵاتە بدەن.

٥- بێئومێدبوونی زلهێزەکان: زلهێزە خاوەن بەرژەوەندییەکان لە ناوچەکەدا، گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی کە بە مانەوەی ئەم ڕێژیمە، بەرژەوەندییەکانیان ناپارێزرێت.

لەسەر ئەم بنەمایە، شانسی مانەوەی ئەم دەسەڵاتە لە هەموو کاتێک کەمتر بووەتەوە و دەرفەتی ڕووخانی زۆر زیاترە لە جاران.

تەوەرەی سێهەم: داهاتووی ئێران و چارەنووسی مافەکانی نەتەوەی کورد

ئەو نیگەرانییەی باسی دەکەن، تا ڕادەیەکی زۆر جێگای تێڕامانە. نەتەوەی کورد لەپێناو مافە ڕەواکانیدا خەبات دەکات و بۆ وەدەستهێنان و پاراستنیان کۆڵ نادات. ئەمەش بەوە دەکرێت کە ئێران ببێتە وڵاتێکی دێموکراتیک و دەسەڵاتێکی بەرپرسیار و وەڵامدەر بێتە سەر کار. بەداخەوە هێشتا ئاسۆی دێموکراسییەکی دامەزراو لە ئێراندا ناڕوونە، بەڵام دەبێ هەموو لایەک ئەو ڕاستییە بزانن کە نەتەوەی کورد هەرگیز دەستبەرداری مافەکانی نابێت؛ هەتا کورد و نەتەوەکانی دیکەش بە مافەکانیان نەگەن، نە دێموکراسی و ئارامی لە ئێراندا جێگیر دەبێت و نە بوار بۆ ئاوەدانی و پێشکەوتن دێتە ئاراوە.

کەواتە ئەرکی هەموو هێزە سیاسییەکانە بەرپرسانە بۆ دامەزراندنی حکوومەتێکی دێموکراتیک و پارێزەری مافی نەتەوەکان تێبکۆشن؛ چونکە لە قۆناغی دوای کۆماری ئیسلامیدا تەنیا دوو ڕێگا لەپێشە:

ڕێگای یەکەم: هێزە ئێرانییەکان بەو بڕوایە بگەن کە پێویستە سیستەمێکی دێموکراتیک دابمەزرێنن و بە فەرمی دان بە مافەکانی نەتەوەی کورددا بنێن و قبووڵی بکەن.

ڕێگای دووهەم: ئەگەر بژاردەی یەکەم نەیەتە دی، خەڵکی کوردستان دەستەوستان دانانیشێت، بەڵکوو بەو شێوازەی کە قۆناغ و سەردەمەکە دەخوازێت درێژە بە خەباتی خۆی دەدات تا سەرکەوتن؛ مێژووش سەلماندوویەتی کە لە قوربانیدان سڵ ناکاتەوە.

پێویستە لایەنە ئێرانییەکان ناکۆکییە نێوخۆییەکانیان لەسەر بنەمای دێموکراسی و ڕێزگرتن لە مافی یەکتر چارەسەر بکەن؛ دەنا هەموو خەڵکی ئێران سەرلەنوێ تووشی هەمان ئەو دەردەسەرییە دەبنەوە کە نزیکەی پەنجا ساڵە کۆماری ئیسلامی بەسەریاندا هێناویەتی و هیچ لایەنێکیش قازانجی لێ ناکات.

تەوەرەی چوارەم: جیاوازیی خەباتی نەتەوەی کورد لەگەڵ شەڕی ئەمریکا

خەباتی نەتەوەی کورد لەپێناو ویست و داخوازییە ڕەواکانیدا، خەباتێکی دێرین و ڕەسەنە و هیچ پەیوەندییەکی بە مەلانێ و شەڕی وڵاتانی تر لە دژی تارانەوە نییە.

خەباتی ئێمە بە دوو هۆکاری بنەڕەتی لە شەڕی هێزە دەرەکییەکان جیا دەبێتەوە:

١- **لە ئامانجدا جیاوازن:** ئامانجی خەباتی نەتەوەی کورد و حیزبی دێموکرات، دەستەبەرکردنی مافە سیاسی، نەتەوەیی، کۆمەڵایەتی و ئابووریییەکانی خەڵکی کوردستانە، لە کاتێکدا شەڕی وڵاتێکی وەک ئەمریکا تەنیا لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییە تایبەتەکانی خۆیدایە.

٢- **لە ڕووی شێواز و ڕێکارەوە جیاوازن:** خەباتی نەتەوەی کورد فرەڕەهەندە و سەرجەم بوارە سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتووری، ڕێکخراوەیی و مەدەنییەکان لەخۆ دەگرێت؛ تەنانەت خەباتی پێشمەرگانەش تایبەتمەندیی خۆی هەیە و لەگەڵ شەڕی سوپای ئەمریکا جیاوازە.

هاوکات لەبەر ئەوەی بارودۆخی ئێستا زۆر هەستیارە و چاوەڕوانیی گۆڕانکاری و پێکدادانی گەورە دەکرێت، ئەرکی هەر هێزێکی سیاسییە خۆی بۆ هەموو ئەگەرەکان ئامادە بکات تا دەرفەتەکان لە بەرژەوەندیی نەتەوەکەیدا بقۆزێتەوە. بەخۆشحاڵییەوە جەماوەری خەڵک، ئێمە و حیزبەکانی کورستان لەوپەڕی ئامادەییداین و بە وریاییەوە چاودێریی ڕەوتی ڕووداوەکان دەکەین.

تەوەرەی پێنجەم: پرسی سیاسیی کورد و مۆدێلی حوکمڕانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

کورد لە ئێراندا پێکهاتەیەکی سەرەکیی جوغرافیای ئەم وڵاتەیە؛ بە خاکێکی بەرفراوان و حەشیمەتێکی زیاتر لە دە ملیۆن کەس، سەنگ و قورساییەکی گەورەی لەسەر هاوکێشەکان هەیە. بۆیە خەبات دەکات تا کوردستان ببێتە خاوەنی دەسەڵاتی سیاسی و نەتەوەیی خۆی لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا. ئەمە هەم ویستی گشتیی نەتەوەی کورده لە ئێران و هەم بەرنامە و دروشمی نەگۆڕی حیزبی دێموکراتە تا مافە نەتەوایەتییەکانی نەتەوەکەمان دەستەبەر بکرێن.

خەزەڵوەری ٢٧٢٦

جگە لەمەش، ڕۆژهەڵاتی کوردستان خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیەتی و پێگەیەکی «قائیم بە زات»ی هەیە؛ کەواتە نموونەی پارچەکانی دیکەی وەک باکوور یان ڕۆژاوا، لەگەڵ واقیعی ڕۆژهەڵات یەک ناگرنەوە و لەبارەی عەمەلییەوە ناگونجێن. ئەگەر بەراوردێک بکەین، مۆدێلی باشووری کوردستان لە عێراقدا گونجاوترین ئەزموونە کە لەگەڵ پێکهاتە، تایبەتمەندی و واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا یەک دەگرێتەوە.

تەوەرەی شەشەم: ڕێککەوتنی ئەمنیی نێوان عێراق و ئێران و دۆخی بارەگاکان

هەر لەو کاتەدا کە باڵیۆزی ئێران لە بەغدا باسی لەوە کرد گوایە لەگەڵ عێراق لەسەر چۆنیەتیی هەڵسوکەوت لەگەڵ هێزەکانی ڕۆژهەڵات ڕێککەوتوون، وتەبێژی وەزارەتی بەرگریی عێراق دەستبەجێ ئەو قسانەی بەدرۆ خستەوە و ڕایگەیاند کە کۆبوونەوەکە تەنیا بۆ پرسی پاراستنی سنوورەکان بووە و هیچ بابەتێکی تر نەهاتووەتە گۆڕێ. جگە لەمەش، تا ئێستا هیچ لایەنێکی فەرمیی عێراقی یان حکوومەتی هەرێمی کوردستان پرسێکی ئاوایان لەگەڵ ئێمە باس نەکردووە.

وەک ئاگادارن، لە ساڵی ٢٠٢٣دا ڕێککەوتننامەیەکی ئەمنی لە نێوان عێراق و ئێراندا واژۆ کراوە. ئەوەندەی پەیوەندی بە حکوومەتی عێراق، حکوومەتی هەرێمی کوردستان و هێزە کورد‌ییەکانەوە هەبووە، بە تەواوی جێبەجێ کراوە؛ لەو کاتەوە تا ئێستا هیچ پێشێلکارییەک لە سنوورەکانی هەرێمی کوردستان و عێراقەوە ڕووی نەداوە و خودی حکوومەتی عێراقیش تەواو پێوەی پابەند بووە.

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، وڵاتانی ناوچەکە، بەغدا و هەولێریش زۆر باش دەزانن کە ئەوە تەنیا ڕێژیمی ئێرانە کە پابەندی بەڵێنەکانی نەبووە. کەواتە ئەو داواکارییانەی تاران دەیانوروژێنێت، بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان ناڕەوا، نایاسایی و ناعەمەلین؛ جێبەجێ ناکرێن و ئێمەش هەرگیز قبووڵیان ناکەین.

١٤ی خەزەڵوەری ٢٧٢٦

ئێمە چۆن خۆمان پێناسە دەکەین؟





حەسەن شێخانی

یەکەم: چەمکەکان و دەستەواژەکان و پێناسەکان دابڕاو نین لە بەستێنی کۆمەڵایەتی، کولتووری و سیاسی؛ هەڵقووڵاوی بەستێنی جیاواز و جۆراوجۆرن. هەرکامیان ژینگەیەک نوێنەرایەتی دەکەن یان مۆرک و تایبەتمەندیی ژینگەیەکیان پێوە دیارە. بە واتایەکی دیکە هەرکامیان ڕەچەڵەکێکیان هەیە و بە شێوەیەکی ئۆرگانیک بەو زەمین و فەزایەی تێیدا سەریان هەڵداوە یان لێی هەڵقووڵاون، گرێ دراون. چەمکەکان لەنێو خۆیاندا ئیزۆلە نین و پاشخان و ڕەچەڵەک و بەستێنێکیان

هەیە؛ گشتی و ڕەها و بانمێژوویی و مێتافیزیکی نین؛ باکگراوندێکیان هەیە و لە بنەڕەتدا ڕووبان لە فەزا و بەستێنی دیاریکراوە و بە پێی زەمەن و بەستێنەکان تازە دەبنەوە، دەگۆڕێن و تێگەیشتن لێیان ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت.

دووهەم: چەمکەکان و دەستەواژەکان و پێناسەکان بەرهەمی بیری مرۆڤەکان و بیرمەندانی کۆمەڵگەن. بیرمەندانی کۆمەڵگە لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئاریشەکان و پرسەکانی کۆمەڵگە، تێڕامان و بیرکردنەوەکانیان دەخەملێنن و تیۆریزە دەکەن و، چەمک و تێز و تیۆریی گونجاو، کە وەڵامدەری ئەو پرسانە بێت، فۆرموولە دەکەن و دێننە ئاراوە. واتا لە کاتی بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ هەر چەمک و تیۆرییەک، ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە کە لە کوێ سەری هەڵداوە و بۆ وەڵامدانەوە بە کام پرسی شوێنی هاتنەئارای خوڵقاوە؟ ئەگەر وا نەکەین، ئەوە مامەڵەکەمان لەگەڵیان، مامەڵەیەکی بانشوێن و بانکاتی دەبێت.

سێهەم: چەمک و دەستەواژە و پێناسەکان ڕەها و بەری نین لە بەرژەوەندی و دەسەڵات. میشێل فوکۆ، فیلسووفی فەرەنسی، زۆر جوان پێوەندیی نێوان مەعریفە و دەسەڵات و ڕەوایی شی کردووەتەوە و بەرگی حەقیقەتی ڕەهای لێ داماڵیون و بە چەمکی «ڕێژیمی حەقیقەت» شیکاری و شرۆڤەیان دەکات؛ بەو مانایەی کە نابێت لەگەڵ چەمکەکان لە بیاڤی مەعریفەشدا وەک ڕاستیی ڕەها کە بۆ هەموو سەردەم و هەلومەرجەکان گونجاون، مامەڵە بکەین. لەپشت چەمک و تیۆرییەکان، بەرژەوەندی و دەسەڵات خۆی مەڵاس داوە؛ پێوەندییەکانی دەسەڵات چەمکەکان شکڵ دەدەن یان لە شکڵگرتنیاندا کاریگەر و بەشدارن. بە گوتەی نیچە، فیلسووفی ئاڵمانی، مرۆڤەکان ئیرادەی ڕوو لە دەسەڵاتیان هەیە و لێگەڕین و هەوڵەکانیان لەم پێناوەدا دەخەنە گەڕ. مرۆڤەکان ڕوانگە و ئاسۆی ڕوانینیان هەیە و هەموو هەوڵ و هەنگاو و داهێنانەکانیان لە پێناو ویست و ئیرادەی خۆیاندا دەخەنە گەڕ.

چوارەم: ئەگەر ئەمەی فوکۆ دەیڵێت لە بیاڤی مەعریفەدا ڕاست بێت، لە بیاڤی سیاسەتدا ڕاستتریشە. سیاسەت لە بنەڕەتدا بە وشەکان، دەستەواژەکان، چەمکەکان و پێناسەکانەوە دەست پێ دەکات. بۆیە زۆرترین گەنگەشە لەسەر بەکارهێنانی چەمکەکان و پێناسەکان دەبینرێت؛ هەرکامیان ڕوانگە و گۆشەنیگا و بەرژەوەندییەکیان لەپشتە. دروست نییە تۆ بێ تێڕامان و دیتنی ئەو شتانەی لەپشت چەمکەکانن، دووپاتیان بکەیتەوە و بەکاریان ببەیت، بەتایبەت ئەو چەمک و پێناسانەی کە بۆ تۆ وەک بوونێکی بەکۆمەڵ دەکرێن. ئەویتر لە ڕوانگە و بەرژەوەندیی خۆیەوە تۆ دەخوێنێتەوە و پێناسە دەکات.

پێنجەم: ئەم پرسیارە کە ئێمە چین و کێین؟ چۆن خۆمان پێناسە دەکەین؟ پرسیارێکی بوونناسانەیە. ئەم پرسیارە شێوازی

مامەڵەی خۆت لەگەڵ خۆت و شێوازی مامەڵەی ئەویتر لەگەڵ تۆ دیاری دەکات؛ دیاری دەکات کە بەپێی ئەو پێناسەیە دەتوانیت داوای چی بکەیت و سنووری داواکاری و مافەکانت چییە و تا کوێیە. چۆنیەتیی خۆپێناسەکردنت، سنووری داواکاری و مافەکانت دیاری و ڕەنگڕێژ دەکات. چ چەمکێک بۆ پێناسەی خۆمان بەکار دەبەین، گرنگییەکی لەڕادەبەدەر و بنەمایی هەیە. ئێمە بەو چەمکانەی کە بۆ پێناسەکردنی خۆمان بەکاریان دەبەین، خۆمان دەخوڵقێنین؛ چەمکەکان و وشەکان و بەگشتی زمان خوڵقێنەرە. چۆن خۆت ببینی و خۆت پێناسە بکەیت، ئەوەیت.

خاڵێکی بنەڕەتیی تر ئەوەیە کە دەبێت خۆت، خۆت پێناسە بکەیت؛ ئیجازە نەدەیت ئەویتر پێناسەت بکات و تۆش لە دەلاقەی ئەوەوە خۆت ببینی و مانا بکەیتەوە. ڕاز و فەلسەفەی مرۆڤ لە ئازادبوونیدایە؛ لەوەدایە کە سوژەیەکی سەربەخۆ بێت و لە پێگە و ڕوانگەی خۆیەوە خۆی پێناسە بکات و، ڕێگە نەدات ببێتە ئۆبژەی ئەویتر کە دەیناسێت و پێناسەی دەکات. واوەتر لەوەش، کار بکات بۆ ئەوەی ئەو پێناسەیەی کە بۆ خۆتی دەکەیت، بیسەپێنیت و لەلایەن ئەویتریشەوە بە فەرمی بناسرێت. ئەمە ڕاستەقینەترین خەباتە. ئەمە خاڵی دەستپێکە. خەباتی هەر مرۆڤێک و هەر نەتەوەیەک لێرەوە دەست پێ دەکات؛ لە خۆناسین و خۆپێناسەکردنەوە، لە چییەتیی خۆمان وەک تاک و کۆمەڵەوە، لەوەوە کە ئێمە هەین و چین. چییەتییەکەش خۆمان وەک سوژەیەکی سەربەخۆ دیاری دەکەین.

شەشەم: وەڵامی ئەم پرسیارە کە چۆن خۆمان پێناسە دەکەین، ئەسڵ و بنەمای خەباتی ئێمە پێک دێنێت. ئەم پێناسەیە، پێناسەی خەباتیشمانە. وەڵامی ئەم پرسیارە، بوونناسی و ئۆنتۆلۆژیی ئێمەیە، چییەتیی ئێمەیە؛ هەر بەم پێیەش بوونناسی و ئۆنتۆلۆژی و چییەتیی خەباتیشمانە. وەڵامی ئەم پرسیارەیە کە ڕوونی دەکاتەوە و دیاری دەکات کە گەلۆ خەباتی ئێمە، خەباتێکی ڕزگاریخوازانەیە یان نا؟ واتە وەڵامی ئێمە جۆر و چەشنی خەباتەکەمان و، سنوور و چوارچێوەی خەباتەکەشمان دیاری دەکات؛ نەک ئەوە بەتەنیا، بەڵکوو خۆشمان دەئافرێنێت و دەخوڵقێنێت.

ئەگەر ئێمە خۆمان وەک نەتەوەیەکی جیا و سەربەخۆ پێناسە بکەین کە وەک هەموو نەتەوەکانی دیکە، مافی دیاریکردنی چارەنووس و مافی سەروەریی نەتەوەییمان هەیە، لەو حاڵەتەدا خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافەکانمان، دەبێتە خەباتێکی ڕزگاریخوازانە. بەبێ ئەم پێناسەیە، خەباتیش پێناسەی ڕزگاریخوازی وەرناگرێت. بوونمان و چییەتیی بوونمان و چۆنیەتیی خۆپێناسەکردنمان، چییەتیی خەباتیشمان دیاری دەکات. هەموو شتێک لەم ئەسڵ و بنەمایەوە وەک زنجیرەیەک کە ئەڵقەکانی بە شێوەیەکی چارەهەڵنەگرانە بەدوای یەکدا دێن، سەرچاوە دەگرێت. بۆ هەڵسەنگاندنی هەر خەباتێک،

سەرەتا دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەم ئەسڵ و بنەما بوونناسانەیە، لەوێوە دەست پێ بکەین و ئەڵقە لەدوای ئەڵقە شیی

بکەینەوە:

ئەلف) حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەرەتاوە لەسەر ئەم بنەمایە دامەزراوە: کورد وەک نەتەوەیەکی خاوەن مافی دیاریکردنی چارەنووس و سەروەریی نەتەوەیی دەبینێت. ئەمە بەردی بنەمای حیزبی دێموکراتە کە لە کۆمەڵەی ژێکافەوە دانراوە و هەتا ئێستا وەک بنەمایەکی نەگۆڕ ماوەتەوە. ئەمە ئەسڵێکی نەگۆڕە؛ پێناسەبەخشە، دیاریکەرە، ئاراستەبەخش و قوتبنمای خەباتمانە، ئاسۆی ڕوانینمانە و جیامان دەکاتەوە لەو ڕەوتانەی خاوەنی ئەم ئەسڵە نین یان قبووڵیان نییە و وەها پابەندییەکیان نییە؛ ئەو ڕەوتانەی کورد وەک نەتەوە پێناسە ناکەن و نابینن، بەڵکوو وەک قەوم، کەمەنەتەوە، گرووپی کولتووری و دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی پێناسەی دەکەن.

ب) ئەم ئەسڵە بۆ حیزب خەسڵەتێکی وجوودی و بوونناسانەی هەیە؛ حاشاکردن لەم ئەسڵە، ڕەتکردنەوەی حیزبی دێموکراتە؛ لابردنی ئەم بەردی بنەمایە، ڕووخان و هەڵوەشانەوەی حیزبی دێموکراتی لێ دەکەوێتەوە. ئەم ئەسڵ و بنەمایە، پێناسە و ناسنامەی حیزبی دێموکراتە؛ لەو کاتەوە کە دامەزراوە هەتا ئێستا پاراستوویەتی و نەک هەر بە ئامانجی نەهێشتنی، دەستی لێ نەداوە، بەڵکوو لەسەر ئەم بنەمایە و لە درێژەیدا هەنگاوی ناوە و پتەوتریشی کردووە؛ بە خەبات و قوربانیدان ڕوونی کردووەتەوە و جێی خستووە و پەردی پێ داوە و کۆمەڵگەشی لەسەر ئەم بنەمایە ڕاهێناوە و ئاراستە کردووە. ئەوەی ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە دواییین نموونەیدا لە ساڵیادی کۆچی دوایی جەلال مەلەکشادا بینیمان، بەڵگەی سەلمێنەری ئەم ڕاستییەیە؛ ئەوەی کە کۆمەڵگە لە ئاستێکی فراواندا کردوویەتە قوتبنمای خۆی و لەم ئاسۆیەوە دەڕوانێتە پرسەکەی و خۆی و ئەویتر.

ج) لە بەرامبەردا دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا و، لەم نێوەدا دەوڵەتی ئێران و نەتەوەی سەردەستی فارس، کورد وەک نەتەوە نابینن و بە چەمکی «قەوم» پێناسەمان دەکەن؛ شوناسێکی سەربەخۆمان بۆ قائیل نین و بە بەشێک لە نەتەوەی ئێرانیمان دەزانن و دەیانەوێت ئەنتێگرەمان بکەن. ئەوان کاتێک نەتەوەبوونمان ڕەت دەکەنەوە، ئەگەر مافیشمان بۆ قائیل بن، لە هەندێک مافی کەم و سنووردار تێناپەڕێت؛ چونکە دەزانن ئەگەر دان بە نەتەوەبوونماندا بنێن، دەبێت ئیعتراف بە هەموو ئەو مافانەشدا بکەن کە نەتەوەیەک هەیەتی. ئەوان کە نەتەوەبوونمان ڕەت دەکەنەوە بۆ ئەوەیە کە مافی دیاریکردنی چارەنووس و مافی سەروەریی نەتەوەییمان پێ ڕەوا نەبینن.

وشەکان، چەمک و پێناسەکان گرینگن، بوونساز و ناسێنەرن؛ بۆیە دەبێت هەر چەمکێک لە جێی خۆیدا بەکار بهێنرێت و لە ڕیزکردنی چەمکی جیاواز بەدوای یەکدا کە نێوئاخن و مانا و چییەتییەکی جیاوازیان هەیە، خۆ ببوێرین. نابێت لە

دەلاقەی ئەویتری سەردەستەوە کە دەیەوێت سەردەستییەکەی بپارێزێت و جێگیری بکات لە خۆمان بڕوانین؛ پێناسەی ئەوان بۆ ئێمە لە پێناو بەرژەوەندی و پاراستنی سوڵتە و سەردەستیی خۆیاندایە؛ خۆمان، خۆمان پێناسە بکەین و بە ئەدەبیات و چەمک و چوارچێوەی مەفهووومی و مانایی خۆمان، باس لە خۆمان بکەین و خۆمان بناسێنین.

د) ڕاستە حیزبی دێموکرات لە سەردەمێکدا داوای خودموختاریی دەکرد و ئێستاش داوای فیدرالێزم، بەڵام هەرگیز ئەم ئەسڵەی کە «کورد نەتەوەیەکی خاوەن مافی دیاریکردنی چارەنووسە» وەلا نەناوە، بگرە جێگیرتریشی کردووە. ئەمەیە کە ئێمە لەو ڕەوتانەی داوای چەشنێک «خۆبەڕێوەبەریی ئیداری»، لە غیابی ئەم ئەسڵەدا، دەکەن جیا دەکاتەوە.

ئێمە هەڵومەرج، فاکتەرە نێوخۆیی و دەرەکییەکان و هاوکێشە ژێئۆپۆلیتیکییەکانمان لەبەرچاو گرتووە و، بە ڕەچاوکردنی ئەمانە، لە قۆناغێکدا مافی دیاریکردنی چارەنووسمان لە فۆرمی خودموختاریدا داوا دەکرد و ئێستاش لە فۆرمی فیدرالێزمدا؛ بەڵام ئەسڵی پرسەکەمان وەک خۆی هێشتووەتەوە و کردوومانەتە ئاسۆی ڕوانین و قوتبنمامان. لێرەوەیە کە ئێمە هەرچەندە داوای فیدرالێزم لە چوارچێوەی جوغرافیای ئێراندا دەکەین، بەڵام ئەم سنوورانەی ئێستا هەن، بە ئەزەلی و ئەبەدی نازانین؛ ئەمانە سروشتی نین، دروست کراون، لە ئەنجامی زۆرداری و هاوکێشەگەلێکدا کێشراون و، دەکرێت گۆڕانیشیان بەسەردا بێت. ئێمە پابەندی ئەسڵی بنەمایی پرسەکەمانین، پابەندی مافەکانمانین؛ ئەوەی بۆ ئێمە ئەسڵە، مافی ئێمەیە و، خەباتە بۆ وەدیهێنانی.

هـ) ئێرانیش بە فرەنەتەوە دەزانین. لەم سۆنگەیەوە پێمان وایە ئەم دەسەڵات و سیستەمەی کە هەیە، دەسەڵات و سیستمێکی تاکشوناسییە و لەسەر بنەمای تاکەشوناسیی فارس و ڕەتکردنەوەی شوناسی نەتەوەکانی دیکە بنیات نراوە. سیستمێکە لەسەر بنەمای نایەکسانی، زوڵم و زۆرداری و چەوساندنەوەی کورد و نەتەوەکانی دیکە دامەزراوە. بۆیە ئێمە داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەم سیستمە و دامەزراندنی سیستمێکی ناناوەندی دەکەین کە هەموو نەتەوەکان وەک یەک تێیدا بەشدار و خاوەنی سەلاحیەت و سەروەری بن. ئێمە بەم سیستمە کە لەسەر بنەمای نایەکسانی دامەزراوە پەیوەست و تێکەڵ نابین؛ ناچینە نێوی و، بە یاسا و ڕێساکانی ئەم سیستمەش کار ناکەین. ئەم سیستم و دەوڵەتە نابێت وەک خۆی بمێنێتەوە، بەڵکوو دەبێت هەڵوەشێتەوە و سەرلەنوێ دابڕێژرێتەوە. ئەوەی ئێمە داوای دەکەین، ڕادیکاڵ و پێکهاتەییە؛ پێکهاتەی زاڵ دەشکێنین و پێکهاتەی تر بنیات دەنێین. پێکهاتەشکێنین؛ ڕادیکاڵ، شۆڕشگێڕ و ڕزگاریخوازین. ناچینە نێو سیستمێک کە وەک نەتەوە نەفیمان دەکات، بەڵکوو کار دەکەین بۆ هەڵوەشاندنی و دامەزراندنی سیستمێک کە لەسەر بنەمای یەکسانیی نەتەوەکان دادەمەزرێت.

خەزەڵوەری ٢٧٢٦

هەموو ئەمانەش لە پرسیاری ئەم نووسینە و وەڵامەمەکەی دەکەونەوە؛ لێکەوتەکانی ئەم پرسیارە جەوهەری و وەڵامەکەیەتی. چۆنیەتیی خۆپێناسەکردنمانە کە مافەکانمان پێناسە دەکات و سنووری داواکانمان دیاری دەکات. چۆنیەتی و جۆری وەڵامدانەوە بەم پرسیارەیە کە ڕەوتەکان لێک جیا دەکاتەوە؛ یار و نەیارمان بۆ هەڵداوێرێ؛ بەرەی خۆیی و بەرامبەر و دژمان، لێک جیا دەکاتەوە؛ سنووربەندی دەکات و وەک هێڵێکی جیاکەرەوەی لێبڕاو ڕۆڵ دەگێڕێت.

شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە ئەو کەسەیە کە خۆی، خۆی پێناسە دەکات و تەسلیمی پێناسەی ئەویتری خۆسەپێن نابێت؛ ڕێگە نادات ببێتە ئۆبژەی ئەویتر؛ خۆی سوژەیە و بە هیچ پێکهاتەیەک کە خۆی لە داڕشتنیدا بەشدار نەبێت و خۆی تێدا نەبینێتەوە، پەیوەست و ئەنتێگرە نابێت.

١٥ی خەزەڵوەری ٢٧٢٦

د. کامران ئەمین ئاوە: ڕۆژنامەی کوردستان لە باکۆ مەشخەڵی بەردەوامیی کۆمار بوو



بەشی دووهەم و کۆتایی

وتوویژ: شەهرام سوبحانی

ئاماژە:

بە بۆنەی چاپ و بڵاوبوونەوەی کتێبی نوێی لێکۆڵەر د. کامران ئەمین ئاوە لەژێر ناونیشانی «ڕۆژنامەی کوردستان چاپی باکۆ (١٩٤٧ - ١٩٦١)»، کە هاوکاتە لەگەڵ ٨٠ ساڵەی تەمەنی ڕۆژنامەی «کوردستان» (ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران)، ئەم وتوویژە لەگەڵ بەڕێزیان ئەنجام دراوە. لەم گفتوگۆیەدا تیشک دەخرێتە سەر مێژووی ١٤ ساڵ تێکۆشانی ڕۆژنامەوانی و سیاسیی ئەو قۆناغە کەمتر ناسراوەی ڕووناکبیرانی کورد لە تاراوگە، ڕەهەندە فیکری و تەشکیلاتییەکانی ڕۆژنامەکە لە باکۆ و، کاریگەری و پێوەندییەکانی لەگەڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

شەهرام سوبحانی: لە بواریکی ئاکادێمی و تێئۆریکدا، نووسەرانی ڕۆژنامەی کوردستان (وەکو د. عەلی گەلاوێژ، د. ڕەحیم قازی و د. کەریم ئەیووبی) چۆن هەوڵیان داوە مارکسیزم – لێنینیزم لەگەڵ واقعییەتی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا بگونجێنن و، شرۆڤەی ئەوان بۆ «پرسی نەتەوەیی» و جیاوازیی خەباتی چینایەتی و نەتەوەیی لە کوردستاندا چی بوو؟

د. کامران ئەمین ئاوە: بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، دەتوانین پشت بە یەکێک لە نووسراوەکانی عەلی گەلاوێژ ببەستین، کە بە ناونیشانی «ڕێزە مەبەستێک لەمەڕ بەرەبەرەکانی ڕزگاریی نەتەوەیی خەڵکی کورد لە کوردستانی داگیرکراوی ئێرانـدا» لە ژمارەکـانی ١٠٩٠ تـا ١٠٩٧ی ڕۆژنـامەدا لە سـاڵی ١٣٣٧ - ١٩٥٨ بـڵاو کـراوەتەوە. ئەم نووسـراوەیە، لە ڕووی ئێوەڕۆک و ئاراستەی فکرییەوە،

چەند بنەمای سەرەکیی بیرکردنەوەی سیاسیی گەلاوێژ لەبارەی پرسی کورد و ئەرکی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕوون دەکاتەوە:

یەکەم: گەلاوێـژ جەخت لەوە دەکـاتەوە کە گۆڕانکـاری لە دەسـەڵاتی ناوەنـدیی ئێـران و دێموکراتیـک بـوونی حکـوومەت، بە تەنیـا ناتوانێـت پرسـی کـورد چارەسـەر بکـات؛ چـونکە بنەمـای سـەرەکیی ئەم پرسـە، مـافی گەلـی کـوردە بـۆ دیـاریکردنی چارەنووسی خۆی و گەیشتن بە دەسەڵاتی نەتەوەیی. بۆیە، چارەسـەری پرسـی کـورد پێویسـتی بە وەڵامدانەوەیەکی بنەڕەتـی بە داواکارییە نەتەوەییەکانی ئەم گەلە هەیە، نەک تەنیا گۆڕینی شێوەی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی ناوەندی.

دووەم: لە ڕوانگەی گەلاوێـژەوە، خەبـاتی گەلـی کـورد لە بنەڕەتـدا خەبـاتێکی نەتەوەیـی و ڕزگـاریخوازانەیە، نەک تەنیـا خەباتێکی چینایەتی. لەبەر ئەوە، بەشداریی تەواوی چین و توێژەکـانی کـۆمەڵگەیی کوردسـتان لە بـزووتنەوەی نەتەوەییـدا گرنگییەکـی بنەڕەتـی هەیە. ئەم تێگەیشـتنە پـێچەوانەی ئەو هەڵوێسـتەیە کە خەبـاتی سیاسـی تەنیـا بە چیـنە زەحمەتکێشـەکانەوە سـنووردار بکـات یـان بەهـۆی جیـاوازیی چینـایەتی، بەشـێک لە کـۆمەڵگەیی کوردسـتان لە خەبـاتی نەتەوەییدا بەشداریی پێ نەکرێت. لەبەر ئەوە، حیزبی دێموکراتی کوردستان دەبێت هەڵوێست و سیاسـەتێک بگرێتەبەر کە یەکگرتوویی نەتەوەیی بپارێزێت و ڕێگا بۆ بەشداریی هەموو توێژەکانی کۆمەڵگە بخاتەڕوو.

سـێیەم: یەکێـک لە بنەمـا گرنگەکـانی بیرکـردنەوەی سیاسـیی گەلاوێـژ، پێویسـتیی بـوونی ڕێبەرایەتییەکـی نەتەوەیـی و سەربەخۆ بۆ خەباتی گەلی کوردە. بە بۆچوونی ئەو، گەلی کورد دەبێت لە ژێر ڕێبەریی حیزبی سیاسیی نەتەوەیی خۆیدا بـۆ گەیشـتن بە ئامانجەکـانی خەبـات بکـات، نەک ڕێبەرایەتیـی ئەو خەبـاتە بسـپێرێت بە حیزبێکـی سەرانسـەریی ئێرانـی و ڕێبەرایەتییەکی سیاسیی فارسمێحوەر. ئەمەش بە مانـای ڕەتکـردنەوەی هاوکـاریی سیاسـی و فیکـری لەگەڵ حیزبەکـانی تـر نییە؛ بەڵکوو مەرجی ئەو هاوکـارییە، پاراسـتنی سـەربەخۆیی ڕێکخراوەیـی و سیاسـیی حیزبـی کـوردییە. بەم پێیە، حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتان، تەنـانەت ئەگەر لە ڕووی فیکـرییەوە خـۆی بە مارکسـیزم - لێنینیسـمیش پابەنـد بزانێـت و لەگەڵ حیزبەکانی تری هاوبیر هاوکاری بکات، دەبێت سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت و ڕێبەرایەتیی خەباتی نەتەوەیی کورد لە

دەستی خۆیدا بهێڵێتەوە.

چوارەم: گەلاوێژ خەباتی کورد لە هەرچوار بەشی کوردستاندا بە پڕۆسەیەکی پەیوەست و بەیەکەوە گرێدراو دەبینێت. لەو تێڕوانینەدا، ڕووداو و گۆڕانکارییە سیاسییەکان لە هەر بەشێکی کوردستان دەتوانن کاریگەری لەسەر بەشەکانی تریش دابنێن. بۆیە، تێگەیشتن لە پرسی کورد پێویستی بە تێڕوانینێکی فراوانتر هەیە کە سنوورە سیاسییەکانی نێوان بەشەکانی کوردستان بە سنووری تەواو جیاکەرەوە لە نێوان چارەنووسی ئەم گەلەدا نەبینێت.

پێنجەم: لە کۆی ئەم بنەمایانەوە، ڕۆڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک ڕێبەرایەتیی سیاسیی خەباتی نەتەوەیی گەلی کورد دیاری دەکرێت. بەپێی ئەم تێگەیشتنە، ئەرکی حیزب تەنیا ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی چالاکییە سیاسییەکان نییە؛ بەڵکو بریتییە لە نوێنەرایەتیی خواست و ئامانجە نەتەوەییەکان، یەکخستنی هێز و تووێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە و پاراستنی سەربەخۆیی بڕیاری سیاسیی کورد. بەم شێوەیە، حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک ئامرازی سیاسیی گەلی کورد بۆ گەیشتن بە ماف و ئامانجە نەتەوەییەکانی خۆی دەردەکەوێت.

بەگشتی، ئەم نووسراوەیەی گەلاوێژ ڕوانگەیەکی سیاسی پێشان دەدات کە تێیدا وێرای پابەندیی بە بیری مارکسیستی، ڕزگاریی نەتەوەیی لە پێشەوەی خەباتی چینایەتیدایە، بەشداریی هەموو تووێژەکانی کۆمەڵگە پێویستە، سەربەخۆیی حیزبی و ڕێبەرایەتیی نەتەوەیی دەبێت بپارێزرێت و خەباتی کورد لە هەرچوار بەشی کوردستاندا بە پەیوەست و هاوکاریی نێوانیانەوە هەڵبسەنگێندرێت. ئەم بنەمایانە لەگەڵ یەکتری، چوارچێوەیەکی فیکری و سیاسی پێک دەهێنن بۆ تێگەیشتن لەوەی کە بۆچوونی گەلاوێژ لەبارەی ئەرک و شوێنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو سەدەمەدا لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی چۆن بووە.

شەهرام سوبحانی: ڕەهەندێکی تری گرنگی ئەم ڕۆژنامەیە، گرنگیدان بە ئەدەب، زمان و ناساندنی کەسایەتیە مەزنەکانی وەک مامۆستا هەژار، هێمن و نالی بوو. ئایا پێوەندیی نێوان نووسەرانی باکۆ و هۆنراوە و نووسراوەکانی نێوخۆی کوردستان لەو فەزا تونـد و ئەمنییەی سەردەمی شای ئێراندا چۆن ڕێک دەخرا و نامە و بەرهەمەکان بە چ ڕێگەیەک دەگەیشتنە دەست دەستەی نووسەران؟

د. کامران ئەمین ئاوە: بەپێی ئەو بابەتانەی لە ڕۆژنامەی «کوردستان»دا بڵاو بوونەتەوە، دەردەکەوێت کە دەستەی نووسەرانی ئەم ڕۆژنامەیە، نەک تەنیا ئاگاداریی ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون، بەڵکوو چاودێریی گۆڕانکارییەکان و چالاکییە فەرهەنگی و سیاسییەکانی بەشەکانی تری کوردستانیشیان کردووە. ئەم ئاگادارییە،

تا ڕادەیەکی بەرچاو، لە ڕێگەی پێوەندییەکانیان لەگەڵ کوردانی ڕۆژهەڵاتیی دانیشتووی باشووری کوردستان وەک ئەحمەد تۆفیق و بەشەکانی تری کوردستانەوە بەدەست هاتووە؛ بەتایبەتی ئەو کوردانەی لە باشووری کوردستانەوە بۆ خوێندن یان هاتووچۆ ڕوویان لە یەکیەتیی سۆڤیەت دەکرد. ئەم پێوەندییانە دەرفەتیان بۆ نووسەرانی ڕۆژنامە ڕەخساندبوو کە لە نزیکەوە ئاگاداریی گۆڕانکارییە سیاسییەکان و چالاکییە فەرهەنگییەکانی باشووری کوردستان بن و بەشێک لەو بابەتانە لە ڕۆژنامەکەدا ڕەنگ بدەنەوە.

لە هەمان کاتدا، پێوەندیی نووسەرانی ڕۆژنامەی «کوردستان» لەگەڵ کوردانی نیشتەجێی سۆڤیەت و ئەو کەسانەی لەو وڵاتەدا دەرسیان دەخوێند، ڕۆڵێکی گرنگی لە فراوانکردنی ئاسۆی بابەتەکانی ڕۆژنامەکەدا هەبوو. بۆ نموونە، هەندێک لە بابەتەکانی د. ڕەحیم قازی، د. عەلی گەلاوێژ و د.عەبدولڕەحمان قاسملوو کە لە پراگ دەژیا، لە گۆڤاری *«ئازادی»*ی سەر بە حیزبی شیوعی عێراق لە کوردستان بڵاو دەبوونەوە، یان بابەتەکانی گۆڤارەکانی باشووری کوردستان لە ڕۆژنامەی کوردستان دەخرانە بەر باس و بڵاو دەکرانەوە. ئەم جۆرە پێوەندییانە، بەتایبەتی لە نیوەی دووەمی دەیەی ١٩٥٠دا، بەرچاوتر دەبن و نیشانەی فراوانبوونی پێوەندییە فکری و ڕۆژنامەوانییەکان لە نێوان کوردانی بەشە جیاوازەکانی کوردستان و ئەوانەی لە دەرەوەی وڵات دەژیان، بوون.

بەگشتی، پێوەندیی نووسەرانی ڕۆژنامەی «کوردستان» لەگەڵ کوردانی بەشەکانی تری کوردستان و کوردانی نیشتەجێی یەکیەتیی سۆڤیەت، یەکێک لەو هۆکارانە بووە کە کاریگەریی لەسەر جۆری بابەتەکان، سەرچاوەی زانیارییەکان و ئاراستەی فەرهەنگی و سیاسیی ڕۆژنامەکە داناوە. ئەم پێوەندییانە ڕۆژنامەکەیان لە چوارچێوەیەکی تەنیا نێوخۆیی دەرهێناوە و وایان کردووە کە گۆڕانکارییەکان و چالاکییەکانی کورد لە شوێنە جیاوازەکاندا، لە بابەتەکانی ڕۆژنامەکەدا ڕەنگدانەوەیان هەبێت.

شەهرام سوبحانی: کۆتاییهاتنی ژیانی ١٤ ساڵەی ڕۆژنامەی کوردستان لە بەهاری ١٩٦١- دا چۆن ڕوویدا؟ ئایا ڕاگرتنی چاپی ئەم ڕۆژنامەیە لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەی ئازەربایجان، تەنیا بڕیارێکی تەکنیکی بوو یان دەرئەنجامی تێکەڵکردن و یەکگرتنی حیزبی تودەی ئێران و فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان و سەرکوتکردنی دەنگی سەربەخۆی کورد بوو لەلایەن ناوەندە گەورەکانەوە؟

د. کامران ئەمین ئاوە: هەرچەند لە سەرەتای دەستپێکی وتووێژەکان بۆ پێکهێنانی تاقە حیزبی کرێکاری لە ئێران لە ئەیلوولی (ئۆقتۆمبەری) ساڵی ١٩٥٤دا، ڕێبەریی حیزبی تووەی ئێران و فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان، تەنانەت لەسەر پێشنیار و ڕێنوێنیی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتیی سۆڤیەت، لەسەر بەشداریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕەوتی پێکهێنانی تاقە حیزبی کرێکاری مارکسیستیی ئێراندا کۆک بوون، بەڵام لە کۆتاییدا ئەم یەکگرتنە بێ بەشداریپێدانی

نوێنەرانی کورد سەری گرت. دوای یەکگرتنی حیزبی تووەدی ئێران و فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان، لە ساڵی ١٣٣٩ی هەتاوید بە دەستووری ڕێبەریی حیزبی تووەدی ئێران، بڵاوکردنەوەی لاپەڕە کوردییەکەی «کوردستان» وەستێنرا و دوا ژمارەی کوردستان (١٣٣٧) وەک ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ژمارەی ١٣٣٨ـی (١٧٣٩) ڕۆژنامەی «آذربایجان» (ڕێکخراوی ئازەربایجانیی حیزبی تووەدی ئێران) ڕێکەوتی ٧ی بانەمەڕی ١٣٤٠دا (٢٦ی نیسانی ١٩٦١) بڵاو بووەوە.

حیزبی تودەی ئێران هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ چەشنی هاوکاریی کورد و ئازەرییەکان نەبوو و پێی وابوو ئەم کارە بووەتە هۆی تواندنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نێو فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجاندا و سەرهەڵدانی دۆخێکی سەیروسەمەر و نائاسایی، کە بزووتنەوەی کرێکاریی کوردستان دەخاتە ژێر ڕێبەریی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجانەوە و ئەوەش لەگەڵ بنەماکانی مارکسیزم - لێنینیزمدا هیچ تەباییەکی نییە. هەرچەند ڕێبەرایەتیی حیزبی تووەدی ئێران بڵاوبوونەوەی ئەو لاپەڕەیەی «کوردستان»ی لە چوارچێوەی ڕۆژنامەی «آذربایجان»دا وەستاند، بەڵام یارمەتیی بە چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی «کوردستان» بە سەرنووسەریی دوکتور قاسملوو لە پراگی پایتەختی چێکسلۆڤاکیا دا، کە لە نێوان ڕێبەندان (کانونی دووەم)ی ١٩٦٥ تا خاکەلێوە (نیسان)ی ١٩٧٠، بیستوشەش ژمارەی «کوردستان» چاپ و بڵاو کرایەوە.

شەهرام سوبحانی: چارەنووسی ئەندامانی دەستەی نووسەران و خوێندکارانی کورد کە لەو سەردەمەدا بۆ خوێندن نێردرابوونە سۆڤیەتی یان ئەوانەی نیشتەجێ ڕۆژهەڵاتی ئوروپا بوون چۆن بوو؟ ئایا گەڕانەوەی ئەوان بۆ نێوخۆی ئێران یان عێراق لە داهاتوودا، هیچ گۆڕانکارییەکی لە دیدگای سیاسی و ئاکادێمییەکانیاندا دروست کرد؟

د. کامران ئەمین ئاوە: دوای یەکگرتنی حیزبی تووەدی ئێران و فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان، چالاکیی سیاسی و تشکیلاتیی کوردەکانی دانیشتووی یەکیەتیی سۆڤیەت و چێکسلۆڤاکیا تا سەرەتاکانی دەیەی ١٩٧٠ی زایینی گرێدراوی حیزبی تووەدی ئێران بوو؛ بەڵام لە قۆناغەکانی دواتردا، بەتایبەتی دوای کۆنگرەی سێیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕەزبەری ١٣٥٢ی سێپتەمبری ١٩٧٣ و دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێ لە ژیانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی د. قاسملوو، پەیتاپەیتا ڕەوتی جیاوازیی سیاسی و تشکیلاتی لە نێوان ئەم کەسایەتییانە و حیزبی تووەدی ئێراندا پەرەی سەند. سەرەڕای ئەوەش، هەموویان لە ژێر کاریگەریی بیری چەپی مارکسیستیدا بوون و بەپێی لێکدانەوەی سیاسیی ئەو سەردەمە، باوەڕیان بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد لە چەشنی خودموختاریی کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکدا هەبوو.

لە ڕووی تشکیلاتییەوە، چارەنووسی ئەو کەسایەتییانەش جێگای سەرنجە. لە دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی «کوردستان» لە باکۆ، ڕەحیم سەیفی قازی لە کۆنگرەی دووەم و چوارەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان و سوڵتان وەتەمیشی لە کۆنگرەی

سێیەمی ئەو حیزبە وەک ئەندامی ڕێبەرایەتی هەڵبژێردران. عەلی گەلاوێژ و حەسەنی قزڵجی بوون بە ئەندامی ڕێبەرایەتیی حیزبی تووەدی ئێران. ڕەحمان گەرمیانی، مستەفا شەڵماشی، قادر مەحمودزادە و حەسەن حیسامی، بە پێی زانیارییە بەردەستەکان، لە قۆناغەکانی دواتردا چالاکیی سیاسی و تشکیلاتییەکی بەردەوامیان نەبووە یان بە شێوەیەکی جیاواز لە ڕەوتە حیزبییەکان دوور کەوتوونەتەوە.

دوای شۆڕشی ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧، بارودۆخی سیاسیی ئێران و هەڵوێستەکانی حیزبی تووەدی ئێران لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامی و بزووتنەوەی کوردستاندا، بوو بە هۆی کۆمەڵێک ناکۆکیی جیددی و دابڕانێکی قوواڵ لە پێوەندییەکانی نێوان هەردوو حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی تووەدی ئێران، بەتایبەتی پاش ئینشعابی پێڕەوانی کۆنگرەی چوار.

لە باسکردنی ڕۆڵی عەلی گەلاوێژ لە ڕەوتی ئینشعابی پێڕەوانی کۆنگرەی چواردا، پێویستە لە نێوان هەڵسەنگاندنی سیاسی و بەڵگەی مێژوویی جیاوازی بکرێت. هەرچەندە لە هەندێک لێکدانەوەدا گەلاوێژ بە بەشداری لە ڕێکخستن و پەرەپێدانی ڕەوتی جیابوونەوە تۆمەتبار دەکرێت، بەڵام بەپێی ئەو شایەتییانەی لەلایەن هەندێک لە بەرپرسانی ڕێکخراوی ئیالەتیی حیزبی تووەدی ئێران لە کوردستانەوە گێڕدراونەتەوە، لە کاتی سەرهەڵدانی ئینشعابی پێڕەوانی کۆنگرەی چواردا، گەلاوێژ لە دەرەوەی وڵات و لە ڕۆژهەڵاتی ئەڵمانیا بووە. بیرەوەریی کەسانێک وەک ئیرەجی ئەسکەندەری و زانیارییە گێڕدراوەکانی بنەماڵەی گەلاوێژ، ئەم مەسەلەیە پشتڕاست دەکەنەوە.
لە هەمان کاتدا، گەلاوێژ دوای گەڕانەوەی بۆ ئێران، سەرەڕای ئەوەی گوایە ناڕەزایەتیی خۆی لە ئینشعابەکە دەربڕیوە، بەڵام بەپێی ویستی ڕێبەرایەتیی حیزبی تووەدی ئێران، لە پێوەندییەکی نزیکدا لەگەڵ ڕێبەرانی ڕەوتی پێڕەوانی کۆنگرەی چوار کار و چالاکیی کردووە.

چارەنووسی کۆتاییی ئەم کەسایەتییانە، هەر یەکەیان بە شێوەیەک، ڕەنگدانەوەی ئەو قۆناغە ئاڵۆزەیە کە بزووتنەوەی چەپی ئێران و بزووتنەوەی سیاسیی کورد تێیدا دەژیان. د. عەلی گەلاوێژ و مامۆستا حەسەنی قزڵجی لە زیندانی ئیڤینی تاراندا بە دەستی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی گیانیان لەدەست دا. د. عەبدولڕەحمان قاسملوو لە ڤییەنادا لە ساڵی ١٩٨٩دا لە کاتی گفتوگۆ لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران تیرۆر کرا. د. ڕەحیم قازی، دوای گەڕانەوەی بۆ یەکیەتیی سۆڤیەت، کۆچی دوایی کرد. کاک کەریمی حیسامی، دوای چەند دەیە چالاکیی سیاسی، لە ڕێزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەرکرا و لە سوید بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کرد. هەروەها، د. سوڵتان وەتەمیشی لە یوگسلاڤیا، د. حەسەن حیسامی لە ئەڵمانیا، د. ڕەحمان گەرمیانی و د. مستەفا شەڵماشی لە ڕووسیە، د. قادر مەحمودزادە لە ئێران، مووراد ڕەزمئاوەر لە ئیسپانیا و عەبدوڵا ڕەزمئاوەر لە کۆماری ئازەربایجان کۆچی دواییان کرد. عەزیز شەمزینیش

خەزەڵوەری ٢٧٢٦

بە شێوەیەکی گوماناوی لە حەساری ماڵەکەی لە ورمێدا تێرۆر کرا.

شەهرام سوبحانی: وەک پرسیاری کۆتایی و بۆ هەڵسەنگاندنی ئاکادێمیی ئەم توێژینەوەیە؛ بە رای ئێوە، نووسینەوە و لێکۆڵینەوە لە مێژووی ئەم ڕۆژنامەیە لەم سەردەمەدا، چ پەیام و گرنگییەکی بۆ نەوەی نوێی توێژەران و مێژوونووسانی کورد هەیە لە پێناو ناسینەوەی قۆناغێکی ونبوو و فەرهەنگیی خەباتی کوردی تاراوگەدا؟

د. کامران نەمین ئاوە: ژیانی سیاسیی دێموکراتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان، وەک ژیانی خودی خیزبەکەیان، پڕ بووە لە هەوراز و نشێو و ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگ و تەنگژەی جۆراوجۆر. کار و تێکۆشانی تاکتاکی دێموکراتەکان، لە هەر شوێنێکی جیهان کە بووبێت، پێویستە لە نووسینەوەی مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد بەگشتی و مێژوونووسیی خیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەتایبەتی، وەک لاپەڕەیەکی گرنگ و پڕشنگدار لە مێژووی سیاسیی نەتەوەی کورد لەبەرچاو بگیرێت و بایەخی شایستەیان پێ بدرێت.

بوون و مانەوەی خیزبی دێموکراتی کوردستان، لەگەڵ هەموو هەوراز و نشێوەکانی هەشت دەیەی ڕابردوودا، بەرهەمی فیداکاری، گیانبەختکردن و تێکۆشانی هەزاران تێکۆشەری ئەو خیزبەیە؛ ئەوانەی بێ هیچ چاوەڕوانییەک، ماڵ و گیانی خۆیان کردە قوربانیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لەم ڕەوتە مێژوویەدا، چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی «کوردستان» لە وڵاتە جیاوازەکان، لەوانەش ئازەربایجانی سۆڤیەت، هەنگاوێکی گرنگ بوو بۆ پاراستن و زیندووڕاگرتنی ناو، ناسنامە و تێکۆشانی خیزبی دێموکراتی کوردستان و ڕۆژنامەکەی. ئەو تێکۆشەرانە، سەرەڕای هەموو ئاستەنگ و کەموکوڕییەکان، قەڵەمیان وەک چەکێک بۆ خەبات هەڵبژاردبوو و لە نێو بێدەنگی و بێدەنگکردندا، هەوڵیان دەدا ببنە دەنگی نەتەوەیەک کە نەیدەویست لە مێژوودا لەبیر بکرێت.

لەبەر ئەوە، پێویستە ڕۆژنامەی «کوردستان» لە باکۆ وەک بەڵگەنامەیەکی زیندووی بەرخۆدانی فەرهەنگی و سیاسیی بەشێک لە ڕووناکبیرانی کورد هەڵبسەنگێندرێت؛ ڕووناکبیرانێک کە، بە پشتبەستن بە بیر و هزری مارکسیستی، هەوڵیان دەدا خەباتی نەتەوەیی بەردەوام بێت، ئاستی ئاگایی زانستی، فەرهەنگی و نەتەوەیی بەرز بکرێتەوە و ناو و ڕێبازی خیزبی دێموکراتی کوردستان بپارێزرێت و زیندوو بمێنێتەوە. لەم ڕوانگەیەوە، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە باکۆ تەنیا پەڕەیەک لە مێژووی چاپەمەنیی کوردی نییە؛ بەڵکوو بەشێکە لە مێژووی بەردەوامیی خەباتی سیاسی و نەتەوەیی کورد و خیزبی دیموکراتی کوردستان و هەوڵی ڕووناکبیران بۆ پاراستنی ناسنامە و بیرەوەریی نەتەوەیی.

١٦ی خەزەڵوەری ٢٧٢٦

شەڕ، قەیرانی ئابووری و بەرەنگاربوونەوەی نێوخۆیی، ڕێژیمی ئێران بەرەو کوێ دەبەن؟





هیوا بەهرامی

لە ساڵی ١٩٧٩وە کە کۆماری ئیسلامی لە ئێران دامەزراوە، ڕێژیم چەندین قەیرانی جۆراوجۆری تێپەڕاندووە. بەڵام دۆخی ئێستای ئێران، دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتەی تووشی یەکێک لە گەورەترین قەیرانە فرەڕەهەندەکانی مێژووی خۆی کردووە. شەڕ لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل، قەیرانی قووڵی ئابووری، پەرەسەندنی ناڕەزایەتییەکان لەنێو خەڵکدا و لاوازبوونی نفووزی ئێران لە ناوچەکەدا، دەسەڵاتی ڕێژیمی لە هەموو کاتێک لەرزۆکتر کردووە.

زۆر نیشانە ئاماژە بەوە دەکەن کە کۆماری ئیسلامی ڕووبەڕووی قەیرانێکی چارەنووسساز بووەتەوە. ڕووخانی ڕێژیم بووەتە یەکێک لە ئەگەرە گرنگەکانی داهاتوو، هەرچەندە کاتی ڕووخانەکەی و شێوازی ڕوودانی هێشتا نادیارە.

ڕێژیمی ئێران بۆ ماوەیەکی زۆر پشتی بە سێ کۆڵەکەی سەرەکی بەستبوو: دەزگایەکی بەهێزی ئەمنی و سەربازی، ئایدیۆلۆژیی «وێلایەتی فەقیە» و تۆڕێک لە هاوپەیمانانی ناوچەیی و هێزە بەوەکالەتەکانی (نیابەتی). ئەم پێکهاتەیە وای کردبوو تاران بتوانێت قەیرانە نێوخۆییەکان تێپەڕێنێت و لە هەمان کاتدا نفووزی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، بەتایبەت لە لوبنان، عێراق، سووریە و یەمەن پەرە پێ بدات.

ئەمڕۆ هەر سێ کۆڵەکەکە لەژێر گوشارێکی زۆردان. شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل دژ بە ڕێژیمی ئێران، کاریگەریی لەسەر توانای سەربازیی ئەو وڵاتە داناوە و لە کاتێکدا هاوپەیمانە ناوچەییەکانی خۆیان ڕووبەڕووی کێشەی سەربازی و سیاسی بوونەتەوە، دەرفەتی مانۆڕی ڕێژیم بەرتەسکتر بووەتەوە.

لە هەمان کاتدا، ناکۆکییەکان لەنێو دەسەڵاتدارانی ئێران لە زۆر ڕووەوە و بەتایبەت لەسەر سیاسەتی دەرەوە، پرسی شەڕ، شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەمریکا و چۆنیەتیی چارەسەرکردنی قەیرانی ئابووری، دەتوانن لەوەی هەیە زیاتر پەرە بسێنن. کۆی ئەم فاکتەرانە بوونەتە هۆی مەترسییەکی جیدی لەسەر مانەوەی ڕێژیم.

سیستەمێکی دەسەڵاتدار دەتوانێت بەرگەی شکستە سەربازییەکان یان قەیرانە ئابوورییەکان بگرێت؛ بەڵام کاتێک چەند بنەمایەکی دەسەڵات لە یەک کاتدا لاواز دەبن، ئەگەری ڕووخانی زۆر زیاتر دەبێت لە دەرفەتی مانەوە و بەردەوامبوونی.

قەیرانی ئابووری وەک یەکێک لە کێشە هەرە بەرچاوەکانی دەسەڵاتی تاران

دۆخی ئابووری لە ئێستادا زۆرترین گوشار دەخاتە سەر دەسەڵاتی سیاسیی ئێران. سنووردارکردنی هەناردەی نەوت، سزا ئابوورییەکان و کاریگەرییەکانی شەڕ، سەرچاوە دارایییەکانی ڕێژیمیان تا ڕادەیەکی زۆر لاواز کردووە.

بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی «واڵ ستریت جۆرناڵ» لە ٢٢ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٦، بەشێکی زۆر لە پارەی فرۆشتنی نەوت کە ڕێژیم بۆ داهاتوو پاشەکەوتی کردبوو، لە چەند مانگی ڕابردوودا خەرج کراوە. حکوومەتی ئەمریکا زیانی داهاتی ئێران لە ئەنجامی ئەم بارودۆخەدا بە لانیکەم دەیان میلیارد دۆلار خەملاندووە.

خەزەڵوەری ٢٧٢٦

بۆ ڕێژیمی ئێران، ئەمە کێشەیەکی گەورەیە؛ داهاتی نەوت بەشێکی گرنگی بودجەی دەوڵەت دابین دەکات و یارمەتیی حکوومەت دەدات مووچەی هێزە ئەمنییەکان بدات، دامەزراوە دەوڵەتییەکان بەڕێوە ببات و تا ڕادەیەک گوشارە ئابووریەکان کەم بکاتەوە.

ئەگەر دۆخی فرۆشتنی نەوت بۆ ماوەیەکی زیاتر وەک ئێستا بمێنێتەوە، حکوومەت لە دابینکردنی ئەم پێداویستییانەدا ڕووبەڕووی کێشەی زیاتر دەبێتەوە. ئەمە بە تەنیا بە واتای ڕووخانی ڕێژیم نییە، بەڵام دەتوانێت وەفاداریی بەشێک لە دامودەزگاکانی دەوڵەت لاواز بکات و توانای حکوومەت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانە نوێیەکان کەم بکاتەوە.

لەلایەکی دیکەوە، گرانبوونی نرخەکان، کەمبوونەوەی توانای کڕینی خەڵک و کێشەکانی دابینکردنی پێداویستییەکان، ژیانی ڕۆژانەی هاوواڵاتیان قورستر دەکەن. کاتێک خەڵک چیدی نەتوانن بژێوی ژیانی خۆیان دابین بکەن، نارەزایەتیی ئابووری و برسێتی دەتوانێت ببێتە هۆکاری ڕاپەڕینی بەملیۆنیی خەڵکی ئێران کە لە ئێستادا لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین.

بەرەنگاربوونەوەی مەدەنی

خۆپیشاندانەکانی زستانی ٢٠٢٥ - ٢٠٢٦ نیشانیان دا کە نارەزایەتیی ئابووری چەندە بەخێرایی دەتوانێت ببێتە داواکاریی سیاسی. خۆپیشاندانەکان زۆر زوو بەشێکی بەرچاوی شارەکانی ئێرانی گرتەوە و لە داواکارییە ئابوورییە سەرەتاییەکانەوە گەیشتنە ئاستی ڕەتکردنەوەی دەسەڵات و دروشمەکان بە ڕوونی لە ئاراستەی ڕووخانی ڕێژیمدا بوون.

وەڵامی دەسەڵاتداران بریتی بوو لە دەستبەسەرکردنی بەکۆمەڵ، سنووردارکردنی ئینتێرنێت، بەکارهێنانی هێز بۆ سەرکوتکردنی نارەزایەتییەکان و کوشتنی دەیان هەزار کەس لە خەڵکی ناڕازیی ئێران.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە ئایا ئەم نارەزایەتییە گشتییە دەتوانێت ببێتە بزووتنەوەیەکی سیاسیی ڕێکخراو؟ خۆپیشاندانی چەند دە کەسی یان ناوچەیی لەوانەیە لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە سەرکوت بکرێت؛ بەڵام بزووتنەوەیەکی سەرانسەری کە چین و تووێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە پێکەوە ببەستێتەوە، دەتوانێت فشارێکی زۆر گەورەتر بخاتە سەر ڕێژیم.

ئەگەر قەیرانی ئابووری، خۆپیشاندانە سیاسییەکان و ناکۆکییەکانی نێو دەسەڵات لە هەمان کاتدا توندتر بن، ڕێژیم لەگەڵ بارودۆخێک ڕووبەڕوو دەبێتەوە کە کۆنترۆڵکردنی زۆر قورستر دەبێت.

سوپای پاسداران؛ پارێزەری ڕێژیم یان هۆکارێکی نائارامی؟

سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی یەکێکە لە گرنگترین کۆڵەکەکانی پاراستنی دەسەڵاتی ڕێژیم. ئەم دامەزراوەیە هێزی سەربازی، توانای بەرچاوی ئابووری و نفووزی سیاسیی بەرفراوانی هەیە.

تا ئێستاش وا دەردەکەوێت کە سوپای پاسداران بە یەکپارچەیی پشتگیری لە دەسەڵاتی سیاسیی ئێران دەکات؛ بەڵام کۆمەڵێک فاکتیش هەن کە دەری دەخەن لەنێو ئەم دامەزراوەیەشدا دزەکردنی دەرەکی (نفووزی دەرەکی) هەیە و ئەمەش دەتوانێت لە داهاتوویەکی نەک زۆر دووردا درزێک دروست بکات کە ببێتە هۆی کێشەی بەرچاو لەنێو پێکهاتەی سوپای پاسداراندا.

لە هەمان کاتدا، زیادبوونی نفووزی سوپای پاسدارانیش دەتوانێت لە داهاتوودا ببێتە هۆی دروستبوونی ناکۆکیی نوێ. کاتێک سەرچاوە داراییەکان کەم دەبنەوە و دەبێت بڕیارە قورسەکان لەبارەی سەرکوتکردن، گفتوگۆی دیپلۆماسی و چاکسازیی ئابووری بدرێن، بەرژەوەندیی جیاوازی گرووپەکانی دەسەڵات دەتوانێت ئاشکراتر و بەرچاوتر ببێتەوە و قەیرانەکە قووڵتر بکاتەوە.

ئەگەر بەشێک لە هێزە ئەمنییەکان ڕەتی بکەنەوە فەرمانی سەرکوتکردنی خۆپیشاندەران جێبەجێ بکەن، یان ناکۆکییەکانی نێو دەسەڵات ببنە دابڕانێکی ئاشکرا، ئەوا ڕێژیم ڕووبەڕووی مەترسییەکی گەورەتر دەبێتەوە.

بۆیە یەکێک لە لاوازیی سەرەکییەکانی ڕێژیم لە ئێستادا لەوانەیە تەنیا لە مەیدانی شەڕدا نەبێت، بەڵکوو ئەو پرسیارەش دێتە ئاراوە کە تا چەندە دامەزراوە سەرەکییەکانی دەسەڵات ئامادەن و توانایان هەیە سیستەمەکە بپارێزن.

لەدەستدانی نفووزی ناوچەیی، تارانی لاوازتر کردووە

ئێران لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیشدا ڕووبەڕووی دۆخێکی قورس بووەتەوە. تۆڕی هاوپەیمانانی ناوچەیی و ئەوەی پێی دەوترێت «تەوەری بەرگری» (مێحوەری موقاوەمەت) بۆ چەندین دەیە ئامرازێک بوو بۆ بەهێزکردنی پێگەی ئێران لە بەرامبەر ئیسرائیل و نەیارەکانی دیکەیدا لە ناوچەکەدا.

لە ئێستادا بەشێکی بەرچاوی هاوپەیمانەکانی ڕێژیم لە دۆخێکی قەیرانادان و نەک هەر ناتوانن پشتگیری لە ڕێژیم بکەن، بەڵکوو خۆشیان لەژێر گوشار و مەترسیی لەنێوچوونداان.

داڕمانی زنجیرەیی بەشێک و لاوازبوونی یەک لە دوای یەکی بەشێکی دیکەی هاوپەیمان و هێزە بەوەکالەتەکانی (نیابەتیی) ڕێژیم، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن کە ڕێژیم وێڕای ئەوەی دەیان ساڵ بە میلیاردەها دۆلاری بۆ ئەم هێزانە تەرخان کرد - و لە ڕاستیدا ئەو پارە و داراییەی دەبووایە بۆ باشترکردنی ژیانی خەڵکی ئێران بەکار بهاتایە، خەرجی کۆمەڵێک گرووپ و ڕێکخراوی تێرۆریستی کرا - لە بنەڕەتدا هەڵەیەکی ستراتیژیک بووە و ئەم ڕێکخراوانە بەگوێرەی پێویست ناتوانن ئەو هێزە بن کە ڕێژیم پشتی پێ بەستبوون.

بۆچی ئەگەری ڕووخانی ڕێژیم زیاد دەبێت؟

ئەو ڕوانگەیەی کە ئەگەری ڕووخانی ڕێژیمی ئێران بەهێزتر لە جاران دەخەمڵێنێت (مەزەندە دەکات)، لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە لە ئێستادا چەند قەیرانێک لە یەک کاتدا بەربینگیان بە ڕێژیم گرتووە: لاوازبوونی ئابووریی وڵات، کەمبوونەوەی نفووزی ناوچەیی، قەیرانی شەرعییەتی سیاسی (مەشرووعیەت) و ناکۆکییەکانی نێو دەسەڵاتدارانی ڕێژیم.
هەر یەک لەم فاکتەرانە بە تەنیا لەوانەیە بۆ ڕووخانی ڕێژیم بەس نەبێت؛ بەڵام ئەگەر لە یەک کاتدا بێنە ئاراوە و بە جۆرێک گرێدراوی یەکتر بن، دەتوانن بارودۆخێک دروست بکەن کە کۆنترۆڵکردنی لەلایەن ڕێژیمەوە چیدی ئیمکانی نەبێت.
بۆ نموونە، خراپتربوونی دۆخی ئابووری دەتوانێت ببێتە هۆی خۆپیشاندانی نوێ. سەرکوتکردنی ئەو خۆپیشاندانانەش دەتوانێت ڕق و ناڕەزایەتیی کۆمەڵایەتی زیاتر بکات. ئەگەر لە هەمان کاتدا یەکگرتوویی هێزە ئەمنییەکانیش لاواز ببێت، ئەگەری گۆڕانێکی بنەڕەتیی سیاسی زیاتر دەبێت.

لەو بارودۆخەدا، ڕێژیم چیدی ناتوانێت بە هەمان ئامرازە کۆنەکان قەیرانەکان کۆنترۆڵ بکات.

بەڵام پێویستە جیاوازی بکرێت لەنێوان «زیادبوونی ئەگەری ڕووخان» و «دڵنیابوون لە ڕووخان». کۆماری ئیسلامی لە ڕابردوودا توانیویەتی خۆپیشاندانەکان سەرکوت بکات و لەگەڵ بارودۆخی قورسدا خۆی بگونجێنێت. بۆیە ڕووخانێکی خێرا تەنیا کاتێک ڕوو دەدات کە گوشار یان هێرشی دەرەکی، هاوتەریب لەگەڵ خەباتی خەڵکی ئێران بێتە ئاراوە و ئامانجی لایەنی دەرەکی بەڕاستی ڕووخانی ڕێژیم بێت.

دۆخی ئێران پاش نەمانی ڕێژیم؟

ڕووخانی ڕێژیم بە مانای کۆتاییهاتنی کێشەکانی ئێران نییە. ئێران هیچ کات دەسەڵاتێکی دێموکراتیکی ئەزموون نەکردووە. نەتەوەی باڵادەست لە هەموو سیستەمە سیاسییەکانی مێژووی ئێراندا بەردەوام نەتەوە ژێردەستەکانی (بندەستەکانی) چەوساندووەتەوە و ئەم پرسەش دەیان ساڵە لە بەشە جۆراوجۆرەکانی ئێران و بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان پرسێکی سەرەکیی خەڵک بووە؛ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان لە هەشتا ساڵی ڕابردوودا خەباتێکی بێوچانی بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی نەتەوەی کورد بەڕێوە بردووە.

تا ئەمڕۆش نەتوانراوە ئەڵتەرناتیڤێک بۆ سیستەمی سیاسیی داهاتووی ئێران پێک بهێنرێت (ساز بکرێت). ئەوەی زۆرینەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران بۆ داهاتووی ئەو وڵاتە خۆی پێ پابەند دەزانێت، پرسی دێموکراسییە. دێموکراسی لە دنیای ئەمڕۆدا باشترین سیستەمی بەڕێوەبەریی وڵاتە و لەمەدا هیچ گومان و نکۆڵییەک نییە؛ بەڵام ئایا دێموکراسی بە تەنیا دەتوانێت مافەکانی نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران و لەوانە نەتەوەی کورد دابین بکات؟

بەشێکی بەرچاوی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لەو باوەڕەدان کە سیستەمێکی فیدراڵی دەتوانێت پرسی نەتەوەکان لە داهاتووی ئێراندا چارەسەر بکات. لە هەمان کاتدا بەشێکی بەرچاوی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران سیستەمی فیدراڵی بە مەترسی بۆ سەر یەکپارچەیی خاکی ئێران دەبینن و لەو باوەڕەدان بۆ مانەوەی ئێران دەبێت دەسەڵاتێکی ناوەندیی بەهێز جێگیر بکرێت و لە هەمان کاتدا مافی هاووڵاتیبوونی (شارۆمەندیی) هەموو دانیشتووانی وڵات بپارێزێت.

سیستەمێکی دێموکراتیک تەنیا لەسەر بنەمای مافی تاکەکەسیی هاووڵاتیبوون (شارۆمەندی)، دەتوانێت مافی نەتەوەی باڵادەست لە ئێراندا دەستەبەر بکات؛ بەڵام ناتوانێت ببێتە زامن و دەستەبەرکەری مافە نەتەوەییەکانی نەتەوە ژێردەستەکانی ئەو وڵاتە.

بۆیە زۆر گرنگە کە لە ئێستاوە نوێنەرانی نەتەوە ژێردەستەکان و لەوانە حیزبەکانی کوردستان، وێڕای پێداگری لەسەر پرسی دێموکراسی و هاوکات سیستەمێکی فیدراڵی کە بتوانێت مافەکانی ئەو نەتەوانە دابین بکات، بکەونە دیالۆگێکی جیدی لەگەڵ لایەنە لیبراڵەکانی نێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێران.

خەزەڵوەری ٢٧٢٦

ئەگەر پێش ڕووخانی ڕێژیم، کۆدەنگییەک (ئیجماعێک) لەسەر چەند خاڵی سەرەکی لەنێوان ئۆپۆزیسیۆنی نەتەوەی باڵادەست و حیزب و لایەنەکانی سەر بە نەتەوە ژێردەستەکان دروست نەبێت، دوای ڕووخانی ڕێژیم گەیشتن بە ئەنجامێکی دڵخواز کارێکی ئاسان نابێت. لە هەر حاڵەتێکدا چەسپاندنی هەر چەشنە سیستەمێک دەبێت بە سازان (تەوافوق) لەگەڵ نەتەوەی باڵادەست بێت و ئەمەش زەرووڕەتی ئەو دیالۆگ و دانوستانە لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێران دەسەلمێنێت.

١٦ی خەزەڵوەری ٢٧٢٦

بۆچی مۆدێلی باشوور بۆ داهاتووی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بژاردەیەکی گونجاوترە؟



مستەفا مەولوودی

پلاتفۆرمی «ئیرەم نیوز» (پلاتفۆرمی سەربەخۆی شیکاریی هەواڵ و میدیای دیجیتاڵی کە بە زمانی عەرەبی لە وڵاتی ئیماراتەوە بڵاو دەبێتەوە)، لە دیمانەیەکدا پرسیاری ئەوەی لێ کردم:

«تێڕوانینی ئێوە سەبارەت بە داهاتووی کورد لە ئێران چۆنە؟ ئایا ئەگەری هەیە هاوشێوەی هەرێمی کوردستانی عێراق (باشوور) یان کوردستانی سووریە (ڕۆژاوا) بێت؟»

وەڵامی من بۆ ئەو دەزگا میدیاییە بەم شێوەیە بوو:

کورد یەکێک لە پێکهاتە نەتەوەیی و سیاسییە سەرەکییەکانی جوغرافیای ئێرانە؛ خاوەنی خاکێکی بەرفراوان و حەشیمەتێکی زیاتر لە دە میلیۆن کەسە و کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر هاوکێشە سیاسییەکانی ئێران هەیە. هەر بۆیە وەدیهاتنی دێموکراسی لە ئێران و دامەزراندنی دەسەڵاتێکی یاسایی فیدراڵی لە کوردستان کە خاوەنی سەروەریی سیاسی و ئیداریی خۆی بێت، هەم خواستی سەرەکیی خەڵکی کوردستانە لە ئێران، هەم دروشم و بەرنامەی سیاسیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە سەرووبانەوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە.

سەرەڕای ئەوە، ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک بەشێک لە نیشتمانی گەورەی کورد، هەڵگری تایبەتمەندی و واقیعێکی تایبەت بە خۆیەتی کە وێڕای هەموو خاڵە هاوبەشە نەتەوەییەکان، ئەم بەشە لە بەشەکانی دیکە جیا دەکاتەوە؛ بەو مانایەی ئەو ڕەوشەی لە باکوور یان ڕۆژاوای کوردستان هاتووەتە کایەوە، لەگەڵ ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات و ویستی خەڵک یەک ناگرێتەوە، بەڵکوو دووردیمەنی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ستاتۆ و پێگەی سیاسیی هەرێمی کوردستان لە عێراق نزیکترە.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئەم وەڵامەم کەمێک زیاتر شی بکەمەوە. وەک شەهید دوکتور قاسملوو ئاماژەی پێ کردووە: «کوردستان یەک نیشتمانە و کورد یەک نەتەوەیە؛ ئەگەر ڕۆژێکیش یەک بگرێتەوە، ئەوە کەوتنەوە سەریەکە، نەک جیابوونەوە». حاشا لەو ڕاستییە ناکرێت کە خاڵە هاوبەشەکانی گەلی کورد لە سەرجەم بەشەکاندا زۆر و لێک نزیکن، چ لە ڕوانگەی ویست و خواستی سیاسی و نەتەوەیی و چ لە ڕووی کۆمەڵایەتی، زمانی و فەرهەنگییەوە؛ بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەم یەکێتییە میژوویی و نەتەوەییە، دەبێت بە واقعبینییەکی سیاسییەوە لە هەوڵی چارەسەرکردنی پرسی کورد و دەستەبەرکردنی مافەکانیدا بین.

لە ڕوانگەی واقیعی یاسایی، ناوچەیی و نێودەوڵەتییەوە، کوردستان بەسەر چوار وڵاتدا دابەش کراوە و هەر پارچەیەک لە چوارچێوەی سنوور و یاسا و ڕێسای تایبەت بەو دەوڵەتەدا کارلێک دەکات.

ئەو هۆکارانەی وا دەکەن ئەزموونی باشووری کوردستان بۆ ڕۆژهەڵات ببێتە نموونەیەکی گونجاوتر بەراورد بە

ئەزموونی باکوور یان ڕۆژاوا، ئەمانەن:

یەکەم: ئاوێتەبوونی میژوویی و خەباتگێڕی؛ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە هەردوو بەشی ڕۆژهەڵات و باشووردا، بەتایبەتی لە ماوەی یەک سەدەی ڕابردوودا، بە شێوەیەکی قووڵتر ئاوێتەی یەکتر بوون. ئەم کارلێککردنە چ لە کایەی خەباتی سیاسی و پێشمەرگانەدا و چ لە ڕووی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا زۆر تۆکمە بووە؛ هەربۆیە ئەم دوو بەشە هەمیشە زۆرترین کاریگەری و ئیلهامیان لە یەکتر وەرگرتووە.

دووەم: هاوئاراستەیی لە داڕشتنی داخوازییە سیاسییەکاندا؛ گوتاری سیاسیی کورد لەم دوو بەشەدا بە قۆناغی زۆر هاوشێوەدا تێپەڕیوە. لە دوای دامەزراندنی کۆماری کوردستانەوە تا ڕاپەڕینی جەماوەریی بەهاری ساڵی ١٩٩١ لە باشووری کوردستان، دروشمی سەرەکی لە هەردوو بەش بریتی بوو لە «خودموختاری (ئۆتۆنۆمی) لە چوارچێوەی وڵاتدا». دواتر لە دوای ڕووخانی ڕێژیمی بەعس لە عێراق، ئەم خواستە لە باشوور گەشەی کرد بۆ «فیدرالیزم» و لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا جێگیر کرا و قەوارەیەکی یاسایی، سیاسی و ئیداری بەخشییە هەرێمی کوردستان، هەرچەند هەموو خاکی باشووری کوردستانی لەخۆ نەگرتووە. هاوکات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش زۆربەی هێزە سیاسییەکان دروشمی «ئێرانی دێموکراتیکی فیدراڵ»یان بەرز کردووەتەوە. بە سەرنجدان بە پێکهاتەی فرەنەتەوەیی ئێران، سیستەمی سیاسیی فیدراڵی گونجاوترین وەڵامە بۆ داهاتووی ئەو وڵاتە.

سێیەم: ڕوونیی ستاتۆ و پێگەی دەستووری؛ لە ئەزموونی باشووری کوردستاندا، قەوارەی سیاسی و سنووری جوغرافیی هەرێم لە دەستووردا چەسپێنراوە؛ هەرچەندە هێشتا تەواوی ناوچە دابڕێنراوەکان نەگەڕاونەتەوە سەر هەرێم، بەڵام لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا خاوەنی پێگەیەکی یاسایی دانپێدانراوی نێودەوڵەتییە و خاوەنی هەر سێ دەسەڵاتی جیاوازی «یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری»ی خۆیەتی کە ئیرادەی سیاسی و بەڕێوەبەریی کوردی تێدا پیادە دەکرێت. ئەم ئەزموونە دەستوورییە، هاوتەریبە لەگەڵ ئەو ڕێچکەیەی کە کۆماری کوردستان وەک سەرچاوەی دەسەڵاتداریی نەتەوەیی دایمەزراند و ئەمڕۆش وەک خواستێکی بنەڕەتیی خەڵک و حیزبەکانی ڕۆژهەڵات پێداگریی لەسەر دەکرێت.

لە بەرامبەردا، ئەو پرۆسە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئیدارییەی لە ڕۆژاوا یان باکووری کوردستان لە ئارادایە، وێڕای ڕێزگرتن لە خەبات و قوربانیدانی گەلەکەمان لەو دوو بەشەدا، تا ئێستا نەبووەتە خاوەنی پێگەیەکی دەستووری و دانپێدانراوی جێگیر لە چوارچێوەی دەوڵەتدا، وەک ئەوەی لە هەرێمی کوردستانی باشووردا دەبینرێت. لەبەر ئەم هۆکارانە، پێم وایە ئەگەر ڕۆژهەڵات ئیلهام لە مۆدێلێک وەربگرێت، زیاتر لە فیدرالیزمی دەستووریی باشوورەوە نزیک دەبێت.

خەزەڵوەری ٢٧٢٦

لە کۆتاییدا جەخت لەوە دەکەمەوە: ئەوەی من وەک نموونە ئاماژەی پێ دەکەم، تەنیا بریتییە لە «ستاتۆی سیاسی، پێگەی دەستووری و قەوارەی فیدرالّی» کە لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا چەسپێنراوە، نەک شێوازی بەڕێوەبردن و حکومڕانیی نێوخۆیی؛ چونکە چۆنیەتیی ئیدارەدان و ڕاپەڕاندنی کاروبارەکان، پرسێکی نێوخۆیی تایبەتە بە دانیشتووانی باشووری کوردستان و من بە مافی خۆمی نازانم لەو بارەیەوە داوەری یان هەڵسەنگاندن بکەم.

١٧ی خەزەڵوەری ٢٧٢٦

خەبات لە پێناو چیدا؟





ناسر ساڵحی‌ئەسڵ

پرسیار لە شێوازە گونجاوەکانی خەبات لە واقیعی ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، ڕاستەوخۆ دەمانباتە سەر پرسیاری چییەتیی خەبات و فەلسەفەی لەپێناوچیدابوونی ئەم ڕێگا و ڕێبازە. ڕەنگە ئەم پرسە بۆ نەتەوەیەک کە زیاتر لە سەدەیەکە لە پێناو دەستەبەرکردنی مافە سیاسی و نەتەوایەتییەکانیدا تێدەکۆشێت، سادە و سەرەتایی بێتە بەرچاو؛ بەڵام

لە کاتێکدا دەسەڵاتدارانی ناوەندی لە ئێران، بەردەوام هەوڵی چەواشەکردنی پێناسە و ئامانجەکانی خەباتی ڕەوای نەتەوەی کوردیان داوە، وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە و دەستنیشانکردنی میکانیزمە شیاوەکانی خەبات، دەبێتە باشترین خاڵی دەستپێک بۆ تێگەیشتن و خوێندنەوەیەکی واتادار.

پرسی مافە سیاسی و نەتەوایەتییەکانی نەتەوەی کورد، بەتایبەت لە دوای کۆتاییهاتنی شەڕی سارد، جەنگی دووەمی کەنداو، ڕووخانی ڕێژیمی سەدام حوسێن و چەسپانی قەوارەی هەرێمی کوردستان، ڕەهەندێکی نوێی لە ناوچەی پڕقەیرانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا وەرگرتووە. لە ئێستادا ئەم پرسە ڕاستەوخۆ کەوتووەتە چەقی هاوسەنگییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانەوە؛ چونکە بووەتە بەشێکی دانەبڕاو لە هاوکێشە سیاسی، ئابووری، کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانی ناوچەکە. بێگومان چارەسەرکردنی کێشە چارەنووسسازەکانی وەک وزە، ئاو و تەناهی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، بەبێ یەکلاکردنەوەی دادپەروەرانەی مافەکانی نەتەوەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان، ناتەواو و لەنگ دەمێنێتەوە.

کەواتە نە شکستی کاتی و نە گەلەکۆمەکیی ناوچەیی بۆ کپکردنی دەنگ و پێگەی نەتەوەی کورد، ئەم دۆزە بەرەو پاشەکشە نابەن، بەڵکوو بەردەوام ڕوو لە هەڵکشانە بە ئاراستەی دۆزینەوەی میکانیزمی نوێ بۆ خەبات و وەدیهێنانی مافە ڕەواکانی. لەم نێوەندەشدا، هەرچەندە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی دەیانەوێت خۆیان وەک نوێنەری سەرجەم خەڵکی ئێران پێشان بدەن و هەوڵ دەدەن سیمایەکی عەشیرەگەری بەسەر بزووتنەوەی ڕەوای کوردیدا بسەپێنن، بەڵام ناتوانن لەژێر ئەم پەردەپۆشکردنەدا، خواستە مۆدێرن و پێشکەوتنخوازەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ گەڕاندنەوەی دەسەڵات بۆ خودی نەتەوە لە چاوان ون بکەن.

سەرهەڵدان و پەرەسەندنی خێرای تێکنۆلۆژی، ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، هاوتەریب لەگەڵ شۆڕشی زانیاری لە وڵاتانی ڕۆژاوادا، گۆڕانکارییەکی قووڵی لە جیهاندا هێنایە ئاراوە. لە دەرئەنجامی ئەم وەرچەرخانەدا، لە کاتێکدا وڵاتانی پێشکەوتوو بە خێرایی بەرەو پێش دەچوون و کۆمەڵگە نەریتی و پێشمۆدێرنەکان لە چەقبەستوویيدا دەمانەوە، دزەکردنی تێکنۆلۆژی، زانیاری و بیرۆکە هاوچەرخەکان بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دۆخێکی تازەی خوڵقاند؛ بە جۆرێک کۆمەڵگەی کوردستانیش خۆی لە بەردەم جیهانێکی نوێدا بینییەوە. بەراوردکردنی واقیعی نێوخۆ بە پێشکەوتنەکانی جیهانی دەرەوە، خولیای گەشەسەندن و وەدیهێنانی ژیانێکی ئازادی لە تەواوی ناوچەکە و بەتایبەت لە هۆشیاریی نەوەی نوێی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بزووتەوە.

لەم سۆنگەیەوە، بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکانی نەتەوەکانی ئێران لە سەردەمی شۆڕشی

زانیاریدا، بوونە خاڵی دەستپێک بۆ نوێبوونەوە و ڕزگاربوون لە سەرەڕۆیی و دەسەڵاتی تۆتالیتاری کۆماری ئیسلامی؛ چونکە ئامانجی بنەڕەتیی ئەم جووڵانەوە جەماوەرییانە، چەسپاندنی سەروەریی یاسا و بنەما دێموکراتیکەکان بوو لە ئێرانێکی فرەنەتەوە، فرەپێکهاتە و فرەئایینداا، تا حوکمڕانی بۆ نوێنەرانی ڕاستەقینەی نەتەوەکانی ئێران بگەڕێتەوە.

کەچی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەمیشە بە بیانووی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی وڵات و بە ناوی شەڕ لە دژی جوداخوازان، پەنای بۆ سەرکوتی خوێناویی ئەم ناڕەزایەتییانە بردووە. بەتایبەت لە ساڵانی دواییدا، دەسەڵات بەردەوام هەوڵی بێدەنگکردنی ئەو دەنگە ئازادیخوازانە دەدات و دەیەوێت لە ڕێگەی دەسەڵاتێکی ناوەندیی توندی سەربازی و ئەمنییەوە، جڵەوی حوکمڕانی لە بازنەیەکی داخراودا بۆ تاقمێکی تایبەت قۆرخ بکات. ئەمەش دریژکراوەی ئەو ستراتیژە نەگۆڕەیە کە هەر لە سەرەتای دامەزراندنی کۆماری ئیسلامییەوە لەسەر دەستی خومەینی بنیات نرا؛ بە جۆرێک دەسەڵاتدارانی ئەم بازنە داخراوە لە لایەک ڕێکخراوە و حیزبەکانی سەربە نەتەوەکانی ئێران و بەتایبەت نەتەوەی کوردیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان قەدەغە و سەرکوت کردووە و، لە لایەکی دیکەشەوە دژی هەر ڕەوت و دەنگێکی دێموکراتیکی ناوەند وەستاونەتەوە. کەواتە بۆ داڕشتن و چەسپاندنی حوکمڕانییەکی دێموکراتیکی سەردەمیانە لە ئێرانی داهاتوودا - کە تێیدا ژیانێکی ئازاد مسۆگەر بێت و نەتەوەکانی ئێران بگەنە مافە ڕەوا سیاسی و نەتەوایەتییەکانیان -

پێویستە خەبات لەسەر سێ تەوەرەی سەرەکی چڕ بکرێتەوە، کە بریتین لە:

- یەکەم: خەبات بۆ دابەشکردنەوەی سەروەری، دەسەڵات و سامانی نەتەوەیی لە نێوان نەتەوەکانی ئێراندا.

- دووەم: خەبات بۆ دێموکراتیزەکردنی دەسەڵات و پێکهاتەی دەوڵەت و گەڕانەوە بۆ خواست و ئیرادەی نەتەوەکان لە ئێراندا.

- سێیەم: خەبات دژی سڕینەوە، تواندنەوە و ئاسیمیلاسیۆنی نەتەوەکانی ئێران.

ئاوڕدانەوە لە مێژووی سەد ساڵی ڕابردووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەخات کە نەتەوەی کورد بە خۆڕاگرییەکی کەموێنەوە لەسەر ئەم سێ تەوەرەیە خەباتی سیاسی و چەکداریی خۆی دریژە پێ داوە؛ خەباتێک کە لە بنەڕەتدا بۆ وەدیهێنانی ژیانێکی ئازاد، دەستەبەرکردنی مافە سیاسی و نەتەوایەتییەکان و بەڕێوەبردنی خاکی کوردستان بووە لەسەر بنەمای ئیرادە و خواستی ڕاستەقینەی نەتەوە. لەم مەیدانە پڕ لە قوربانیدانەدا، نەتەوەی کورد بۆ مسۆگەرکردنی مافەکانی، گەلێک

هەوراز و نشێوی سەختی بڕیوە.

ئەم ڕێبازە لە تێکۆشان لە لایەک بەرهەمی ڕۆڵی پێشەنگانەی ڕێبەران و کەسایەتییە نەتەوەییەکان بوو لە بێچمگرتنی خەونی ڕزگاریی نەتەوەییدا و، لە لایەکی دیکەشەوە سەرچاوەگرتوو لە وشیاری و ئاگایی گشتی و تێکۆشانی کۆمەڵەی ژێکاف و حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو، کە لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان و کەڵکوەرگرتنی ژیرانە لە هەلومەرجی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا ڕەنگی دایەوە. کۆماری کوردستان وەک یەکەم ئەزموونی حکوومەتداریی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێگەیەکی مێژوویی و بێهاوتای لە کاروانی تێکۆشانی سیاسیی نەتەوەی کورد بەگشتی تۆمار کرد. پاش کەوتنی کۆمار، خەباتی چەکداریی ساڵەکانی ١٣٤٦ بۆ ١٣٤٧ی هەتاوی بەردەوامیی بەم ڕێبازە دا؛ ئەو جووڵانەوەیە لە ڕێگەی داڕشتنەوەی گوتاری ڕزگاریخوازی و پشتبەستن بە ئیرادەی جەماوەر، بووە درەوشاوەترین وەرچەرخانی مێژوویی لە خەباتی سیاسی و چەکداریی ساڵانی پێش شۆڕشی ١٣٥٧ی نەتەوەکانی ئێراندا.

دەستبەسەرداگرتن و قۆرخکردنی دەسەڵات لە لایەن پەیڕەوانی خومەینییەوە لە چوارچێوەی بازنەیەکی داخراودا، خەباتی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خستە قۆناغێکی نوێ و چارەنووسسازەوە. لەبەر ئەوەی خومەینی و هاوبیرانی لە بنەڕەتدا باوەڕیان بە ئێرانێکی فرەنەتەوە، فرەئایین و فرەچەشن نەبوو، هیچ هەنگاوێکی کردەییان بۆ چارەسەرکردنی پرسی سیاسی و نەتەوایەتیی نەتەوەکانی ئێران نەهاویشت؛ بەڵکوو بە پێچەوانەوە، باسکردن لە مافە بنەڕەتییەکانی نەتەوەکانیان لە چوارچێوەیەکی یاسایی و سیاسیدا وەک پیلانی ئەمریکا و ڕۆژاوا بۆ ڕووخاندنی دەسەڵاتەکەیان پێناسە دەکرد. هەر بۆیە لە بەرانبەر هەلومەرجی نوێی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، ترسی لەدەستدانی دەسەڵات دایگرتن و ئەم ناوچەیەیان وەک مەترسییەکی گەورە بۆ سەر دەسەڵاتی تۆتالیتاری خۆیان دەبینی؛ چونکە لە لایەک هۆشیاری و خودئاگایی نەتەوەیی خەڵکی کورد دوای ڕووخانی دەسەڵاتی پاشایەتی بە خێرایی لە برەوسەندندا بوو و، لە لایەکی دیکەشەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هۆی بوونی کەشێکی سیاسیی کراوە و ئازاد، ببووە سەنگەر و مەکۆی تێکۆشانی سەرجەم ئەو حیزب و ڕێکخراوە ئازادیخوازانەی کە لە ناوچەکانی دیکەی ئێراندا دەرفەتی چالاکییان لێ زەوت کرابوو. لەسەر ئەم بنەمایە، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە پەلە هێزە سەربازییەکانی خۆی ڕەوانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد، تا هەم کۆتایی بەو فەزا ئازاد و دێموکراتیکە بهێنێت و، هەمیش ئاستی وشیاری و خودئاگایی نەتەوەیی بە گرتن، زیندان و لەسێدارەدان دابمرکێنێتەوە.

ئەم سێ ویستگە سەرەکییەی خەباتی سیاسی و نەتەوەیی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان - واتا قۆناغی دامەزراندنی کۆمەڵەی ژێکاف و حیزبی دێموکرات و پێکهێنانی کۆماری کوردستان، قۆناغی ڕاپەڕینی چەکداری و خەباتی

پێشمەرگانەی ساڵانی ١٣٤٦ - ١٣٤٧ی هەتاوی، و قۆناغی بەربەرەکانی لە بەرانبەر سەرکوتکارییەکانی کۆماری ئیسلامی دوای شۆڕشی ١٣٥٧ی نەتەوەکانی ئێران - هەر یەکەیان بە جۆرێک لە گەشەپێدانی ڕۆحی وشیاری و خودئاگایی نەتەوەییدا ڕۆڵی مێژوویی خۆیان گێڕا. لە دەرئەنجامی ئەم ئەزموونە سیاسی و مێژوویانەدا، تاک و کۆمەڵگەی کورد لەم بەشەی کوردستاندا چاویان زیاتر بەڕووی جیهانی هاوچەرخدا کرایەوە. لە لایەکی دیکەشەوە، پەرەسەندنی شارنشینی، بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندەواری و زۆربوونی ژمارەی دەرچووانی زانکۆ، بوونە هەوێنی ئەوەی ئاستی وشیاری و پێگەیشتوویی نەتەوەیی بە شێوەیەکی بێوێنە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵکشێت. هاوکاتبوونی ئەم گۆڕانکارییانە لەگەڵ گەشەی تێکنۆلۆژی، فرەچەشنیی میدیا و ئامرازەکانی پێوەندیکردن، وەرچەرخانێکی بنەڕەتیی لە خەباتی نەتەوەی کورددا دروست کردووە. لە ئاستی دەرەوەشدا، گۆڕانکارییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان - لە چەسپانی قەوارەی حوکمڕانیی هەرێمی کوردستان و ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی تا دەستکەوتەکانی ڕۆژاوای کوردستان و قەیرانەکانی سووریە، بەتایبەتیش پێکدادانە سەربازییەکانی نێوان ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران - سەرەڕای بەرزکردنەوەی ئاستی داخوازییە نەتەوەییەکانی کورد، زەمینەی پێویستیان بۆ گۆڕانکاری لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشدا ڕەخساندووە؛ تا ئەو ڕادەیەی دەکرێت قۆناغی ئێستای خەبات، وەک لووتکە و هەستیارترین خاڵی وەرچەرخان لە مێژووی سیاسیی سەد ساڵی ڕابردووی نەتەوەی کورددا ئەژمار بکرێت.

ئەمڕۆ نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هەموو چین و تۆێژەکانییەوە گەیشتووەتە ئەو خودئاگاییە سیاسییەی کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی سیستماتیک، نەتەوەی کورد و نەتەوە ژێردەستەکانی دیکەی لە ناوەندەکانی بڕیاردان، حوکمڕانیی باڵا و بەڕێوەبردنی گشتی لەسەر ئاستی وڵات بێبەش کردووە و وەک هاووڵاتیی پلە دوو و سێ مامەڵەیان لەگەڵ دەکات. لەم ڕوانگەیەوە، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر لە هەر کاتێک لە ماهیەتی پێوەندیی ناوەند و پەراوێز تێدەگەن و هەوڵە بەردەوامەکان بۆ سڕینەوەی زمان و کولتوورەکەیان وەک میکانیزمێکی چەوساندنەوەی داگیرکەرانە دەبینن.

کەواتە لە یەکەیەکی سیاسیی وەک دەوڵەتی ئێرانەدا کە لە ڕووی نەتەوەیی، ئایینی و کولتووریییەوە فرەچەشن و فرەڕەهەندە، پێداگریی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لەسەر مانەوەی حوکمڕانی لە چوارچێوەی بازنەیەکی داخراوی ئایینزایی و تەنیا لەسەر بنەمای باڵادەستیی نەتەوەی فارس، هاوکات لەگەڵ سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆن و تواندنەوەی نەتەوەکانی دیکە، کەلێنێکی قووڵی لە نێوان نەتەوەی کورد و نەتەوە بندەستەکان لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەند دروست کردووە. ئەم دابڕانە کاریگەرییەکی بنەڕەتی لەسەر دیاریکردنی ئاراستە و گوتاری خەباتی سیاسی و نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دادەنێت؛ چونکە پەیڕەوکردنی ئەم شێوازە لە دەسەڵاتداری،

خەزەڵوەری ٢٧٢٦

کەلێنی نێوان نەتەوەی کورد و ناوەند قوواڵتر دەکاتەوە و بەردەوامبوونی، دەبێتە هۆی گەیشتن بە خاڵی دابڕانی یەکلاکەرەوە لە نێوان ناوەندی دەسەاڵت و نەتەوە جیاوازەکانی ئێراندا. لە وەها دۆخێکیشدا، خەباتی سیاسی و نەتەوایەتیی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەاڵتی کوردستان تا دەستەبەرکردنی تەواوی مافە ڕەواکانی، بە شێواز و میکانیزمی هەمەچەشن و بە گوڕوتینێکی بێپسانەوە بەردەوام دەبێت.

١٨ی خەزەڵوەری ٢٧٢٦

ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕۆڵی لە گەشەی هۆشیاریی نەتەوەیی و بیرکردنەوەی سیاسیی کورددا





شەهێن زادەحەمەد

لە ئەزموونی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستانەوە تا بزووتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەمڕۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە مێژووی خەباتی نەتەوەیی و سیاسیی کورددا ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە؛ بەتایبەتی لە ڕێگەی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەزموونی کۆماری کوردستان و بەشداری لە پەرەپێدانی هۆشیاریی نەتەوەیی و سیاسیی کورددا. ئەم

ناوچەیە لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا بووەتە یەکێک لە مەیدانە گرنگەکانی خەباتی سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی کورد و ئەزموونەکانی لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی هاوچەرخی کورددا شوێنەواریان بەجێهێشتووە.

هۆشیاریی نەتەوەیی تەنیا هەستکردن بە هاوبەشیی زمان، فەرهەنگ و مێژوو نییە؛ بەڵکوو تێگەیشتنە لە مافە نەتەوەییەکان، ناسینی دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی نەتەوەکە و هەوڵدان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیەتی. هۆشیاریی سیاسیش ئەو توانایەیە کە تاک و کۆمەڵگە بتوانن لە دۆخی دەسەڵات، پەیوەندییە سیاسییەکان و هۆکاری کێشەکانی کۆمەڵگە تێبگەن و بە شێوەیەکی ئاگایانە لە گۆڕانکارییەکاندا بەشدار بن. لەم ڕووەوە، ئەزموونی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕێکخستنی سیاسی و خەباتی نەتەوەییدا گرنگییەکی تایبەتی هەیە.

حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان؛ هەنگاوێکی گرنگ لە ڕێکخستنی سیاسیی کورد

دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤، لە مەهاباد، هەنگاوێکی گرنگ بوو لە مێژووی ڕێکخستنی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. ئەم حیزبە بە دروشم و بەرنامەیەکی سیاسیی ڕوون، هەوڵی دا داواکارییە نەتەوەیی و سیاسییەکان لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکی سیاسیدا دەربببڕێت. دامەزراندنی حیزبەکە تەنیا هەنگاوێکی ڕێکخراوەیی نەبوو، بەڵکوو نیشانەی هەوڵێک بوو بۆ گواستنەوەی خەباتی نەتەوەیی بۆ قۆناغێکی نوێی ڕێکخراوتر و سیاسیتر.

لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤دا، بە سەرکردایەتیی پێشەوا قازی محەممەد، کۆماری کوردستان لە مەهاباد ڕاگەیەنرا. ئەم ئەزموونە سیاسییە کە نزیکەی یازدە مانگ بەردەوام بوو، هەوڵێک بوو بۆ دامەزراندنی دەسەڵات و دامەزراوە سیاسییەکان لەسەر بنەمای ناسنامە و داواکارییە نەتەوەییەکانی کورد. لەو قۆناغەدا، کەسایەتییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، لە سەروویانەوە قازی محەممەد، ڕۆڵی سەرەکییان لە بەڕێوەبردنی ئەو ئەزموونەدا هەبوو. هەروەها بوونی هێزەکانی مەلا مستەفا بارزانی لە مەهاباد، بەشێک بوو لە بارودۆخی سیاسی و سەربازیی ئەو سەردەمە.

کۆماری کوردستان هەرچەندە ماوەیەکی کورت بەردەوام بوو، بەڵام لە ڕووی مێژوویییەوە ئەزموونێکی گرنگی دەسەڵاتداری و دامەزراوەسازیی سیاسیی کورد بوو. گرنگیی ئەم ئەزموونە تەنیا لە ماوەی تەمەنی سیاسییەکەیدا نەبوو، بەڵکوو لەوەشدا بوو کە پرسی کورد و داواکارییە نەتەوەییەکانی بە شێوەیەکی ڕێکخراوتر هێنایە پێشەوە. کۆتاییهاتنی کۆمار کۆتایی بە پرسی نەتەوەیی نەهێنا؛ بەڵکوو ئەو پرسانە بە شێوە و قۆناغی جیاواز لە خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتیی دواتردا

بەردەوام بوون.

کاریگەریی ئەزموونی ڕۆژهەڵات لەسەر بزووتنەوەی کورد

ئەزموونی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بەشێک بوون لە مێژووی گەشەی بیرکردنەوەی سیاسیی نوێ لە نێو کورددا. ئەم ئەزموونانە نموونەیەکی مێژوویی لە ڕێکخستنی حیزبی، داواکاریی سیاسی و هەوڵدان بۆ دامەزراوەسازی پێشکەش کرد. بەڵام پێویستە کاریگەریی ئەم ڕووداوانە بە شێوەیەکی ورد و مێژوویی هەڵبسەنگێندرێت؛ چونکە بزووتنەوە سیاسییەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان هەر یەکەیان لە ژینگە و بارودۆخی تایبەتی خۆیاندا گەشەیان کردووە و نابێت هەموویان وەک بەرهەمی ڕاستەوخۆی ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵات دابنرێن.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەزموونی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە مێژووی هاوبەشی کورددا پێگەیەکی گرنگی هەیە. ئەوەی لە مەهاباد ڕووی دا، لە ڕووی ڕێکخستنی سیاسی و پێشخستنی داواکاریی نەتەوەییەوە، بوو بە بەشێک لە ئەزموونی گشتیی کورد و لە قۆناغەکانی دواتری بیرکردنەوەی سیاسی و نەتەوەییدا جێی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن بووە.

لە هۆشیاریی نەتەوەییەوە بۆ هۆشیاریی سیاسی

یەکێک لە بابەتە گرنگەکانی مێژووی خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پەیوەندیی نێوان هۆشیاریی نەتەوەیی و هۆشیاریی سیاسییە. هۆشیاریی نەتەوەیی یارمەتیی تاک دەدات ناسنامە و مێژووی هاوبەشی خۆی بناسێت، بەڵام هۆشیاریی سیاسی ئەم ناسینە دەباتە قۆناغێکی سەروەوتر؛ واتە تاک تەنیا بە ناسنامەی خۆیەوە ناوەستێت، بەڵکوو دەزانێت مافەکانی چین، کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە کوێوە سەرچاوە دەگرن و چۆن دەکرێت بە شێوەیەکی ڕێکخراو مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت و هەوڵ بۆ چارەسەرکردنیان بدرێت.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، حیزبی دێموکرات و ئەزموونی کۆماری کوردستان لەو وێستگە سەرەکییانە بوون کە پرسی ڕێکخستنی سیاسی و داواکارییە نەتەوەییەکانیان خستە نێو گوتاری گشتییەوە. لە قۆناغەکانی دواتریشدا، خەباتی سیاسی، چالاکییە مەدەنییەکان و تێکۆشانی فەرهەنگی، لە چوارچێوەی خەباتێکی فرەڕەهەنددا بە پەرەپێدانی ئەم هۆشیارییەوە بەستراونەتەوە. بە واتایەکی تر، هۆشیاریی نەتەوەیی کاتێک گەشە دەکات بۆ هۆشیاریی سیاسی، کە ناسینی مێژوو و شوناس ببێتە هەوێنی تێگەیشتن لە ماف، ئازادی و دێموکراسی و، هەوڵدان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکە.

ڕۆڵی زمان و ئەدەب لە پاراستنی ناسنامەدا

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، زمان و ئەدەبی کوردی هاوشانی خەباتی سیاسی، سەنگەرێکی سەرەکیی بەرەنگاربوونەوە بوون بەرامبەر بە سیاسەتی سڕینەوە و ئاسمیلاسیۆن. لێرەدا شیعر، ئەدەب، چیرۆک و گۆرانی تەنیا بواریکی هونەری نەبوون؛ بەڵکوو بوونەتە ئامرازێکی شۆڕشگێڕانە بۆ گواستنەوەی بیرەوەریی میژوویی، دەربڕینی داخوازیی ڕزگاری و پاراستنی کەرامەت و کولتووری کوردی. ڕۆڵی شاعیران و ئەدیبانی ڕۆژهەڵات لە زیندووڕاگرتنی ڕۆحی بەرگری و بەرزکردنەوەی هۆشیاریی نەتەوەییدا کەمویّنە بووە.

لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە، کاتێک شاعیرانی گەورەی وەک هەژار و هێمن موکریانی پێنووسی خۆیان خستە خزمەت بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی و دارشتنی گوتاری نەتەوەیی، تا دەگاتە قۆناغەکانی دواتر و سەرهەڵدانی دەنگە یاخی و ئازادیخوازەکانی وەک جەلال مەلەکشا و هاوسەردەمانی، ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵات وەک سەنگەری پاراستنی شوناس ڕۆڵی گێڕاوە. شاعیرێکی وەک مەلەکشا بە شێعری بەرگری و هەڵوێستی نەچەماوە لە زیندان و کۆڵانەکانی نیشتمانداو، توانی شیعری کوردی بکاتە زمانحاڵی ئازار، ئیرادەی مانەوە و هاواری ئازادیی نەتەوەیەکی بندەست؛ هەربۆیە یاد و دەنگی ئەو هەمیشە وەک هێمایەکی ڕۆشنی هۆشیاریی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەمێنێتەوە.

پاراستنی زمان و پەرەپێدانی ئەدەب لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، تەنیا بە مانای پاراستنی میراتێکی کۆن نییە، بەڵکوو پەیوەندیی بە بەرهەمهێنانەوەی بەردەوامی سوژەی ئازاد و دروستکردنی داهاتوویەکی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە هەیە. کاتێک زمان لە خوێندنەوە، ئەدەب، هونەر و ژیانی ڕۆژانەی خەڵکدا بە زیندووبی دەمێنێتەوە، ناسنامەی نەتەوەییش بەهێزترین قەڵغانی بۆ خۆڕاگری بەرامبەر بە دەسەڵاتی زاڵ دەستەبەر دەکات.

بزووتنەوەی ئەمڕۆ و گۆڕانی شێوازەکانی خەبات

لە ساڵانی ڕابردوودا، شێواز و نێوەڕۆکی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا گۆڕانکاریی بەخۆوە بینیوە. لە تەنیشت چالاکییە سیاسییە حیزبییەکان، بزووتنەوە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکانیش بوونەتە بەشێکی بنەڕەتی لە ژیانی سیاسیی کۆمەڵگە. بەتایبەتی، بەشداریی گەنجان و ژنان لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکاندا نیشانەی گۆڕانی شێوازی دەربڕینی داواکاری و پێداویستییەکانی سەردەمە.

خەزەڵوەری ٢٧٢٦

بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی» لە ساڵی ١٤٠١دا، کە لە دوای شەهیدکرانی ژینا ئەمینی دەستی پێکرد و بە خێرایی بوو بە بزووتنەوەیەکی فراوانی ناڕەزایەتی، گرنگیی ڕۆڵی ژنان و گەنجانی لە گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا خستە ڕوو. ئەم بزووتنەوەیە، وێڕای ئەوەی لە هەلومەرجێکی دیاریکراوی مێژوویيدا سەری هەڵدا، پرسی ئازادی، مافی ژنان و دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی کردە چەقی گوتاری گشتی. هەروەها نیشانی دا کە هۆشیاریی سیاسی تەنیا لە چوارچێوەی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکاندا قەتیس نامێنێتەوە، بەڵکوو دەتوانێت لە ناڕەزایەتیی مەدەنی و خواستی گۆڕانکاریی ڕیشەیی کۆمەڵایەتیشدا بەرجەستە بێت.

کۆتایی

بەگشتی، ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە مێژووی هاوچەرخی کورددا بە ئەزموونی سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی خۆی بەشداریی لە پەرەپێدانی هۆشیاریی نەتەوەیی و بیرکردنەوەی سیاسیی کورددا کردووە. دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ١٣٢٤ و ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە ١٣٢٥دا، دوو ڕووداوی گرنگی ئەم مێژووییەن؛ ڕووداوگەلێک کە لە ڕووی ڕێکخستنی سیاسی و ئەزموونی دامەزراوەسازییەوە شوێنەواری قوواڵیان بەجێهێشتووە. لە تەنیشت ئەمانەشدا، زمان و ئەدەب، چالاکیی مەدەنی و بەشداریی چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بەردەوام بەشێک بوون لە گەشەی هۆشیاریی نەتەوەیی و سیاسی.

گرنگە ئەم مێژووە تەنیا وەک کۆمەڵێک ڕووداوی ڕابردوو نەخوێندرێتەوە، بەڵکوو وەک ئەزموونێک بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندیی نێوان ناسنامە، ماف، ئازادی و ڕێکخستنی سیاسی هەڵبسەنگێندرێت؛ چونکە هۆشیاریی نەتەوەیی و سیاسی، کاتێک دەتوانێت ببێتە هێزێکی کاریگەر بۆ داهاتوو کە لەگەڵ زانست، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و باوەڕ بە ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکاندا پێکەوە هەنگاو بنێت.

١٩ی خەزەڵوەری ٢٧٢٦

کۆمەڵگەی مەدەنی وەک قەڵغانێک بەرانبەر قەنگەڵاشکێک لە بیرۆکەی هاوردە





سمایل شەرەفی

کۆمەڵگەی مەدەنی ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە پاراستنی شوناسی نەتەوەیی و ڕاوەستان بەرانبەر بەو بیرۆکە هاوردانەی کە لەگەڵ بەها، کولتوور یان بەرژەوەندییە نیشتمانی و کۆمەڵایەتییەکاندا ناتەبا بن. بەرەنگاربوونەوەی بیرۆکەی هاوردە لە لایەن کۆمەڵگەی مەدەنییەوە لە ڕێگەی بەهێزکردنی هۆشیاریی گشتی، گەشەپێدانی بەرهەمی فیکریی خۆمالی (نەتەوەیی) و دروستکردنی هاوسەنگی لە نێوان کرانەوە بەڕووی جیهان و پاراستنی تایبەتمەندییە کولتوورییەکاندا دەبێت.

کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وێڕای تێپەڕاندنی چەند قۆناغێک لە ڕەوتی گەشەسەندنی لە ئاستی جەماوەریدا، لە ئاستێکی بەرزی بەرگریکردن لە شوناسی نەتەوەیی و ڕاوەستان بەرانبەر بە هەر جۆرە بیرۆکەیەکی هاوردەی ناتەبا لەگەڵ بەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵگەی کوردستاندایە.

کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستان کە توانیویەتی بە «حەوتخان»ی پیلانگێڕییە ڕەنگاوڕەنگەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و ڕەوتە ناڕەسەن و دوور لە بەها کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانی ژینگەی ڕاستەقینەی خۆیدا تێپەڕێت، ئەمڕۆ بە پشتبەستن بە متمانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، وەک قەڵغان و پەرژینێک بەرانبەر بە هەر بیرۆکەیەکی هاوردەی ناسازگار لەگەڵ بەها کولتووری و نیشتمانییەکانی کورد و کوردستان ڕۆڵ دەگێڕێت.

چالاکانی مەدەنی و ڕێکخراوە مەدەنییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە هاوتەریب لەگەڵ بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان و کۆمەڵی کوردەواری، بە پێڕەویکردن لە گوتار و نەخشەڕێی نەتەوەیی و شوناسخوازانە، لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی تاکەکانی کۆمەڵگەدا دەور و ڕۆڵیان گێڕاوە، بە دەستەبەرکردنی متمانەی کۆمەڵگە، پێگەیەکی سەقامگیر و چەسپاویان لە کوردستاندا هەیە.

پێگە و نفووزی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان لەگەڵ ئاوێتەبوونی بە هۆشیاریی گشتی لە کۆمەڵگە، هێزی بەرێکخستنکردنی کۆمەڵگەی کوردستانی پێ بەخشیوە کە دەتوانێ بەخێرایی بەرانبەر بە هەر پرس و بابەتێکی ڕۆژ، ڕەفتاری گونجاو لە خۆی نیشان بدات. خودی بەڕۆژبوونی ڕەفتاری کۆمەڵگەی مەدەنی و دژکردەوە نیشاندان بەرانبەر بە پێشهات و ڕووداوەکان، هۆکارێکی دیکەی متمانەبەخشینی کۆمەڵگەیە بە ڕێکخراوە مەدەنییەکان و چالاکانی بوارەکە.

لە دوو بۆ سێ دەیەی ڕابردوودا کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستان کە لە ڕێکخستنی ڕەفتاری گشتیی کۆمەڵگە لە ڕووداو، بۆنە و ڕێوڕەسمە جۆراوجۆرەکانی وەک: «بوومەلەرزە»، « ڕنوو»، بەهاناوەچوونی لێقەوماوان و نەورۆزە جەماوەرییەکانی وەک «جامانەکان» و «خاکیپۆشان» و بەڕێوەبردنی دەیان کارنەوائی دەیان هەزار کەسی لە شار و ناوچەکانی کوردستان، دەور و ڕۆڵی سەرەکی گێڕاوە، لە هەمان کاتدا بەرانبەر بە ئیدە و بیرۆکە هاوردەکانی ناسازگار و نامۆ لەگەڵ بەها کولتووری و کۆمەڵایەتی و خەباتگێڕییە سیاسییەکانی کوردستان، وەک قەڵغان ڕاوەستاوە و ڕۆڵی «پێشپێگری» (بازدارەندەگی) گێڕاوە.

لە کۆتاییەکانی دەیەی حەفتای هەتاویدا کە ڕەوتی بەناو «ڕێفۆرمخوازیی حکوومەتی» بە لێشاو فەزای سیاسیی ئێرانی گرتەوە، کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستان لەگەڵ ئەوەی لە خودی فەزای ڕەوتەکە وەک دەرفەتێک بە مەبەستی گەشەپێدانی

خەزەڵوەری ٢٧٢٦

خۆی کەڵکی وەرگرت، بەپێچەوانەی کۆمەڵگەی مەدەنیی ئێرانی، نەک تەنیا لە گوتار و ڕەفتاری ئەو ڕەوتەدا نەتوایەوە، بەڵکوو سەربەخۆیی گوتاری و ڕەفتاریی خۆی لە کانتێکستی شوناسخوازیی نەتەوەییدا پاراست و هاوتەریب لەگەڵ بزووتنەوەی سیاسیی کورد، پاشەکشەی بە «تێڕوانینی ڕێفۆرمخوازی لە چوارچێوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی» لە کوردستاندا کرد.

لە تازەترینی ئەم ڕۆڵگێڕانەی کۆمەڵگەی مەدەنی وەک پەرژین و قەڵغانێک بەرانبەر بە بیرۆکەی هاورده و نامۆ بە بەها سیاسی و نیشتمانییەکانی کوردستان، دەکرێ ئاماژە بە هەڵوێستی ڕوون و ڕاشکاوانەی چالاکانی مەدەنی لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان و نووسین و لێدوانەکانیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بەرانبەر بە بیرۆکەی «ئینتگراسیۆن» (توانەوە) بکەین. لەم پێوەندییەدا چالاکانی مەدەنی لە نێوخۆی وڵات وێڕای پشتیوانی و پێداگرییان لەسەر بزووتنەوەی نەتەوەیی و شوناسخوازانەی کوردستان و ئەو نەخشەڕێ متمانەپێکراوە مێژوویییەی کە بزووتنەوەی کورد لە کۆماری کوردستانەوە بۆ دەستەبەرکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس، سەروەریی ستاتۆی کوردستان و ڕێزگرتن لە بەها و سەروەرییە خەباتگێڕییەکانی کورد دایڕشتووە، دژایەتیی خۆیان بەرانبەر بە هەر بیرۆکەیەکی هاورده و، یەک لەوان ئینتگراسیۆن، ڕاگەیاندووە.

بۆیە بە سەرنجدان بە دەوری کۆمەڵگەی مەدەنی لە پاراستنی کوردستان لە هەر بیرۆکەیەکی هاورده و نامۆ – نەک سازگار و بەقازانج - لە دوو تا سێ دەیەی ڕابردوودا و، هەروەها بۆشایی هێزی کۆمەڵگەی مەدەنی لە چەند دەیەی ڕابردووتردا کە بەداخەوە تێیاندا بەشێک لە بزووتنەوە و کۆمەڵگەی کوردستان تووشی هێندێک بیرۆکەی هاورده و پڕ لە خەساری «چەپڕەوی» بۆ کوردستان و بزووتنەوەی مافخوازانەکەی بوون، بەهێزترکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان ئەرکێکی پێویستە.

لە ئێستادا کە داهاتووی کوردستان و بزووتنەوەی سیاسی ڕووی لە خێرایی پێشهاتە سیاسییەکانە، لە پارادایمی «پاراستنی ژێرخان و سەرخانی کوردستان و چەسپاندنی سەقامگیری»دا پێویست و بەقازانجە کە کۆمەڵگەی مەدەنی وێڕای پاراستنی ماهییەت و سەربەخۆیی خۆی، ڕۆڵی بەشداری لە بەڕێوەبردندا بگێڕێت.

٢٠ی خەزەڵوەری ٢٧٢٦

لە هاواری بەندکراوێکەوە بۆ مارشی نەتەوەیەک؛ دڵدار و مێژووی «ئەی ڕەقیب»





بەهار حوسەینی

هەندێک شێعر هەن کە لە چوارچێوەی لاپەڕەکانی کتێبدا نامێننەوە، بەڵکوو دەبنە بەشێک لە ژیانی خەڵک، لە یادەوەریی کۆمەڵایەتییاندا جێ دەگرن و لە کات و شوێنی جیاوازدا نەوە لەدوای نەوە تێکەڵ بە تراژێدیا و حەماسەکانی سەرکەوتنیان دەیانخوێننەوە. ئەو شێعرانە تەنها بەهۆی جوانیی وشە و ڕێکخستنی پیت و دیزەکانیانەوە ناژین، بەڵکوو هێزیان لەو پەیوەندییەوە سەرچاوە دەگرێت کە لە نێوان دەق و ژیانی ڕاستەقینەی مرۆڤەکاندا دروست دەبێت.

«ئەی ڕەقیب» یەکێکە لەو دەقانەی کە لە بەندیخانەی ئەزموونی تاکەکەسیی شاعیرێکدا چەکەرەی کرد، بەڵام بەکاوەخۆ لە هەموو قۆژبنێکی جیهانی کوردبووندا بنجی داکوتا و دواتر بوو بە زایەڵەی سروودی ڕابوونی نەتەوەیەک کە لە سەنگەری حەماسە و پێشمەرگایەتیدا، لە بۆنە نەتەوەییەکاندا، لە قوتابخانە و دامەزراوەکاندا و لە کاتە گرنگەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دەنگ دەداتەوە و بۆتە هێمای وەرە و شکۆ و باوەڕبەخۆبوونی نەتەوەی کورد لە بەرانبەر تەوژمی لافاوی داگیرکاری و قڕان و لەنێوچوونداا. ناوی دڵدار، یونس ڕەئوف، بە شێوەیەکی هەمیشەیی بەو شێعرەوە گرێ دراوە؛ بەڵام گرنگیی ئەم شاعیرە تەنیا لە نووسینی ئەو سروودەدا کورت نابێتەوە. بۆ تێگەیشتن لە کاریگەریی دڵدار، پێویستە سەرەتا سەیری ژیانی ئەو بکەین، پاشان بزانین شێعرەکە لە چ بارودۆخێکدا نووسراوە و چۆن لە دەقێکی شیعرییەوە گەیشتووەتە ئاستی نیشانەیەکی نەتەوەیی.

دڵدار بە ناوی تەواوی یونس ڕەئوف مەلا سەعدی، لە ٢٠ی فێبرییەی ١٩١٨ لە شاری کۆیەی مەڵبەندی زانایان و ڕووناکبیران لەدایک بوو. ئەو لە سەردەمێکدا گەورە بوو کە کوردستان لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە ڕووبەڕووی گۆڕانکاری و ئاڵۆزیی زۆر ببووەوە. ژیانی ئەو لە ژینگەیەکی کوردیدا دەستی پێ کرد کە زمان و کولتوور و ناسنامەی نەتەوەیی هەموویان لەگەڵ پرسی دەسەڵات و داهاتووی سیاسیی کورد پەیوەندییان هەبوو.

خوێندنی سەرەتایی دڵدار لە ناوچەکانی ڕانیە و کۆیە بوو و دواتر لە هەولێر و کەرکووک درێژەی بە خوێندن دا. پاشان دەچێتە بەغدا و لە کۆلێژی یاسا خوێندنی زانکۆ دەست پێدەکات. ئەم ڕێڕەوی خوێندنە تەنیا زانیارییەک بۆ زانینی ژیاننامەی ئەو نییە؛ بەڵکوو نیشانەی ئەوەشە کە دڵدار لەگەڵ ژیانی ئەدەبی، گرنگی بە خوێندن و زانست و تێگەیشتن لە بارودۆخی کۆمەڵگاکەشی دەدات.

یەکەمین شێعری دڵدار لە ساڵی ١٩٣٥ لە گۆڤاری «ڕووناکی»دا بڵاو بووەتەوە. ئەو کاتە تەمەنی نزیکەی حەڤدە ساڵ بوو. ئەمە دەریدەخات کە پەیوەندیی ئەو بە شیعرەوە لە تەمەنی گەنجییەوە دەستی پێ کردبوو. دواتر بەشداریی لە ژیانی ڕۆشنبیری و سیاسیی کوردیدا کرد و پەیوەندیی لەگەڵ ڕێکخراوی نەتەوەیی ناسراو بە «حیزبی هیوا» هەبوو؛ ڕێکخراوێک کە لە مێژووی ڕێکخراوە سیاسییە مۆدێرنەکانی کورددا ڕۆڵ و پێگەیەکی بەرچاوی هەیە.

بەپێی زانیارییەکانی ئینسایکلۆپیدیای ئیرانیکا، دڵدار یەکێک بوو لەو شاعیرانەی کە توانی توخمە ڕۆمانتیک و واقیعییەکان بخاتە نێو شیعری کوردییەوە. ئەو بەرهەمانەی تەنها دەربڕینی هەست و خۆشەویستی نەبوون؛ بەڵکوو بەشێکیان لەگەڵ ژیانی ڕۆژانە، ئازار و هیوا و بارودۆخی کۆمەڵگادا پەیوەندییان هەبوو. دڵدار لە ساڵی ١٩٤٨ لە کاتێکدا

کە تەنیا سی بەهار لە تەمەنی تێپەڕیبوو، لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد، بەڵام بەرهەمە ئەدەبییەکانی، لە نێو هەست و ژیانی نەتەوەکەیدا ڕەنگیان دایەوە و بۆ هەمیشە مانەوە.

بەناوبانگترین بەرهەمی دڵدار شێعری سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب»ە؛ شێعرێک کە لە ساڵی ١٩٣٨ نووسراوە. ئەو کاتە دڵدار لە زیندانداا بوو. سەرچاوە مێژووییەکان لە دیاریکردنی شوێنی زیندانەکەدا هەموو یەکدەنگ نین؛ بۆیە باشترە لە باسکردنی ئەم ڕووداوەدا بە هەمان زانیارییە پشت ببەستین کە سەرچاوەکان لەسەری هاوڕان: شێعرەکە لە ماوەی بەندکردنی شاعیر و لە نێو بەندیخانەدا نووسراوە.

ئەم خاڵە بۆ تێگەیشتن لە قووڵایی واتا و فەلسەفەی سەرهەڵدانی ئەو شێعرە لە هزری شاعیردا زۆر گرنگە. چونکە دڵدار لە دۆخێکدا بوو کە ئازادیی تاکەکەسیی سنووردار کرابوو، بەڵام دەقێکی خولقاند کە ئەو سنوورەی تێپەڕاند. زیندان دەتوانێت جەستەی مرۆڤ لە شوێنێکدا ڕابگرێت، بەڵام ناتوانێت بە ئاسانی بیر و خەیاڵ و وشەکانی بۆ هەمیشە لە کار بخات. لە «ئەی ڕەقیب»دا ئەم ناکۆکییە بە شێوەیەکی هونەری دەردەکەوێت: لە لایەکەوە دەنگی شاعیرێکی بەندکراو دەبیسترێت و لە لایەکی دیکەوە ئەو دەنگە باس لە ژیان و مانەوە و بەردەوامیی نەتەوەیەک دەکات.

دەستپێکی شێعرەکە بە بانگکردنی «ئەی ڕەقیب» سەرنج ڕادەکێشێت. ئەم بانگکردنە تەنها وشەیەکی بێلایەن نییە؛ شێعرەکە لە سەرەتاوە گفتوگۆیەک دروست دەکات. شاعیر کەسێک یان هێزێک بەرامبەر خۆی دادەنێت و لەگەڵیدا قسە دەکات. بەڵام لە نێو ئەم گفتوگۆیەدا، دەنگی «من»ی شاعیر بە هێواشی دەگۆڕێت بۆ دەنگی «ئێمە» کە نوێنەرایەتیی کۆمەڵێک مرۆڤ و لە ڕاستیدا نەتەوەیەک دەکات کە ڕەقیب خەونی لەنێوچوونی پێوە دەبینێت. ئەو دێڕە شیعرەی کە دەست و قەڵەمی دڵدار لە ژووری ساردوسڕی گرتووخانەکەیدا دەیهێنێتە سەر کاغەز، تەنها هەستی وەرەزبوونی کەسێکی بەندکراو نییە؛ بەڵکوو دەنگی خەڵکێکە کە دەیانەوێت بوون و مانەوەی خۆیان بە شەکاوەڕاگرتنی ئاڵاکەیان لە نێو دەریای خوێن و شۆڕشدا بسەلمێنن.

یەکێک لە بەناوبانگترین دێڕەکانی شێعرەکە ئەوەیە:

«کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد زیندووە»

لە ڕووی ماناوە، ئەم دێڕە ڕەتکردنەوەیەکی ڕوونە بۆ هەر بانگەشەیەک کە بوونی کورد کۆتایی هاتووە یان لە مێژوودا ون

بووە. بەڵام گرنگیی دێرەکە تەنها لە مانای ڕاستەوخۆی وشەکانی نییە؛ لە شێوازی دەربڕینەکەشە. شاعیر بە وشەی «کەس نەڵێ» قسەکەی بە شێوەیەکی گشتی دەکات. ئەو قسەیە بە تاکێک سنووردار ناکات، بەڵکوو وەک وەڵامێک بۆ هەر کەسێک دەیخاتە ڕوو کە بوونی کورد ڕەت دەکاتەوە.

دووبارەکردنەوەی بیرۆکەی ژیان و زیندوویی، لەگەڵ ڕێکخستنی کورت و ڕوونی دێرەکە، وای کردووە ئەم بەشە بە ئاسانی لە بیر نەچێت. لە شێعرەکەدا، ژیان تەنها مانای زیندووبوونی جەستە نییە؛ مانای بەردەوامبوونی زمان، یادەوەری، هەست بە هاوبەشی و توانای دروستکردنی داهاتووشە. ئەم مانایە بە تایبەتی لەوەدا دەردەکەوێت کە شاعیر لە دۆخی بەندکردندا باس لە زیندوویی دەکات.

لە بەشەکانی دیکەی شێعرەکەدا، ئاڵا و نیشانەی هاوبەشیی نەتەوەیی دەبنە ناوەندی وێنەسازیی شاعیر. ئاڵا لێرەدا تەنها پارچەیەک قوماش نییە؛ بەڵکوو وێنەیەکی کۆکراوەیە لە یادەوەری و هیوای هاوبەش. کاتێک شاعیر باس لە ئاڵا دەکات، لە ڕاستیدا باس لەوە دەکات کە مرۆڤەکان چۆن خۆیان بە بەشێک لە کۆمەڵێکی فراوانتر دەزانن.

یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی بەردەوامیی «ئەی ڕەقیب»، سروودبوونی ئەو شیعرەیە. هەموو شێعرێک ناتوانێت ببێتە سروودێکی نیشتمانی؛ چونکە سروود پێویستی بە ڕیتم، دووبارەبوونەوە، ڕوونیی دەربڕین و توانای بەشداریپێکردنی گوێگر هەیە. شێعرەکەی دڵدار لە ڕووی زمان و ڕێکخستنی دێرەکانەوە ئەو تایبەتمەندییانەی تێدایە کە یارمەتیی گواستنەوەی لە دەقێکی نووسراوی سەر کاغەزەوە بۆ سروودێک داوە کە بە ئاسانی دەتوانێ جێگەی خۆی لە هزر و دڵی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی نەتەوەکەیدا بکاتەوە و ببێتە ویردی سەرزاری گەورە و بچووک.

لە خوێندنەوەی شێعرێکدا، خوێنەر بە تەنیا لەگەڵ دەقەکەدا دەبێت؛ بەڵام لە سروودێکی هاوبەشدا، دەنگەکان کۆ دەبنەوە. ئەوەی پێشتر لە پەڕەیەکدا نووسرابوو، دەبێتە ئەزموونێکی هاوبەش لە نێوان ژمارەیەکی زۆری مرۆڤدا. لەو کاتەدا، سروود تەنیا هونەر نییە، بەڵکوو دەبێتە ڕێگایەک بۆ دروستکردنی هەستی هاوبەشی و ژیلەمۆیەک بۆ هەڵگیرساندنەوەی ئاگری دامرکاوی ڕۆحی نەتەوە.

لە ساڵی ١٩٤٦، کاتێک کۆماری کوردستان لە مەهاباد ڕاگەیەندرا، «ئەی ڕەقیب» وەک سروودی ئەو کۆمارە هەڵبژێردرا. ئەمە ڕووداوێکی گرنگ بوو، چونکە شێعرەکە لە ئاستی بەرهەمێکی ئەدەبییەوە هاتە نێو بۆنەیەکی فەرمیی سیاسی و ڕووداوێکی مێژوویی گرنگ. گرنگە ئەوەش بزانین کە دڵدار لەو کاتەدا هێشتا لە ژیاندا بوو؛ واتە لە ژیانی خۆیدا شاهیدی

ئەوە بوو کە چۆن بەرهەمەکەی لە دەقێکی شیعرییەوە بوو بە هێمای زیندووبوون و ڕاسانەوەی نەتەوەیەک.

دواتر، لە ساڵی ١٩٩٢ەوە، «ئەی ڕەقیب» وەک سروودی فەرمیی هەرێمی کوردستانیش ناسێنرا. بەم شێوەیە، شێعرەکە لە دوو قۆناغی مێژوویی جیاوازدا ڕۆڵێکی فەرمی و نەتەوەیی وەرگرت: یەکەمجار لە کۆماری کوردستانی مەهاباد و دواتر لە هەرێمی کوردستان.

لە مەودای نێوان دامەزرانی ئەو دوو کیانە نەتەوەییەشدا بۆ ماوەی دەیان ساڵ زایەڵەی «ئەی ڕەقیب» لە نێو هەناسەی سەنگەرەکانی شۆڕش، لە ترپەی دڵی چیا و گوند و مەزرا، تێکەڵ بە شەپۆلی پارازیت لێدراوی ڕادیۆی شۆڕشەکان و لە سەر لاپەڕەی پەرتووک و گۆڤار و ڕۆژنامە و تراکت و شەونامە نهێنییەکاندا، لەسەر لێوی شەقارگرتووی پێشمەرگە و لە ململانێی خوێناویی نێوان ڕووناکی و تاریکیدا دەنگی داوەتەوە و تۆوی هیوا و باوەڕبەخۆبوونی لە دڵی نەوەکانی دوارۆژدا چاندووە.

ئەم بەردەوامییە نیشان دەدات کە هێزی دەقەکە تەنها بە بارودۆخی ساڵی ١٩٣٨ یان ١٩٤٦ سنووردار نەماوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، نابێت ژیانی ئەدەبیی دڵدار تەنیا لە نێو ئەو بەرهەمەدا کورت بکەینەوە. ئەو بەرهەمی دیکەشی هەبوو و لە گۆڕەپانی شیعری کوردیدا کاریگەریی خۆی هەبوو. ئینسایکلۆپیدیای ئێرانیکا ناماژە بەوە دەکات کە دڵدار تۆخمە ڕۆمانسی و واقیعییەکانی خستە نێو شیعری کوردییەوە و ژمارەیەک لە شیعرەکانی لەلایەن هونەرمەندانەوە کراونەتە گۆرانی.

ئەم زانیارییە گرنگە، چونکە یارمەتیمان دەدات دڵدار وەک شاعیرێکی چەندڕەهەندی ببینین، نەک تەنها وەک ناوی نووسەری سروودێک. لە بەرهەمە ئەدەبییەکانیدا، هەست و خۆشەویستی و ژیانی مرۆڤ و بارودۆخی کۆمەڵگا جێگای خۆیان هەیە. بەو پێیە، «ئەی ڕەقیب» دەبێت وەک بەشێکی گرنگ لە کۆی ئەزموونی ئەدەبیی ئەو بخوێندرێتەوە، نەک وەک تەواوی ئەو ئەزموونە.

هەروەها، خوێندنەوەی بەرهەمەکانی دڵدار دەرفەتێکە بۆ تێگەیشتن لە گۆڕانی شیعری کوردی لە سەدەی بیستەمدا؛ ئەو سەردەمەی شاعیران هەوڵیان دەدا لە نێوان شێوازی کۆنی شیعری کوردی و دەربڕینی نوێدا پردەبازێک دروست بکەن. دڵدار لەو ڕەوتەدا شوێنی خۆی هەیە، چونکە زمانێکی ڕوون و هەستێکی زیندووی بەکار دەهێنا و توانی هەندێک لە بابەتە

گشتییەکان بخاتە نێو شێعری خۆیەوە.

دەرئەنجام:

ئەگەرچی دڵدار لە ساڵی ١٩٤٨ بە جوانەمەرگی سەری نایەوە، بەڵام یادگارە ناوازەکەی بۆ نەتەوەکەی واتە «ئەی ڕەقیب» لەگەڵ کۆتایی ژیانی ئەو کۆتایی نەهات، لە ماوەیەکی درێژدا لە نێو نەوە جیاوازەکاندا گەڕایەوە و بوو بە بەشێک لە یادەوەریی هاوبەشی کورد. ئەمە یەکێکە لە تایبەتمەندییە سەرسوڕهێنەرەکانی ئەدەب: هەندێکجار دەقێک دوای مردنی نووسەرەکەی دەست بە ژیانێکی نوێ دەکات؛ ژیانێک کە خوێنەران و گوێگران و ئەو کۆمەڵگایەی دەقەکەیان بەخۆوە گرتووە بەردەوامیی پێ دەدەن.

گرنگیی «ئەی ڕەقیب» لەوەدا نییە کە تەنها لە بۆنە فەرمییەکاندا دەخوێندرێتەوە، بەڵکوو لەوەدایە کە هێشتا دەتوانێت پرسیارێکی گرنگ لەبەردەم گوێگر دابنێت: چۆن کۆمەڵێک مرۆڤ، لەگەڵ هەموو جیاوازییەکانیاندا، هەست بە هاوبەشی و مانەوە دەکەن؟ چۆن زمانێک و شێعرێک دەتوانێت ببێتە بەشێک لە ناسنامەی گشتی؟

دڵدار لە ژیانێکی کورتدا بەرهەمێکی دروست کرد کە تەمەنێکی درێژی هەبوو .ئەو لە زیندانەوە دەستی بە نووسینی دەقێک کرد کە دواتر لە سەر زاری خەڵکدا گەڕا. بەڵام ئەوەی ئەم مێژووە بە مانا دەکات، تەنیا چارەنووسی شێعرەکە نییە؛ بەڵکوو توانای ئەوەیە کە هەر جارێک دەخوێندرێتەوە، هەستێکی نوێ لە ناخی گوێگردا دروست بکات. لەبەر ئەوە، «ئەی ڕەقیب» تەنها بەرهەمێکی مێژوویی نییە؛ دەقێکی زیندووە کە لە نێوان ئەدەب، مێژوو و ژیانی ڕۆژانەی کورددا بەردەوام دەژیت.

«کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد زیندووە»، دووبارەکردنەوەی بیرۆکەی ژیان و زیندوویی، لەگەڵ ڕێکخستنی کورت و ڕوونی دێڕەکەیە. ئەمەش وای کردووە ئەم بەشە بە ئاسانی لە بیر نەچێت. لە شێعرەکەدا، ژیان تەنها مانای زیندووبوونی جەستە نییە؛ مانای بەردەوامبوونی زمان، یادەوەری، هەست بە هاوبەشی و توانای دروستکردنی داهاتووشە. ئەم مانایە بە تایبەتی لەوەدا دەردەکەوێت کە شاعیر لە دۆخی بەندکردندا باس لە زیندوویی دەکات.

٢٠ی خەزەڵوەری ٢٧٢٦

گرنگیی نووسینەوەی میژووی ڕۆژنامەی «کوردستان»





قادر وریا

«کوردستان»ی ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، میژوویەکی پڕ لە هەوراز و نشێو و ئاڵۆزی هەیە. هۆی ئەم ئاڵۆزییە، بار و دۆخێک و چارەنووسێک بووە کە ڕێبەران و تێکۆشەرانی ئەو حیزبە لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان بەسەریاندا سەپا. میژووی «کوردستان»یش ئاوێنەی ئەو چارەنووسە بووە کە بەسەر درێژەدەرانی ڕێگا و ڕێبازی کۆماری

کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستاندا هاتووە.

دەورەی یەکەمی «کوردستان»، ئەو ماوەیە لە بڵاوبوونەوەی دەگرێتەوە کە دەکەوێتە دوای دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان (بەفرانباری ١٣٢٤) هەتا دواڕۆژەکانی تەمەنی کۆماری کوردستان (سەرماوەزی ١٣٢٥). ئەم دەورەیە کە لە ١١٣ ژمارە پێک هاتووە، لە ڕوانگەی لەچاپدرانەوە و توێژینەوە، لە دەورەکانی دوای خۆی، خۆشانستر بووە. ٨٢ ژمارە لە ١١٣ ژمارەی ئەو دەورەیە، ساڵی ٢٠٠٧، بە هەوڵ و هیممەتی «بنکەی ژین» وێڕای توێژینەوەیەکی پڕ لە زانیاریی بەسوود لەسەر نێوەڕۆکی بابەتەکان و نووسەرانی ژمارەکانی ئەم دەورەیە، سەر لە نوێ چاپ و بڵاو کرایەوە. دەزگای ئاراسیش لە چاپکردنەوەی «کوردستان»ی سەردەمی کۆماری کوردستاندا هاوکار و هاوبەشی «بنکەی ژین» بوو.١

دەورەکانی دیکەی «کوردستان» قسە و باسی زۆر هەڵدەگرن. هەر لەجێدا بە زەحمەت دەتوانین بڵێین چەند دەورەی دیکەی بڵاوبوونەوەی «کوردستان»مان هەبووە. بۆ وێنە لە دوای کودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ (١٩ی ئاگۆستی ١٩٥٤)، بە دیاریکراوی لە بەهار و پاییزی ١٣٣٣ (١٩٥٤)، بەڕێوەبەرانی ئەو کاتەی تێکۆشانی حیزبی دێموکرات نەمران غەنی بلووریان، سەدیق ئەنجیری، عەبدوڵڕەحمان قاسملوو و عەزیز یووسفی، بە یارمەتیی سارمەدین سادق وەزیری، توانیان لە شاری تەورێز پێنج ژمارەی «کوردستان» لە «چاپخانەی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان» چاپ و بڵاو بکەنەوە.٢ بەڵام چونکە لە پێنج ژمارە تێ نەپەڕیوە و دەوامی نەبووە، لە مێژووی ئەم ڕۆژنامەیەدا، کەمتر وەک دەورەیەک، ئاوڕی لێ دراوەتەوە. جگە لەمەش بەداخەوە نوسخەکانی هەروا نایابن و بەش بەحاڵی خۆم لە هیچ شوێن و سەرچاوەیەکدا، هیچ یەک لەو پێنج ژمارەیەم نەدیتووە.

هەر لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان، شاری باکۆ (ناوەندی کۆماری ئازەربایجانی یەکیەتیی سۆڤیەت)، بەهۆی گیرسانەوەی ژمارەیەک لە خوێندکارانی کوردی ناردراو لەلایەن کۆماری کوردستان لەوێ و جێگیربوونی ڕێبەریی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان، دەرفەت بۆ بڵاوبوونەوەی بڵاوکراوەیەکی کوردی بە ناوی «کوردستان» و وەک ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی تێدا پێک هات. لە درێژەی ئەم نووسینەدا دێمەوە سەر ئەم دەورەیە لە بڵاوبوونەوەی «کوردستان» لە باکۆ.

دوو دەورەی تری «کوردستان» هەن کە لە مێژووی ئەم ڕۆژنامەیەدا، جێگای تایبەت بە خۆیان هەیە. یەکیان ئەو دەورەیە کە بە «دەورەی پڕاگ» ناسراوە و لەنێوان ڕێبەندانی ١٣٤٣ هەتا خەرمانانی ١٣٤٩ (١٩٦٥ - ١٩٧٠)دا، بە سەرنووسەریی د. قاسملوو، ٢٦ ژمارەی لێ بڵاو بووەتەوە. لەم ساڵانەدا، «کوردستان»، ناوی ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لەسەر

نەبووە، بەڵکوو لەژێر ناوەکەیدا نووسراوە: «لەلایەن دەستی نووسەرانەوە بڵاو دەکرێتەوە»، بەڵام سەرنووسەر و نووسەرە سەرەکییەکانی هەم بە کردەوە و هەم بە بیر و باوەڕ، زیاتر خۆیان سەر بە حیزبی دێموکراتی کوردستان زانیوە.

دواییەن دەورەی «کوردستان» ئەو دەورەیەیە کە لە ڕێبەندانی ١٣٤٩، یەکەم ژمارەی لە بەغدا بڵاو بووەتەوە. دەورەیەک کە هەتا ئێستاش درێژەی هەیە و سەرەڕای ئەوەی لەگەڵ پێکهاتنی هەر لێکدابڕانێک لەو حیزبەدا، هەر کام لە دوو لایەنی لێکدابڕاوی ئەو حیزبە، بە جیا درێژەیان بە بڵاوکردنەوەی داوە، بەڵام لەسەر یەک ئەم دەورەیەی «کوردستان» لە ئەنجامدا یەکی گرتووەتەوە و بەردەوامیی خۆی پاراستووە. ئەم دەورەیەش لەباری ناساندنی مێژووەکەی، بەڕێوەبەران و نووسەرانی، دەستپێڕاگەیشتنی توێژەران بە ژمارەکانی، شانسێکی باشتر لە دەورەکانی پێش خۆی هەبووە، چونکە هەم کەسە شوێندانەرەکانی قۆناغەکانی پێشووی لە ژیاندا بوون و تەنانەت هێندێکیان بە خۆشیەوە هەتا ئێستاش لە ژیاندان، هەم ئەرشیڤی زۆربەی ژمارەکانی ئەم دەورەیە لەبەر دەستانن. وێڕای ئەمانەش چونکە خودی ڕۆژنامەکە حەی و حازرە و لە بۆنەی جۆراوجۆردا، ئاوڕ لەم دەورەیە دراوەتەوە، بۆ توێژەران ئاشنایە. هەر لەجێدا ژیان و بەردەوامی لە سەردەمی ئینتەرنێتدا، هەڵی ئەوەی بۆ ڕەخساندووە دەم و دەست سنووورەکان ببڕێ و لە هەر گۆشەیەکی ئەم جیهانە بگاتە دەست خوێنەران و هۆگرانی.

بەم پێیە وێڕای ئەو پێنج ژمارەیەی دوای کودەتای ١٣٣٢ کە لە تەورێز چاپ بووە، دوو دەورەی ڕۆژنامەی «کوردستان» هەتا ئێستا کەمترین تیشکی توێژینەوەیان بەرکەوتووە: «کوردستان»ی دەورەی باکۆ و «کوردستان»ی دەورەی پڕاگ.

توێژینەوەیەک کە بەڕێز د. کامران ئەمین ئاوە لەم دواییانەدا لە تۆپی کتێبێک لەژێر ناوی «ڕۆژنامەی ‹کوردستان› چاپی باکۆ» بڵاوی کردووەتەوە، یەکەم توێژینەوەی تێر و تەسەل و یەکەم کتێب لەبارەی ئەم دەورەیەی «کوردستان»ە.

د. کامران ئەم کتێبەی بە بۆنەی ٨٠ ساڵەی تەمەنی ڕۆژنامەی «کوردستان»ی ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە دەبووە ساڵی ڕابردوو (١٤٠٤ - ٢٠٢٥) ئامادە کردبوو، بەڵام ئەم دەست و ئەو دەست کردنی ناوەندێکی بڵاوکردنەوە، چاپەکەی دواخست و سەرئەنجام ئەمساڵ (٢٠٢٦) لەسەر ئەرکی خۆی چاپی کرد.

یەکەمین خاڵی پێوەندیدار بەم دەورەیەی «کوردستان» کە پێویستە ئاماژەی پێ بکرێت ئەوەیە کە لەم دەورەیەدا، «کوردستان»، بڵاوکراوەیەکی سەربەخۆ نەبووە، بەڵکوو لاپەڕێک لە بڵاوکراوەی «آذربایجان»، ئۆرگانی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان بووە.

دووهەم خاڵیش ماوەی دوور و درێژی ئەم دەورەیەیە کە لە ١٠ی سەرماوەزی ١٣٢٦ (٢ی دێسامبری ١٩٤٧) هەتا ٣٠ی ڕەشەمەی ١٣٤٠ (١٩ی ئاوریلی ١٩٦١) واتە ماوەی چاردە ساڵی خایاندووە.٣

سێهەم خاڵ ئەوەیە ئەگەرچی دانانی ناوی «ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان» لەسەر ئەم لاپەڕەیە، لە ڕوانگەی خۆمەوە لەجێی خۆیدا نەبووە،٤ بەڵام لە هەموو ئەو ماوەیەدا تریبۆنێک بووە بۆ داکۆکی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە کوردستانی ئێران و مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد. دەلاقەیەک بووە بەسەر خەباتی تێکۆشەرانی کورد لە ئێران و ڕووداوە سیاسییەکانی پێوەندیدار بە خەڵکی کوردستانی ئێران و لەقاودانی تاوانەکانی ڕێژیمی شایەتی دژی نەتەوەی کورد. لە هەمان کاتیشدا دەرەتانێک بووە بۆ نووسینی سیاسی بە زمانی کوردی، بۆ ئاوڕدانەوە لە ئەدەبیاتی کوردی، بۆ تۆمارکردنی ڕوانگە و بۆچوونی ژمارەیەک سیاسیی تێکۆشەری کورد لەسەر ڕووداو و ئاڵۆگۆڕەکانی سەردەم. بێگومان ئەگەر ڕێگە پێدان و پشتگیریی ڕێبەریی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان لەلایەک و لەلایەکی ترەوە ئەرکناسی، دەروەستبوون و هەوڵی بەردەوام و خۆبەخشانەی نووسەرەکانی بەتایبەتی نەمران د. ڕەحیم سەیفی قازی و د. عەلی گەلاوێژ نەبا، چرای ئەم دەورەیەی «کوردستان» بۆ ماوەی چاردە ساڵ دانەدەگیرسا.

د. کامران ئەمین ئاوە بۆ ئامادەکردنی ئەم کتێبە بەڕاستی خۆی ماندوو کردووە. ئەگەرچی هەموو ئەو ژمارانەی «آذربایجان»ی دەست نەکەوتوون کە ئەم یەک لاپەڕەی «کوردستان»یان گرتووەتەخۆ، بەڵام بۆ ئەو ژمارانەش کە پەیدای کردوون زەحمەتی زۆری کێشاوە، پێوەندیی بە چەندین کەسایەتیی تۆێژەر و ناوەند و ئەرشیڤخانەوە گرتووە، بە دەیان سەرچاوەی بە زمانی جۆراوجۆر پشکنیوە تا لە ئەنجامدا توانیویەتی لەبارەی مێژووی ئەم ڕۆژنامەیە، نووسەرانی بابەتەکانی، جۆر و نموونەی ئەو نووسینانەی لەم «کوردستان»ەدا بڵاو بوونەتەوە، زانیاری و بەرچاوڕوونی بۆ خوێنەرانی دابین بکا.

خوێنەری کتێبی «ڕۆژنامەی ‹کوردستان› چاپی باکۆ (١٩٦١ - ١٩٤٧)» بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە، نەک هەر پانۆرامایەکی ڕوون لەسەر ئەم دەورەیەی «کوردستان» دێتە بەرچاوی، ئاگادار و شارەزای ئەو هەلومەرجە فیکری و سیاسی و ڕێکخراوەییەش دەبێت کە ئەم ڕۆژنامەیەی تێدا لەدایک بوو، درێژە بە بڵاوکردنەوەی درا و سەرئەنجام کۆتایی پێ هات.
بە دەرفەتی دەزانم بە ئاگاداریی خوێنەرانی ئەم وتارەم و سەرجەم هۆگرانی مێژووی ڕۆژنامەی «کوردستان»ی بگەیەنم کە د. کامران ئەمین ئاوە، نزیکەی ساڵێکە پلانی ئامادەکردنی کتێبێک لەسەر دەورەی پڕاگی ڕۆژنامەی «کوردستان»ی هەیە. هەوڵێکی زۆریشی بۆ بەدەستهێنانی ژمارەکانی دەورەی پڕاگی «کوردستان» داوە، دەستەوداوێنی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە و کۆمەڵێک کەسایەتیی تر و تەنانەت خۆشم بووە و کردوومانی بە «واسیتە» بۆ ئەوەی لەو ناوەند و

خەزەڵوەری ٢٧٢٦

بەڕێزانەی پێدەچێ ژمارەکانی ئەو دەورەیان هەبێ، داوا بکەین بە دەنگ ئەو تۆیژەرەوە بێن و وێنەیەک لەو ژمارانەی «کوردستان»ی بخەنە بەردەست، بەڵام بەداخەوە هەتا ئێستا، بەدەنگەوەهاتنێکی ئەوتۆی نەدیتووە. لێرەوە داواکارم هەر بەڕێزێک بۆ ئەم پڕۆژەیە بەڵگەنامە و زانیاریی پێویست و بەکەڵکی لایە، هەست بە بەرپرسایەتی بکا، گەورەیی بنوێنێ و بە دەنگ بانگەوازی ئەو تۆیژەرە خۆبەخشەوە بێت.

پەراوێزەکان

١- ڕەفیق سائح و سدیق سائح، «ڕۆژنامەی ‹کوردستان› مەهاباد، ١٣٢٤-١٣٢٥ی هەتاوی (١٩٤٦)»، پڕۆژەی هاوبەشی بنکەی ژین و دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٧، پێشەکی، لاپەڕەی ٨.

٢- کامران ئەمین ئاوە، «ڕۆژنامەی ‹کوردستان› چاپی باکۆ»، ٢٠٢٦، چاپی یەکەم، ڕۆشەنگەری، ئەڵمان، لاپەڕە ١٠.

٣- کامران ئەمین ئاوە، «ڕۆژنامەی ‹کوردستان› چاپی باکۆ»، ٢٠٢٦، چاپی یەکەم، ڕۆشەنگەری، ئەڵمان، لاپەڕە ١٢.

٤- هۆی ئەوە کە پێمواید دانانی ناوی ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەسەر ئەم لاپەڕەیە لەجێی خۆیدا نەبووە، ئەوەیە جگە لەوەی ئەم «کوردستان»ە، وەک بڵاوکراوە بوونێکی سەربەخۆی نەبووە و لاپەڕێک بووە لە بڵاوکراوەی ئۆرگانی ڕێکخراوێکی سیاسیی تر، سەرنووسەر و نووسەرەکانیشی ئەندام یان بەشێک لە ڕێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئەو سەردەم نەبوون، با خۆشیان بە میراتگر و درێژەدەری ڕێبازی ئەو حیزبە زانیبێت. دیارە هەر لەجێدا لە سااڵنی دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان، حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە هۆکاری جۆراوجۆر ڕێبەرییەکی تۆکمە و یەکگرتووی نەبوو.

٢١ی خەزەڵوەری ٢٧٢٦

یادی عەلی‌ئەشرەف دەرویشیان؛ نووسەرێک لە تەنیشت هەژاران





ئیبراهیم لاجانی

چواری خەزەڵوەر، ساڵڕۆژی کۆچی دوایی عەلی‌ئەشرەف دەرویشیان، دەرفەتێکە بۆ یادکردنەوەی نووسەرێک کە ئەدەبیاتی بە ژیانی خەڵک و ئاواتی ئازادییەوە گرێ دا. ئەو گێڕەرەوەی هەژاری، جیاکاری و ئازاری ئەو مرۆڤانە بوو کە کەمتر دەرفەتی دەربڕینی دەنگیان هەبوو؛ مامۆستایەک کە ئەزموونی ژیان لەنێو بێبەشاندا کردە کەرەسەی چیرۆک و تا کۆتایی تەمەنی لە بەرگری لە ئازادیی ڕادەربڕین و بەرەنگاربوونەوەی سانسۆردا بەردەوام بوو. بۆ ئەو، نووسین بەرپرسیارێتییەک بوو بەرامبەر

بە مرۆڤ و کەرامەتە پێشێلکراوەکەی.

دەرویشیان لە سێی خەرمانانی ١٣٢٠ی هەتاوی، لە بنەماڵەیەکی کرێکاری و پرئەندامی کرماشاندا لەدایک بوو. هەژاری بۆ ئەو چەمکێکی دوور لە ژیان نەبوو؛ لە منداڵییەوە لە ماڵ، گەڕەک و شوێنی کاردا هەستی پێ کردبوو. دوای تەواوکردنی خوێندن لە پەیمانگای سەرەتایی پەروەردەی مامۆستایان، نزیکەی دە ساڵ لە گوندەکانی دەوروبەری کرماشان و گیلانی ڕۆژئاوا مامۆستایەتی کرد. ڕووبەڕووبوونەوەی ڕۆژانەی لەگەڵ ئەو منداڵانەی بێبەشی سێبەری بەسەر ژیان و داهاتوویاندا کێشابوو، تێگەیشتنی لە نایەکسانی قوونڵتر کردەوە؛ ئەزموونێک کە دواتر لە جیهانی چیرۆکەکانیدا ڕەنگی دایەوە.

کۆچکردن بۆ تاران و درێژەدان بە خوێندن، ئاسۆی تازەیان لەبەردەمدا کردەوە. ئاشنابوونی بە کەسایەتییەکانی وەک سیمین دانشوەر، جەلال ئالئەحمەد، ڕەزا بەراهەنی و ئەمیرحوسێن ئارینپوور، کاریگەریی لەسەر ڕێبازی نووسینی دانا. بەڵام سەرچاوەی سەرەکیی بەرهەمەکانی هەر ئەو ئەزموونانە بوون کە لە کۆڵانەکانی کرماشان، ماڵە کرێکارییەکان و پۆلەکانی گوندەوە لەگەڵ خۆی هێنابوونی. کارەکتەرەکانی لە دڵی هەمان جیهانەوە سەریان هەڵدا؛ خەڵکانێکی دەستەنگ کە لەنێو تەنگانەکاندا بۆ پاراستنی ژیان و شکۆی خۆیان تێدەکۆشان.

ڕوانینی ڕەخنەگرانەی دەرویشیان بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بە دژایەتیی ستەمکاریی سیاسییەوە گرێ درابوو. چالاکییە سیاسی و فەرهەنگییەکانی لە سەردەمی پەهلەویدا، بوونە هۆی چەندین جار دەستبەسەرکردنی، دەرکردنی لە پیشەی مامۆستایەتی و سەپاندنی حوکمی یازدە ساڵ زیندان بەسەریدا. زیندان و سەرکوت نەیانتوانی لە ڕێگاکەی پاشگەزی بکەنەوە. ئەزموونی بێبەشبوون لە ئازادی، هەستیاریی ئەوی بەرامبەر بە چارەنووسی زیندانیان و شێوازەکانی بێدەنگکردنی ناڕازییان زیاتر کرد؛ هەستیارییەک کە لە نووسین و هەڵوێستەکانی دواتریشیدا ڕوون بوو.

لە ئەدەبیاتی هاوچەرخی ئێراندا، دەرویشیان یەکێک لە ڕووخسارە دیارەکانی ڕیالیزمی کۆمەڵایەتییە. چیرۆکەکانی ژیانی کرێکاران، منداڵە بێبەشەکان، بێکاران، زیندانیان و پەراوێزنشینان دەخەنە بەرچاوی خوێنەر. گرنگیی ئەم بەرهەمانە، لە پاڵ خستنەڕووی کێشە کۆمەڵایەتییەکان، لە وێناکردنی هەست، ئاوات و پەیوەندییە مرۆییەکان لەنێو بێبەشیدایە. لە جیهانی چیرۆکەکانی ئەودا، هەژاری کاریگەری لەسەر سفرە و ماڵ، خوێندن و تەندروستی، تەنانەت لەسەر خەونەکانی مرۆڤیش دادەنێت. خوێنەر ڕووبەڕووی مرۆڤگەلێک دەبێتەوە کە ئازارەکانیان ڕووخسار، دەنگ و چارەنووسی دیاریکراویان هەیە.

دەرویشیان لەوە نەدەپرینگایەوە کە بەرهەمەکانی بە سیاسی ناو ببرێن. باوەڕی وابوو نووسەر ناتوانێت ئازاری کۆمەڵگە ببینێت و بەرامبەر بە نادادپەروەری بێدەنگ بێت. دەربڕینی «چریکی فەرهەنگی» کە بۆ خۆی بەکاری دەهێنا، هەڵقوڵاوی هەمان تێگەیشتن بوو لە بەرپرسیارێتیی نووسەر. ئەو هونەری بە مەیدانی خەبات بۆ گۆڕینی ژیان دەزانی؛ خەباتێک بۆ نەهێشتنی هەژاری و بەهرەمەندبوونی هەمووان لە ئازادیی بیرکردنەوە و ڕادەربڕین. سەرچاوەی ئەم پابەندییە، هاوسۆزییەکی قووڵ بوو لەگەڵ ئەو خەڵکانەی دەنگیان لە هاواری دەسەڵات و ساماندا ون دەبوو.

ئەم ڕوانینە لە چالاکییەکانی لە کانوونی نووسەرانی ئێرانیشدا بەردەوام بوو. لە ساڵی ١٣٧٣دا یەکێک لە واژۆکارانی نامەی «ئێمە نووسەرین»، ناسراو بە «دەقی ١٣٤ نووسەر»، بوو و لە هەوڵەکانی زیندووکردنەوەی چالاکییەکانی کانوونیدا بەشدارییەکی چالاکی هەبوو. بەرهەمەکانی لە هەردوو سەردەمی پێش و دوای شۆڕشدا ڕووبەڕووی سانسۆر بوونەوە، بەڵام بەرگریی ئەو لە ئازادیی ڕادەربڕین بەردەوام مایەوە. ناونانی وەزارەتی ئیرشاد بە «وەزارەتی سانسۆر»، ناڕەزایەتییەکی ڕاشکاوانە بوو بەرامبەر بە دەستێوەردانی دەسەڵات لە داهێنانی ئەدەبی و مافی خوێنەران بۆ دەستڕاگەیشتنی ئازادانە بە بەرهەمەکان.

کارنامەی دەرویشیان، چیرۆکنووسی، ئەدەبیاتی منداڵان و هەرزەکاران، ڕەخنە و توێژینەوەی فەرهەنگی دەگرێتەوە. «از این ولایت»، «آبشوران»، «فصل نان»، «درشتی» و ڕۆمانی «سالهای ابری» لە بەرهەمە دیارەکانی ئەون. لە پاڵ ئەم نووسینانەدا، «فەرهەنگی کوردیی کرماشانی» و «ئەفسانە و مەتەڵە کوردییەکان» نیشاندەری گرنگیدانی ئەون بە زمان و فەرهەنگی زێدی خۆی. هاوکاری لەگەڵ ڕەزا خەندان مەهابادی لە ئامادەکردنی «فەرهەنگی ئەفسانەکانی خەڵکی ئێران»یش، بەشێکی گرنگی هەوڵەکانی بوو بۆ کۆکردنەوە و پاراستنی میراتی زارەکیی خەڵک.

چیرۆکنووسی و توێژینەوەی فەرهەنگی لە کاری ئەودا پەیوەندییەکی ڕوونیان هەبوو: گرنگیدان بە ژیان و یادەوەریی خەڵکی ئاسایی. هەمان نووسەر کە ئازاری هەژارانی دەگێڕایەوە، زمان، چیرۆک و ئەزموونەکانیانیشی بە شایەنی تۆمارکردن و گواستنەوە دەزانی. لەم ڕوانگەیەوە، پاراستنی فەرهەنگی خەڵک و بەرگری لە مافەکانیان، دوو لایەنی پەیوەست بە یەکی چالاکییەکانی بوون. میراتەکەی بیرمان دەخاتەوە کە ناسینی کۆمەڵگە، پێویستی بە گوێگرتن لەو دەنگانە هەیە کە زۆرجار لە گێڕانەوە فەرمییەکاندا پەراوێز دەخرێن.

عەلیئەشرەف دەرویشیان لە چواری خەزەڵوەری ١٣٩٦، دوای ماوەیەک نەخۆشی کۆچی دوایی کرد، بەڵام ئەو پرسیارانەی لە بەرهەمەکانیدا خستنیە ڕوو، هێشتا لەبەردەمماندان: بەشی هەژاران لە ژیان چییە و نووسەر بەرامبەر بە

خەزەڵوەری ٢٧٢٦

نادادپەروەری چ بەرپرسیارێتییەکی هەیە؟ ڕێزگرتن لە ئەو، بە خوێندنەوەی چیرۆکەکانی و وردبوونەوە لە خۆڕاگرییەکەی واتا دەدۆزێتەوە؛ خۆڕاگریی نووسەرێک کە بە مرۆڤ، ئازادی و دادپەروەری وەفادار مایەوە و ئازاری خەڵکی کردە بەشێکی ماندگاری یادەوەریی ئەدەبیی ئێمە.

٢٢ی خەزەڵوەری ٢٧٢٦

سزای لەسێدارەدان لە ڕوانگەی یاساییەوە





کەنیرە میهفەر

سزای لەسێدارەدان یەک لە تونـدترین سزاکانە کە بە قەتڵی حکوومەتی نـاوزەد دەکـرێ و، چـونکە بە بڕیـارێکی قەزایـی فەرمی و لە لایەن دەسـەڵاتی قەزایـی و جێبەجێکـارانی سـزاییەوە لەسـەر تـاوانبـار ئەنجـام دەدرێ، لایەنگرانـی بەردەوامیـی سزای لەسێدارەدان پێیان وایە ئەم سزایە دەبێتە هۆکاری ئەمنییەت و ئاسایشی وڵات. لە ڕابردوودا ئەم سزایە بەتـایبەت بـۆ تـاوانە زۆر قـورسەکان بەکار دەهـات، وەک کوشـتاری بەکـۆمەڵ، تـاوانە گەورەکـانی دژ بە کۆمەڵگـا، یـا قەتڵێکی فەجیع کە

لێکەوتەی خراپی لەسەر کۆمەڵگا دانابێ... هەر بەم هۆیەشەوە، بکەرانی ئەم تاوانانە سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا دەسەپا، تا ببێتە هۆکاری جێگیربوونی ئارامی و ئاسایش و چاوترسێنکردنی خەڵک بۆ ئەنجامدانی تاوانی لەم چەشنە. ماددەی ٣ لە جارنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ و ماددەی ٦ لە میساقی نێودەوڵەتیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، مافی ژیان بۆ هەر تاکێک بە فەرمی دەناسن و جەخت دەکەنەوە کە هیچ کەس یا لایەنێک نابێ سەرپۆیانە مافی ژیان لە کەسێک بستێنێتەوە.

ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی لە ساڵی ١٩٧٧ گەلاڵەیەکی بۆ لابردن و هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان خستە بەرنامەی کاری خۆی کە ئەوکات تەنیا ١٦ وڵات پێی پەیوەست بوون؛ ئەوان پێیان وابوو ئەم سزایە بە مانای پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و بەتایبەتی لێئەستاندنەوەی مافی ژیانە و سزایەکی زاڵمانە و دژەمرۆییە. دوای تێپەڕبوونی چەندین ساڵ، وڵاتانی زیاتر پەیوەست بەم گەلاڵەیە بوون و، لە ئاکامدا ڕۆژی ١٠ی ئۆکتۆبری ساڵی ٢٠٠٣ لە لایەن «هاوپەیمانیی جیهانیی دژی سزای لەسێدارەدان»ـەوە (بە پشتیوانیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ) بە ڕۆژی جیهانیی خەبات دژی سزای لەسێدارەدان ناودێر کرا؛ لایەنگرانی لابردنی ئەم سزایە پێیان وابوو لابردنی ئەم سزایە کەرامەتی مرۆیی جێگیر دەکات و هەڵوەشاندنەوەی ئەم سزایە دەبێتە هۆی بەرەوپێشچوونی مافەکانی مرۆڤ. بەم جۆرە، وردە وردە بەشێکی زۆری وڵاتان سزای لەسێدارەدانیان لە یاسای سزادانی وڵاتەکەیان هەڵوەشاندەوە و لابرد.

ڕۆژانە شاهیدین کە وڵاتان ئاراستەی یاسای سزادان و چۆنیەتیی جێبەجێکردنیان بەپێی یاسای نێودەوڵەتی و جارنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ دەگۆڕن و بەرەوپێشی دەبەن؛ کەچی لە وڵاتی ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، نەک ئەو سزایە بە ڕێڕەوی یاسایی خۆیدا تێپەڕ نابێ، بەڵکوو زۆر سەرپۆیانە، نادادپەروەرانە، ناڕوون و بەلێشاوە و، سزای لەسێدارەدان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە شێوەی سیستماتیک وەک ڕێکارێکی سەرکوتی سیاسی لە دەستی حکوومەتدایە، تا لەو ڕێگایەوە ئیرادەی ئازادیخوازیی خەڵک تێک بشکێنێ و خەڵکی چاوترسێن بکات. ڕۆژانە گوێبیستی جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدانی چەندین ڕۆڵەی نیشتمان دەبین، بێ ئەوەی بەڵگەیەکی سەلمێنەر هەبێ کە جینایەتێکیان کردبێ تا حوکمی ئیعدام بدرێن و لەسێدارە بدرێن. بەپێی ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی و مافی مرۆڤ لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا، دەردەکەوێ کە ئێران لە ڕووی جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدانەوە لە ئاستی جیهانیدا بە پلەی دووەم یا سێیەم دێ و لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش بە پلەی یەکەم دێت؛ دەبێ بزانین هۆکاری هەڵکشانی ئەم ڕێژەی ئیعدامانە بۆچی دەگەڕێتەوە.

هەروەک دەزانین کۆماری ئیسلامی هەرکات هەستی کرد کە حکوومەت و دەسەڵاتە ناڕەواکەی دەکەوێتە مەترسی و پایەکانی

لەرزۆک دەبن و تووشی قەیران یا ناڕەزایەتی دەبێتەوە، بۆ نیشاندانی دیکتاتۆرییەت و هێزی خۆی دەست لە هیچ تووندوتیژی و ترس و هەڕەشە و تۆقاندنێک ناپارێزێ، جا بە ڕەشبگیری، گرتن، ئەشکەنجە یا ئیعدامی بەلێشاو بێ، بەتایبەت گرتنی کەسانێک کە بۆنی سیاسی و کوردبوونیان لێ بێ، یان ئەو کەسانەی کە پێچەوانەی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی بیر بکەنەوە. لەم چوارچێوەیەدا، کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای بەئەمنییەتیکردنی ژینگەی کۆمەڵگا دەست دەدەنە ڕەشبگیری و ئەشکەنجەی خەڵک؛ لە ژێر ئەشکەنجەدا ناچار بە دانانی زۆرەملێ دەکرێن و، لە دادگایەکی تەشریفاتیی چەند خولەکیدا حوکمێکی نادادپەروەرانەیان بەسەردا دەسەپێ و، لەو کاتانەدا شەپۆلی لەسێدارەدانەکان ڕوو لە هەڵکشان دەبێ.

ئەگەر ئاوڕێک لە مێژووی دەسەڵاتداریی پڕ لە جینایەتی کۆماری ئیسلامی بدەینەوە، دەبینین کە لە سێ قۆناغدا گەیشتووەتە بەرزترین ئاستی خۆی: شەپۆلی یەکەم، دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی، بە مەبەستی پاکتاوکردنی دامودەزگاکانی حکوومەت لە مۆرەکانی ڕێژیمی پاشایەتی، دەستیان دایە گرتن و ئیعدامکردنیان؛ شەپۆلی دووەم، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ٦٠ تا ٦٧ی هەتاوی کە تێیدا ژمارەیەکی زۆری خەڵکی بێتاوانی ئێران و کوردستان لەسێدارە دران؛ شەپۆلی سێهەم دوای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی» بوو کە بەشێکی زۆری خەڵکی ناڕازی و خۆپێشاندەر هاتنە سەر شەقام و خوازیاری ڕووخانی ئەم ڕێژیمە دیکتاتۆرە بوون و، دواتر گیران و حوکمی قورس و ناڕەوای ئیعدامیان بەسەردا سەپا.

چونکە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە جیابیران دەترسێ و نایهەوێ کەس دژی دەسەڵات و حکوومەتەکەی خۆپێشاندان بکات و دژی سیاسەتە دژەمرۆڤانە و یاسا پڕ لە هەڵاواردنەکانی ناڕەزایەتی دەربڕێ، هەر کات هەستی بە مەترسی کرد، ڕێژەی ئیعدامەکان دەباتە سەر و، ئێستاش ئەو ڕێژە زۆرەی لەسێدارەدان کە ڕۆژانە دەیبینین، وەک ئامرازێکی تۆڵەسەندنەوە لە خۆپێشاندەران بەکاری دێنێ؛ چونکە لە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامییەوە جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدان دەبێتە هۆی گەڕانەوەی ئەمنییەت و ئاسایشی کۆمەڵایەتی بۆ نێو کۆمەڵگا و دابینکردنی دادگەریی کۆمەڵایەتی و، پێش بە تۆڵەسەندنەوە دەگرێ؛ بێئاگا لەوەی کە بردنەسەری ڕێژەی ئیعدامەکان، خۆی پێشێلکردنی سەرەکیی یاسا و سەرهەڵدانی تووندوتیژی و پەروەردەکردنی جەلاد و قاتڵە لەنێو دەزگای قەزاییدا کە جینایەتی دژی مرۆڤایەتی دژ بە زیندانیان و بەتایبەت زیندانیانی سیاسی و عەقیدەتی ئەنجام دەدەن، کە ئەمەش نیشاندەری پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و نەبوونی یاسایەکی دادگەر و سەربەخۆنەبوونی دەسەڵاتی قەزایی لە بڕیاردانە؛ دەسەڵاتی قەزایی لە ژێر هەژموونی بەیتی ڕەهبەری و کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیدا بە غەریزەی سیاسی و دوژمنکارانە و بە تۆمەتی بەشداری لە حیزبە کوردییەکان، تێکدانی ئاسایشی نەتەوەیی و شەڕکردن لەگەڵ خودا... حوکمی ناڕەوای ئیعدامیان بەسەردا دەسەپێنێ.

ئەگەر سەیری ئامارەکان بکەین، دەبینین زۆرترین ڕێژەی لەسێدارەدانەکان تایبەتە بە زیندانیانی سیاسی و عەقیدەتی لە نەتەوەی کورد و بەلووچ، چونکە نەتەوەی کورد هەموو کات خوازیاری مافی نەتەوەیی و ئازادی و مافی چارەی خۆنووسینی خۆی بووە و، لە بەرامبەردا کۆماری ئیسلامی هەموو کات بە ڕەهەندێکی ئەمنییەتی سەیری کورد و کوردستان و زیندانیی سیاسیی کورد دەکات و، بە مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندی و دەسەڵاتی نارەوای خۆی دەیبینێ و، بە تووندترین شێوە سەرکوتی دەنگی ئازادیخوازییان دەکات. جگە لە هۆکاری سیاسی و چاوترسێنکردنی خەڵک، زۆر جار کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەی ترس بخاتە نێو زیندانیانی تر کە دەستیان داوەتە مانگرتن و نارەزایەتی، یا کاتێک دەیهەوێ زوومی بیروڕای گشتی و خەڵکی کۆمەڵگای ئێران لەسەر کێشە و قەیرانەکان لابدات، ڕێژەی لەسێدارەدانەکان دەباتە سەر. لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا ڕێژەی ئیعدامەکان ئەوەندە بەرز بوو کە وای لێ هات زیندانییانی مەحکووم بە ئیعدام لە زۆربەی زیندانەکان و لە زۆربەی پارێزگا و شارەکانی ئێران دەست بدەنە مانگرتن و نارەزایەتی و، هەر لەم ڕاستایەدا بوو کە کەمپەینی «سێشەممەکانی نا بۆ لەسێدارەدان» هاتە ئاراوە و، زیاتر لە ٣٠ بەندینخانە پەیوەست بەم کەمپەینە بوون.

ئەم کەمپەینەش لە درێژەی ئەو خەباتە مەدەنییەدا کە پێشتر لە کاتی بزووتنەوەی ژیناشدا ببووە هۆی پشتیوانیی بەرفراوانی کۆمەڵگای جیهانی و سەرهەڵدانی هەڵمەتێکی گرینگی مافی مرۆیی و دیپلۆماسی بە ناوی «کەفالەتی سیاسی»، توانی زیاتر سیمای ڕاستەقینەی کۆماری ئیسلامی بە دونیا بناسێنێ کە تا چ ڕادەیەک دیکتاتۆر و خاوەن سیاسەتی دژەمرۆڤانەیە. هەڵمەتی کەفالەتی سیاسی کەم تا کورت توانی پێش بە سەرەڕۆییەکانی کۆماری ئیسلامی لەسەر ئیعدامی خۆپێشاندەران بگرێ و، فشار بخاتە سەر دەسەڵاتی قەزایی ئێران بۆ پێداچوونەوە بەو حوکمە نارەوایانەی داویانە. لەوانە دەتوانین ئاماژە بە ڕاگرتنی حوکمی لەسێدارەدانی هێندێ بەندکراو و گۆڕینی سزای ئیعدامی هێندێ بەندکراویش بۆ حوکمێکی سووکتر بکەین. بۆ نموونە، مۆژگان کاووسی لە ڕەوتی بزووتنەوەی ژینادا گیرا و تۆمەتی «ئێفساد فی ئەرز»ی (کە سزای ئیعدامی لەسەرە) درایە پاڵ، بەڵام دوای ئەوەی لە لایەن چەند کەسایەتییەکی سیاسیی جیهانییەوە کەفالەتی سیاسی کرا، لەو تۆمەتە بێتاوان دەرچوو و بە حەبس حوکم درا. ئەم کەمپەینە تا ئێستاش لە مانگرتن و دەربڕینی نارەزایەتییەکانی خۆی بەردەوامە.

ئەو ڕێژە بەرزەی لەسێدارەدان کە لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هەیە، پێچەوانەی هەموو یاسا نێودەوڵەتییەکان و ڕێسا گشتییەکانە و، لە ڕێڕەوی یاسایی خۆی لایداوە. لە ڕوانگەی یاساییشەوە، بەپێی ماددەکانی ٢ و ٦ و ١٤ لە میساقی نێودەوڵەتیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان و ماددەی ٣٧ (بڕگەی ئەلف) لە کۆنوانسیۆنی پاراستنی مافەکانی منداڵان، هێندێ بەربەست هەن کە نابێ لەو کاتانەدا سزای لەسێدارەدان لەسەر بەندکراوی مەحکووم بە ئیعدام جێبەجێ بکرێت یا نابێ ئەو کەسانە سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا بسەپێ:

١- بەکارهێنانی سزای ئیعدام بۆ ئەو کردەوانەی کە بەپێی یاسای نێودەوڵەتی بە تاوان دانانرێن؛ بەتایبەت بەتاوانناساندنی مافە بنەڕەتییەکانی وەک خۆپێشاندانی ئاشتییانە (وەک ئەو خۆپێشاندەرە ناڕازییانەی کە دەگیرێن و حوکمی ئیعدام دەدرێن).

٢- جێبەجێکردنی حوکمی ئیعدام لەسەر کەسانێک، بێ ئەوەی مافیان هەبێ داوای لێبوردن یا سووککردنی سزاکەیان بکەن.

٣- لەسێدارەدانی کەسانی خوار ١٨ ساڵ، کە بەداخەوە لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا بە دەیان کەسی خوار ١٨ ساڵ لەسێدارە دراون؛ ئەمەش پێچەوانەی بەندەکانی کۆنوانسیۆنی پاراستنی مافەکانی منداڵانە کە ئێران تێیدا ئەندامە و، لە لایەکی تریشەوە بەپێی یاسای نێودەوڵەتی ئەو کەسانەی کە نەوجەوان و هەرزەکارن و تووشی تاوانێک دەبن و حوکم دەدرێن، دەبێ لە بنکەی نەوجەوانان لە ژێر چاودێریدا بن و ڕاهێنانیان پێ بکرێ تا لە تاوان بشۆردرێنەوە و نابێ حوکمی ئیعدام بدرێن؛ چونکە لە کاتی ڕوودانی تاوانەکەدا، بەرپرسیارێتی و لێهاتوویی یاساییان نییە.

٤- سەپاندن و جێبەجێکردنی سزای ئیعدام لەسەر ژنانی دووگیان یا ژنێک کە تازە بووبێتە دایک (لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا شاهیدی لەسێدارەدانی ژنی دووگیان و ژنانێک بووین کە منداڵی خوار ٢ ساڵیان هەبووە؛ چونکە بەپێی یاسای نێودەوڵەتی ژنی دووگیان نابێ لەسێدارە بدرێ و، تەنانەت بەپێی یاسای نێوخۆیی ئێران خۆیشی ژنێک کە تازە منداڵی بووبێ یا منداڵی شیرەخۆرەی هەبێ، تا تەمەنی منداڵەکە دەبێتە ٢ ساڵ، دەبێ جێبەجێکردنی سزاکە ڕابگرن).

٥- نابێ سزای لەسێدارەدان بدرێت بەو کەسانەی کە تووشی نەخۆشییەکی دەروونی هاتوون یا نەخۆشیی درێژخایەنیان هەیە و لە ژێر چاودێریدان، یا بەرپرسیارێتیی تاوانکارییان نییە؛ کەچی لەو بڕگەیەشدا بێ گوێدان بە پرەنسیپەکان و ڕێکارە یاساییەکان، کەسانی نەخۆش و لێنەهاتوویان لەسێدارە داوە.

٦- نابێ سزای ئیعدام لەسەر کەسێک جێبەجێ بکرێ، بێ ئەوەی مافی هەبووبێ پێشتر تانە لە حوکمەکەی بدات. کەچی بەداخەوە ئەوەی ئێمە لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی لەسەر مەحکوومان بە ئیعدام دیتمان (بەتایبەت بەندکراوانی سیاسی و عەقیدەتی کە بە تۆمەتی سیاسی لەسێدارە دەدرێن)، ئەوە بوو کە هەرچەندە بەپێی پێوەرە یاساییەکان دەبوو وەک هەر تۆمەتبارێک لە مافە بنەڕەتییەکانی دادگاییکردنی دادپەروەرانە بەهرەمەند بن، بەڵام نەک ئەوەی مافی بەرگریکردن لە خۆیان نەبوو، بەڵکوو هیچ ڕێوشوێنێکی یاسایی و ڕێکاری یاساییان بەرامبەر نەگیراوەتە بەر؛ نە لەوەی کە بەپێی حوکمێکی قەزایی لە لایەن دەسەڵاتی دادوەری بگیرێن، نە بە شێوەیەکی یاسایی لێکۆڵینەوەیان لێ کراوە، نە مافی وەرگرتنی چاوپێکەوتن و گرتنی پارێزەریان هەبووە، نە بە شێوەی ئاشکرا دادگایی کراون، بەڵکوو زۆر بە ناڕەوا گیراون و لە ژێر ئەشکەنجەی زۆردا، ملیان بە دانانێکی زۆرەملێ ناوە و، لە دادگایەکی داخراو و چەند خولەکی و سەحراییدا حوکمی

بەلێشاوی ئیعدامیان بەسەردا سەپاوە.

بەداخەوە ئەو حوکمە ئیعدامانەی ئەو چەند ساڵە بەلێشاو بە بەندکراوان دراون، حوکمی ناڕەوان و پڕن لە کەموکوڕی و ناتەبایی و ئەحکامێکی فەراقەزایین و، جگە لەوەی بەشێکی دیکەی بەندکراوان لە چاوەڕوانیی جێبەجێکردنی حوکمی ئیعدامن، بەشێکی تریشیان لە ژێر تیغی لەسێدارەدانی نایاسایی (سەرەڕۆیانە) یا ئیعدامی غەیری قەزاییدان.

لەسێدارەدانی نایاسایی و سەرەڕۆیانە کاتێکە کە کەسێک بەبێ قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە و دادگاییکردنێکی دادپەروەرانە، بێ مافی بەرگریکردن و تانەلێدان و، تەنانەت پێش ئەوەی حوکمەکەی پلەی کۆتایی وەربگرێ، لەسێدارە دەدرێ (وەک ئەو خۆپێشاندەرانەی کە بەم شێوەیە لەسێدارە دران). بەڵام ئیعدامی غەیری قەزایی بەو کوشتنە ئەنقەست و نەخشەبۆدارێژراوە دەگوترێ کە بەبێ بڕیاری دادگا مافی ژیان لە کەسێک دەسێندرێ لە لایەن هێزەکانی حکوومەت یا کاربەدەستانی زیندانەوە؛ نموونەیەکی دیار ئەوەیە دەبینین کە بەشێکی زۆری بەندکراوانی سیاسی تووشی نەخۆشیی درێژخایەن هاتوون یا پێویستیان بە چارەسەرە، چەندین جار داوایان کردووە چارەسەری پزیشکییان بۆ بکرێ، بەڵام پشتگوێ دەخرێن و کەمتەرخەمییان بەرامبەر دەکرێ بە ئەنقەست، تا ئەو بەندکراوە وای لێ دێ کە تووشی لەدەستدانی ئەندامانی جەستەی بێ، یا دەمرێ، یا هێندە بێزار دەبێ لە بارودۆخی خۆی کە هەوڵی خۆکوشتن دەدات. ئەم جۆرە کردەوەیە لە ڕوانگەی یاساییەوە دەچێتە چوارچێوەی ئیعدامی غەیری قەزاییەوە.

ئەسڵی ٢٢ لە قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران باس لە «صیانت و مصونیت»ـی هاووڵاتیان دەکات کە ئەرکی دەوڵەت و دەسەڵاتی قەزاییە کە گیان و مانّی هاووڵاتیان بپارێزن، بەڵام بەداخەوە ئەوەی لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا دەیبینین، نەک ئەوەی پارێزگاری لە خەڵکی خۆی ناکات، بەڵکوو بەهۆی سەربەخۆنەبوونی دەسەڵاتی قەزایی و دادوەرییەوە کە ئەرکی دەبێ دابینکردنی دادپەروەری و یەکسانی بێ، زۆر بە ئاشکرا و لە ڕاگەیاندنە گشتییەکانیاندا سەرۆکی قووەی قەزایی بە توندترین شێوە هەڕەشە لە خەڵکی ناڕازی و خۆپێشاندەران و بەندکراوان دەکات و، دەڵێت وەڵامی هەر ناڕەزایەتییەک بە خوێنرێژی دەدرێتەوە، کە ئەمەش ئاکامەکەیەتی کە دەیبینین و، ئەمەش پێچەوانەی خودی ئەو ئەسڵە و ڕێکارەکانییەتی. بەم پێیە، دەگەینە ئەو ئاکامەی کە کۆماری ئیسلامیی ئێران تەنیا مانەوەی خۆی بۆ گرینگە بە هەر نرخێک کە بێ و، هەرگیز باوەڕی بە مافەکانی مرۆڤ و بنەماکانی یەکسانی و دادپەروەری نەبووە و، ئەگەر لە کۆنوانسیۆن یا ڕێککەوتننامە یا پرۆتۆکۆلێکی نێودەوڵەتیشدا بەشداری، تەنیا بۆ چەواشەکاری و بەلاڕێدابردنی بیروڕای جیهانییە.

٢٤ی خەزەڵوەری ٢٧٢٦

جیپسوارانی جانفیدای ڕەهبەر



دارسمە

ئەم ڕاگەیەندراوە بۆ هەموو ئەو کەسانەیە ئێستا لە بواری تەمەنەوە دە نێوەوە چوونە و هێشتا هاوبەشی ژیانی خۆیان بۆ دەستەبەر نەبووە. دەستەبەر نەبوونیش بەو مانایە نییە، ئەم کەسانە بیلامانێ بێ دەمولووت بوونە و نەیانتوانیوە دەگەڵ ڕەگەزی بەرانبەردا قسە بکەن و یان هەستیان بە خۆشەویستی بەرانبەر بە کەسی بەرانبەریان نەکردووە و نەیانزانیوە یان بیریان لەوە نەکردووەتەوە هاوبەش یان هاوسەرێک بۆ داهاتووی ژیانیان هەڵبژێرن.

بۆ ئەوەی زۆر نەبێتە دریژدادڕی، لە خوارەوە بەوردی دەڕۆمە نێو ئەم بابەتە و وابزانن ڕاگەیەندراوێک دەخوێنمەوە:

خاهەران و برادرانی موحتەرەم،
خانمان و ئاقایانی ڕەبەن،
پەیڕەوانی بەئەمەگی ڕێبازی پیرۆزی جانفیدایانی ڕەهبەر،

وەک ئاگادارن، ماوەیەکە بزاڤی پیرۆزی جانفیدایانی ڕەهبەر بەتایبەت لە کەڵانشاری هەرە گەورەی ئێران و پایتەختی کۆماری ئیسلامی دەستی پێ کردووە.

لێرەدا بە پێویستی دەزانین چەند خاڵێکی گرنگ بۆ ئوممەتی هەمیشە دەرسەحنە و جانفیدایانی ڕەهبەر سەبارەت بە ئامانجی گشتیی کۆبوونەوەکانی شەوانی جانفیدایان ڕوون بکەینەوە کە بریتین لە:

١- ئەم کۆبوونەوانە لە دوو ئامانجی سەرەکی و بنەکی پێک هاتوون. لێرەدا مانای دوو وشەی سەرەکی و بنەکی تەنیا تایبەت بەم ڕاگەیەندراوەی بەرچاوتانە، هەر لەبەر ئەمەشە ئەم دوو وشەیە پێویستییان بە لێکدانەوە و شرۆڤەی نوێ هەیە و وەک فارس دەڵێن پێویستە بەردەنگان بە تەواوی «شیرفەهم» بکرێن.
٢- مەبەست لە سەرەکی ئەوەی سەرەوە و لە بنەکیش ئەوەی بنەوەیە. جا ئەوەی سەرەوە بریتییە لە: مەرگ بەر ئەمریکا - مەرگ بەر ئیسرائیل و جانم فیدای ڕەهبەر و لەو جۆرە شتانە و ئامانجیش مانەوە و بەردەوامبوونە و هیچی دیکە. بەڵام بۆ تێگەیشتن لە ئەوەی بنەوە، پێویستە ئەوانەی تێی ناگەن سەبارەت بە ناسینی ڕەهبەری ڕاستەقینە بە قووڵی شیرفەهم بکرێن.
٣- بەشداربووانی کۆبوونەوەی شەوانە دوو ئامانجی جودایان هەیە و بەشێکیان ئامانجیان سەرەکییە و بەشی دووەم ئامانجی بنەکییان هەیە.
٤- لە کۆتاییدا دوو ئامانجی سەرەکی و بنەکی، بەشداربووانی کۆڕ و کۆبوونەوەی شەوانی جانفیدایانی ڕەهبەر لە شوێنێکدا یەک دەگرنەوە و ئەم یەکگرتنەوە و ڕێککەوتنەش ئەگەر تووشی ڕیزش نەبێت، جگە لە خوا کەس نازانێت تا کەی بەردەوام دەبێت.

تێبینیی یەکەم: پێویستە بۆ تێگەیشتن لەم بابەتە وشەی «شیرفەهم»ی فارسی ئەگەر بکرێت هاوتایەک یان ئیدیۆمێکی کوردیی بۆ بدۆزرێتەوە و ڕەنگە «لە بنی کوولەکە دان» لە زمانی کوردیدا هاوتایەکی باش بێت. بەڵام پێویستییەکی بەپەلە ئەمەیە دەبێت هەم «شیرفەهم» و هەم «لە بنی کوولەکە دان» بە وردی شی بکرێنەوە.

شیرفەهم: مەبەست لە شیرفەهم ئەوەیە بابەتەکان وا شی بکرێنەوە منداڵی شیرەخۆرەش لێیان تێبگات یان بە جۆرێک شی بکرێنەوە مرۆڤ چۆن لە کاتی شیرەخۆرەییەوە هەتا گەورە دەبێت لە پێڕاژۆیەکی دوور و درێژدا بە وردی لە بابەتە هەستیارەکان تێدەگات، ئەوا تێیان بگات.

خەزەڵوەری ٢٧٢٦

لە بنی کوولەکە دان: لە ڕابردوودا جۆرە کوولەکەیەک دەچێندرا، دوای پێگەیشتن ناوەکەی بەتاڵ دەکرا و قاپۆڕ و قەپێلکی سادە و تەنک دەمایەوە و شتی وردی وشکیان تێدا هەڵدەگرت. کاتێک دەڵێن بۆی لە بنی کوولەکە دا یانی ئەوەی دە نێو کوولەکەدا بوو، بەتاڵی کرد و چەند زەبری لە بنی کوولەکەکە دا و هیچی تێدا نەهێشتەوە. ئەمەش وەک شیرفەهمەکە مانای تێگەیاندنی ورد دەگەیەنێت.

جا لێرەدا بە پێویستی دەزانم لە چەند خاڵێکی دیکەدا سەبارەت بە کۆبوونەوەی جانفیدایانی ڕەهبەر هەموو لایەک شیرفەهم بکەم و بۆ خوشک و برایانی کوردیش لە بنی کوولەکە بدەم.

خاڵی یەکەم: ئەوانەی بە شێوەی سەرەکی لە کۆبوونەوەی جانفیدایانی ڕەهبەردا بەشدارن، خەریکی خەڵکی نێوخۆ و دۆستانی دراوسێ و دوژمنانی ئەز خودا بێخەبەرن و دەیانهەوێت تێیان بگەیەنن جانفیدایانی ڕەهبەر بە دڵ و بە جان بەشدارن. بەڵام دەشزانن دوای کوژرانی ڕەهبەری گەورە کەسیش بە ناوی ڕەهبەر دوای ئەو لە گۆڕێدا نەماوە و ڕەنگە لەبەر پارچەبوونی هەر گۆڕیشی نەبێت.

خاڵی دووەم: ئەوانەی بە شێوەی بنەکی بیر لە بەشداربوون لە کۆبوونەوەی جانفیدایانی ڕەهبەر دەکەنەوە، ئەو ژن و پیاوانە یان ئەو قەیرەکێ و پیرەکوڕانەن، دەیانهەوێت لە شەڕی بەکرێگرتنی هۆڵی زەماوەند و بەخشینەوەی خۆراک و میوە ئەویش لەم گرانییەدا خۆ بپارێزن، دەڕۆنە کۆڕی جانفیدایانی ڕەهبەر و هەر لەوێ مەلایەکی بەلاش دەدۆزنەوە سیغەی بەهاوسەربوونیان لێ دەخوێنێت، دواتر کەڵاشینکۆفێکی بێ فیشەک بەدەستەوە دەگرن و لەسەر ئۆتۆمبێلێکی جیپی سەرئاوەڵا لەمبەر و ئەوبەری کۆنە تۆپێکی ١٠٦ بەرانبەر یەک دادەنیشن و دوای تەواوبوونی ڕێوڕەسمی جانفیدایانی ڕەهبەر بەرەو ماڵ دەبنەوە و لە هەر پەسیوێکی دەستیان بکەوێت بە حەڵاڵی لە باوەشی یەکتردا تێیدا مات دەبن و لە وەها کات و ساتێکی هەستیاردا ئەو ڕەهبەرەی ئەوان جانیان بۆ فیدا کردووە، هەرچۆنێک بێت شوێنی خۆی دەدۆزێتەوە.

بۆ سبەی شەویش نۆبەی کەسانی دیکەیە لەسەر پشتی جیپی سەربازی بین بە جانفیدای ڕەهبەری خۆیان و بۆ شەوەکەی دیکە ئەوا سەرە بەردەوامە و ئێمە تەنیا دەتوانین بڵێین سەد ئیزدیواجی سپیوسۆڵی بەقوربان بێت و لە هەموو لایەک پیرۆز بێت.

٢٦ی خەزەڵوەری ٢٧٢٦

پرۆلی «سەرمایەداری» لە ئایندەی پرۆژەهەڵاتی کوردستان





حەسەن قارەمانی

ئایندەی ئابووریی پرۆژەهەڵاتی کوردستان تەنیا بە پرسی سامانە سروشتییەکان، هەلومەرجی جوغرافی، یان خواستی سیاسییەوە بەند نییە. بە پلەی یەکەم پەیوەندیی بە توانای کۆمەڵگەوە هەیە بۆ ڕێکخستنی سەرچاوە ئابوورییەکانی، پەرەپێدانی دامەزراوە بەرهەمدارەکان و ڕەخساندنی زەمینە بۆ دروستکردنی بەهای درێژخایەن.

سەرەڕای هەبوونی سامانە سروشتییە بەرچاوەکان، پەیوەندییە بازرگانییە ستراتیژییەکان و سەرمایەی مرۆیی بەرفراوان، زۆرێک لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدەست بێکاری، سنووردارببوونی پیشەسازی، پەراوێزخستنی ئابووری و نەبوونی دەرفەتی وەبەرهێنانەوە دەناڵێنن. ئەم کێشانە دەبێت پەیوەست بە پێکهاتەی ئابووریی ناوەندیی ئێران، شێوازەکانی وەبەرهێنانی ناوچەیی و گەمارۆ نێودەوڵەتییەکانەوە شی بکرێنەوە.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستی بە پەرەپێدانی تێڕوانینێکی پراگماتیکتر و بنەمایەکی دامەزراوەیی بەهێزتر بۆ سەرمایە و ئابووریی بازاڕ هەیە. ململانێ ئایدیۆلۆژییە مێژوویییەکانی نێوان بزووتنەوە سیاسییەکان و «سەرمایەداری» دەبێت بگۆڕدرێن بۆ باسێکی بنیاتنەر سەبارەت بەوەی کە چۆن سەرمایەی تایبەت، وەبەرهێنانی گشتی و بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن کارلێک بکەن بۆ دروستکردنی توانای بەرهەمهێنان، ڕەخساندنی هەلی کار و باشترکردنی خۆشگوزەرانیی گشتی.

گەشەسەندنی ئابووری بۆ کوردستان چی دەگەیەنێت؟

کاتێک باس لە گەشەسەندنی ئابووری دەکەین، بەزۆری چەمکەکە بە گەشەی ئابووری، وەبەرهێنان، پیشەسازی، ژێرخانی ئابووری و زیادبوونی هەلی کارەوە دەبەستینەوە. ئەم هۆکارانە گرنگن، بەڵام تەنیا بەشێک لە پرۆسەیەکی ئابووری-کۆمەڵایەتیی ئاڵۆزتر پێک دەهێنن.

گەشەسەندنی ئابووری لە بنەڕەتدا پەیوەندی بە توانای کۆمەڵگەیەکەوە هەیە بۆ دروستکردن، ڕێکخستن و بەرهەمهێنانەوەی بەهای ئابووری بە تێپەڕبوونی کات. ئەمەش بەو مانایەیە کە سەرچاوەکان دەبێت بگۆڕدرێن بۆ توانای بەرهەمهێنان، زانست، گەشەپێدانی تێکنۆلۆژی، سەقامگیریی دامەزراوەیی و باشترکردنی بارودۆخی ژیان.

بۆیە پرسیارە چارەنووسسازەکە تەنیا ئەوە نییە کە کوردستان چۆن دەتوانێت سەرمایەی زیاتر ڕابکێشێت، بەڵکوو ئەوەیە کە چۆن ئەم سەرمایەیە ڕێک بخرێت و سوودی لێ وەربگیرێت بۆ دروستکردنی ئابووریەکی سەربەخۆتر، بەرهەمدارتر و هەمەچەشنتر.

پێویستە جیاوازی بکرێت لە نێوان «فراوانبوونی ئابووری» و «گەشەسەندنی ئابووریی پێکهاتەیی». ئابووریەک دەتوانێت بۆ ماوەیەک گەشەیەکی خێرا نیشان بدات، بێ ئەوەی لە بنەڕەتدا پێکهاتەی بەرهەمهێنانی خۆی بگۆڕێت. ئەگەر گەشەکردن بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر بنەمای هەناردەکردنی مادەی خاو، خەرجییە گشتییەکان و پشتبەستن بە هاوردەکردن بێت، ئەوا مەترسیی دروستبوونی لاوازیی ئابووری هەیە، نەک توانای کێبڕکێی درێژخایەن.

خەزەڵوەری ٢٧٢٦

بۆیە دەبێت گەشەسەندنی داهاتووی کوردستان لەسەر بنەمای ئەم پرسیارە ناوەندییە هەڵبسەنگێندرێت:

ئایا کۆمەڵگەی کوردی دەتوانێت سەرچاوە ئابوورییەکانی بگۆڕێت بۆ توانای بەرهەمهێنانی سەربەخۆ، دامەزراوەی بەهێز و خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتیی بەردەوام؟

زۆر گرنگە لەوە تێبگەین کە «سەرمایە» و «سەرمایەداری» دوو چەمکی جیاوازن.

یەکێک لە پرسە ئایدیۆلۆژییە هەرە بەرچاوەکانی مێژووی بزووتنەوەی سیاسیی کورد، چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ «سەرمایەدارەکان»دا بووە. لە ژێر کاریگەریی ڕەوتە جۆراوجۆرە سۆسیالیستی و چەپە ڕادیکاڵەکاندا، تێڕوانینێکی نەرێنی بۆ سەرمایەداران پەرەی سەند.

دەکرێت سەرمایە بەو سەرچاوە دارایی، مادی و ڕێکخراوەییە پێناسە بکرێت کە بۆ دروستکردنی بەهای ئابووری بەکار دێت. ئەمەش دامەزراوەکانی بەرهەمهێنان، ئامێر، تێکنۆلۆژی، ژێرخان و سەروەت و سامانی دارایی دەگرێتەوە. لە بەرامبەردا، «سەرمایەداری» سیستەمێکی ئابووریە کە خاوەندارێتیی تایبەت، ئاڵوگۆڕی بازاڕ، کەڵەکەکردنی سەرمایە و چالاکییە قازانجخوازەکان ڕۆڵی سەرەکیی تێدا دەگێڕن. ئەم جیاکارییە بۆ هەر باسێکی ئابووری زۆر گرنگە.

ڕەخنەگرتن لە قۆرخکاری، بەهرەکێشی، چڕبوونەوەی دەسەڵاتی ئابووری و کۆمپانییە پاوانخوازەکان، بەو مانایە نییە کە مرۆڤ دەبێت پێکهێنانی سەرمایە، کارگەی تایبەت یان وەبەرهێنان ڕەت بکاتەوە. بەپێچەوانەوە، کۆمەڵگەیەک کە دەستی بە سەرمایەی بەرهەمدار نەگات، ڕەنگە گەشەکردنی پیشەسازی، ڕەخساندنی هەلی کار، زیادکردنی بەرهەمهێنان و کەمکردنەوەی پشتبەستن بە هاوردەکردنی بەرهەمی دەرەکی بۆ ئاستەم بێت.

لە ڕوانگەی ئابووریی نیشتمانییەوە، کەڵەکەبوونی سەرمایە یەکێکە لە مەرجە بنەڕەتییەکانی گەشەپێدانی بەرهەمهێنانی درێژخایەن. بەڵام گرنگیی ئابووری - کۆمەڵایەتیی سەرمایە، تەنیا بە قەبارەکەی دیاری ناکرێت، بەڵکوو بە چۆنیەتیی بەکارهێنان و ئەو کەرتانەشەوە بەندە کە وەبەرهێنانی تێیاندا دەکرێت، هەروەها بەو بارودۆخە دامەزراوەییەشەوە کە چالاکییەکان ڕێک دەخات.

بۆیە پێویستە مشتومڕی کۆمەڵایەتی لە نێو کورددا، لە دژایەتییەکی سادەکراوی نێوان «سەرمایەداری» و کرێکارییەوە

بگوازرێتەوە بۆ باسێکی پێشکەوتووتر لەسەر سەرمایەی بەرهەمدار، بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی، هەڵومەرجی کێبڕکێی دادپەروەرانە و دیموکراتیزەکردنی ئابووری. ئابووریيەکی سەرکەوتوو پێویستی بە هەردوو لایەنی سەرمایەدار و کرێکار هەیە، هەروەها بە خاوەنکاران و دامەزراوە گشتییە لێهاتووەکانیش. کلیلەکە بریتییە لە دروستکردنی سیستەمێکی ئابووری کە تێیدا ئەم لایەنانە بتوانن بەشداری لە دروستکردنی بەهای هاوبەشدا بکەن، بەبێ ئەوەی ئیمتیازە ئابووریيەکان بگۆڕدرێن بۆ بااڵدەستیی سیاسی.

ململانێی ئایدیۆلۆژیی میژوویی و لێکەوتە ئابووریيەکان

بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە مێژوودا لە ژێر هەڵومەرجێکی تایبەتدا پەرەی سەندووە؛ هەڵومەرجێک کە بە سیاسەتی سەرکوتگەریی نەتەوەیی، خەباتی چەکداری، ململانێی چینایەتی و پەراوێزخستنی سیاسیی نێودەوڵەتی دەناسرێتەوە. لەم چوارچێوە میژووییەدا، ڕەوتە سۆسیالیستی و شۆڕشگێڕەکان کاریگەرییەکی بەرچاویان بەسەر بەشێک لە مشتومڕە سیاسی و فیکرییەکاندا هەبوو. ئەم کاریگەرییە یارمەتیدەر بوو بۆ ووروژاندنی پرسیار سەبارەت بە چینایەتی، نایەکسانیی ئابووری، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و دابەشکردنی سەرچاوەکان؛ ئەم پرسیارانە هێشتاش گرنگیی خۆیان هەیە.

بەاڵم کێشەکە کاتێک سەر هەڵدەدات کە تێگەیشتنە ئایدیۆلۆژییەکان بە شێوەیەک بەکار بهێنرێن کە ڕێگری لە تێگەیشتنێکی واقیعییانە لە کارکردنی ئابووری بکەن.

کاتێک ئابووریی نافەرمی دەبێتە نیشانەی بێکاریی پێکهاتەیی

یەکێک لە دیارترین نیشانەکانی الوازیی ئابووری لە ڕۆژهەاڵتی کوردستان، «کۆڵبەری»یە؛ گواستنەوەی مەترسیداری کاڵا بەسەر سنوورەکاندا، کە بووەتە سەرچاوەی بژێوی بۆ زۆرێک لە خەڵکی ناوچە سنووریيەکان.

نابێت کۆڵبەری تەنیا وەک پرسێکی ئاسایشی سنوور یان بازرگانیی نایاسایی سەیر بکرێت؛ بەڵکوو دەبێت وەک ڕەنگدانەوەی دەرفەتی سنووردار کار و نەبوونی کاری سەقامگیر و بەرهەمدار شی بکرێتەوە.

کاتێک مرۆڤەکان ناچارن بۆ پەیداکردنی بژێوی، پەنا بۆ کارێکی پڕمەترسی وەک کۆڵبەری ببەن، ئەمە بەفیڕۆدانی بەرچاوی سەرمایەی مرۆییە. لێکۆڵینەوەکان دەریان خستووە کە ئەم دیاردەیە ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بە بێکاری،

پەراوێزخستنی ئابووری و نەبوونی سەقامگیریی پیشەیی.

بۆیە چارەسەری درێژخایەن پێویستی بە وەبەرهێنان لە بازرگانیی خۆمالّی، ڕەخساندنی دەرفەتی بازرگانیی یاسایی، گەشەپێدانی پیشەسازی، ژێرخانی گواستنەوە و ڕاهێنانی پیشەیی هەیە.

تەنیا کاتێک کۆمەڵگە بتوانێت سەرچاوەکانی خۆی بکات بە توانای بەرهەمهێنان، گەشەسەندنی ئابووریی ڕاستەقینە دەست پێ دەکات.

ئابووریی کۆی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ئایندەی ئابووریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تەنیا لەسەر بنەمای دیدگای سیاسی، سامانی سروشتی، یان هیوای ئاڵوگۆڕی داهاتوو بنیات نانرێت. ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستی بە ستراتیژییەکی درێژخایەنە بۆ گۆڕینی پێکهاتە ئابووریی‌یەکان، بەهێزکردنی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان و ڕەخساندنی زەمینە بۆ ئابووریی‌یەکی بەردەوام و بەرهەمدار. پرسیاری چارەنووسساز تەنیا ئەوە نییە کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چ سەرچاوەیەکی لەبەردەستە، بەڵکوو ئەوەیە کە چۆن دەتوانرێت ئەو سەرچاوانە بۆ وەبەرهێنان، هەلی کار، زانست و خۆشگوزەرانیی درێژخایەن بگۆڕدرێن.

هەروەها پەرەسەندنێکی لەم چەشنە پێویستی بە پەیوەندییەکی نوێ هەیە لە نێوان سەرمایە، کار و دامەزراوە سیاسییەکاندا. نابێ چیتر دژایەتییە ئایدیۆلۆژییە مێژوویی‌یەکان و بێمتمانەیی بە سەرمایەی تایبەت، ڕێگر بن لە بەردەم گفتوگۆیەکی بنیاتنەر سەبارەت بە کارگێڕی، وەبەرهێنان و دروستکردنی بەهای ئابووری. سەرمایە نە دەبێ وەک کێشەیەک لە خۆیدا سەیر بکرێت و نە دەسەڵاتی بێسنووری پێ بدرێت؛ بەڵکوو دەبێ لەسەر بنەمای چۆنیەتیی بەکارهێنان، چۆنیەتیی دروستکردنی بەها و شێوازی دابەشکردنی قازانجە ئابووریی‌یەکان لە کۆمەڵگەدا، هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت.

بۆیە ئامانج دەبێ پەرەپێدانی مۆدێلێکی ئابووری بێت کە تێیدا خاوەندارێتیی تایبەت لەگەڵ دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، کێبڕکێی دادپەروەرانە، بارودۆخی کاری پارێزراو و بەرپرسیارێتیی دامەزراوەیی تێکەڵ بکرێت. ئابووریی‌یەکی کارا پێویستی بەو کۆمپانییانەیە کە بوێریی وەبەرهێنانیان هەیە و بەو دامەزراوانەش کە دەتوانن شەفافییەت، دڵنیایی یاسایی و ڕێسا درێژخایەنەکانی کایەکە گەرەنتی بکەن. بەبێ ئەم مەرجانە، مەترسیی ئەوە هەیە سەرمایە لە گرووپە سنووردارەکاندا چڕ ببێتەوە، لەبری ئەوەی بەشداری لە گەشەسەندنی کۆمەڵایەتیی فراوانتردا بکات.

خەزەڵوەری ٢٧٢٦

لەم پرۆسەیەدا، پێویستە سەرمایەداران، کرێکاران، زانایان، پیشەوەران، ژنان، گەنجان و کۆمەڵگەی مەدەنی، وەک ئەکتەری سەربەخۆ، بەڵام وابەستە بە یەکتر هەژمار بکرێن. کارامەیی، ئەزموون و دەرفەتی وەبەرهێنانی ڕەوەندی کوردیش دەتوانێ ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت، بەو مەرجەی متمانە، دامەزراوەی کارا و دەرفەتی ڕوون بۆ وەبەرهێنانی درێژخایەن هەبێت. بۆیە ئاڵنگاریی ڕاستەقینە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوەیە کە لە ئابووریپەکەوە کە خاوەن دەرفەتی سنووردار و بژێوی نافەرمییە، بگوازرێتەوە بۆ ئابووریپەک کە لەسەر بنەمای بەرهەمهێنان، داهێنان، مەعریفە و توانای دامەزراوەیی دامەزراوە. ئەمەش نەک تەنیا ئیرادەی سیاسی بۆ گۆڕانکاری، بەڵکوو چاکسازیی بەرجەستەی ئابووری و گفتوگۆیەکی کۆمەڵایەتیی فراوانی دەوێت بۆ ئەوەی بزانرێت ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستی بە چ مۆدێلێکی گەشەپێدان هەیە.

ئایندەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەنیا بەو سامانە سروشتییانەی کە هەیەتی دیاری ناکرێت، بەڵکوو بە توانای ڕێکخستنی ئەو سامانە بە شێوەیەکی بەرهەمدار و دادپەروەرانە دیاری دەکرێت. تەنیا کاتێک سەرمایە ببێتە وەبەرهێنان، زانست ببێتە داهێنان، کارگێڕی ببێتە مایەی دروستبوونی هەلی کار و دامەزراوەکان بتوانن متمانە بەرهەم بهێنن، گەشەسەندنی ئابووریی بەردەوام دروست دەبێت. ئەمەش بناغەی ئابووریپەکە کە نەک هەر گەشەکردن دروست دەکات، بەڵکوو دەرفەتی خەڵک، سەربەخۆیی و خۆشگوزەرانیی داهاتووی کۆمەڵگە بەهێزتر دەکات.

٢٦ی خەزەڵوەری ٢٧٢٦

پرسی شوناسی نەتەوەیی لە کرماشان و ئیلام: لە ئینکاری میژوویییەوە بۆ خەسارناسیی هاوچەرخ





سارۆ خوسرەوی

دەستپێک

شوناس وەک ئاوێنە وایە؛ ئەگەر خۆت تێیدا نەبینیت، ئەوا کەسێکی تر وێنەی خۆی تێدا دەبینێت و بە ناوی تۆوە قسە

دەکات. ئەمە چیرۆکی دوو سەد ساڵەی کرماشان و ئیلامە. لەسەر نەخشەدا ناوەکەیان هەیە، بەڵام دەنگیان لە مێژوودا کاڵ کراوەتەوە.

پرسیاری گەورە ئەوە نییە کە ئایا خەڵکی کرماشان و ئیلام کوردن یان نا؛ چونکە زمان، خوێن، مۆسیقا و بەگشتی فەرهەنگی هاوبەشیان وەڵامەکە دەداتەوە. بەڵکوو پرسیارە بنەڕەتییەکە ئەوەیە: چۆن سیستەمێکی سیاسی توانی شوناسێکی چەند هەزار ساڵە بخاتە ژێر پرسیارەوە و مرۆڤ وا لێ بکات لە زمانی دایکی خۆی شەرم بکات؟

بۆ تێگەیشتنێکی زانستییانە لەم دیاردەیە، پێویستە پشت بە سێ تیۆریی سەرەکی ببەستین:

– یەکەم: مانوێل کاستێلز دەڵێت شوناس سێ جۆرە: شوناسی ڕەوادان کە دەسەڵات دەیخاتە سەر خەڵک، شوناسی بەرگری کە خەڵک بۆ پاراستنی خۆی دروستی دەکات، و شوناسی پڕۆژەیی کە بۆ بنیاتنانی داهاتووە. لە کرماشان و ئیلامدا، دەوڵەت هەمیشە هەوڵی داوە «شوناسی ڕەوادانی ئێرانی - شیعی» بسەپێنێت.

– دووەم: فرێدریک بارت پێی وایە شوناسی نەتەوەیی بە سنوورەکان دیاری دەکرێت، نەک بە نێوەڕۆکی نێوەوە. کاتێک سنووری زمان و کولتوور لە کرماشان کاڵ دەکرێتەوە، شوناسەکەش لاواز دەبێت.

– سێیەم: بێنێدیکت ئەندەرسۆن دەڵێت نەتەوە «کۆمەڵگەیەکی خەیاڵکراوە» کە بە زمان و چاپەمەنی دروست دەبێت. کاتێک ڕێگە نەدرا زمانی کوردی لە کرماشان ببێتە زمانی خوێندن و ڕۆژنامە، ئەو هەستە هاوبەشە پارچەپارچە بوو.

چوار قۆناغە مێژووییەکەی قەیرانی شوناس

قەیرانی شوناس لە کرماشان و ئیلام ڕووداوێکی لەناکاو نییە، بەڵکوو پرۆسەیەکی مێژوویی چوار قۆناغییە:

– قۆناغی یەکەم: سەفەوییەکان (١٥٠١ بەدواوە): (لەم سەردەمەدا بۆ یەکەمجار مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامی کرا بە ئایدیۆلۆژیای دەوڵەت. کوردانی خوارووی، کە بەشێکیان سەر بە ئایینی یارسان و مەزهەبی شافیعین، لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیای دەسەڵات، واتە شیعەی فەرمی، مامەڵەیان لەگەڵ کرا. جوغرافیای کرماشان وەک قەڵای بەرگریی ئێران لە دژی عوسمانییەکان سەیر کرا، نەک وەک بەشێک لە نیشتمانی کورد.

– قۆناغی دووەم: سەردەمی ڕەزاشا و دەوڵەت - نەتەوەی یەک زمان، یەک جلوبەرگ: ئەمە کوشندەترین قۆناغ بوو. بە نموونە: قەدەغەکردنی جلوبەرگی کوردی لەنێو فەرمانبەران و قوتابخانەکاندا، گۆڕینی ناوی سەدان گوند و شارۆچکە لە کرماشان و ئیلام بۆ ناوی فارسی، ناردنی مامۆستای فارسزمان بۆ قوتابخانەکان و سزادانی منداڵان لەبەر قسەکردن بە کوردی. ئەمە بووە هۆی دروستبوونی نەوەیەک کە پێی وابوو زمانی کوردی زمانی «دێهات و نەخوێندەوارییە».

– قۆناغی سێیەم: دوای ١٩٧٩، ئایدیۆلۆژیای ئوممەت لەبری نەتەوە: کۆماری ئیسلامی شوناسی ئایینی دانا لە جێگەی شوناسی نەتەوەیی. لەم لۆژیکەدا، کوردی شیعە «بۆ ئایینی» بوو و پێویستی بە مافی نەتەوەیی نەبوو. بەم شێوەیە هاوسۆزیی ئایینی کرا بە ئامرازێک بۆ تواندنەوە. لە هەمان کاتدا، شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق ئابووریی کرماشان و ئیلامی وێران کرد و وای کرد ناوچەکە بە تەواوی پشت بە مووچە و بودجەی ناوەند ببەستێت.

– قۆناغی چوارەم: ئابووری – ئەمنییەتی: کرماشان و ئیلام لەسەر گەورەترین یەدەگی نەوت و گازی جیهان دانیشتوون. نزیکەی ١٠٪ی نەوتی ئێران لە کێڵگەکانی نەفتشار و دێهلۆڕانەوەیە. بۆیە دەوڵەت هەمیشە لە ڕووی ئەمنییەوە مامەڵەی لەگەڵ کردوون و ڕێگەی بە گەشەکردنی سەرمایەی نەتەوەیی کوردی نەداوە.

دوو ئەزموونی جیاواز: مەهاباد و کرماشان

لە ساڵی ١٩٤٦دا، کۆماری کوردستان لە مەهاباد تەنیا ١١ مانگ تەمەنی بوو، بەڵام کارێکی کرد کە سەد ساڵی تر نەکرابوو: زمانی کوردی لە زمانی حەوشە و ماڵەوە کردی بە زمانی دەوڵەت، قوتابخانە، ڕۆژنامەی کوردستان، سوپا و شانۆ. ئەمە بوو بە «شوناسی پرۆژەیی». منداڵێک لە مەهاباد فێر بوو بە کوردی بنووسێت «ئێمە کێین».

لە کرماشان ئەم بازنەیە شکا. بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی ڕێکخراو لە ئارادا نەبوو تا ئەم پرۆسەیە تێکبشکێنێت. ئەنجامەکەی ئەوە بوو کە لە موکریان زمان بوو بە شانازی، لە کرماشان زمان بوو بە شەرم. تۆڕێنەوەکان دەری دەخەن تا ساڵانی شەستەکانی هەتاوی، لەنێو شاری کرماشان زیاتر لە ٦٠٪ی بنەماڵەکان لەگەڵ منداڵەکانیان بە فارسی قسەیان دەکرد، لە کاتێکدا لە گوندەکان هەر بە کوردی مابوونەوە.

پرۆسەی ئەدەبی دەیەی حەفتای هەتاوی لە کرماشان و ئیلام: بەرگرییەکی دامەزراوەیی

ئەگەر سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆن لەسەر سێ کۆڵەکە بنیات نرابوو - قوتابخانە، ئیدارە و میدیای فەرمی - ئەوا پرۆسەی

ئەدەبی دەیەی حەفتای هەتاوی تواني لەسەر هەمان سێ کۆڵەکە بەرگرییەکی داهێنەرانە دروست بکات و تا ڕادەیەک پاشەکشە بەو سیاسەتە بکات. ئەم دەیە دەتوانین بە «دەیەی بەئاگاهاتنەوەی بێدەنگ» ناو ببەین.

لە ئاستی بەرهەمهێناندا، لە کاتێکدا دەوڵەت دەیویست نیشان بدات کە زمانی کوردی توانای نووسینی ئەدەبی مۆدێرنی نییە، نەوەیەکی نوێی نووسەران ئەم قەدەغەیەیان شکاند. لەم دەیەدا بۆ یەکەمجار بە شێوەیەکی بەرفراوان شێعری نوێی کوردی بە زاراوەی کوردیی خوارووو نووسرایەوە و لە فۆلکلۆر و بەیتەوە گواستراوەتەوە بۆ شێعری مۆدێرن. لە بواری چیرۆک و ڕۆمانیشدا، دەقەکان بە زمانی کوردی نووسراون و نێوەڕۆک، جوغرافیا و ئازارەکانی نێوی هەمووی هی کرماشان و ئیلامە. ئەمە ڕێگەیەکی داهێنەرانە بوو بۆ گەیاندنی دەنگی ئەو دوو شارە بە خوێنەری گشتیی کوردستان.

چەسپاندن و پەیڕەوکردنی ئەلفبێی یەکگرتووی کوردی لە بزووتنەوە ئەدەبییەکەی دەیەی حەفتای هەتاوی لە کرماشان و ئیلامدا، خۆی لە بنەڕەتدا شۆڕشێکی مەزن بوو. تا سی ساڵ لەمەوبەر، کوردی ئەو دەڤەرە تەنانەت نووسراوە کوردییەکانی خۆشی هەر بە ڕێنووسی عەرەبی و فارسی دەنووسی؛ تەنانەت کەڵەمەکانی دەفتەری ئایینی یاریش هەر بەو ڕەسمە دەنووسران. بۆیە ئەم یەکخستنەی ڕێنووس تەنیا هەنگاوێکی زمانەوانی نەبوو، بەڵکوو بازدانێکی مێژوویی بوو.

لە ئاستی کۆمەڵایەتیشدا، کاتێک ڕێگە بە هیچ چالاکییەکی فەرمیی کوردی نەدەدرا، ئەدەب چووە نێو ماڵەکانەوە. کۆڕ و کۆبوونەوە ئەدەبییە نهێنییەکانی نێو ماڵان لە کرماشان و ئیلام، بوونە قوتابخانەیەکی نافەرمی. لەوێ نووسەران و شاعیرانی گەنج کۆ دەبوونەوە و دەستیان کرد بە کۆکردنەوە و تۆمارکردنی ئەدەبی زارەکی کە خەریک بوو لەگەڵ مردنی پیرەکان لەنێو بچێت. ئەمە سەلمێنەری تێۆریی بەرگریی شاراوەی جەیمس سکۆتە و هەروەها تێۆرییەکەی فرێدریک بارتە کە دەڵێت کاتێک دەوڵەت سنووری فەرمی لاواز دەکات، کۆمەڵگە خۆی سنووری کولتووریی نافەرمی دروست دەکات.

هەروەها لە ئاستی دامەزراوەییدا، گرنگترین هەنگاو تێپەڕین بوو لە تاکەوە بۆ دامەزراوە. لە کۆتایی ئەم دەیەدا، بۆ یەکەمجار بڵاوکراوە و گۆڤار بە زمانی کوردی و بە شێوەیەکی نیمچەنهێنی لە کرماشان و ئیلام بڵاو کرانەوە. هەرچەندە تەمەنیان کورت بوو و زوو قەدەغە کران، بەڵام دوو شتی گرنگیان سەلماند: یەکەم، خوێنەر بۆ زمانی کوردی هەیە، و دووەم، دەکرێت زمانی کوردی ببێتە زمانی چاپەمەنی.

ئەم پرۆسەیە نەیتوانی سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆن بە تەواوی بوەستێنێت، بەڵام سێ شتی ستراتیژی کرد: وای کرد زمانی کوردی لە ئاستی زمانی قەدەغەکراوی ماڵەوە ببێتە زمانی نووسین و شانازی، ئەرشیفێکی گەورەی ئەدەبی زارەکی کۆ

کرایەوە، و نەوەیەکی نوێی ڕۆشنبیری پەروەردە کرد کە دواتر بوونە دامەزرێنەری بزووتنەوە مەدەنییەکانی دەیەکانی دواتر. بە کورتی، ئەگەر دەوڵەت دەیویست شوناس بسڕێتەوە، ئەم پرۆسە ئەدەبییە توانی بیخاتە سەر کاغەز و بیپارێزێت.

شەپۆلی هاوچەرخی شوناسخوازی و نەورۆز

لە چەند ساڵی ڕابردوودا، لە هەردوو پارێزگای کرماشان و ئیلام، شەپۆلێکی بەهێزی شوناسخوازیی نەتەوەیی دەستی پێ کردووە. ئەگەر لە ڕابردوودا هەوڵێکی زۆر دەدرا بۆ کاڵکردنەوەی هەستی کوردایەتی لەم دوو دەڤەرەدا، بەڵام ئەمڕۆ نەوەی نوێ بە ئاگاییەکی نەتەوەیی باڵاوە دێتە مەیدان.

ئەوەی جێگەی سەرنجە، کوردانی کرماشان و ئیلام تەنیا لە چوارچێوەی ناوچەکەی خۆیاندا نەماونەتەوە، بەڵکوو خۆیان وەک بەشێکی دانەبڕاو لە نەتەوەی کورد دەبینن. ئەمەش بە شێوەیەکی زۆر ڕوون لە کاتی ڕووداوە دڵتەزێنەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستاندا دەردەکەوێت، کە بە گیان و بە کردەوە هاوسۆزیی خۆیان دەردەبڕن و خۆیان بە هاوبەشی خەم و ئازارەکانی گەلەکەیان دەزانن.

لووتکەی دەربڕینی ئەم هەستە نەتەوەییە، لە جەژنی نەورۆزی کوردەواریدا دەبینرێت. لە کرماشان و ئیلام، نەورۆز چیتر تەنیا بۆنەیەکی وەرزی نییە، بەڵکوو بووەتە ڕۆژی یەکێتی و یەکڕیزی. خەڵک بە جلوبەرگی کوردی، بە هەڵکردنی ئاگر و بە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی بەرفراوان، نەورۆز دەکەنە هێمایەک بۆ پێوەستبوونیان بە کوردانی دیکە لە هەموو پارچەکانی کوردستان و جەختکردنەوە لەسەر مافخوازی و بوونی نەتەوەیی خۆیان.

خەسارناسی و ڕێگاچارەکان

ئەگەر شوناسخوازی وەک درەختێک بێت کە ڕەگێکی لە موکریان و ئەردەڵان بێت، ئەوا لق و گەڵاکانی لە کرماشان و ئیلامە. درەختێک بە ڕەگی بەهێز و لقی وشکەوە ناتوانێت لەبەردەم بای گەورەدا خۆڕاگر بێت.

– **یەکەم:** گرنگە ڕۆشنبیرانی موکریان و ئەردەڵان قەیرانی کرماشان بە قەیرانی خۆیان بزانن، تەنیا خۆیان بە ناوەند نەزانن و کرماشان و ئیلامیش وەک بەشێک لە ناوەندی شوناسخوازیی نەتەوەیی ببینن. تا ئێمە لەنێو خۆماندا ناوەند و پەراوێز دروست بکەین، گفتمانی هاوبەش دروست نابێت.

– دووەم: پێویستە زمانی کوردی بە هەموو زاراوەکانییەوە - سۆرانی، هەورامی و کوردیی خوارووە - لە ئاستی سۆزەوە ببەینە ئاستی پلانی زانستی. واتە: دانانی فەرهەنگێکی یەکگرتوو، بەرهەمهێنانی ئەپ و کتێبی منداڵان، پۆدکاست و نێوەڕۆکی دیجیتاڵی بە شێوەزاری کوردیی خواروو.

– سێیەم: دەبێت مێژووی کرماشان و ئیلام لەژێر سێبەری مێژوونووسانی تاران دەربهێنین. مێژووی یارسان، مێژووی میرنشینی زەنگەنە و مێژووی بەرگرییەکانی سەردەمی ڕەزاشا، هەمووی دەبێت بە دەقی کوردی بنووسرێتەوە.

دەرئەنجام

لە کۆتاییدا، شوناس شتێک نییە دەوڵەت پێت ببەخشێت و داوای لێ بکەیت؛ شوناس شتێکە دەبێت خۆڕسکانە و بە کردار بەرجەستەی بکەیت. ئەو وزە و ئاگاییییە نوێیەی ئەمڕۆ لە کرماشان و ئیلام بە ئاگری نەورۆز و هاوسۆزیی نەتەوەیی تەقیوەتەوە، نیشانەی تێکشکانی بەستەڵەکی چەندین دەیە لە ئاسیمیلاسیۆنە.

تا ئەو ڕۆژەی دایکێک لە کرماشان بە شانازییەوە بە کوردی لەگەڵ منداڵەکەی نەدوێت و گەنجێک لە ئیلام بە کوردی ناوی زێدەکەی نەنووسێتەوە، ئەم ئاگری شوناسە پێویستی بە گەشانەوەی بەردەوام هەیە. داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە یەکگرتوویی و هاوسەنگەریی کرماشان و ئیلام لەگەڵ تەواوی کوردستانەوە بەستراوەتەوە، نەک بە جیاکردنەوەیان.

سەرچاوەکان:

- حەسەنپوور، ئەمیر. (١٩٩٢). ناسیۆنالیزم و زمان لە کوردستان.
- ئەحمەدی، حەمید. (١٣٩٨). تغییر نامهای جغرافیایی و سیاست هویت در ایران. تاران: نشر نی.
- ئیسماعیلی، محەمەد. (١٣٩٥). جامعەشناسی زبان در کرمانشاه. کرماشان: زانکۆی ڕازی.
- سەفەرزادە، فەخرەدین. (١٣٩٩). میرنشینی زەنگەنە و یارسان. سنە: ئاراس.
- سارۆ خوسرەوی. (٢٠٢٠). ئەدەبیاتی کلاسیک و هاوچەرخی کرماشان و ئیلام. ستۆکهۆڵم: چاپخانەی ئەرزان.
- ناتقی، کەیوان. (١٤٠٠). اقتصاد سیاسی نفت و مناطق کردنشین.
- اندرسون، بندیکت. (١٣٨٧). اجتماعات تصوری: تأملاتی درباره خاستگاه و گسترش ناسیونالیسم. ترجمه محمد محمدی. تهران: نشر تیسا.

خەزەڵوەری ٢٧٢٦

- بارت، فردریک. (١٣٨٦). گروههای قومی و مرزها: سازمان اجتماعی تفاوتهای فرهنگی. ترجمه حسن قاضی.
- کاستلز، مانوئل. (١٣٩٣). قدرت هویت. ترجمه حسن چاوشیان. تهران: نشر نی.
- الینگ، راسموس کریستین. (٢٠١٣). اقلیتها در ایران: ناسیونالیسم و قومیت پس از خمینی.
- مکدوال، دیوید. (١٣٨٣). تاریخ معاصر کردها. ترجمه ابراهیم یونسی. تهران.
- اسکات، جیمز. (١٩٩٠). سلطه و هنرهای مقاومت: روایتهای پنهان.
- ولی، عباس. (٢٠١١). کردها و دولت در ایران: ساختن هویت کردی.

٢٧ی خەزەڵوەری ٢٧٢٦

ڕاگەیەندراوی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران بۆ پشتیوانی لە خۆپێشاندانەکانی ئاودانان



دوێنێ سێشەممە ٢٦ی خەزەڵوەری ٢٧٢٦ (١٧ی نۆڤامبری ٢٠٢٦) خەڵکی تێکۆشەری ئاودانان، دژی سیستەم و کاربەدەستانی گەندەڵ و بۆ ڕەتکردنەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران، هاتنە سەر شەقامەکان و بە دروشمەکانیان جارێکی دیکە دەسەڵات و شەرعییەتی ئەو ڕێژیمە داگیرکەرەیان ڕەت کردەوە.

ئەم خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییە دوای کارەساتی وەرگەڕانی پاسێک لە ئاودانان سەری هەڵدا، کە لەبەر خراپیی ڕێگاوبان و نەبوونی خزمەتگوزاریی فریاگوزاریی پێویست بوو بە هۆی گیانلەدەستدانی ١٣ ئەندازیار و کرێکاری پیشەسازیی نەوت و بریندارببوونی ١٧ کەسی دیکە.

ئەم ڕووداوە کارەساتبارە جارێکی دیکە نەبوونی فریاگوزاری، ستانداردنەبوونی ڕێگاکانی هاتوچۆ و نابەرپرسیارێتیی دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی کردەوە بە پرسێکی جێی سەرنج و شەپۆلێکی تووڕەیی و ناڕەزایەتی لە نێو خەڵکی ئاودانانداا ورووژاند. لەگەڵ ئەوەشدا، ناڕەزایەتییەکانی دوێنێی ئاودانان تەنیا لە داواکاریی لێپرسینەوە سەبارەت بەم کارەساتەدا قەتیس نەمایەوە و بە خێرایی دەنگ و ڕەنگی سیاسی و دژەحکوومەتی بە خۆوە گرت.

خەزەڵوەری ٢٧٢٦

خەڵکی ئازا و چاونەترسی ئاودانان خاوەندارێتییان لە قوربانییانی ئەو کارەساتە کرد و دژی دەسەڵاتی تۆتالیتێر و داگیرکەری کۆماری ئیسلامی دەنگیان هەڵبڕی. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە تەنیا کاردانەوە بەرامبەر بەو ڕووداوە کارەساتبارە و نەبوونی خزمەتگوزاریی ڕێگاوبان نەبوو؛ بەڵکوو ئەڵقەیەکە لە زنجیرەی خەبات و ڕابوونی نەتەوەیی کوردستان و ڕیشەکانی بۆ کۆمەڵێک پرس و قەیرانی کەڵەکەبووی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و ئاسایشی دەگەڕێنەوە. هەروەها دیمەنێکی دیکە لە پێشەنگایەتیی کوردستان لە ڕەتکردنەوە و خەبات دژی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی و نادادپەروەری پێشان دەدات.

خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییەکانی دوێنێی دانیشتووانی ئاودانان، وەک هەمیشە لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە بە پەلامار و گرتن و لێدان و بەکارهێنانی گازی فرمێسکڕێژ و پچڕاندنی هێڵەکانی ئینترنێت، هەوڵی سەرکوتکردن و دامرکاندنەوەیان درا. ئامرازگەلێک کە نە ڕێژیمی لە قەیرانەکان ڕزگار کردووە و نە خەڵکی کوردستانی بە چۆکدا هێناوە.

کوردستانییان بە پانتایی نیشتمان ئەو ڕاستییەیان ئەزموون کردووە کە تاران سەرچاوەی هەموو قەیرانەکان و تێکڕای ئەو هەڕەشانەیە کە لەسەر ژیان و ئاسایشیانن. هاوکات لەوەش تێگەیشتوون کە لە چوارچێوەی ئەم ڕێژیم و دەسەڵاتەدا، هیچ ئاسۆیەکی ڕوون بۆ چاکسازی و کۆتاییهاتن بە مەینەتەکان بەدی ناکرێت. هەر بۆیە دەنگ هەڵبڕین دژ بە ڕێگاوبانی سەقەت و دژ بە بەڕێوەبەرانی گەندەڵ، بە خێرایی بۆ بەئامانجگرتنی کۆی ڕێژیم هەڵکشا.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران، وێڕای سەرەخۆشی لە کەسوکاری قوربانییانی کارەساتەکەی ئاودانان، پشتیوانیی خۆی لە هاتنە سەر شەقام و دەنگهەڵبڕینی خەڵکی تازیەباری ئاودانان دەردەبڕێت.

هاوپەیمانیی کوردستانی، داوا لە خەڵکی سەرتاسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکات بە هەر شێوەیەک بۆیان دەکرێت، پاڵپشتی و هاودەنگی بۆ دانیشتووانی ئاودانان دەربڕن. داوا لە ڕێکخراوە مەدەنییەکان و کۆڕ و کۆمەڵەکانی مافی مرۆڤ و میدیاکان دەکات، لە کاتێکدا تاران بە ڕاگرتنی هێڵی ئینتەرنێت، بە تەمای خنکاندنی هاواری ڕۆڵەکانی نیشتمانەکەمانە، چاو و سەرنجیان لەسەر ئاودانان و ڕووداوەکانی بێت.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران

٢٧ی خەزەڵوەری ٢٧٢٦

٢٧ی خەزەڵوەری ٢٧٢٦

خالید عەزیزی: بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی، پێکهێنانی ئاڵترناتیڤ نەرکی لەپێشینەی ئۆپۆزیسیۆنە



وتوویژ: فاتمە عوسمانی

ئاماژە:

لە کاتێکدا ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و گۆڕەپانی نێودەوڵەتی ڕووبەڕووی گۆڕانکاریی خێرا بوونەتەوە، بەرنامەی «کانوون»ی کوردکاناڵ لە وتوویژێکی تایبەتدا میواندارییکاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کرد. بەڕێز عەزیزی لەم بەرنامەیەدا لێکەوتەکانی هەڵبژاردنەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل و کاریگەریی فەزای شەڕ و دیپلۆماسیی لەسەر داهاتووی ئێران شی کردەوە و، وێڕای ڕەخنەگرتن لە پەرتەوازەیی ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری و نەبوونی ئاڵترناتیڤ، ئەزموونی یەکگرتوویی و هاوپەیمانی کوردستانی بە مۆدێلێکی هاندەر بۆ ڕێکخستن و خەبات لە ئێراندا لە قەڵەم دا.

فاتمە عوسمانی: بەڕێز عەزیزی، لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی ئەمریکا و ئیسرائیلدا هەندێک گۆڕانکاری ڕوویان داوە؛ بە بڕوای ئێوە ئەم گۆڕانکارییانە چ کاریگەرییەکیان لەسەر داهاتووی ناوچەکە و ئێران دەبێت؟

خالید عەزیزی: بەر لە هەموو شتێک، لە هەردوو وڵاتی ئەمریکا - وەک زلهێزی جیهانی - و ئیسرائیل - وەک زلهێزی

سەربازیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست - بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن کارێکی تەواو ئاساییە. لە سیستمە دێموکراتیکەکانی ئەم دوو وڵاتەدا، خەڵک بەپێی یاسا و لە کەشێکی ئازاددا، بڕیار لەسەر داهاتوو و ستراتیژیی دامەزراوە سیاسی، سەربازی و ئەمنییەکانیان دەدەن.

بەڵام لێرەدا لەگەڵ هاوکێشەیەک بەرەوڕووین کە تێیدا ئەمریکا کەوتووەتە نێو شەڕێکەوە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئیسرائیلیش چەقی ئەم شەڕەیە. لە بنەڕەتدا، شەڕی ئەم دواییە ئەمریکا و ئیسرائیل لە دژی کۆماری ئیسلامی، زیاتر پەیوەندیی بە سروشتی هەڕەشەکانی ئەم ڕێژیمە و نیگەرانی لە ئەگەری بەکارهێنانی بەرنامە ناوکییەکەی لە دژی ئیسرائیلەوە هەیە. هەر بۆیە پاشخانی قەیرانەکانی ناوچەکە و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە ئیسرائیل و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، پێی ئەمریکاشیان ڕاکێشایە نێو ئەم پێکدادانەوە و هەڵبژاردنەکانی هەردوو وڵات لە کەشوهەوای شەڕدا بەڕێوە چوون.

ئیسرائیل هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە تا ئێستا تووشی شەڕی جۆراوجۆر بووە و هاوکات هەڵبژاردنەکانیشی ئەنجام داوە؛ هەر بۆیە ڕەنگە گۆڕانکارییە سیاسییەکان لەوێدا ئەوەندە بەرچاو نەبن. بەڵام ئەمریکا بە ڕەهەندێکی زۆر بەربڵاوتر لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا چالاک و بەشدارە و ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی دەتوانێت کاریگەریی زۆری هەبێت. بەپێی یاسای بنەڕەتیی ئەمریکا، سەرۆککۆمار لە دارشتنی هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی دەرەوە، ئاسایشی جیهانی و ئاشتیدا دەسەڵاتێکی یەکجار زۆری هەیە. هەرچەندە ڕەنگە لە کۆنگرێسدا ڕووبەڕووی هەندێک ئاستەنگ ببێتەوە، بەڵام ئەم دەسەڵاتانە بە ئاسانی لێی ناسەنرێنەوە. بەدەر لەم ڕەوتە، دەرەنجامی هەڵبژاردن لەم دوو وڵاتەدا نیشان دەدات کە دۆخی «نە شەڕ و نە ئاشتی» یان ڕەوتی گفتوگۆ و ململانێی دیپلۆماتیک هەر بەردەوام دەبێت.

فاتمە عوسمانی: ئێوە ساڵانێکی زۆر ئەزموونی کارکردنتان لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا هەیە؛ بە بۆچوونی ئێوە دوای هەڵبژاردنەکان، سیاسەتی ئەمریکا لە هەمبەر هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا بەرەو کوێ دەڕوات؟

خالید عەزیزی: سەرۆککۆمار ترامپ بە بەراورد لەگەڵ سەرۆککۆمارەکانی پێشووی ئەمریکا، ڕوانگەیەکی جیاوازی هەبوو. لە ڕابردوودا جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان سیاسەتی ئەمنی و نێودەوڵەتیی دێموکراتەکان و کۆماریخوازەکاندا نەبوو و ناکۆکییەکان زیاتر لە وردەکارییەکاندا بوون. بەڵام ترامپ دەیویست ئەم ڕێڕەوە بگۆڕێت و تا ڕادەیەکی زۆریش وای کرد؛ چونکە جەختی لەسەر پرسە نێوخۆییەکان و دروشمی «سەرەتا ئەمریکا» دەکردەوە. لە سەردەمی ئەودا بینیمان کە پەیوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ هاوپەیمانە مێژوویییەکانی لە ئورووپا و تەنانەت لەگەڵ کاناداش سارد و ئاڵۆز بوون،

ئەمەش دیاردەیەکی نوێ بوو لە سیاسەتی دەرەوەی واشینگتۆندا.

بە بڕوای من، ئەمریکا و ئوروپا لەسەر بەرەنگاربوونەوەی کۆماری ئیسلامی، کۆنترۆڵکردنی تواناوکییەکانی و ناچارکردنی بەوەی هەڵسوکەوتێکی بەرپرسانە بنوێنێت، هاوڕان؛ بەڵام لە بواری کردەیی، مەیدانی و سەربازیدا، ناکۆکییەکانیان بە تەواوی دیارە. هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییە ڕەنگە ئەم پەیامە بگەیەننە ترامپ و کۆماریخوازەکان کە پێویستە بە پەیوەندییەکانیاندا لەگەڵ هاوپەیمانە دێرینەکان، لانیکەم بەرامبەر بە ئوروپا، بچنەوە.

سەرباری ئەمەش، تەوەری سەرەکیی سیاسەتی ئەمنیی واشینگتۆن هەر ئێرانە؛ چونکە ئەم پرسە بۆ خودی ترامپ بووەتە پرسێکی جیدی و بێگومان هەوڵ دەدات خۆی وەک «براوە»ی ئەم پرسە نیشان بدات. دەیەوێت بە خەڵکی ئەمریکا بڵێت ئەم شەڕە بایەخی خۆی هەبووە و دەوڵەتەکەی توانیویەتی بەرنامە ناوکیی کۆماری ئیسلامی سنووردار بکات. لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێت چاوەڕوان بین؛ بەتایبەت کە ئەنجام و پەیامی ئەم هەڵبژاردنانە لەوە بەهێزتر بوو کە چاوەڕوان دەکرا.

فاتمە عوسمانی: ئێوە باستان لە ئەگەری «نە شەڕ و نە ئاشتی» و گفتوگۆ یان چەقبەستوویی دیپلۆماتیک کرد. ئەگەر شەڕێکی دیکە هەڵبگیرسێت، ئاسۆکەی چۆن دەبێت؟

خالید عەزیزی: هەڵگیرساندنی شەڕ زۆر ئاسانە، بەڵام کۆتاییپێهێنانی زۆر دژوارتر و ئاڵۆزترە. لە نێوان دەستپێک و کۆتایی شەڕدا مەودایەک هەیە کە زۆرجار تێیدا هۆکار و فاکتەرە پێشبینینەکراوەکان دێنە گۆڕێ؛ لە پرسی ئێرانیشدا هەر وا بوو و ڕەنگە لێکدانەوەی لایەنەکان بۆ توانا سەربازی، ئەمنی، ئابووری و دیپلۆماتیکەکانی یەکتر زۆر ورد نەبووبێت.

ئێمە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیدا بەشێک نەبووین لەم تێکهەڵچوونە سەربازییە، بەڵام پێمان وایە لێکەوتەکانی، کۆمەڵگەی ئێران، ناوچەکە و جیهانی خستووەتە دۆخێکی نارووونەوە. لێکدانەوەی ورد ئەستەمە، بەتایبەت کە ترامپ کەسایەتییەکە پێشبینیی هەڵسوکەوتی ناکرێت؛ لەگەڵ ئەوەشدا کەشوهەوای شەڕ بەردەوامە و دەستپێکردنەوەی پێکدادانەکان یەکێکە لە سیناریۆ چاوەڕوانکراوەکان.

فاتمە عوسمانی: لەم کەشوهەوای شەڕەدا، نەبوونی یەکڕیزییەکی کاریگەر و ئاڵترناتیڤ لە نێو ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەریدا تا چەند کاریگەریی لەسەر داهاتووی ئێران دەبێت؟

خالید عەزیزی: یەکێک لە ئاڵنگارییە گەورەکانی خەڵکی ئێران ئەوە بووە کە کۆماری ئیسلامی ساڵانێکی درێژ بەرنامە

ناوکییەکەی خۆی وەک کارتی یاری و ئامرازی بەرپەرچدانەوەی نێودەوڵەتی بەکار هێناوە و هەرکاتێک لە کۆڕ و کۆبوونەوە جیهانییەکاندا باسی ئێران دەهاتە گۆڕێ، کاری هەرە لەپێش، ئاوڕدانەوە لە دۆسیەی ناوکی بووە. ئەم دۆخە جەنگییە و دۆسیە ناوکییە، لە ڕاستیدا کۆمەڵگەی ئێران و جیهانیان بە بارمتە گرتووە. کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی گشتی سوود لە کەشوهەوای شەڕ وەردەگرێت، هەروەک چۆن خومەینی شەڕی بە «نیعمەتی خودایی» دەزانی؛ ئەم ڕێژیمە بەرژەوەندیی خۆی لە نائارامیی ناوچەکە و قەیرانخوڵقێنی لە دەرەوەی سنوورەکاندا دەبینێتەوە تا بیروڕای گشتیی نێوخۆی ئێران بە لاڕێدا ببات.

ئەگەر ئەم شەڕە لە ئەنجامی گۆڕانکاریی سەربازی یان ڕێککەوتنی دیپلۆماتیکدا کۆتایی پێ بێت، خەڵکی ئێران و دژبەرانی کۆماری ئیسلامی دەتوانن لە گۆڕەپانی خەباتی نێوخۆیی و نێودەوڵەتیدا چالاکتر دەربکەون. بەڵام لە تەواوی ئەم ماوەیەدا، بەداخەوە ئاڵترناتیڤێک دروست نەبوو، خەڵک ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نەبوو و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش بە وریایی و پارێزەوە دەجووڵایەوە. ئەمە بۆ خودی ئەمریکاش بووەتە گرفت، چونکە سەلما کە تەنیا بە بۆمبارانی هەوایی ناتوانرێت ڕێژیم بڕووخێنرێت؛ ئامادەبوونی خەڵک و هەبوونی ئاڵترناتیڤێکی جێی متمانەی کۆمەڵگەی جیهانی پێویستە، ئاڵترناتیڤێک کە بۆشاییەکەی بە تەواوی هەستی پێ دەکرێت.

فاتمە عوسمانی: یەکڕیزی و هاوکاریی کاریگەری ئۆپۆزیسیۆن لە بارودۆخێکی ئاوادا چ کاریگەرییەکی لەسەر ڕەوتی گۆڕانکارییەکانی داهاتووی ئێران دەبێت؟

خالید عەزیزی: حیزبی دێموکرات هەمیشە لە پێناو یەکگرتوویی هێزە سەرانسەری و کوردستانییەکاندا هەوڵی داوە و کەمتەرخەم نەبووە. ئێمە لەگەڵ ڕەوت و لایەنە جۆراوجۆرەکاندا گفتوگۆمان کردووە، بەڵام دەبێت ڕاستییەکە قبووڵ بکەین کە ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری زۆربەی کاتی خۆی بە لێکدانەوە و پێشبینیی چارەنووسی شەڕەوە بەفیڕۆ دا.

ئەم هێزانە تا ڕادەیەک متمانەی خۆیان لەدەست دا، ئیرادەیەکی جیددییان پێشان نەدا و بە بۆچوونی من، لە «وەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتی» دەترسان و ئامادەیی پێویستیان بۆ بەڕێوەبردنی ئێرانی دوای کۆماری ئیسلامی لە خۆیاندا نەدەبینی. ئۆپۆزیسیۆن چ لە سەردەمی بزووتنەوەی «ژینا» و چ لە گەرمەی هێرشەکانی ئەم دواییەدا، زیاتر سەرقاڵی کێشە نێوخۆییەکانی خۆی بوو. ئەم دۆخە ڕەنگدانەوەی بەردەوامبوونی سیاسەتی یەکترقبووڵنەکردن، جەمسەربەندییەکان و ناکۆکییە ئایدیۆلۆژییەکانە.

ئێمە لە حیزبی دێموکرات ناهومێد نین و هەوڵ دەدەین ئۆپۆزیسیۆن دەست بداتە هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەگرانەی ورد تا بەرنامەیەکی ستراتیژی بۆ قۆناغی دوای کۆماری ئیسلامی دابڕێژێت.

فاتمە عوسمانی: حیزبی دێموکرات لە هاوپێوەندیی حیزبە کوردییەکاندا ڕۆڵێکی سەرەکیی گێڕا؛ تا چەند دەکرێت کەڵک لەم ئەزموونە بۆ پێکهێنانی یەکگرتوویی و هاوکارییەکی سەرانسەری لە ئێراندا وەربگیرێت؟

خالید عەزیزی: مۆدێلی هاوپەیمانی لە کوردستاندا مۆدێلێکی ئامادەکراوی پێشوەختە نەبووە، بەڵکوو ڕەگی لە پاشخانێکی مێژوویی و خەباتگێڕانەدایە. ئێمە دەتوانین بۆ ڕێکخستن، بەهێزکردنی بزووتنەوەی مەدەنی و پەرەپێدانی نافەرمانی مەدەنی لە سەرانسەری ئێراندا، کەڵک لەم ئەزموونانە وەربگرین؛ چونکە خۆشبەختانە ڕوانینی خەڵکی ئێران و بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆن بەرامبەر بە پرسی کورد گۆڕانێکی ئەرێنیی بەسەردا هاتووە.

خاڵی بنەڕەتی ئەوەیە کە نابێت داهاتووی ئێران تەنیا لە ڕەهەندە سەربازییەکان و دەستێوەردانی دەرەکیدا کورت بکەینەوە. ئۆپۆزیسیۆن دەبێت واوەتر لە گۆڕانکارییە سەربازییەکان بیر بکاتەوە.

فاتمە عوسمانی: ئەزموونی حیزبایەتی لە کوردستاندا چەندە لەم یەکگرتووییەدا کاریگەر بووە و ئایا دەتوانێت ببێتە مۆدێلێکی سەرانسەری؟

خالید عەزیزی: ئەم ئەزموونە بێگومان لە کوردستاندا کاریگەر بووە، بەڵام گشتاندنی بۆ ئاستی ئێران لەگەڵ ئاستەنگ بەرەوڕوویە. گرژی و کێشمەکێش لە نێوان ڕەوتە سیاسییە جیاوازەکان لە ئێراندا هەمیشە زۆر و توند بووە و زۆربەی وزەی ئۆپۆزیسیۆن لەم ناکۆکییانەدا بەفیڕۆ دراوە. حیزبی دێموکرات هەمیشە هەوڵی داوە پەرە بە کولتووری دێموکراسی، یەکترقبووڵکردن و گفتوگۆ بدات. کۆمەڵگە و هێزە سیاسییەکانی ئێران ئەزموونێکی درێژخایەنیان لە دێموکراسیدا نەبووە و دامەزراوەی مەدەنیی بەهێز تێیاندا دروست نەبووە؛ هەر بەم هۆیەشەوە ئەم هێزانە لە دەرفەتە مێژووییەکانی وەک بزووتنەوەی «ژینا» یان شەڕی ئەم دواییەدا، نەیانتوانی ئاڵترناتیڤێکی کارا پێک بهێنن. کارێکی ئاسان نییە، بەڵام حیزبی دێموکرات سوورە لەسەر ئەوەی لە پرۆسەی بنیاتنانەوەی ئێراندا ڕۆڵێکی کارا بگێڕێت.

ئێوە باستان لە دۆخی «نە شەڕ و نە ئاشتی» و ڕێککەوتن یان ڕێکنەکەوتن کرد. ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەدوای گۆڕینی ڕێژیم لە ئێراندا نەبێت و هێشتاش هیچ ئاڵترناتیڤێک لە ئارادا نەبێت، هەڵسەنگاندنی ئێوە بۆ داهاتووی ئێران چۆن دەبێت؟

خەزەڵوەری ٢٧٢٦

زۆرینەی خەڵکی ئێران لەدژی کۆماری ئیسلامین، بەڵام ئەم زۆرینەیە یان هێشتا نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی خواستەکەی بکاتە داخوازییەکی کاریگەر، یان نەیتوانیوە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن بخاتە نێو قۆناغی دروستکردنی ئالترناتیڤەوە. دژایەتیکردن و نارەزایەتی بەرامبەر بەم ڕێژیمە، مەرج نییە خۆبەخۆ ببێتە هۆی دروستبوونی ئالترناتیڤێک.

من پێم وایە تەنانەت ئەگەر شەڕیش کۆتایی بێت، کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدات ئەم دۆخە ئەمنی و جەنگییە بە شێوازێکی دیکە درێژە پێ بدات. ڕەنگە ئەم دەسەڵاتە لە نێوخۆی وڵاتدا پەنا بۆ تۆڵەسەندنەوە ببات و بەتایبەت لە کوردستاندا، سیاسەتی بەئەمنیکردن هەروەک ڕابردوو بەڕێوە ببات.

کۆتاییهاتنی شەڕ لە دژی ئێران، ئەگەری ڕێککەوتن لە نێوان ئەمریکا و ئێران یان بەردەوامبوونی دۆخی «نە شەڕ و نە ئاشتی»، بەو مانایە نییە کە میژوو دەوەستێت. نەخێر؛ کۆماری ئیسلامی لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا شکستی هێناوە و ئەگەر شەڕ بە هەر شێوەیەک کۆتایی بێت، کێشە نێوخۆییەکان زیاتر لە جاران دەردەکەون و بەرۆکی دەسەڵات دەگرنەوە. لەو قۆناغەدا، ئەم ڕێژیمە ڕووبەڕووی کۆمەڵێکی یەکجار بەرفراوان لە داخوازییە جەماوەرییەکان دەبێتەوە و ئەو کاتە ئۆپۆزیسیۆن و هەموومان بۆ درێژەدان بە خەباتمان، شێواز و ڕێکاری نوێ دەگرینە بەر. هەتا ئەو کاتەی ئەم کەشوهەوای شەڕە سێبەر بەسەر کۆمەڵگەی ئێران و ئۆپۆزیسیۆندا بکێشێت و خەڵک، دەسەڵات و حیزبەکان بە خۆیەوە سەرقاڵ بکات، پێ دەچێت جووڵەی جیدی و مەیدانی لە شەقامەکاندا بە ئاسانی لە دژی کۆماری ئیسلامی سەر هەڵنەدات.
سەرباری ئەمەش، من گەشبینم؛ چونکە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە خراپترین دۆخی میژووی سیاسیی خۆیدایە. لەگەڵ ئەوەشدا، پرسی ئۆپۆزیسیۆن و دروستکردنی ئالترناتیڤ دەبێت بە شێوەیەکی جیدی ئاوڕی لێ بدرێتەوە. دژایەتیکردنی کۆماری ئیسلامی و ئۆپۆزیسیۆنبوون، بووەتە ئەمری واقیع لە بەرامبەر ئەم ڕێژیمەدا؛ بەڵام بەداخەوە تا ئەم چرکەساتە، زۆربەی دژبەرانی کۆماری ئیسلامی لە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی و پێکهێنانی ئالترناتیڤدا سەرکەوتوو نەبوون. خاڵی بەهێزی کۆماری ئیسلامی، چ لە دۆخی ئێستادا و چ دوای شەڕ، ڕێک هەر ئەم خاڵە لاوازەی ئۆپۆزیسیۆنە.

ئەو لاوازییەی من باسی دەکەم، پرسی ئالترناتیڤە. بۆ ڕووخاندنی سیستمێکی سیاسیی وەک کۆماری ئیسلامی، دروستکردنی ئالترناتیڤ بێگومان دەبێت ئەرکی لەپێشینە بێت؛ شتێک کە بەداخەوە هەتا ئەمڕۆ نەمانبینیوە. لەگەڵ ئەوەشدا، جارێکی دیکە جەخت دەکەمەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەم پرۆسەیەدا هەرگیز کەمتەرخەم نابێت و ئێمە وەک ڕابردوو درێژە بە سیاسەتەکانی خۆمان دەدەین.

٢٨ی خەزەڵوەری ٢٧٢٦

پاراستنی ژینگە بە سۆز یان بە زانست؟





شاڕوخ حەسەنزادە

لەم ڕۆژانەدا، کۆمەڵێک کێ و کوڕی دڵسۆز و نیشتمانپەروەری شارەکانی شنۆ، پیرانشار و سەردەشت بە جلوبەرگی ڕەسەنی کوردی و بە نایلۆنی پڕ لە بەڕووەوە، بەرەو ڕێگای شنۆ بۆ ئاوایی زمێ هەڵکشان.

ئەوان بەڕووی سەردەشتیان هێنابوو هەتا بە ڕوانینی خۆیان تۆوی ژیان لە نێو خاکی شنۆدا بچێنن. جوان دیارە کە بیر و

ئاوەزی ئەو لاوە بەهەستانە بە عەشقی جوانی و سەربەستیی نیشتمانەوە گۆش دراوە، کە ئەمە شایەنی ئەوپەڕی ڕێز و پێزانینە. بەڵام لە زانستی ژینگەناسی و چۆنیەتیی هەڵسوکەوت دەگەڵ سەرچاوە سروشتییەکاندا، ئەم جۆرە هەنگاوە خۆڕسکانە پرسیارێکی بنەڕەتی دەوروژێنن: ئایا هەموو هەوڵێک بۆ سەوزایی و چاندن بەبێ جیاکاری دەبێتە هۆی ژیانەوە و بووژانەوەی ژینگە؟ ئایا خۆشەویستیی سۆزداری و بێ زانست زیانێکی گەورە بەو سروشتە ناگەیەنێت کە دەمانەوێت بیپارێزین؟

دیارە ئەم دیاردەیە تەنیا لە ناوچەی شنۆدا بەرچاو نەکەوتووە و پێشتر لە بەشێک لە شار و ناوچەکانی دیکەی کوردستانیش بە شێوازی جۆراوجۆر دووپات بووەتەوە. بۆ نموونە، جارێک بە ناوی سەوزکردنەوەی نیشتمان تۆوی دارێکی غەوارە و نامۆ دەهێنرێت و لە خاکی ناوچەیەکی هەستیاردا دەچێنرێت، یان تەنانەت هاتوون لە چەقی وەرزی زستان و هەوای تووش و کرێوە و زوخم و سەرمادا، بە کیسە، نان، دانەوێڵە و پاشماوەی خواردن دەبرێتە سەر لووتکەی شاخەکان و پێدەشتەکان و بۆ باڵندە و ئاژەڵە کێویەکان ڕۆ دەکرێت! لە ڕوانگەی زانستی ژینگە و بوونەوەرناسییەوە، پێدانی خواردنی ماڵان بە ئاژەڵی کێوی کارێکی زۆر مەترسیدار و خراپە، چونکە بەو کارە ئاژەڵەکە وردەوردە لە سروشتی ڕاوکردن و گەڕان بە دوای خواردن دادەبڕێت، ئەمەش هاوسەنگی و حەشیمەتی ئاژەڵان لە سروشتدا تێک دەدات و لە کۆتاییشدا دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی خێرای نەخۆشییە مەترسیدارەکان لە نێوانیاندا.

سروشتی هەر ناوچەیەک تایبەتمەندیی خۆی هەیە بە شێوەیەک کە تێیدا خاک و ئاو و دار و ڕووەک و گیانلەبەران بە درێژایی هەزاران ساڵ دەگەڵ یەکتر گونجاون و هاوسەنگییەکی مەنتیقییان پێک هێناوە. بە شێوەیەکی گشتی ناوچەی شنۆ، خاوەنی پێکهاتەیەکی ڕووەکیی تایبەت بە خۆیەتی کە بە تەواوەتی دەگەڵ کەشوهەوا و خاکی ناوچەکەدا دێتەوە. لەم مەڵبەندەی کوردستاندا، بۆنی گێوژ و سێو و گێلاس و کرۆسک و گوێز و هەرمێ و شیلان و سونجوو و سماق تێکەڵ بە بۆنی گوڵاڵەسوورە، بەیبوون، سوێسنە، شەوبۆ، نێرگز، کنێرە، مەمۆڵە، ڕێحانە، هەڵاڵە، شلێرە، هێرۆ، وەنەوشە، کەما و کەرکۆڵ و کوارگ، کوڕادە، گوێنی و کەنگر، لووشە، قازیاخە، ئەسپینگ، مەندۆک، گێلاخە، گەزگەسک، پوونگە، دۆری، بیزا، کاردوو، تیسوو، نەعنا و جاترە دەبێت، کە گشتیان وێڕای نەخشاندنی سروشتی کوردستان دەرمانی دەردەدارانن!

ئەم دار و دەوەنە خۆڕسکانە، جگە لەوەی بە شێوازێکی زانستی ڕێگری لە ڕامانینی خاک و داڕمانی زەوی دەکەن، بە گوڵ و بەرەکانیان سەرچاوەی سەرەکی و بنەڕەتیی شیلە و گەردە بۆ دەرمان، هەروەها بۆ ئەو هەنگ و باڵندە و گیانلەبەرانەی ناوچەکە دابین دەکەن. هەروەها مەرج نییە هەموو ناوچەکانی شنۆ بە ناچاری دارستانیان هەبێت، چونکە لەوەڕگە و مێرگ و چیمەن و قۆپی و تەلان و شیو و هەڵدێر و باسک و زناوەکانیش خاوەنی بەهایەکی ژینگەیی سەربەخۆ و گەورەن و

نەبوونی دار تێیاندا بە هیچ شێوەیەک بە مانای وێرانبوونی سروشت نییە؛ بە پێچەوانەوە، هەریەکەیان دەوری خۆیان لە پاراستنی هاوسەنگیی ژینگەییدا هەیە.

بەگشتی دارستانەکانی دەڤەری سەردەشت سێ جۆری سەرەکیی بەڕووی خۆوڵاتی و لوبنانی و دارمازوو لە خۆ دەگرن کە هەریەکەیان خاوەنی تایبەتمەندی و گونجانی جیاوازن بۆ بەرگەگرتنی وشکایی، تەڕایی و سەرما. ڕاستە سەردەشت و شنۆ دوو ناوچەی زۆر لە یەک دوور نین، بەڵام لە زانستی ژینگەدا نزیکیی جوغرافیایی جێگرەوەی پشکنینی زانستیی خاک و ئاووهەوا نییە. لێکۆڵینەوە زانستییەکانی سااڵنی ڕابردوو لەسەر وشکبوونی داربەڕووەکانی باکووری زاگرۆس و هەرەوەها توێژینەوە جیهانییەکانی تایبەت بە ژینگە، جەخت لەوە دەکەنەوە کە ناکرێت چاندنی یەک جۆرە دار بە شێوەی هەڕەمەکی بۆ هەموو ناوچەیەک پێشنیار بکرێت، چونکە چاندنی تۆوی نەگونجاو چەندین لێکەوتەی مەترسیداری لێ دەکەوێتەوە؛ لەوانە تێکدانی پێکهاتەی ژێنەتیکیی دارە ڕەسەنەکانی ناوچەکە و لاوازکردنیان لە بەرامبەر نەخۆشییەکان، شێواندنی سەرچاوەکانی ئاو و خاک لە ڕێگەی گۆڕینی پێداویستیی ئاویی گیاکانەوە، پچڕانی زنجیرەی خۆراکی و مەترسیخستنە سەر ژیانی ئەو مێروو، ئاژەڵ و باڵندانەی تەنیا پشت بە ڕووەکە خۆماڵییەکان دەبەستن.

هەروەها لەبەر ئەوەی ئەم چاالکییە بە شێوەی زانستی نەبووە و زیاتر کردەیەکی سۆزداری بووە، وێڕای ماندووبوونێکی زۆر، بە هۆی سەرما، وشکەساڵی، بێئاوی و لەوەڕاندنی مەڕوماڵاتەوە، ئەو نەمام یان تۆوانە لە نێو دەچن و شین نابنەوە.

ئێمە لە قووڵایی دڵەوە لە خەمخۆری و دڵسۆزیی ئەو کۆمەڵە الوە بەهەستە تێدەگەین و ڕێزیان لێ دەگرین، بەڵام پاراستنی ژینگە لە جیهانی ئەمڕۆدا پێویستی بە بڕیاری زانستییە نەک تەنیا سۆز و هەستی پاک. باشترین و کەمخەرجترین ڕێگا بۆ زیندووکردنەوە و بووژاندنەوەی سروشتی کوردستان، قبووڵکردنی بنەمای گۆڕان و زاوزێی سروشتییە؛ واتە پاراستنی ژینگە و جۆرەکانی داروەوەن لە مەترسیی ئاگر، لەوەڕاندنی بێسەروبەرەی ئاژەڵ و کێڵانی لەڕادەبەدەری پاوان و لەوەڕگە سروشتییەکان، چونکە سروشت بە توانای خۆی، خۆی نوێ دەکاتەوە و پارێزگاری لە خۆی دەکات. پێویستە دڵسۆزانی ژینگە بەر لە هەر هەنگاوێکی مەیدانی، ڕاوێژ بە ڕێکخراوە ژینگەپارێزە پسپۆڕەکان و شارەزایانی ژینگە و دارستان بکەن، چونکە کاتێک هەستی نیشتمانپەروەرانەی الوان دەگەڵ زانستی سەردەمدا یەک دەگرێت، جگە لەوەی کە ژینگەی نیشتمانەکەمان سەوز و ئاوەدان دەبێتەوە، هاوسەنگیی ژینگە و دنیای دەوڵەمەندی ئاژەاڵنیش دەپارێزرێت.

لە کۆتاییدا دەبێت ئەوەش بڵێین کە هۆکاری سەرەکیی ئەم دیاردانە لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ دەسەاڵت و ڕێژیمی سیاسی، چونکە تاران بە چاوێکی داگیرکارانە دەڕوانێتە کوردستان و سروشتەکەی و بە هی خۆی نازانێت؛ هەر بۆیە

خەزەڵوەری ٢٧٢٦

نەک هەر هیچ بودجە و بەرنامەیەکی زانستی بۆ پاراستن و بووژاندنەوەی ژینگە تەرخان ناکات، بەڵکوو بە سیاسەتە هەڵەکانی ڕێگە خۆش دەکات بۆ وێرانکردنی سروشت و کێڵانی لەڕادەبەدەری لەوەڕگەکان. ڕێژیم هیچ ئەرکێکی سەر شانی خۆی لە هەمبەر پاراستنی ئەم سامانە نیشتمانییەدا جێبەجێ ناکات و ئۆبالّی ئەم دۆخە نەخوازراوە هەمووی لە ئەستۆی ئەو سیاسەتە داگیرکارانەیە کە مەبەستیەتی ژینگە و سامانی سروشتی ئەو نیشتمانە جوانە لە نێو بچێت.

٢٨ی خەزەڵوەری ٢٧٢٦

تەیموور مستەفایی: بە پشتبەستن بە هێزی گەل دەکرێت لە بەرامبەر هێزێکی پڕچەکدا بەربەرەکانێ بکەیت



وتوویژ: شەهرام سوبحانی

ئاماژە:

مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد، پڕە لە وێستگەی پڕشکۆ، قوربانیدانی گەورە و هەڵوێستی ئازایانە کە هەریەکەیان وانەیەکی گەورەن بۆ نەوەکانی ئێستا و داهاتوو. یەکێک لە هەستیارترین و چارەنووسسازترین قۆناغەکانی ئەم مێژووسازییە، «شەڕی سێ مانگە» و ڕووداوەکانی پاییزی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوییە؛ کاتێک کۆماری ئیسلامیی ئێران دوای شکستهێنانی لە بەرامبەر ئیرادەی پۆڵاینی خەڵک و هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا، ناچار بوو لە ٢٦ی خەزەڵوەردا پەیامی ئاگربەست بنێرێت.

ئەم چاوپێکەوتنە لەگەڵ بەڕێز تەیموور مستەفایی، تێکۆشەری دێرینی ڕێگای ئازادی و ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، گێڕانەوەیەکی زیندوو و ڕاستەقینەیە لەو سەردەمە پڕ فیداکارییە. بەڕێزیان وەک یەکێک لە بەشداربووانی مانگرتنی مێژوویی قوڕیقەڵا و بەرپرسی کۆمیتەی کامیارانی ستادی یارمەتیگەیاندن بۆ بەرەکانی شەڕ، باسی ئەو دۆخە ئاڵۆزە دەکات کە چۆن گەلی کورد لە نێوان تەسلیمبوون بە داگیرکاری و بەرگریی ڕەوادا، بژاردەی دووهەمی هەڵبژارد.

ئەم گفتوگۆیە تیشک دەخاتە سەر چۆنیەتیی ڕێکخستنی بەرگریی پارتیزانی بە چەکی سووک لە بەرامبەر سوپایەکی پڕچەکدا، نهێنیی سەرکەوتنی پێشمەرگە و ڕۆڵی بێوێنەی خەڵک و ڕێکخستنەکانی نێو شارەکان وەک پشتیوانی سەرەکیی بەرەی دەرەوەی شار. خوێندنەوەی ئەم ئەزموونە مێژوویە، تەنیا گەڕانەوەیەک نییە بۆ ڕابردوو، بەڵکوو وانەیەکی گەورەیە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە بە پشتبەستن بە هێزی گەل و یەکڕیزی، دەکرێت لە بەرامبەر هەر هێزێکی داپڵۆسێنەردا ڕاوەستیت و سەرکەوتن بەدەست بهێنیت.

شەهرام سوبحانی: لە کاتی دەستپێکردنی شەڕی سێ مانگە و ڕاگەیاندنی ئاگربەست لە ٢٦ی خەزەڵوەردا، بەرپرسیارێتیی بەڕێزتان لە کوێ بوو و سەختترین بڕیار کە لەو ماوەیەدا داتان چی بوو؟

تەیموور مستەفایی: لە کاتی دەستپێکردنی شەڕی سێ مانگەدا، دوو مانگرتن لە ناوچەی پاوە لە گۆڕێدا بوو؛ یەکیان مانگرتنی بەردەرکی فەرماندارییی پاوە بوو کە مانگرتووان داوای گەڕانەوەی هێزی حکوومەتییان دەکرد بە بیانووی دابینکردنی ئاسایش، کە ئەم مانگرتنە لە ڕاستیدا مانگرتنی لایەنگرانی ڕێژیم بوو کە زۆر لەمێژ بوو پیلانیان بۆ دەگێڕا و لە ڕاستیدا ئامانجیان هەڵایساندنی شەڕ بوو لە کوردستاندا. مانگرتنی دووهەم لە ٣٥ کیلۆمەتری شاری پاوە لە شوێنێک بە ناوی قوڕیقەڵا هەڵکەوتبوو، داواکاریی مانگرتووان چوونە دەرەوەی هێزی بیانی و سپاردنی کاروباری خەڵکی ناوچە بە دەست خۆیانەوە و هەوڵدان بۆ بەرگریکردن لە ڕوودانی شەڕ بوو، کە بەرپرسیارێتیی ئەم مانگرتنە کەوتبووە سەر شانی حیزبی دێموکرات. بەداخەوە سەرەڕای هەموو هەوڵ و تەقەلایەکی مانگرتووانی قوڕیقەڵا کە منیش یەکێک لە ئەندامانی مانگرتنی قوڕیقەڵا بووم، ڕێژیم شەڕی بەسەردا سەپاندین.

لەو کاتەدا ستادێکی یارمەتیگەیاندن بۆ بەرەکانی شەڕمان پێکهێنابوو کە من لەو ستادەدا ئەرکی بەرپرسیارێتیی کۆمیتەی کامیارانی ئەم ستادەم بۆ گەیاندنی کەرەستە و خواردنی پێویستی ئەم بەرەیە کەوتبووە سەر شان.

بڕیاری هەرە قورس لەو کاتەدا دووڕێیانێک بوو لە تەسلیمبوون لەبەرامبەر شاڵاوی هێرشی داگیرکەر یا بەرگریکردن و ڕاوەستان لە بەرامبەر فەرمانی جیهادی خومەینی، کە داوای لە هێزەکانی "دەریایی و هەوایی و زەمینی" و تەواوی شوێنکەوتووانی کردبوو بێنە شەڕی کوردستان و خەڵک قەڵاچۆ بکەن. کە بەخۆشییەوە ڕێگای دووهەم واتە ڕێگای بەرگریم هەڵبژارد و ئەوە ٤٨ ساڵە لەو بەرگرییە ڕەوایەدا بەشدارم.

شەهرام سوبحانی: بە چەکێکی سووک بەرامبەر سوپایەکی پڕچەک؛ ئەو خاڵە وەرچەرخانە مەیدانییە چی بوو کە لەو سێ مانگەدا هاوکێشەی شەڕەکەی لە بەرژەوەندیی پێشمەرگەدا گۆڕی؟

تەیموور مستەفایی: یەکەم؛ شەڕی ئێمە لە بەرامبەر ڕێژیمدا شەڕێکی بەرگریکارانە و ڕەوا بوو، شەڕ لەپێناو ئازادی و

مافەکانی گەلەکەماندا بوو؛ هەر بۆیە لەلایەن گەلەکەمانەوە پشتیوانیی لێ دەکرا.

دووەم؛ شەڕی ئێمە شەڕێکی پارتیزانی بوو، شەڕی پارتیزانی تایبەتمەندیی خۆی هەیە:

- پارتیزان شوێنی دیاریکراوی نییە و بەئامانجگرتنی زۆر دژوارە.
- خەڵکی ناوچەکەیە، بەرزونزمیی زەوی و ڕێگا ئەستەم و ستراتیژییەکان باش دەناسێ.

سێهەم؛ شەڕکەری کورد «پێشمەرگە» خاوەن بیروباوەڕێکی بەهێز و ئیرادەیەکی پۆڵاینە و ئامادەیە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی گیانی ببەخشێ.

ئەو تایبەتمەندییانە و زۆر تایبەتمەندیی دیکە هۆکاری سەرکەوتنی پێشمەرگەکان بوو. لە شەڕی سێ مانگەدا هێزی پێشمەرگە دەیان چالاکیی بەهێز و گەورەیان لەسەر هێزەکانی ڕێژیم بەڕێوە برد و هێزی ڕێژیمیان لە کوردستان تێکشکاند، بۆیە خومەینی بە پێچەوانەی ویستی خۆی لە ٢٦ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٥٨ پەیامی ئاشتی نارد کە لە ڕاستیدا دانان بە شکستی هێزەکانی بوو.

شەهرام سوبحانی: بڕیاری چۆڵکردنی شارەکان بۆ پاراستنی خەڵک، لە نێو سەنگەرەکانی ئێوەدا وەک پاشەکشە بینرا یان وەک ستراتیژێکی سەرکەوتوو بۆ جەنگی پارتیزانی؟

تەیموور مستەفایی: بڕیاری چۆڵکردنی شارەکان لەلایەک بەو مەبەستە بوو کە بەرگری لە وێرانکردنی شارەکان و کوژرانی ژن و منداڵ و خەڵکی سڤیل بکرێ کە لە کاتی هێرشی ڕێژیم بۆ سەریان، دەستی لێ نەدەپاراستن و قەڵاچۆی دەکردن. لەلایەکی دیکەوە، شەڕی خەباتگێڕانی نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت و بێ ئیمکانات لە بەرامبەر هێزێکی دەوڵەتی و بەئیمکانات هەر دەبێ شەڕی پارتیزانی بێت.

شەهرام سوبحانی: لە سەختترین ڕۆژەکانی ئەو سێ مانگەدا، چۆن پەیوەندی و متمانەی نێوان ڕێکخستنەکانی نێو شار و هێزی پێشمەرگە بە زیندوویی ڕاگیرا؟

تەیموور مستەفایی: ڕاستە پێشمەرگە وەک هێز، شارەکانی چۆڵ کردبوو، بەڵام بۆ تاوێکیش شار لە خەباتگێڕانی حیزبەکان چۆڵ نەکرا.
ماوەبەماوە هێزی پێشمەرگە لەنێو شارەکاندا چالاکیی زۆر گەورەیان بەڕێوە دەبرد و ژمارەیەکی زۆر لە بەکرێگیراوان و هێزەکانی ڕێژیمیان بە سزای جینایەتەکانیان دەگەیاند. لە تەواوی ئەو ساڵانەدا کە پێشمەرگە لەدەرەوەی شارەکان بووە،

خەزەڵوەری ٢٧٢٦

شارەکان پشتی بەرەیەکی بەهێز بوون بۆ هێزی پێشمەرگە. تێکۆشەرانی نێو شارەکان بەناردنی هەواڵ و زانیاری، ئیمکاناتی ماددی و... هتد، ڕۆڵێکی گرنگیان لە هاوکاری و ڕێنوێنیکردنی خەباتگێڕانی دەرەوەی شاردا هەبووە.

شەهرام سوبحانی: کاتێک تاران داوای ئاگربەستی کرد، ئێوە وەک کادرێکی مەیدانی متمانەتان بە نیازی ئاشتیی ڕێژیم هەبوو یان وەک پشوویەک بۆ خۆڕێکخستنەوە لێتان دەڕوانی؟

تەیموور مستەفایی: ڕێژیم لە یەکەمین ڕۆژەکانی دامەزرانییەوە و تا ئێستاش نییەتی بەرامبەر بە کوردستان پاک نەبووە؛ لە ٤٠ـەمین ڕۆژی هاتنە سەرکاری، لە یەکەمین نەورۆز کە بە نەورۆزی ئازادی ناودێر کرابوو، شاری سنەی قارەمانی خەڵتانی خوێن کرد. لە ٣١ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٨ شەڕی نەغەدەی خولقاند و دوای چەندان پیلانی دیکە لەکۆتاییدا شەڕی پاوەی سەپاند، کە بوو بە شەڕی سەرانسەری لە کوردستاندا. بۆیە باسکردن لە متمانەبوون بە ڕێژیم لە ئارادا نەبوو. لە سیاسەتدا هێزە کە قسەی کۆتایی دەکات؛ ئەوکات کوردستان لەوپەڕی بەهێزیدا بوو، هەر بۆیە ڕێژیم درۆزنانە داوای چارەسەری ئاشتییانەی مەسەلەی کوردستانی کرد. دواتر خومەینی وتی: «من گوتوومە گەمارۆیان بدەن و لەنێویان بەرن». ئێمەش وەک هێزێک کە بڕوامان بە چارەسەری ئاشتییانەی مەسەلەی کوردستان هەبوو، وەڵامی ئەرێنیمان بە پەیامی ٢٦ی خەزەڵوەری خومەینی دایەوە. لە جەریانی دانیشتنەکانی وەفدی ڕێژیم و دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد ئیتر دەرکەوت کە ڕێژیم مەبەستی ئاشتی و ڕێککەوتنی نییە.

شەهرام سوبحانی: ئەگەر تەنیا یەک وانەی سیاسی یان سەربازیی ٢٦ی خەزەڵوەر بۆ ئەمڕۆی خەباتی کورد هەڵبژێرن، ئەو وانەیە چییە؟

تەیموور مستەفایی: هەڵوێستی بەرگری لە کوردستان وەک نیشتمان و گەلەکەمان، هەڵوێستێکی ئازایانە و بەرپرسانە بوو. ئێمە بەو هەڵوێستەمان پاریزگاریمان لە گەلەکەمان کرد و ڕێگامان نەدا کوردستان وێران و گەلەکەمان قەڵاچۆ بکرێ. تا کورد و مێژوو هەبێ دەبێ چیرۆکی ئەو بەرەنگارییە قارەمانانەی هێزی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان بە خەتی زێڕین لە دڵی خۆیدا تۆمار بکات. ئەو وانەیە کە دەبێ بۆ بەرەوپێشبردنی خەباتی گەلەکەمان لەم هەڵوێستە وەربگرین ئەوەیە: بە پشتبەستن بە هێزی گەلەکەمان و یەکهەڵوێستیی ڕیزەکانی دەکرێ لە بەرامبەر هێزێکی داپڵۆسێنەر و پرچەکی وەک کۆماری ئیسلامی بەربەرەکانێ بکەیت و لەو خەباتەشدا هیوامان بە سەرکەوتن هەبێت.

٢٩ی خەزەڵوەری ٢٧٢٦

ژیانویستیی مرۆڤ و مەرگی ڕێژیم





حەسەن شێخانی

مرۆڤ لەو کاتەوە کە لەدایک دەبێ، بەرەو مەرگ دەڕوا. ئەمە ئێگزیستانسی مرۆڤە و خەسڵەتێکی تراژیکی بە ژیانی مرۆڤ بەخشیوە. چۆنیەتیی خوێندنەوەی ئەم خەسڵەتە و شێوازەکانی مامەڵەکردن لەگەڵیدا، مرۆڤەکان و قوتابخانە هزرییەکان لێک جیا دەکاتەوە.

بەشێکیان وەها سێبەری کۆتایی ژیان، کە مەرگە، بەسەر ژیاندا دەکێشن، کە بەتەواوی ژیان دەخەنە ژێر حاکمییەت و سەیتەرەی مەرگەوە. خوێندنەوەیەک بۆ ژیان دەکەن وەک بڵێی ژیان شتێکی بێنرخە و تەنیا سێبەرێکە نەک حەقیقەت. ئەمەش لە ئەفلاتوونەوە کە گەورەترین مێتافیزیسیەنی هزری ڕۆژاوایە، سەرچاوە دەگرێت؛ لەم ڕوانگەیەدا، جیهان و ژیانی ئەم جیهانە، سێبەری مێتافیزیک و جیهانی نموونە باڵاکانن.

لە یۆنانی کەونارەوە هەتا ئێستا، ئەم هزر و مژارە پەرەی سەندووە و شێوازی جۆراوجۆری وەرگرتووە و بووەتە جێگەی گەنگەشە و ڕووبەڕووبوونەوەی هزریی فیلسووفان و بیرمەندان.

هەندێکیان خەسڵەتی تراژیکیی مرۆڤیان کردووەتە حوججەتێک بۆ ئەوەی ژیان بەهەند نەگرن و پشتی تێ بکەن؛ بەشێکیشیان وێڕای داننان بە خەسڵەتی تراژیکیی ژیانی مرۆڤ، پێیان وایە تا لە ژیاندای، دەبێ تێبکۆشی و شەڕی بۆ بکەی کە ژیانێکی شایستە و دڵخواز دابین بکەیت. ڕاستە ژیانی مرۆڤ کورتە و پڕە لە ناهەمواری و سەختی، بەڵام هیچ ئایدیایەک ناتوانێ و نابێ ببێتە هۆی ئەوەی غەریزەی ژیان و ژیانویستیی مرۆڤ وەلا بنێت و بەسەریدا زاڵ بێت. ڕاستە مرۆڤ لەو کاتەوە کە لەدایک دەبێت، بەڕێ دەکەوێت و تا تەمەنی دەچێتە سەر، لە مەرگ وەک دواوێستگە و کۆتایی ژیان نزیک دەبێتەوە؛ بەڵام لەم ماوەیەدا هەوڵ دەدات، لێگەڕان دەکات، لەگەڵ شتی تازە بەرەوڕوو دەبێت و لە هەموو هەوراز و نشێوی ژیاندا بە تووندی دەست بە ژیانەوە دەگرێ و خۆی دەپارێزێ و، هەر ئەم غەریزەی خۆپاراستن و ژیانەیە کە هۆکاری بەردەوامیی ژیانە. چونکە ئەگەر ئەم غەریزەیە نەبایە، ژیانێک بوونی نەدەبوو. ئەمە بنەڕەتیترین خەسڵەتی مرۆڤە و، تەنانەت بە هەندێک جیاوازییەوە لەنێوان مرۆڤ و ئاژەڵدا هاوبەشە. ئاژەڵیش هەوڵی خۆپاراستن و مانەوەی هەیە و، لە ئەگەری بەرەوڕووبوون لەگەڵ مەترسیدا، بە شێوازی جۆراوجۆر دەیەوێت خۆی بپارێزێت و ڕزگار بکات. ئەوەی مرۆڤ لە ئاژەڵ جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە مرۆڤ بوونەوەرێکی ناتقە، بیر دەکاتەوە و ڕابردوو و ئێستا و داهاتووی هەیە؛ بە کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونەکانی پێش خۆی، خۆپاراستن و لە ژیاندا مانەوە و ژیانویستی دەباتە ئاستێکی تر و بە شێوەیەکی جەوهەری لە ئاژەڵ جیا دەبێتەوە.

لە ئەنجامی هەوڵە بەردەوامەکانی مرۆڤدا، ژیان و گوزەرانی دەگۆڕێ و بەرەوپێش دەچێت؛ گۆڕان و بەرەوپێشچوونێک کە لە ئاژەڵدا نابینرێ. ئاژەڵ چونکە زمان و بیری نییە، بوونێکی بێ گۆڕان و گەشەسەندنی هەیە. تەنانەت ئاژەڵ ناژی، زیندووە؛ ژیان و ژین تایبەتن بە مرۆڤ. مرۆڤ دەژی، ئاژەڵ زیندووە. مەرگیشیان جیاوازە؛ مرۆڤ بیر لە مردن دەکاتەوە و بەشێکی گەورەی مێتافیزیک لە بیرکردنەوە لە مەرگ و ئەوەی کە دوای مەرگ مرۆڤ چی لێ دێت، کۆتایی دێت یان بە شێوەیەک بەردەوام دەبێت، سەرچاوەی گرتووە. تەنانەت بیرکردنەوە لە دوای مەرگیش، لە ژیانویستیی مرۆڤەوە سەرچاوە

دەگرێت. مرۆڤ دەزانێت لەو ڕۆژەوە کە لەدایک دەبێت بەرەو مەرگ دەڕوا، بەڵام نەتەنیا هەوڵی خۆپاراستن، باشترکردن، بەرەوپێشبردنی ژیانی و، ئەوەندەی دەکرێت، درێژکردنەوەی تەمەنی دەدات، بەڵکوو بەوەندەش قەناعەتی نەکردووە و خولیای ئەوەی هەیە ژیانی لە فۆرمێکی دیکەدا هەر بەردەوام بێت.

نیچە فیلسووفی ئاڵمانی، مێتافیزیک ڕەت دەکاتەوە و لە ڕوانگەی خۆیەوە ڕەسەنایەتی بۆ ژیان، بۆ ئەم جیهانە، دەگەڕێنێتەوە. دژی هەموو ئەم هەوڵانە دەوەستێت کە بە بیانووی ژیانێکی تر و جیهانێکی تر، ئەم ژیانە و ئەم جیهانە بێبایەخ دەکەن و دەیکەنە سێبەر و پاشکۆی حەقیقەتێکی تر. ئەمە چەشنێک گەڕانەوەی بایەخ و حەقیقەتە بۆ ژیان. ژیان ئەمەیە: کورتە، پڕە لە سەختی و دژواری، بەڵام مرۆڤ لە پێناو ژیاندا ئەمانە تەحەمول دەکا و تێیان دەپەڕێنێت. مرۆڤ ئیرادەی ژیانویستی هەیە، ئیرادە و خواستی هێز و دەسەڵاتی هەیە؛ هەموو ئەم شەڕ و هەڵایانەی لە مێژووی مرۆڤدا دەیانبینین، نوێنگە و دەرخەری ویستی هێز و دەسەڵاتی مرۆڤە، یا باشترە بڵێین ویستی ژیانی مرۆڤە؛ مرۆڤ لە پێناو ژیاندا، ژیانێکی باشتردا، باشتر لەوانی دیکە، هەوڵی خۆبەهێزکردن دەدات و دەیەوێ دەسەڵاتی هەبێت بۆ ئەوەی، ئەوەی ویستی بیکات. لێرەدا دەمەوێت کەمێک لە نیچەش ئەولاتر بڕۆم و بڵێم کە مێتافیزیکیش چەشنێک ژیاندۆستی و ژیانویستیی مرۆڤە و لە قووڵایی خۆیدا گەڕانە بەدوای بەردەوامیی ژیاندا؛ هەرچەند مێتافیزیک بۆ کەمنرخکردنی ژیان و دابەزاندنی ئاستی، لەچاو ژیانێکی دیکە، لێک دراوەتەوە. ئەم ڕاستییانە سەلمێنەری ئەوەن کە خۆپاراستن، ژیان و خواستی باشترکردن و درێژەدانی ژیان، بنەمای بوونی مرۆڤن؛ ئۆنتۆلۆژیی مرۆڤن. تەنانەت ئەو ئایدیۆلۆژییانەی ژیانی خەڵکێکی زۆر لەژێر ناوی جۆراوجۆردا زەوت دەکەن، ئایدیۆلۆژی یان خواستی دەسەڵاتی تاقمێک یان ئۆلیگارشییەکن کە لەپێناو حاکمییەت و دەسەڵاتی خۆیاندا، «سیاسەتی مەرگ» دەگرنە بەر و دەبنە حاکمانی مەرگ؛ لە چوارچێوەی خوێندنەوەیەکدا، ژیانی خەڵک ئاراستە دەکەن، سنووردارى دەکەن و ژیان لە خەڵک زەوت دەکەن.

حاکمییەتی مەرگ

یەکێک لە ڕەهەند یان تایبەتمەندییەکانی ڕێژیمە دیکتاتۆر و خۆسەپێن و تۆتالیتێرەکان ئەوەیە کە لەژێر ناوی جۆراوجۆردا و لە بەرگی ئایدیۆلۆژیی جیاوازدا، ژیانی خەڵک بەرتەسک دەکەنەوە؛ ئاراستەی دەکەن، لە قاڵبی دەدەن و، بەگشتی ژیانی خەڵک زەوت دەکەن و ناهێڵن ژیان ڕەوتی ئاسایی خۆی وەربگرێت. خۆیان وەک خێرخوازی خەڵک دەنوێنن، کە مەسڵەحەت و چاکەی خەڵکیان دەوێت؛ وەک بڵێی خەڵک خۆیان نازانن مەسڵەحەت و چاکەیان لە چیدایە! ژیانی خەڵک، جەستەیان و هەڵسوکەوتیان لە بواری کۆمەڵایەتیدا کۆنترۆڵ دەکەن و جەستەی مرۆڤەکان و چۆنیەتیی هەڵسوکەوتیان لە بیاقی کۆمەڵگەدا، دەکەنە مەیدانی دەسەڵاتیان. ناهێڵن خەڵک بە ئارەزووی خۆی بژی و لە ژیانی چێژ

وەربگرێت. ئەمانە هەمووی لەژێر ناوی ئەخلاق و خێر و چاکەی کۆمەڵگەدا دەکرێن، بەڵام لە واقیعدا لەپێناو دەسەڵات و مانەوەی خۆیاندایە؛ ژیان و ئازادیی خەڵک زەوت دەکەن لەپێناو دەسەڵات و مانەوەی خۆیاندا. بەڵام مێژووی مرۆڤ نیشانی داوە کە ئەم هەوڵانە ناتوانن لە بەرامبەر غەریزەی ژیان و ژیاندۆستی و ژیانویستیی مرۆڤدا هەتا سەر خۆ بگرن و دواجار شکست دێنن؛ چونکە ژیانویستی بنەمای ئۆنتۆلۆژیکی مرۆڤە و هەر ئایدیۆلۆژی و قوتابخانەیەکی هزری کە بیەوێ پێچەوانەی ئەم بنەما ئۆنتۆلۆژیکە بجووڵێتەوە، هەرەس دێنێت و لەنێو دەچێت.

شەڕی مانەوە لە دژی حاکمانی مەرگ لە ئێراندا

کۆماری ئیسلامی لەم ڕێژیمانەیە کە بەم جۆرە دەجووڵێنەوە. لە سەرەتای هاتنەسەرکارییەوە، بووەتە مۆتەکەیەک بەسەر ژیانی خەڵکەوە. بە ناوی حیجابەوە، لە ژێر ناوی خێرخوازی و ئەخلاقدا، جەستەی ژنانی کردووەتە شوێنی پیادەکردنی دەسەڵاتی. بە حیجابی زۆرەملێ، لێکجیاکردنەوەی جێندەری، قەدەغەکردنی شادی لە بیاقی گشتیدا و پەرەدان بە کولتووری گریان، عەزاداری، مەرگویستی و شەهادەتخوازی، لە ڕاستیدا لەگەڵ مەیل و ویستی بنەمایی مرۆڤ، کە ژیانکردن و ژیاندۆستی و ژیانویستییە، کەوتووەتە بەربەرەکانێ.

لە دوو ڕێگەوە ژیانی لە خەڵک تاڵ کردووە:

یەکەم؛ بە دانانی یاسا و ڕێسای جۆراوجۆر، ژیانی خەڵکی بەرتەسک و ناخۆش کردووە و نەیهێشتووە خەڵک بەگوێرەی دڵ و ویستی خۆی بژی.

دووەم؛ لە ئەنجامی سیاسەتەکانیدا کە بووەتە هۆی گەمارۆ ئابووریییەکان، ژیانی خەڵکی نەتەنیا دژوار کردووە، بەڵکوو دەرەتانی زیندوومانەوەشی لێ زەوت کردوون. ئێستاکە دۆخی خەڵکی ئێران لە ڕووی ئابووریییەوە ئەوەندە خراپە کە هەموو هەوڵیان نەک بۆ ژیانکردن، بەڵکوو بۆ زیندوومانەوەیە؛ ژیانێکی نەمرنەژییە. کێشەکە هەر ئەوە نییە کە خەڵک ناتوانن بە ویستی خۆیان بژین، بەڵکوو ئەوەیە کە هەر ناتوانن بژین. لێرەدایە کە کۆماری ئیسلامی ڕێک کەوتووەتە بەرامبەر ژیانویستی و غەریزەی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگە. ئەگەر لە شۆڕشی «ژن، ژیان، ئازادی»ـدا خەڵک بۆ چۆنیەتیی ژیان ڕاپەڕین، ئەمجارە بۆ زیندوومانەوە و لە ژیاندا مانەوە لە دژی ڕادەپەڕن. دۆخەکە بە ڕادەیەک خراپە کە ئەم باسانەی لە چوارچێوەی شۆڕش و شۆڕشەکاندا دەکرێن . وەک ئەوەی «ئایا هەژاری دەبێتە شۆڕش یان نا؟» . دەرەقەتی دۆخەکە نایەن و ناتوانن تەفسیری بکەن.

کۆماری ئیسلامی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دۆخێکی دروست کردووە کە دوو بژاردەی لە بەرامبەر خەڵکدا داناوە:

ڕازیبوون بە مەرگێکی لەسەرەخۆ، یان هەوڵدان و هەستان و شۆڕش بۆ زیندوومانەوە.

لێرەدایە کە بە تۆندی کەوتووەتە بەرامبەر خەسڵەتی هەرە بنەمایی مرۆڤ کە هەوڵدانە بۆ خۆپاراستن و زیندوومانەوە و ژیان. پرسەکە هەوڵدان بۆ باشترکردنی ژیان نییە، لەوە تێپەڕیوە؛ بۆ پاراستنی ژیانە. کۆماری ئیسلامی دۆخێکی خوڵقاندووە کە بەڕاستی دەتوانین پێی بڵێین حاکمییەتی مەرگ و بە حاکمانی کۆماری ئیسلامیش بڵێین حاکمانی مەرگ؛ ژیانی لێ زەوت کردوون و مەرگی خستووەتە بەردەمیان. لێرەدایە کە پارێزگارترین مرۆڤەکانیش تەحەمولی ئەم دۆخە ناکەن و دواجار لێی هەڵدەستن.

ئەگەر جاران دەگوترا خەڵک بیر لەوە دەکەنەوە کە دۆخەکە چی لێ دێتەوە، دوای کۆماری ئیسلامی چۆن دەبێ و کێ دەبێتە دەسەڵاتدار و ئەمەش خەڵکی موحافزەکار کردووە و وای لێ کردوون کە بە هەراوی نەیەنە سەر شەقام و ئەوەی پێی دەڵێن تۆڕژی خۆڵەمێشی، نەیەنە سەر شەقام؛ ئەگەر جاران دەگوترا خەڵک لە ترسی ئەوەی کۆماری ئیسلامی تەقەیان لێ دەکات و دەیانکوژێ، نایەنە سەر شەقام؛ بەڵام ئێستا دۆخێک دروست بووە کە خەڵک لە ترسی مردن دێنە سەر شەقام. بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەرگ و سیاسەتی مەرگی کۆماری ئیسلامی ناچارن بێنە سەر شەقام. کاتێک زۆرینەی خەڵک هەرچی دەکەن، ناتوانن بژین و بژێوی ژیانیان دابین بکەن، بۆ خەڵکێکی لەم چەشنە ترس لە مەرگ مانای نامێنێ. ئەگەر ئەم دۆخەی ئێستا بەردەوام بێ، ئەگەری زۆری هەیە کە ڕێژیم لەگەڵ شۆڕشی برسییەکان بەرەوڕوو بێت.

دواجار غەریزەی ژیان و زیندوومانەوە دەبێتە کۆتاییهێنەری کۆماری ئیسلامی. کۆماری ئیسلامی لەگەڵ بنەماییترین خەسڵەتی مرۆڤ، لەگەڵ بوونی مرۆڤ، کەوتووەتە بەرامبەرەوە. ئیتر کاتێک دۆخێکی وا دروست دەبێت، خەڵک بیر لە دواهاتەکان ناکاتەوە، بیر لە وڵات و نیشتمان ناکاتەوە، ئەمانە هەمووی مانای خۆیان لەدەست دەدەن.

شەڕ بۆ مانەوەیە، بۆ خۆڕزگارکردنە؛ ئیتر ناتوانرێ بە ناوی وڵات و شتی لەم چەشنە خەڵک لە ڕاپەڕین پاشگەز بکرێتەوە. (تەنانەت مەرگی کۆماری ئیسلامی بووەتە مەرجی پاراستنی وڵاتیش؛ چونکە ئەم ڕێژیمە سەرەکیترین دوژمنی وڵاتە و، بەو شێوەیەی بەڕێوەی دەبا، مانایەکی بۆ نیشتمانیش نەهێشتووەتەوە و هێناویەتە لێواری لێکهەڵوەشان.) ئەمە خەسڵەتی نەتەنیا مرۆڤ، بەڵکوو ئاژەڵیشە: کاتێک دەکەوێتە بەر مەترسیی لەنێوچوون، هەموو شتێک و هەموو هەوڵێک

خەزەڵوەری ٢٧٢٦

دەدا کە خۆی ڕزگار بکات؛ ئەوڵەویەتی ئەوەیە، ئەوەی کە دوایی چی لێ دێ، دەکەوێتە قۆناغی دواتر، دوای خۆڕزگارکردن. بەڕاستی کۆماری ئیسلامی حاکمییەتی مەرگە، بەڵام کێشەکەی ئەوەیە کە هیچی پێ لەگەڵ غەریزەی ژیان و ژیانویستیی مرۆڤ ناکرێت، دەرەقەتی نایەت و لە بەرامبەریدا شکست دێنێت.

دۆخی ئێستا شەڕکردنە لەگەڵ مەرگ و حاکمانی مەرگ. ئەگەر خەڵک لەمەودوا لە مەرگیش نەترسن، هی مەرگدۆستییان نییە، هی ژیاندۆستییانە، هی ئەڤینە بۆ ژیان، هی مەیلی ژیان و مانەوەیە، هی مرۆڤبوونیانە. کۆماری ئیسلامی زۆر شتی کردووە، بەڵام لە هەموویان خراپتر ئەوەیە مرۆڤەکانی لە مرۆڤبوون خستووە، کارێکی کردووە کە زیندوومانەوە ببێتە مەسەلەیان، ببێتە ڕۆژەڤیان. تەنگی پێ هەڵچنیون، ئیتر هیچی تێدا نەهێشتووەتەوە،

بۆیە خەڵک ئیتر هیچی نەماوە لەدەستی بدەن، ئەگەر هیچ نەکەن لەنێو دەچن. بۆ بەدەستهێنانەوەی ئەوەی زەوت کراوە، ناچارن هەنگاو بنێن. کۆماری ئیسلامی ئەمەی کردووەتە ناچاری. خەڵک هیچ ڕێگەیەکی تریان لە بەردەمدا نەماوە، تەنیا ئەوە نەبێ بۆ زیندوومانەوە، بۆ ژیان، باشترکردنی ژیان و هەموو ئەو شتانەی لێیان زەوت کراوە، وەدەنگ بێن و لە دژی مەرگ و حاکمانی مەرگ ڕاپەڕن. کۆماری ئیسلامی ئەمەی کردووەتە تەنیا بژاردەی بەردەم خەڵک.

٣٠ی خەزەڵوەری ٢٧٢٦

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

خەزەڵوەری ٢٧٢٦ی کوردی = نۆڤەمبەری ٢٠٢٦ی زایینی





سپاس و پێزانین

بۆ هەموو هاوڕێ و دۆستان بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتار، وتوویژ و بابەتەکان.

دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.

ڕەحمان نەقشی

